


# بەشێک لە وتووێژ و بابەتەکانی

## هاوڕێ عەلی بداغی

بەشی: سێهەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢١ ............ لاپەڕەی ............ ٥


١- وەرزەکان بۆ ڕێژیم هەر هەمووی شەختە و بەستەڵەکە...

٢- "کوردستان"؛ زمانی ماف و چەکی شوناسی یەک نەتەوە...

٣- ڕەشبگیرەکەی ئەمجارە لە کوردستان و ئەرکی ئێمە...

٤- زەویی ئێمە دانی ئێوەی لێ شین نابێ...

٥- دوو هەرێم و یەک چارەنووس...

٦- چارەنووسی ڕێژیم چۆن و لەکوێ یەکلا دەبێتەوە؟...

٧- تاکە ڕێگا ئەوەیە: پشتی خەڵکی ڕاپەڕیو بگرن

٨- عەبدوڵڵا حەسەنزادە: پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو ... دیمانە...

٩- باشییەکەی شوڕای نیگابان لە دەرخستنی ڕاستییەکاندا! ...

١٠- بەرێوە و هەر بەپێوەین...

١١- دەوڵەتی شکستخواردوو(failed state)...

١٢- دەبێ ببین بە باهۆز بۆ گیانی کۆماری ئیسلامی...

١٣- بەخت و چارەنووسی ڕوحانی و کلیلەکەی...

١٤- تێرۆریزمی دەوڵەتی و سەری مارەکە! ...

١٥- مستەفا مەولوودی: بە هەڕەشە و تێرۆر نە چاوترسێن دەکرێین و نە مەیدان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ دەکەین...

١٦- لە ململانێی نێوان خەڵک و حوکمەتدا...

١٧- بەلایەک بەناوی کۆماری ئیسلامی...
١٨- دنیایەکی ئارام و سەقامگیر بەبێ کۆماری ئیسلامی...
١٩- حیزبە کوردییەکان و پرسی ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی...
٢٠- ئەو بارە لارەی بە کەس ڕاست نابێتەوە...
٢١- دواپەردەی شانۆکە...
٢٢- سازان لەگەڵ ئێران، لەپێناو چیدا و هەتا کەی؟...

---

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢٢ ............ لاپەڕەی ............ ٩١

١- چارەنووسی ڕێژیم لە دەست خەڵک و ئۆپۆزیسیۆندا...
٢- کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕووخێ...
٣- سەردەمی شۆڕش نەبڕاوەتەوە...
٤- "کوردستان" و ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی...
٥- ئاکامی پشتیوانی لە ڕێژیمی بارمتەگیر و باجئەستێن...
٦- دابینکردنی دەستەبەر بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی...
٧- فۆبیای ڕووخان و دارمان...
٨- هاتنی وەرزی "ژینا"...
٩- ڕاپەڕینی نوێی گەل و ئەرکە هەنووکەییەکان! ...
١٠- ڕاپەڕینی نوێی گەل و ئەرکە هەنووکەییەکان! ...
١١- دەمی ڕاپەڕینە...
١٢- مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت ... هەڤپەیڤین...
١٣- چاوەڕوانیی ناتوندوتیژی لە خەڵکانی بندەستە و سەرکوتکراو، ڕەوایە یان ناڕەوا؟...
١٤- لێدانەوەی قەوانی کۆن لە دۆخی نوێدا...
١٥- لێ دەدا و هاواریش دەکات...
١٦- هاوچارەنووسیی باوک و کوڕ و، زیندێتیی باوەڕی گەلێک...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢٣ ............ لاپەڕەی ............ ١٤٣


١- ساڵی بەردەم، ساڵی چارەنووس...

٢- گرینگتر لە قۆناغی بنیاتنانەوە...

٣- داگیرساندنی قەیران بە قەیران...

٤- حەماسەی نوێ جێژنەمان...

٥- چینی بنیاتنەر بەڵام پەراوێزخراو...

٦- دنیای ئازاد دەبێ لەدژی سپای تێرۆریستیی پاسداران بوەستێ...

٧- هاندانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران و خەیانەت بە مافەکانی مرۆڤ...

٨- ڕۆژئاوا و دیپلۆماسیی بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی...

٩- کوشتن وەک تاکەچارەسەر! ...

١٠- دوژمنی ژین و ژیوارمان...

١١- بردنەوە هەر بۆ بەرەی خەڵکە...

١٢- هەم دەرد و هەم دەرمان...

١٣- تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دژی حیزبی دێموکرات...

١٤- حیزبی دێموکرات، پرسە جەوهەری و ژێرخانە فکرییەکانی...

١٥- کوردستان، چقڵێک لە چاوی ڕێژیمی خومەینیدا...

١٦- هەرەس لە دوندی قەیرانەکانەوە...

١٧- "ژینا"ی کوردان...

١٨- خەتی خوار و گای پیر...

١٩- وێنەیەک و چەند سەرنجێک...

٢٠- جینایەت و مرۆڤکوژی وەک شوناس و هەوێتیی کۆماری ئیسلامی...

٢١- خێروبێری شەڕی غەززە بۆ کۆماری ئیسلامی...

٢٢- بەردەوامیی تێرۆرەکانی ڕێژیم لەسایەی بێهەڵویستیی کۆمەڵگەی جیهانیدا...

٢٣- سوارچاکەکەی کۆسە و کەرێزە...




سەرچاوە Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢١

# وەرزەکان بۆ ڕێژیم هەر هەمووی شەختە و بەستەڵەکە

ساڵی ٢٠٢١ بۆ ئێران پێچەوانەی ساڵی ڕابردوو ئەمجارەیان بە دەرفەت و هەڕەشە دەست پێ دەکا. دەرفەتێک کە بە تەمای گۆڕینی سیاسەتی کۆشکی سپی دەخوازن دروست ببێ و هەڕەشەش بەپێی هەموو ئەو مەترسییە نێوخۆیی و دەرەکییانەی لەسەر ڕێژیم لەجێی خۆیانن. ساڵی بەرێ بۆ ئێران بە کوشتنی قاسم سولەیمانی دەستی پێکرد. بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە و چەواشەکارییەکانی لەپێشدای کۆماری ئیسلامی بۆ هەڵخەڵەتاندنی بیروڕای جیهانی، هیندەی تر نابەرپرسایەتی و ئێعتباری نەبووی ئەم ڕێژیمەی بردە ژێر پرسیار. هەڵبژاردنەکانی یازدەهەمین خولی مەجلیس و بەشداریی ئێجگار کەمی خەڵک هیچ گومانێکی لە ناڕەواییەتی ئەم ڕێژیمەی لەلای خەڵکی ئێران بۆ کۆمەڵگەی جیهانی نەهێشتەوە. ساڵ بە بەردەوامی و قورستربوونی جار لەگەڵ جاری سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا دژی ئێران و خەمساردیی حکوومەت و دەزگا دەوڵەتییەکان لە پاراستنی گیانی خەڵک لە باروودۆخی کۆڕۆنادا چووە پێشێ و، بە کوژرانی فەخریزادە، زانای پیشەسازیی ئەتومی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامییش لە پێتەختی ئەو وڵاتەدا، دەرکەوت ئەم ڕێژیمە ئەوەندەی بۆ سەرکوتی خەڵکی ناڕازی و مافخوازی ئێران لەسەر پێیە؛ زۆر ئەوەندە لە بەرامبەر دژبەرە بیانییەکانیدا زەبوون و دەستەوەستانە. ئێستاش لە ڕۆژانی دەسپێکی ساڵی نوێدا نیشانەوە کە سێبەری شەڕێکی گەورە لە ناوچە قورسایی خستۆتە سەر ئاسمانی ئێران و هەموو پەلەقاژەی ڕێژیم ئەوەیە لەو ماوە کەمەی ترامپ جڵەوی بڕیارەکانی ئەمریکای بەدەستەوە ماوە؛ بیانووی نەدەنە دەستی و خۆی لێ ببوێرن.

بەرگژەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی لە دەسەڵات لە سێ بازنەی نێودەوڵەتی، ناوچەیی و نێوخۆییدا جێ دەگرن. گرینگترین بەرگژەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەردەوامیی مەزنیخوازییەکانی ڕێژیم لە بواری دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی، پەرەپێدانی پیشەسازیی مووشەکی و پێداگریی ڕێژیم لە پشتیوانیی تێرۆریزمی دەوڵەتییە.

کێشەی نیزامی بانکی و سیستمی دراویی وڵات و بوونی ئێران لە لیستی ڕەشی FATF کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سۆنگەی بەرژەوەندیی ئیدۆلۆژیکیی خۆی لە سپۆنسەریی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان و سپیکردنەوەی دراودا ئامادە نییە پەسندکراوەکانی ئەم کارگرووپە ماڵییە نێودەوڵەتییە بەڕەسمی بناسێ؛ هەر وا لەجێی خۆیەتی. کارناسان و چاودێرانی سیاسیش لەسەر ئەو باوەڕەن تەنانەت ئەگەر سەرۆککۆماری نوێی ئەمریکا بگەڕێتەوە بۆ بەرجام و گەمارۆکانیش لەسەر ئێران هەڵگیرێن، مادام ئێران لە لیستی ڕەشی "ئێف ئەی تی ئێف" نەخرێتە دەرێ، هیچ کرانەوەیەک لە بەرژەوەندیی ئابووریی تێکتەپیوی ئێراندا ڕوو نادا. لە تەنیشت ئەوانەش کۆماری ئیسلامی لەسەر سیاسەتی دژایەتیی ئەمریکا و ئیسرائیل هەر وا پێداگرە و، جێی شک و گومانی نەهێشتۆتەوە کە توانای هەڵکردن و خۆگونجاندنی لەگەڵ بەها و بایەخە جیهانداگرەکان نییە و لێرەدا مەسەلەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی وڵاتەکەشی، وەک بەرگژەیەکی دیکەی ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی دەردەخا.

لە ئاستی ناوچەییشدا بەرگژەکانی ئێران بەهێزتر لە جاران خۆ دەنوێنن. ڕاستە ئێران لە یەک ساڵی ڕابردوودا قاسم سولێمانیی لە دەست دا و بەوەش ستادی فەرماندەیی و ڕێکخستنی هەموو ئەو میلیشیا و گرووپانەی شەڕی نیابەتی بۆ ئێران دەکەن بێ سەر مایەوە و، قائانی نەیتوانیوە ئەو بۆشاییە پڕ کاتەوە و ڕایەڵەی دەستوپێوەندییەکانی ئێران -لە ئەفغانستان، پاکستان، عێراق، یەمەن، سووریە و لوبنان- بە مۆدێلی قاسم سولێمانی لە چوارچێوەی ستراتیژیی گەورەی ڕێژیمدا پێک ببەستێتەوە؛ بەڵام ئەمە ئەو ڕاستییەکەی نەگۆڕیوە کە کۆماری ئیسلامی دەستی لە بەرزەفڕی و مەزنیخوازییەکانی هەڵ نەگرتووە. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ دەسەڵاتی ژمارە ١ی ناوچە بێ و بۆ سەرکەوتن بەسەر ڕکەبەرەکانی وگەیشتن بەو ئامانجە لە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی دراوسێیەکانیدا بەردەوامە. سروشتییە کە وڵاتانی ناوچەش بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم دوژمنایەتی و هێژمونیخوازییەی کۆماری ئیسلامی دەست لەسەر دەست دانانێن و بە پاڵپشتیی هاوپەیمانەکانیان بەرنامەی بەگژداچوونەوەی ئێرانیان لە شکڵ و شێوە و فۆڕمی جۆراوجۆردا دەبێ.

کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆییشدا کۆمەڵێک بەرگژەی زۆر جیددیی هەیە کە قەیرانی شەرعییەت و ناکارامەیی نیزامی بەڕێوەبەریی وڵات گرینگترینیانن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرهەمی شۆڕشێکی ئیسلامی بوو، بەڵام ئەزموونی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم کەلێنی گەورەی لە نێوان گوتاری ئایینیی کۆماری ئیسلامی و ئینتیما و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دروست کردووە. هاوکات، ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و سیاسەتی ناوەندگەرای کۆماری ئیسلامی و پلان و پیلانی زبر و نەرمی ڕێژیم بۆ دروستکردنی دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندگەرا بە نرخی سڕینەوە و حاشاکردن لە مافە نەتەوەیی، ئایینی، مەدەنی و سیاسییەکانی جۆراوجۆرییەکانی وڵات ئاکامی پێچەوانەی بووە. هەر بۆیەشە پرسە نەتەوەیی و ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان لە ئێستادا خواستی گشتیی خەڵکی وڵاتن. تەنگژەکانی سیستمی بانکی، قەیرانی

وەبەرهێنەران و لەو سۆنگەیەوە داخرانی کارگە و کارخانەکان و بەو هۆیەشەوە پەرەسەندنی بێکاری، ئەویش، لە تەنیشت گرانی، هەڵاوسانی ئابووری و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا بەشی سەرەوەی کێوە سەهۆڵەکەی قەیران و بەرگژە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامیین؛ ئەو بەرگژانەی زنجیری نارەزایەتییە گشتییەکانی خەڵکی وردتر، گشتگیرتر و بەردەوامتر کردووە.

لەو بارودۆخەدا ئێران بەرەو سێزدەهەمین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی خۆی دەچێ، هەڵبژاردنێک کە بە سەرنجدان بە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لەمساڵدا چاوەڕوان دەکرێ ئەمیش کەمترین پێشوازیی لەلایەن خەڵکەوە لێ بکرێ. قەیرانی شەرعییەتی سیاسی، ڕەگداکوتانی نارەزایەتییەکان، بوون و بەردەوامیی گەندەڵیی ماڵیی کاربەدەستان، ناکارامەیی دەزگای ئیداری و بەڕێوەبەریی وڵات و ڕەتکردنەوەی حاکمییەت بە هەموو قۆڵ و باڵەکانی و؛ بەتایبەت کارنامەی ٨ ساڵ دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی جێی هیچ هیوایەکی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەهێشتۆتەوە. هەرچەند ڕیفۆرم و گۆڕانکاری لە سیستمی دەسەڵاتداری ئێران بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا یەکێک لە چاوەڕوانییەکانی خەڵک و دنیای دەرەوە بوو، بەڵام تاقیکردنەوەکان بە تایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوودا دەریانخستووە کە ئەم ڕێژیمە نەک ویست، بەڵکوو توانای ڕیفۆرمیشی لە خۆیدا نییە. بۆیە خەڵک لەمێژە لە ڕیفۆرمخوازی و ڕیفۆرمخوازەکان تێپەڕیون و ڕەوتی خۆپیشاندانەکان لە بەفرانباری ٩٦ بەولاوە جێی هیچ شک و دوودڵییەکی لەوەدا نەهێشتۆتەوە.

بەرگژەکانی کۆماری ئیسلامی لەو سێ ئاستەدا کە باس کرا، پێمان دەڵێن ڕێژیم توانای زاڵبوون بەسەر ئەو بارودوخەیدا نییە و وەرزێکی نوێی نارەزایەتییەکانی خەڵک بەدژی تەواوەتیی ڕێژیم بەڕێوەیە، کە ئەگەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی دژبەری کۆماری ئیسلامی بتوانن ڕێبەری و مودیرییەتی بکەن؛ دەتوانن ئەو ڕێژیمە لە کۆڵ خەڵکی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی بکەنەوە و تۆماری تەمەنی بە مێژوو بسپێرن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠٢١

## کوردستان، زمانی ماف و چەکی شوناسی یەک نەتەوە

"کوردستان" بە بڵاوبوونەوەی ژمارەی نوێی خۆی مۆمی ٧٥ ساڵەی تەمەنی کوژاندەوە. ٢٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئۆرگانی زمانحاڵی خۆی بە ناوی "کوردستان" بڵاو کردەوە، ڕۆژنامەیەک کە پاش ماوەیەکی کەم شانازیی ئەوەی پێ بڕا ببێتە زمانحاڵی کۆمارە بەشکۆکەی کوردانیش. ٧٥ ساڵ لە دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردستان و یەکەم کۆماری کوردان تێدەپەڕی و، پاش ئەو سێ چارەگە سەدەیە، "کوردستان" هەر بەپێوە و بەڕێوەیە و، کوردانی ڕۆژهەڵاتیش بۆ چێکردنی کۆمارێکی دی، هەروا لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندان.

"کوردستان" لە ماوەی تەمەنی ٧٥ ساڵەیدا گەلێک قۆناغی مێژوویی بڕیوە و هەر بەپێی ئەو قۆناغانەش، مێژووەکەی بەسەر چەند دەورەی دەرچوون دابەش دەبێ، کە "کوردستان"ی ئەم دەورەیە کە بە دەورەی سێهەم دەناسرێ و لەگەڵ بنیاتنانەوە و ڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان پاش قۆناغێکی چەندساڵەی ڕکوود دەست پێ دەکا، لە مانگی داهاتوو (ڕێبەندان)دا نیوسەدە تێکۆشان و وەشانی بەردەوامی خۆی تەواو دەکا.

پێشەوا قازی محەممەد لە نوتقە مێژووییەکەی ٢ی ڕێبەنداندا بە بایەخەوە باس لە گرینگیی بڕیاری دەرکردنی ڕۆژنامەی "کوردستان" و بڵاوکراوەکانی دیکە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە دەکا و دەفەرموێ: "بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و، وەدەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگیی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەداڵەت موحتاجی وەسیلەی چاپ و بڵاو کردنەوە بووین، چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کرا و دامەزرا، لە شاری خۆمان گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فکر و داخوازیی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە." پێشەوای نەمر دواتریش ئەرکی گرینگی زمانحاڵی کۆمار و ڕاگەیاندنی بڕیار و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان هەر بە "کوردستان" دەسپێرێ.

"کوردستان" هەر لە بەردی بناغەوە چەند ئەرک و ئامانجێکی بۆ خۆی دەستنیشان کرد، وەک بردنەسەرێی ئاستی وشیاریی کۆمەڵ، خزمەت بە زمان و ئەدەبی کوردی، بەگژداچوونەوەی سیاسەتی دوژمنانی نەتەوەی کورد و بەرگری لە هەوێتیی ئەم نەتەوەیە و... . بەڕێوەبەرانی "کوردستان" چ ئەو کاتەی ڕۆژنامە -بۆ ماوەیەکی کەمی چەند ساڵە- لە نێوخۆی وڵات دەرچووە، یان هەموو ئەو دەیان ساڵەی لە تەبعیددا بەردوام بووە، ئەو سەنگەرەیان بەر نەداوە و "کوردستان" بە بەردەوامی

تریبوونی زمانی مافویستی و چەکی شوناس خوازیی کورد بووە. بەرجەستەکردنی بایەخمەندیی شۆڕشگێڕی و خەباتکاری، مافی دیاریکردنی چارەنووس، پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ژینگە، مافی مرۆڤ و مافە مەدەنی و سیاسییەکان، بایەخدان بە پرسی ژن، بیروڕای ئازاد، ناڵێکییەکانی کۆمەڵ، لەقاودانی کاروکردەوە و سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی و زۆر مژار و تەوەری دی، بە ڕەچاو کردنی زمانی خاوێنی مێدیایی و بنەما ئەخلاقییەکانی ڕۆژنامەنووسی؛ بەشی جەوهەریی ڕەسالەت و ئامانجی "کوردستان" پێک دێنن.

چارەنووسی "کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا بەشێک بووە لە چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زمانحاڵی ئەم حیزبە بووە. کاتێک ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات حوکمی بەدەستە و کۆمار بەڕێوە دەبا، "کوردستان" بە ئیمکاناتی حکوومەت و بە ڕێکوپێکی و بە تایبەتمەندیی ڕۆژنامەیەک کە وەڵامدەری حەوجێیەکانی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە. کاتێکیش حیزبەکەی لە مەتەرێزی شەڕی چەکداری و بەرگری لە مانی گەلەکەیدایە، دەبێتە چەک و دەنگی پێشمەرگە. کە حیزبەکەی تێکۆشانی ئاشکرای بووە، بە ئاشکرا دەرچووە و بڵاو بۆتەوە، ئەگەریش حیزب لە خەباتی سەختی پارتیزانیدا بووبێ، لە چیا و ئەشکەوت و بن گاشەبەردەکانەوە گەیوەتەوە شار و دەستی خوێنەرانی. بێتوو چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەکزیی دابێ، ئەم لاوازییە لە ڕۆژنامەشدا ڕەنگی داوەتەوە و هەرکاتێکیش هەلومەرج لە بەرژەوەندیی حیزبدا چووبێتە پێش، ئەوا "کوردستان" سوودی لە بارودۆخەکە وەرگرتووە و گەشەونەشەی پێوە دیارە.

"کوردستان" لە کاتی داسەپانی سیاسەتی سانسۆڕی دوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و پیلانە نەرمەکانی ئەم دوو ڕێژیمە بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەتەوەی باڵادەستدا، قەڵای خۆڕاگری پارێزگاری لە هەویەتی و شوناس و زمانی کوردی بووە. خزمەتەکانی "کوردستان" بە پرسی زمانی کوردی و ڕەسەنایەتیی ئەم کۆڵەکە گرینگە لە هەیکەلی کوردایەتی ئەوەندە گرینگ و بەرچاو بووە کە نوخبە و کەسایەتییەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش وێڕای داننان بە فێربوون لە "کوردستان"، بایەخێکی زۆری بۆ دادەنێن.

نووسەران و کارگێڕانی "کوردستان" دەرچووی زانکۆی ڕاگەیاندن نین و وانەی ڕۆژنامەنووسییان لە هیچ پەیمانگەیەک نەخوێندووە. ئەوان پێشمەرگەی میدیاکار و کادری دەزگای تەبلیغیی حیزبەکەیانن و بە بڕینی قۆناغی جۆراوجۆر، ئەزموون و توێشووی بڕینی ئەم ڕێبازەیان لە هەگبەی خۆیاندا جێ کردۆتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چونکی هەڵگری ڕەسالەتی خەباتی نەتەوەیی و ئامانجی ڕزگاریخوازانە و شوناسویستیی خەڵک و حیزبەکەیانن، بە ڕووسووری و سەربەرزییەوە لەو سەنگەرەدا بەردەوامن. ڕەنگبێ نهێنیی خۆشەویستیی "کوردستان" لەنێو دڵی خەڵکی کوردستان و خوێنەرانیدا هەر بۆ ئەو



سەرچاوە
Serchawe

تایبەتمەندییە بگەڕێتەوە کە ڕۆژنامە خۆشەویستەکەیان سەرەڕای کەندولەند و کۆسپ و تەگەرەی یەکجار زۆری سەر ڕێی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەلام کۆلی نەداوە و بەچۆکدا نەهاتووە.

"کوردستان" سەرەڕای مێژووی شکۆمەند و پڕ هەوراز و نشێوی و، سەرەڕای ئەوەش کە کۆنترین و بەئەزموونترین بلاوکراوەی سیاسیی بەردەوام لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە، بەلام بێبەری لە ڕەخنە و کەموکوڕییش نەبووە و نییە. بەتایبەت لە ئێستادا کە سێ چارەگە سەدە تەمەن وەک ڕابردوویەک بەجێ دێلێ و، دەبێ چاوی لە داهاتوو بێ. تایبەتتر ئەوە کە هەم لە دنیای ڕاگەیاندنی نوێ و ئامرازەکانی نوێ و مۆدێرنی مێدیاییدا دەبێ ستاتوی خۆی بپارێزێ و بەرۆژ بێت و جێ نەمێنێ؛ هەم لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات و تێکۆشانی خۆی لەگەڵ دەزگای تەبلیغیی دژمنەکەی – کۆماری ئیسلامی بەو هەموو ئیمکانات و دەستڕۆیشتووییەی هەیەتی- پێویستە سوارچاک بێ و ڕۆلی خۆی بگێڕێ.

لەگەڵ کوژانەوەی مۆمی ٧٥ ساڵەی "کوردستان"دا، سلاو دەنێرین بۆ دامەزرێنەرانی "کوردستان"ەکەمان و هەموو شەهیدانی قەڵەم لە سەنگەری ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و هەموو ئەو پێشمەرگە خاوەن‌خامانەی تەمەنیان بەدیار "کوردستان"ەوە بەڕێ کرد، بەلام لە پشتی و لەگەڵی مانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەشبگیرەکەی ئەمجارە لە کوردستان و ئەرکی ئێمە

دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا شەپۆلێکی نوێی ڕەشبگیریان لە کوردستان وەڕێ خستووە. لەو شەپۆلە نوێیەدا ئەوەندەی ناوەندەکانی مافی مرۆڤ باس لە ئامار و زانیاری دەکەن، زیاتر لە ٧٠ کەس لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان -مەهاباد، ڕەبەت، مەریوان، شنۆ، سنە، بۆکان، نەغەدە، سەوڵاوا و پیرانشار- و دەرەوەی کوردستان - کەرەج و تاران - کە نیزیک بە تەواویان لە چالاکانی مەدەنیی کوردن، دەسبەسەر کراون. بەپێی گێڕانەوەی شایەتحاڵەکان و بنەماڵەی گیراوەکان ئەم گرتنانە بەبێ حوکم و بەڵگەی قەزایی و ڕێوشوێنی قانوونی و، سەرەڕۆیانە بە شێوەی شاڵاوبردنە سەر ماڵ یان شوێنی کار دەسبەسەرکراوان بووە و بەشێکی زۆر لەو گیراوانە لە کاتی دەسبەسەرکرانیاندا لێیان دراوە و سووکایەتییان پێ کراوە. هاوکات دەست بەسەر کەلوپەلی شەخسیی ئەوان (موبایل، تەبلێت، لەپتاپ، کتێب و...) داگیراوە و لەکاتی دەسبەسەرکرانیانڕا هەتا ئێستا نە هۆکاری گیرانیان باس کراوە، نە کەس لە بنەماڵە و کەسوکاریان سەرەڕای بەدواداچوونی بەردەوامی ئەوان؛ لە شوێنی ڕاگیران و بەندکرانی ڕۆڵەکانیان ئاگادار کراون. هەروەها هیچ کام لە دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی (وەزارەتی ئیتلاعات و ئیتلاعاتی سپای پاسداران و...) بەرپرسایەتیی دەسبەسەرکردنی ئەو خەڵکەیان بەرعۆدە نەگرتووە و تەنانەت حاشاشیان لەو گرتنانە کردووە.

بە سەرنجدان بەوەی بەشی زۆری دەسبەسەرکراوانی ئەو ماوەیە چالاکانی مەدەنین، دەردەکەوێ کە کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکەش بۆ بێ هەست و خوست کردنی کۆمەڵگە و سەرکوتی بزووتنەوە مەدەنییەکان شمشێری لە ڕوو بەستووە. ڕق و قینی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە فەرهەنگی، ئەدەبی، ژینگەپارێزی و کولتوورییەکانی کوردستان پێش هەموو شتێک بۆ خۆشەویستی و نەخش و ڕۆڵی ئەم ناوەندانە دەگەڕێتەوە کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە ڕێکخستنی خەڵک بۆم کاری هەرەوەزیی مرۆڤدۆستانە گێڕاویانە. هەرکاتێکیش کار و جموجۆڵی مەدەنی و ڕێکخراوەیی ئەو ناوەندانە بەرهەست و دیارتر بووبێ، دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمیش -کە هەر چەشنە بزاوتێک لە کوردستان بە چاویلکەی ئەمنیەتی دەبینن و نایانەوێ کاری ڕێکخراوی جەماوەری لە کوردستان پەرە بستێنێ و ئاکسیۆن و نارەزایەتیی گشتیی لێ بکەوێتەوە- دەهریتر بەربوونەتە گیانی ڕێکخراوە و چالاکانی مەدەنیی کورد و هەوڵی خنکاندنی ئەم کەمە هەناسە و بزووتنانەیان داوە.

ڕوون و ئاشکرایە کە هۆکاری سەرەکیی ئەم ڕەشبگیرە ترسی زۆری ڕێژیمە لە شەپۆلی نوێی نارەزایەتییە جەماوەری و کۆمەڵایەتییەکان کە لە ئێستادا سەرەڕای بارودۆخی کۆرۆنا بەڵام هەر کەڕەتەی توێژێک و هەر جارەی لە شوێنیک سەر هەڵدەدەن. هەروەها کۆماری ئیسلامی هەر کاتێک پێویستیی بە پاشەکشە، سازان و ڕێککەوتنێک لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کردووە، لە نێوخۆدا هەوڵی داوە بە سرکردنی کۆمەڵگە و سەپاندنی کەشی قورسی سەرکوت بەرەنگاری خواستەکانی خەڵکی وڵات بێتەوە. لەو پێوەندییەشدا کوردستان وەک ناوچەیەکی پەراوێزخراو لە ڕووی ئابووری بەڵام زیندوو لە ڕووی سیاسی هەمیشە یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی کۆماری ئیسلامی بووە. کۆماری ئیسلامیی ئێران کە توانای چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییە نێوخۆییەکانی نییە و بە بیرکردنەوەی میلیتاریستی و دەسەڵاتی کۆلۆنیالیستی لە کوردستان دەڕوانێ، نایهەوێ و ناشتوانێ گەشەکردنی کۆمەڵگەیەکی ڕەخنەگر و مافویست و، بالاکردنی تاک و ڕێکخراوەی دەروەست بە ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی لە کوردستان ببینێ؛ بۆیەشە بە بیری خۆی پێی وایە بە سەرکوت و زەبروزەنگ دەتوانێ پاشەکشەی پێ بکا.

لە پێوەندی لەگەڵ شەپۆلی نوێی سەرکوت و ڕەشبگیرەکاندا پێ لەسەر دوو خاڵ دادەگرین:

**یەکەم**. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و ئیلیت و نوخبەی کورد و دیاسپۆرای کورد لە دەرەوەی وڵات نابێ لە هەمبەر ئەو ڕووداوە بێدەنگ و بێ هەڵوێست بن. بێدەنگی و تێپەڕین لە تەنیشت ئەو ڕووداوانە دەرفەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدەن ئاسانتر و دەستئاوەڵاتر لە سەرکوتی خەڵک بەتایبەت چالاکانی سیاسی و مەدەنی بەردەوام بن. مەحکوومکردنی ئەم کردەوانەی ڕێژیم و هێنانە سەر خەتی ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ و هێنانە بەرباسی ئەو بابەتە لەگەڵ وڵاتان بە تایبەت وڵاتانی بڕیاردەر لە پرسی ئێراندا گرینگ و، ئەرکێکی هەنووکەییە کە دەبێ هەموو لایەک هەوڵی بۆ بدەین.

**دووهەم**. هەمووان دەبێ بزانن بەرپرسایەتیی گیانی ئەو دەسبەسەرکراوانە لە ئەستۆی دەزگای قەزایی و دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە، چونکی ڕابردووی تاوان و جینایەتەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە چاوی کەس شاراوە نییە. کەم نین ئەو بەندکراوە سیاسییانەی هەر لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا سەرەڕۆیانە گیران و لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا. بەسەرهاتی شوانە سەید قادر، سارۆ قارەمانی، برایم لوتفوڵلاهی، تالیب بەساتیوەند، سەجاد ئیسماعیلی و... بەحەق ئەو نیگەرانییە لە دڵی بنەماڵەی دەسبەسەرکراوان و خەڵکی کوردستاندا دروست دەکەن. هەروەها زۆرن ئەو کەسانەی دوای دەسبەسەرکرانیان یان پەروەندەسازییان بۆ کراوە، یان بە ساڵ لێیان نەپرسیونەتەوە و لە چارەنووسی نادیاردا هێشتوویاننەتەوە. ئەوە دەخوازێ هەموو لایەک بە پەرۆشەوە لەو بابەتە بڕوانن و بە گوشار خستنەسەر کۆماری ئیسلامی تێچووی ئەم جۆرە ڕەفتار و کردەوانە بۆ ڕێژیم زۆر و قورس بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠٢١

## "زەویی ئێمە دانی ئێوەی لێ شین نابێ"

ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە یەک مانگ و نیوی یەکەمی زستانی ئەمساڵدا ١٦٠ کەس لە چالاکانی سیاسی، فەرهەنگی و مەدەنی و ژینگەپارێزی کوردیان بە تۆمەتی چالاکی لە دژی ڕێژیم دەسبەسەر کردووە. شەپۆلی نوێی ڕەشبگیریی ئەم دواییانە لە کوردستان ئەگەرچی لە ڕووی ژمارەی زۆری بەندکراوان ئەویش لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا تایبەت دەنوێنێ، بەڵام دیاردەیەکی تازە نییە؛ لەبەر ئەوەی دامودەزگا ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم تەنیا لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ٣١٠٠ کەس لە چالاکانی کوردیان لە بەندیخانە پەستاوتووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە کوردستان شەڕە و ئەو شەڕەش پتر لە ٤٠ ساڵە بەسەر کوردستاندا سەپاوە و لە فۆڕمی جۆراوجۆردا بەردەوام بووە.

ئەم شەڕەی کۆماری ئیسلامی بە کوردی دەفرۆشێ، لە بەهاری ئازادیی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بە لەشکەرکێشیی هێزە چەکدارەکانی حکوومەتی ناوەندی و بە پشتقایمیی فیتوای ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ بنەبڕکردنی "کوفر" لە کوردستان دەستی پێ کرد. کوفرە گەورەکەی کورد ئەوە بوو زۆر زوو جەوهەری دەسەڵاتی نوێی لە تاران ناسی و ئامادە نەبوو ئەو ڕێژیمە بەڕەسمی بناسێ. کوفرەکە ئەوە بوو خەڵکی کوردستان ئەو ماف و ئازادی و دەسکەوتانەیان دەویست کە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ خەباتیان بۆ کردبوو و ڕووبارێک خوێنیان بۆ دابوو. کوفرەکە ڕاوەستان لەبەرامبەر دەسەڵاتی ڕێژیمێکی داپڵۆسێنەر و "نا"گوتن بە توانەوە و بندەستی بوو. ئەوەش لە ڕوانگەی مەلاکانی جەمارانەوە گوناحێکی کەبیرە بوو کە کورد دەبوا تاوانەکەی بدا و لەوکاتەوە گەلی ئێمە ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە تاوانی مافویستی و ئازادیخوازیی خۆی دەدا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا پتر لە ٢٢٠٠ کەسی لە کوردستان بە تاوانی! دژایەتی لەگەڵ نیزامی ویلایەتی فەقیهـ ئێعدام کردووە. لە نێوخۆی وڵات، باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات زیاتر لە ٤٥٠ کادر و پێشمەرگە و تێکۆشەری کوردی تێرۆر کردووە. ٣٢ گوندی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵکوژ کردووە و لەو ڕەشەکوژییانەدا ٢٨٠ گوندنشین -پیر و لاو و ژن و منداڵ-ی قەڵاچۆ کردوون، هەروەها ٤١ گوندی بەهۆی خۆڕاگریی خەڵکەکەی تێکوپێک داوە و تەختی زەویی کردوون. لە مەیدانی شەڕی ڕاستەوخۆشدا بەهۆی هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرگریی ڕەوای هێزی پێشمەرگە نیزیک بە حەوت هەزار پێشمەرگەی هێزە سیاسییەکانی کورستان شەهید بوون و بە هەزاران کەس خەڵکی سڤیل و بێدیفاع کە لەنێو ئەوانیشدا دیسان بە سەدان ژن و منداڵ دەبیندرێ گیانیان لێ ئەستێندراوە. زیاتر لە ٢٥٠٠ کەس خەڵکی مەدەنی -شوان، وەرزێڕ، منداڵ، کۆڵبەر و کاسبکار- بە هۆی تەقینەوەی مین کوژراون و پتر لە ٤٥٠٠ کەسیش هەر

بەو هۆیە بریندار و نقوستان بوون.

ئەم شەڕە داسەپاوە لە کوردستان لە هەموو گۆڕەپانەکاندا و بە هەموو مێتۆد و شێوازێک درێژەی هەبووە. کوردستان بەهۆی ڕوانگەی ئەمنییەتی، کەمترین پشکی لە بودجەی وڵات بۆ ئاوەدانی و بۆ وەبەرهێنان تەرخان کراوە، کەچی ئاو، دار، بەرد و زێڕ و کانە سروشتییە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانی بەتاڵان براوە و تەنانەت لێڕەوار و دارستانەکانیشی ئاگر دراون و سووتێندراون.

هەژاری، بێدەرەتانی و بێکاری لەڕادەبەدەر لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران کە لێکەوتەی سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووری کوردستانن، لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان پەرەی بە دیاردەی کۆڵبەری داوە، بەڵام لەوێندەرێش هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کاسبکاران دەچنە کەمینەوە و دەیاندەنە بەر دەستڕێژ. ئاماری ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان دەڵێن تەنیا لە ٥ ساڵی ڕابردوودا هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم ٤٠٠ کۆڵبەریان کوشتووە و ٦٥٠ کۆڵبەریان بە زەبری گوللە بریندار کردووە.

ئەم شەڕە لە بەستێنی کولتووری و شەڕی نەرمیشدا هەم درێژەی هەبووە و هەم دەرەنجامی جیاوازتری لێ کەوتووەتەوە. ستراتیژیی شەڕی نەرمی ڕێژیم لەدژی کورد لە چوار دەیەی ڕابردوودا ئەمە بووە کە کۆمەڵگەی کوردی تووشی قەیرانی شوناس بکا، مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کورد چەواشە و ئاستی داخوازەکانی کورد بۆ لانیکەمی خۆی دابەزێنێ، لە پێگە و هەیبەتی کاریزما و ڕێبەرانی جووڵانەوەی کورد بدا، بە پەرەپێدان بە هەستی ئێرانچیەتی ئینتیمای نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کورد لاواز بکا، بە دروستکردنی درز و کەلەبەر لەنێوان کۆمەڵگەی کوردستان و حیزبە کوردییەکان لە ئێعتبار و متمانەی هێزە دژبەرەکانی بدا و مەیدانیان پێ چۆڵ بکا و؛ دواجار جۆرێک بنوێنێ کە ئەننەهوو شتێک بە ناوی پرسی کورد لە ئێراندا نەبووە و نییە! بۆ ئەو مەبەستەش ئیمکانات و هێزی ماددی و مرۆیی زۆروزەوەندی تەرخان کردووە. بەڵام هەموو ئەو پیلان و پلانە ورد و درشت و نەرم و ڕەقئامێرییانەی کۆماری ئیسلامی نەک سوودێکی ئەوتۆی بۆ ڕێژیم نەبووە، بەڵکوو ئاکامی پێچەوانەشی لێ کەوتووەتەوە. بۆ نموونە:

ڕێژیم زۆر هەوڵی دا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دابماڵێ، کەچی هەر ڕووداوێک و هەنگاوێکی گرینگ و مێژوویی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد –تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش-دا، ڕەنگدانەوەکەی لە شەقام و چالاکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە چاوی خۆی دەیبینێ. ڕێژیم هەوڵی زۆری دا دیوارێکی گەورە لە نێوان کوردی شیعە و کوردی سوونە و، دەستەخوشکیی مەهاباد و سنە و کرماشان و ورمێدا دروست بکا؛ بەڵام بوومەلەرزەکەی

کرماشان و ئەو حەماسە نەتەوەیی و کوردانەیەی لە ماکۆوە هەتا سەرپێڵی زەهاو وەڕێ خرا، ئەم دیوارەی بەسەر کۆماری ئیسلامی و ستراتیژیستەکانیدا ڕماند. چیی نەکرد بۆوەی حیزبی دێموکرات و هێزە کوردییەکانی دیکە لەپێش چاوی خەڵکی کوردستان بخا، بەڵام کاتێک ویستی ئاکامی چوار دەیە هەوڵ و بەرنامەدانان و تێچووەکانی لە مووشەکبارانی ١٧ی خەرمانانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەڵگرێتەوە؛ مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی خەڵکی کوردستان بۆ بەخاوەنکردنی کوڕ و کچە پێشمەرگەکانیان و حیزبە خۆشەویستەکەیان تاساندنی. پەیامی ئەو ڕێفراندۆمە ڕاستەقینەیە ئەوە بوو: " زەویی ئێمە دانی ئێوەی لێ شین نابێ، بارکەن بڕۆن."....

ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی لە ئێستاشدا بە دروستکردنی فیلم و دێکیۆمێنت هەوڵی ڕووشاندنی ڕوخساری بزووتنەوەی کورد دەدا، ئاسنی ساردکوتانە. چونکی بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێ و خەڵکی کوردستان هەم حیزبەکانی خۆیان و هەم کۆماری ئیسلامی زۆر باش دەناسن و جەوهەری کۆماری درۆی ڕێژیم نەک هەر بۆ خەڵکی ئێران، بەڵکوو بۆ کۆمەڵگەی جیهانییش ڕوونە. هاوکات ئەمە دەبێ بە پەلەقاژەی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستەبەری ڕەواییەتی نەبووی دابندرێ. ترسی سەرەکیی ڕێژیم لە ڕەگداکوتانی گوتاری نەتەوەیی حیزبی دێموکراتە کە سەرەڕای چوار دەیە سەرکوت و کوشتار و زەبروزەنگ، وەک شەوە و کامووسک خەوی لە چاوی ڕێبەرانی ڕێژیم زڕاندووە. بەڵێ، کوردستان، کوردستانی لەسەر هەست و ئامادە خاڵی لاوازی کۆماری ئیسلامییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٤ی فێبریویێری ٢٠٢١

---

## دوو هەرێم و یەک چارەنووس

ژانی خوێ بە برینـدا کردن زۆر لە زامەکە بەژانتـرە. لەو ڕۆژانەدا کە لاوانی بلووچ بە تەقە و دەستڕێژی سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێـژیم وەک گەڵای پـاییز هەڵـدەوەرن -چییە، چونکە چەنـد بۆشکە بێنـزین و گازۆئیـان ئـاودیوی ئەوبەری سنوورەکان کـردووە- سـەرکۆماری بەمشـووری! ئێـران ڕایگەیانـدوە کە بەشـێک لە داهـاتی سـنوورەکان دەبـێ بـدرێتە خەڵکی ناوچەکە. ئەم قسانە ڕێک خوێ بە برینـدا کردنە.

پێشتریش لە کوردستان ڕاست لەو کاتەدا کە کۆڵبەران و کاسبکارانی کـورد کەوکـوژی دەدرانە بەر دەسـتڕێژ و گیانیـان لـێ دەستێندرا، ئاغای ڕەحمانی فەزڵی، وەزیری نێوخۆی جەنابی ڕوحانی گەلالەی بیمەکردنی! کۆڵبەرانی ورووژاند و باسی لە ڕێکخستنی چـالاکی و هاتوچۆیەکـانی کۆڵبەران کـرد. ڕێکخسـتنەکەش ئەوە بـوو کە لە هەمـوو خێـر و بێـری دەروازە و بـازاڕە سنوورییەکانی کوردستان بـۆ زیـاتر لەو ٨٠ هەزار کـۆڵبەرەی نـاوچە، چەنـد هەزار کـارتێکی "پیلەوەری" لەبەرچـاو بگیـردرێ کە ئەویش سپای پاسداران دەستی بەسەردا گرت و ئێستا بەکرێیـان دەدا. تەنـانەت هەرای پـاوانکردنی کارتەکـانی پیلەوەری لەلایەن بازرگانـانی سـەر بە سـپای پاسـداران –نەک کـۆڵبەران و کاسـبکاران- گەیشـتە مەجلـیس، بەڵام کـێ هەیە لەوە بپرسێتەوە و مەگەر خوێنی خەڵکی کورد لەم وڵاتە بایی چەندە؟

چەشنی ئەوە لە بەلوچستان ڕووی داوە. دوو ساڵ لەوە پێش بـوو کە "تەرحی ڕەزاق" بـۆ ڕێکخستنی فرۆشتنی سووتەمەنی لە نـاوچە سنوورییەکان پەسند کرا، بەڵام جێبەجێکردنەکەی بە سپای پاسداران! درا هەتـا ئەو کەسانەی کە سپا بە شیاویان! دەزانێ لەو خێروبێرە بەشیان پێ ببڕێ. بەمجۆرە هەروەک کوردستان، لە بەلوچستانیش هەموو داهـاتی نـاوچە سنوورییەکان کراوەتە پـاوانی سپای پاسداران و بەشی خەڵکی هەژار و بێکـار و بێدەرەتـانی نـاوچەکەش ئەم فیشەکانەیە بە سینگیانەوە دەنرێ. کەسیش لەوە نـاکۆڵێتەوە کە بـۆ دەبـڕن، بـۆ دەکـوژن؟ بـۆ مەگەر نـاکرێ و نـاتوانن ئەو کەسانە بگرن و ئەگەر پێتان وایە تاوانێکیـان کردووە بیانـدەنە دەستی قـانوون و دادگـا؟ پاشـان ئەگەر ئەو کەسـانە تـاوانی قاچاغیـان دەدرێـتە پـاڵ، هەر لەبەر ئەوەی چەنـد گـالۆن بێنزینیـان پـێ بـووە، ئەدی سـپای پاسـداران بۆخـۆی کێـیە و چییە کە دەیەوێ هەمـوو هێڵـی گواستنەوەی سووتەمەنی بە پاکستانی لە پاواندا بێ؟ مەگەر جیا لەوەیە کە "برایـانی قاچـاغچی" دەیـان سـاڵە بەو "حوکمی تیر"ەی بۆخۆیانیان بە ڕەوا زانیوە، ویستوویانە هەست و خوست لەو کۆمەڵگەیە ببڕن و خوێنی خەڵک لە شووشە بکەن؟



سەرچاوە
Serchawe

بــارودۆخی کوردســـتان و بەلوچســـتان لە زۆر بـــارەوە لە یەکتـــر دەچـــن. لە هەژاریـــی خەڵکەکەیـــان، لە بەشـــمەینەتیی دانیشـــتووانیان، لە پشـــکیان لە داهـــات و بەرنامەکـــانی ئـــاوەدانکردنەوەی وڵاتـــدا، لە بێکـــاریی زۆر و پەراوێزخرانیـــان، لە سەرکوتی سیستماتیکی مـافە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان و، لە زۆر بـوار و ڕەهەندی جۆراوجۆری دیـکەدا لەتەنیشت یەکتـری ناویان دێ؛ هەروەها لە شێلگیری و ڕوحی بەربەرەکانی و خۆ بەدەستەوە نەدانیشدا.

لە کوردســتان "قـاسم ڕەزایــی"یەکـان(١) سیفەتی تێکـدەری ئەمنیەتــی ئـابووری دەدەنە کـۆڵبەر و بە دەسـتدرێژکەری سـنوور (متجاوز مرزی)یان ناو دەبەن و ڕشتنی خوێنیان بە حەڵاڵ دەزانن؛ لە بەلوچستانیش "حوسێن زولفەقـاری"یەکـان(٢) تـۆمەتی شەڕاشـۆیی و تێرۆریســتبوون دەدەنە پــاڵ ئەو خەڵــکە هەژار و بێـدەرەتانەی کە بژێــوی ژیــانی بنەماڵەیــان لە ڕێــگەی بەکۆڵدادانی چەند گاڵۆن گازۆڵ و بێنزین و فرۆشتنیان لەودیوی سنوورەکانەوە دابین دەبێ و کوژرانیان بە خەزا دەزانن.

ئەگەر بەلوچستان لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە تەنیشت وشکەساڵی و ڕقی سروشت، کەمترین پشکیشی لە بەرنـامە و پـڕۆژە ئابوورییەکـانی حکـوومەت پـێ بـڕاوە، کوردسـتانیش بە هەمـان شـێوە، هەم پەراوێـز خـراوە و هەمـیش ئـاو و سـەرچاوە سروشـتییەکانی بەتـاڵان بـراوە و دەبرێ. ئەگەر کـۆڵبەری و کۆڵبەرکـوژی یەک لە دیـاردە ناسێنەرەکانی ئێسـتای کوردسـتانە، ڕۆژ نییـە لە بەلوچســتانیش لە بێـدەنگیی مێدیاکانـدا کەس یـان کەسـانێک کە بە "سـوختبەر"یـان دەناسـێنن گیانیـان لـێ نەستێندرێ.

ئەو کـارەی کە لە نـاوچە سـنوورییەکان بە "قاچـاغ" نـاو دەبرێ و وەک پیشە سـەرچاوی بژێـوی سـەدان هەزار کەسـی نـاوچە سـنوورییە پەراوێزخراوەکـانی کوردسـتان و بەلوچسـتانە، بەرهەمـی ڕوانگەی ئەمنیەتـی، سیاسـەتی مافیـایی و داگیرکەریـی دەسەڵاتی ناوەنـدییە کە لەلایەک ئەو خەڵـکە لە مـافە بنەڕەتییەکـانی بێبەش دەکـا و لەلایەکی دی زاڵبـوون بەسـەر ژیـان و چارەنووسیان بە مافی خۆی و ئەرکی سەرشانی دەزانێ.

سەرکوتی خوێنـاوی و بێبەزەییـانەی ئەو خەڵکەش لەلایەن ڕێـژیمەوە لە فۆبیـا و نیگەرانییەکی قـووڵەوە سەرچاوە دەگـرێ، ئەویـش تـرس لە لاوازیـی پێتـری دەسـەڵاتی ناوەنـد -بەهـۆی بەردەوامیـی سـزا ئابوورییەکـان، نەبـوونی ڕەواییەتـی سیاسـی و کەڵەکەبـــوونی قەیـــرانە جۆراوجۆرەکـــان- و ئەگەری زۆری ســـەرهەڵدانی بەریـــنی جەمـــاوەری. لە ئەگەری ئەو هەســـتان و سەرهەڵدانەشدا خـاڵی لاوازی کۆمـاری ئیسلامی بە پلەی یەکەم کوردستان و دواتـر بەلووچستان و نـاوچە پەراوێزخراوەکـانی دیکەی ئێرانە. چونکی هەم پوتـانسیەلێکی زۆری خەبـاتگێڕی لەو ناوچانە هەیە و هەم خەڵکەکەی خـاوەنی حیزبی سیاسیی شوێندانەر و بەڕابردوون و سەرکوتی بێڕەحمانەی خەڵکی کوردستان و بەلوچستان -بە بیانووی جۆراوجۆر- هەمووی بۆ

ئەوەیە کۆنتڕۆڵی ئەو ناوچە هەستیارانەیان لە دەست دەرنەچێ.

ئەوەی ئەو ماوەیە لە سەراوان ڕووی دا و ئەوەی لە پیرانشار بە ڕۆژی ڕوون دوو برا لە بنەماڵەیەک دەدرێنە بەر دەستڕێژ و دەکوژرێن هەر بەوەندە نابڕێتەوە، چونکی مێژووی خەباتی کورد و بلووچ بە تایبەت لە چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نیشانی داوە کە ئیرادەی خەڵک بە سەرکوت و کوشتوبڕ بەچۆکدا نایە. حکوومەتیش کە نە توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی هەیە و نە زەرفییەتی گۆڕان لە سیاسەتەکانیدا بەدی دەکرێ، ناتوانێ بۆ مانەوەی تا هەتایی پشت بە هێزی سەرکوت و داپڵۆسێنەری ببەستێ. بە تایبەت کە لە بەرەی دژدا خەڵکێکی مافویست لە سەنگەردایە کە نایەوێ چیدیکە باری قورسی ئەم دەسەڵاتە لە ئەستۆی بێ و ئامادەیە هەموو تێچوویەک بۆ ڕووخاندنی بدات.

***

١- قاسم ڕەزایی، فەرماندەی هێزە سنوورییەکانی کۆماری ئیسلامییە

٢- حوسێن زولفەقاری، جێگری ئەمنیەتی_ئینتیزامیی وەزیری نێوخۆی ڕێژیمە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠٢١

## چارەنووسی ڕێژیم چۆن و لەکوێ یەکلا دەبێتەوە؟

کەمپینی "نا بۆ کۆماری ئیسلامی" لەم ڕۆژانەدا دەنگێکی نوێی دیکەیە کە هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوەی وڵات بەرزتر و بەربڵاوتر دەبیسترێ. ئەم دەنگە لە ئێستادا کاردانەوەی جیدی کۆمەڵگەیە بە کۆی قەیرانگەلێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا بۆ خەڵکی دروست کردووە.

وەڕێکەوتنی ئەم کەمپینە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کام هێز و لایەنی سیاسیی لەپشتە و تێڕوانین و خوێندنەوەکان بۆ ڕەگداکوتان و بەرەوەپێش چوونی دەبێ چۆن و چ بن، بیرهێنەرەوەی بڕیارێکی مێژوویی بزووتنەوەی سیاسیی کوردە. بێگومان ئەو کاتەی کە هەر مانگێک دوای خۆسەپاندنی ڕێبەرانی ئەم ڕێژیمە ڕاپرسیی "کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یان نەخێر" دەکرا و کوردستان و هێزە سیاسییەکانی پێشەنگی "نا"گوتن بەو ڕێژیمە فریودەرە بوون؛ ئەگەر کورد تەنیا نەمابایەوە و نەتەوە و قەوارە سیاسییەکانی دیکەش بەرەوپیلی ئەو بانگەوازە هاتبان، ڕەنگبێ ئەوەی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بەسەر ئێران و خەڵکی ئەم وڵاتە هاتووە، ڕوویان نەدابا. بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە چوار دەیەی ڕابردوودا و لە شێوە و فۆڕمی جۆراوجۆری سیاسی، مەدەنی و تەنانەت چەکداریدا بەردەوام بووە لەسەر ئەم "نا"گوتنە و بە سەربەرزییەوە هەتا ئێستاش باجی ئەو خۆڕاگرییە و مافخوازییە دەدا.

تایبەتمەندییەکی ئەم کەمپینە تازەیە کە هێشتا مەیدانی نییە و پتر میدیایی و تەبلیغاتییە ئەوەیە کە لەو ماوەیەدا بەشی بەرچاو لە چین و توێژ و فرەیی و جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە و، هاوکات دەکرێ دوو پەیامیشی تێدا بخوێنینەوە:

پەیامی یەکەم ڕوو لە سەرۆککۆماریی ئەمریکا، وڵاتانی ئورووپایی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە ئێران ناتوانێ عونسورێکی دڵنیا لە هاوکێشە جیهانییەکان و هاوبەشێکی باشی سیاسی و ئابووری بۆ ئەوان بێ؛ چونکی بناغەی دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمە لەرزۆکە و حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا زەبروزەنگ لەسەر پێی ڕاگرتووە، نەک شەرعییەت و پشتیوانیی خەڵک.

خەڵکی ئێران نیگەرانن لە ئەگەری سازانی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیم هێز و تینی پتری وەبەر

بێتەوە و توندوتیژتر لە ئێستاش بەر بێتە گیان و ژیانی خەڵک. ئەو ترسەش لەخۆڕا نییە و پێشترین ئەزموون کراوە. وەک چۆن دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی ٨٨ و ڕاپەڕینی خەڵک بێتوو ئەمریکا و کۆمەڵگەی جیهانی دەنگی خەڵکیان بیستبا و قازانجی سازان لەگەڵ کۆماری ئیسلامییان لە پێشەوە و لە سەرووی بەرژەوەندیی سەقامگیری خۆیان لە پشتیوانیکردن لە خەڵک دانەنابا؛ ڕەنگبێ ئێستا ئەو ڕێژیمە بەشیک با لە مێژوو.

پەیامی دووهەم ڕوو لە دەسەڵاتە کە لە بەهاری ساڵی نوێدا بەتەمای بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارییە. ئەو "نا"یەی ئێستا لەو کەمپینەدا بەرز کراوەتەوە، نای پێشوەختە بەو هەڵبژاردنە و لێکەوتەکانی و تەواوەتیی ڕێژیمە. ئەم "نا"یە بە کۆماری ئیسلامی لە هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی مەجلیسیشدا بە بەشداریی لانیکەمی خەڵک بە ڕوونی بەرز کرایە، بۆیە بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریش چارەنووسێکی باشتر لەمە چاوەڕوان ناکرێ و حکوومەت بە یارمەتیی "کۆرۆنا"ش ناتوانێ بە دڵخوازی خۆی ئەندازیاریی بۆ بکا.

خەڵکی ئێران زۆر هەل و دەرفەتی بۆ گۆڕان لە بارودۆخی ئاراییِ بەبێ توندوتیژی بە لایەنە سیاسییە مودەعییەکان دا، بەڵام هەموو ئەو دەرفەتانە سووتان و خەڵک مانەوە و تەنیا یەک هەڵبژاردن، ئەویش تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و ناگوتن بەو دەسەڵاتە. هۆکارەکەش ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە مێژووی ژیانی خۆیدا پێشی بە گووران و ڕۆڵبینینی بنیاتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان گرتووە. حیزبی سیاسیی سەربەخۆ و دامەزراوەی مەدەنیی بەمانای خۆی لە ئێراندا نین – بە واتایەکی دی ئیزنی پێکهاتن ودامەزرانیان نەدراوەتێ- کە کۆمەڵگەی ئێران بتوانێ بە پشتبەستن بەوان لە قەیرانەکان تێپەڕێ. بۆیە نارەزایەتیی هەراوی کۆمەڵگە لەسەر سێ تەوەر و داخوازی سەرەکیی ژیان و بژیو، ویستی سیاسی و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان شکڵی گرتووە. بەدەر لەوەش هەشت ساڵ سەرکۆماریی ڕووحانییش لە هەلومەرجێکدا تێپەڕی کە بە قسەی وەزیری دەرەوە و دەستی ڕاستی سەرکۆمار، دەوڵەت کەمترین ڕۆڵ و دەسەڵاتی لە سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە و ئەوە سپای پاسداران بووە وڵاتی ئیدارە کردووە. خەڵکیش دەپرسن ئاخۆ پێویست دەکا بۆ هێنانە سەر کاری دەوڵەتێکی بێدەسەڵات و بێتوانا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە بێنە پێشێ، بێگومان نا.

لەلایەکی دیکەوە ئەم "نا"گوتنە و هەر "نا"گوتنێکی دیکە بە ڕێژیم کە لە هەناوی ئەم کۆمەڵگەیەدا بێتە دەرێ شایانی بایەخ پێدانە. چونکی کۆماری ئیسلامی لە ئەدەبییاتی سیاسیی خۆیدا بەردەوام بانگەشەی ئەوەی کردووە و هەوڵی داوە ئەو باوەڕە جێ بخا کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بریتییە لە نەمانی ئێران و لێکهەڵوەشانی سیاسی و جوغرافیایی ئەم وڵاتە. زمانحاڵەکانی ڕێژیم لە هەر بەرگێکدا بوون هەموو وزەیان لەسەر ئەوە داناوە بە بەرجەستەکردنی بەسووریایی و بەیەمەنی کردنی ئێران لە ئەگەری گۆڕانکارییە بنەڕەتییە سیاسییەکان بە ئاراستەی گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی، بڵێن ڕووخانی

کۆماری ئیسلامی ناتوانێ دەستەبەری مانەوەی ئێران و وەدیهاتنی ئازادی و دێموکراسی و سەقامگیریی سیاسیی لەم وڵاتە بێ. بەڵام دەنگی "نا"ی ئێستا بە ڕێژیم و ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی کە زۆربەی زۆری دژبەرانی ڕێژیمی لەگەڵە، تێپەڕینە لەو وەهمە.

هەروەها "نا"گوتنی ئەمجارە بە کۆماری ئیسلامی لە هەلومەرجێکدا دەگوترێ کە کۆماری ئیسلامی پتر لە هەموو کاتێک دەستەوەستانی قایلکردنی خەڵکە، چونکی نە تواناى وەڵامدانەوە بە ویستە ئابوورییەکانی خەڵکی هەیە و نە دەشیهەوێ بەرعۆدەیان بێ. خەڵک دەیانەوێ دۆخی بێکاری و گرانی چارەسەر بکرێ، یارانەکان زیاد بکرێن، مووچە و حەقدەستەکان بچنە سەرێ، نرخی کاڵا، ئاو و بەرق و گاز و کرێ خانوو دابەزن، ماڵیات و پیتاکیان لەسەر سووک بکرێ و بەمجۆرە ئاهێکیان بێتەوە بەر. بەڵام بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی نە سەرچاوەی ماڵیی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیان بەدەستەوەیە و نە لە بنەڕەتدا دەیانەوێ ئاوڕ لەو بابەتانە بدەنەوە. چونکی دەزانن لەوانەیە ئاکامی پێچەوانەی لێ وەرگرن و بەوە ئاستی چاوەڕوانییەکانی خەڵک بەرنە سەرێ.

پرسی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان و مافی کەمینە نەتەوەیی و ئاینییەکانیش کە گرێدراوی بەرژەوەندییە ئیدۆلۆژیکییەکانی ڕێژیمن هەروا لەجێی خۆیانن. چوار دەیە سەرکوت و زەبروزەنگ نەک نەیتوانیوە ئەو کێشانە لەکۆڵ دەسەڵات بکاتەوە، بەڵکوو ئەمڕۆکە دەبینین خودان ئەو پرس و داخوازانە زۆر شێلگیرتر لە پێشووش بۆ دەستەبەرکردنیان تێدەکۆشن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قۆناغی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەبێ چوارچێوەی کەمپینی تەبلیغی و سۆسیال مێدیا ببەزێنێ و بۆ هاوکاریی مەیدانی هێز و لایەنە سیاسییەکان و ڕێکخستنی جەماوەرۆ شۆڕ بێتەوە. هاوکات ئەم کەمپینە و داوای ڕووخان و نەمان و تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەبێ ببێتە ئەرکێکی گشتی بە هاوبەشی و بەشداری هەموو لایەنە سیاسی و پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگە کە قازانج لەو گۆڕانەدا دەکەن، نەک ئەوەی هێزێک یان ڕەوتێکی سیاسی بیەوێ دەستی بەسەردا بگرێ یان مۆرکی خۆی لێ بدا. بۆ ئەوەش مەرجی بنەڕەتی داننانە بە هەموو شوناس و ئەو ڕەوتە سیاسی و نەتەوەییانەی پاشخانێکی دوور و درێژی خەبات و تێکۆشانیان لە دژی ڕێژیمە ناوەندگەراکان هەیە.

بۆ هەمووان ڕوونە ئەوەی تا ئێستا بژیوی بە کۆماری ئیسلامی داوە ناکۆکیی نێوان هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە تا ئێستاش نەیانتوانیوە لەسەر لانیکەم پرس و بابەتێک گوتار و هەڵوێستێکی هاوبەشیان هەبێت. ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە سەردەمی سەرۆککۆماریی ترامپدا زۆر هەل و دەرفەتیان لەکیس دا و پێویستە بە ڕەخنەگرتن لە خۆ

ئەو قۆناغە بەجێ بێڵن. بزووتنەوەی سەراسەری و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئەگەر دیەوێ شوێندانەر و ئاکامتەوەر بێت، دەبێ ئادرەس بێت و بۆ بوون بە ئادرەسیش لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن و دەستنانە نێو دەستی یەکتری پێویستە.

ئەگەر لە نیزیکترەوە بۆ ئەو بابەتە بڕوانین، دەبینین کە کات زۆریش درەنگە. کۆماری ئیسلامی بە هەڵگیرانی مەترسیی "میکانیزمی پەلاپیتکە" لەسەری و گەیشتنی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بەو قەناعەتە کە گوشاری لانیزۆر وەڵامی پێویستی وەرنەگرتووە و بڕیاری ئازادکرانی ٧ میلیارد دۆلار لە پارە بلۆکەکراوەکانی ێران لە کۆرەی باشوور خەریکە پشوویەکی دێتەوە بەر. لێکەوتەکەشی ڕوونە و ئەویش دەستپێکردنەوە بە گەڕێکی دووردرێژی دانوستانی نێودەوڵەتی و ئارخەیانی و دەستئاوەڵایی بۆ سەرکوتی سەنگەرەکانی خۆڕاگری لە نێوخۆی وڵات. ڕەشبگیریەکەی بەفرانبار و ڕێبەندان لە کوردستان و سەرکوتە خوێناوییەکەی سەراوان و شەپۆلێکی نوێی ئێعدامی چالاکانی سیاسیی عەڕەب و بەلووچ دەکرێ لەو سیلەیەوە لێک بدرێتەوە.

زنجیرە ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی خانەنشینکراوان و هەروەها چەند ناڕەزایەتییەکی کرێکاران بە سەرنجدان بە دروشمی هاوبەش لە هەموو ئەو ناڕەزایەتییانەدا -"تنها کف خیابون، بەدست میاد حقمون"- پێمان دەڵێ ئەوەی تا ئێستا بەری بە تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان گرتووە تەنیا هەلومەرجی کۆرۆنا بووە. بۆیە کۆمەڵگەی ئێران و شەقامەکانی وڵات چاوەڕوانی زۆر دیمەن و گۆڕانکاریی نوێن کە بەڕێوەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠٢١

---

## تاکە ڕێگا ئەوەیە: پشتی خەڵکی ڕاپەڕیو بگرن

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای ساڵی نوێدا بەدوای قۆستنەوەی دوو دەرفەتدا دەگەڕێ. یەکەم ئەوە کە لە دەرەوە و لە پرسی وتووێژە نوێیە ئەتومییەکاندا بە هەڵگیرانی سزا ئابوورییەکان هەناسەیەکی بێتەوە بەر؛ دووهەم ئەوە کە لە نێوخۆی وڵات سێزدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری جۆرێک مهەندیسی بکا کە خەڵکێکی بەرچاو تێیدا بەشدار بن؛ هەتا لە ڕێگەی وێنە و دیمەنەکانی بەشداریی خەڵکەوە ئیدیعای ڕەوایيەتی خەڵکی بکا.

شەش ساڵ لەوە پێش و لە بەرجامدا ئەم دەرفەتەی ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوویدا ویڵە بە ڕێژیم درا: سزا ئابوورییەکانی لەسەر هەڵگیران، بە سەدان میلیارد دۆلار پارەی بلۆکەکراوی بۆ ئازاد کرا، کۆسپەکانی بەردەم وەبەرهێنانی بیانی لە نێوخۆی وڵاتدا هەڵگیرا، ڕێگە بۆ فازێکی نوێ لە پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی خۆش کرا و بەگشتی کۆمەڵگەی جیهانی دەروەستییەکانی خۆی لەبەرامبەر ئێراندا بەدی هێنا. بەڵام ئێران لەبری ئەوە چیی کرد؟ لە یەک ڕستەدا: ئەوەی دەبوا بیکا نەیکرد و ئەوەی نەدەبوا بیکا کردی. دەبوا دەستی لە دوژمنایەتیی ئەمریکا و ئیسرائیل هەڵگرتبا کە هەڵی نەگرت. دەبوا بەرنامەی ئەتومی و هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژی نابایە ئەولا، بەڵام وەلای نەنان. دەبوا وازی لە نانەوەی ئاژاوە و بشێوی و قەیرانخوڵقێنی لە وڵاتانی دراوسێی دوور و نیزیکیدا هێنابا کە نەیهێنا. دەبوا بە ئیمزاکردنی دوو کۆنڤانسیۆنەکەی پێوەندیدار بە سپیکردنەوەی دراو و بەگژداچوونەوەی تاوانە ڕێکخراوەکان(FATF) ، متمانەی کۆمەڵگەی جیهانی و هاوبەشە سیاسی و ئابوورییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابا، کەچی ئەوەشی نەکرد. دەبوا دراو و دۆلارە دەستکەوتووەکانی بۆ بووژاندنەوەی ئابووریی وڵات و باشترکردنی دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک خەرج کردبا، لەوەش خۆی بوارد. بەڵام پێچەوانە: بە پشتبەستن بە سەرچاوە داراییەکانی وڵات، کۆک و پۆشتەکردنی میلیشیاکانی بۆ شەڕی نیابەتیی پەرە پێدا. لە پیشەسازیی مووشەکیی ڕێگەپێنەدراوی خۆی بەردەوام بوو و ئەو مووشەکە پێشکەوتووانەی پێچەوانەی هەموو ڕێوشوێنێکی نێونەتەوەیی لە وڵاتێکی دیکەدا و لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتی تاقی کردەوە. کردەوە تێرۆریستییەکانی لە خاکی ئوورووپادا دەست پێکردەوە و ئاستی تاوان و جینایەتی گەیاندە ئەو جێیەی سیلە لە فڕۆکەی مەدەنی بگرێ و بە ڕۆژی ڕوون حاشاشی لێ بکا؛ هەتا ئەوەی بە بەڵگە قامک لە چاوی ڕۆ کرا و ناچار بوو بڵێ گرووپێکی سەرەڕۆ ئەم کەتنەی کردووە. کاتێکیش لە نێوخۆی وڵات خەڵک بۆ داواکردنی مافەکانیان و نارەزایەتی بە دۆخی هەبوو کە هەمووی دەرەنجامی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم بوو، بەرەووە گیانی ئەو خەڵکە. گرتووخانەکانی لە ئازادیخوازان ئاخنی. بە ئێعدامی چالاکان و سەپاندنی سزای زیندانی درێژخایەن بەرەورووی خەڵک



سەرچاوە
Serchawe

بووەوە. کوشتارەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ دوو نموونەی ئەو خوێنڕشتن و جینایەتانەن کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە وەڵامی داوا مەدەنی و ڕەوا و دێموکراتیکەکانی خەڵکدا کردنی.

لەو دەرفەتەدا کە بەرجام بۆ کۆماری ئیسلامی خوڵقاندی، دەبوا سامانی زۆروزەوەندی وڵات بۆ خەڵکی وڵات خەرج کرابا کە نەکرا و درا بە حەماس و حوسی و حیزبوڵلا و گرووپە جیهادییەکانی دی. دەبوا واکسەنی دژەکۆرۆنا بۆ خەڵک دابین کرابا، کەچی سەودا بە گیانی خەڵک کرا. ئێران تەنیا وڵاتی دنیایە کە واکسەن بە پارە دەداتە خەڵکی وڵاتەکەی و لە ئێستادا واکسەن لە نەخۆشخانە دەوڵەتییەکاندا بە ٦٠ میلیون تمەن بە خەڵک دەفرۆشرێ؛ لەولاش شانازیی بەوەوە دەکەن کە ئۆرانیۆمیان بە خەستی سەتا ٦٠ (بۆ ئامانجی ئاشتیخوازانە!) پیتاندووە.

ئێستا کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا لەگەڵ دوو لایەن بەرەوڕوویە: خەڵک لە نێوخۆی وڵات و کۆمەڵگەی جیهانی.

هەڵوێستی خەڵک ڕوون و ئاشکرایە، ئەویش تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی. لەخۆڕا نییە لە بارودۆخی ئێستادا، لە ڕاستی ڕاستەوە هەتا چەپی چەپ دانیان بەوە دادەنێن کە کۆمەڵگە لە دۆخی شۆڕشدایە. بەناو ڕیفۆرمخوازان لەو نێوەدا ڕایانوایە کە تاکە چارەسەری دەربازبوون لەو دۆخە هەڵبژاردنی "ئازاد"! و چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکانی وڵاتە. بەڵام ئەمە خەیاڵی خاوە. نە هەڵبژاردن لەکۆماری ئیسلامیدا ئازاد بەڕێوە دەچێ و نە خەڵک جارێکی دیکە لەو کونەوە پێیانەوە دەدرێ.

سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ، پێشێلکرانی مافە مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، ئێعدام، تێرۆری فیزیکیی ڕێبەران و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و سیاسەتی ئابووری و وەبەرهێنان کە قەیرانەکانی بێکاری و گرانیی ئێستای لێ کەوتووەتەوە، تەنیا بەشێک لەو جینایەت و کارەساتانەن کە هەم لە دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازەکان و هەم لە دەوڵەتی ئوسولگەراکاندا بەبێ جیاوازی کراون و بڕیاریان لەسەر دراوە. خەڵک ئیدی هەمووان دەزانن ڕیفۆرمخواز و ئوسولگەرا دوو ڕووی یەک دراون و شاعیر گوتەنی هەردوو دەمی تیژی یەک مقەستن. خەڵک "کۆماری درۆ"یان زۆر باش ناسیوە و چیدی متمانەی پێ ناکەن. ئەو بەڵێن و درۆیانەی لە ڕۆژانی پێش "شۆڕش"ـەوە دەرخواردی خەڵک دەدرێ و هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. لە بەخۆڕاییکردنی بەرق و ئاو و هاتوچۆوە، هەتا دابینکردنی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەمووان و، هەتا دەگاتە گرێبەستی ٢٥ ساڵەی ڕێژیم لەگەڵ چین لەم دواییانەدا کە ڕێژیم ئیدیعا دەکا لە بەرژەوەندیی ئابووریی وڵاتدایە؛ کەچی ئامادە نین نێوەرۆکەکەی ئاشکرا بکەن کە نەکا درۆکانیان ئاشکرا بن، وەک بڵێی چینییەکان

خوێی‌تر و مەحرەم‌تر بن! یان هەر ماوەیەک لەوە پێش خامنەیی گوتبووی ئامادە نابین لەگەڵ ئەمریکا بکەوینەوە وتووێژەوە و ئەمریکا هەم دەبێ سزاکانی سەر ئێران هەڵگرێ، هەم چەند هەزار میلیارد دۆلار زیان لە سۆنگەی هاتنەدەر لە بەرجام و سەپاندنەوەی گەمارۆکان بۆ ئێران ببژێرێ؛ کەچی ئێستا خوداخودایانە ئەمریکا باوەشی بەخێریان بۆ بکاتەوە و لەگەڵیان دابنیشن!

ئێستا کە ئەم ڕێژیمە هیچ ڕەواییەتێکی لە نێوخۆی وڵات و لەلایەن خەڵکەوە نییە و بەپێی فاکتەکان سەلماندنەکەشی ئاسان و بەڵگەنەویستە، دەبێ وڵاتانی خاوەن بڕیار لە گۆڕەپانی سیاسیی دنیا بۆیان دەرکەوتبێ کە ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئارامی و سەقامگیری بە خۆیەوە نابینێ هەتا ئەم ڕێژیمە لەسەر کار بێ. بۆیە حەق نییە لەگەڵی بکەونە دانوستانێکەوە کە دیسانەکەش کڵاویان بچێتە سەر. پێش بەرجام هەموو توانای ئێران پیتاندنی ئۆرانیۆم بە خەستی سەتا 20 بوو، بەڵام ئێستا ئۆرانیۆمی بە خەستیی سەروو سەتا ٦٠ هەیە و پیشەسازیی مووشەکی و چەکی کۆمەڵکوژیشی بە ڕادەیەکی بەرچاو پێش خستووە. بۆیە ئەگەر بەڵێنی ڕاگرتنی چالاکییە ئەتومییەکانیشی بدا هەر ماوەیەکە و دوای ئەوەی هەموو ئیمتیازەکانی وەرگرت و لە تەنگانە ڕەخسا، سەرلەنوێ تێ هەڵدەچێتەوە.

کۆمەڵگەی جیهانی حەق وایە دەنگی خەڵک ببیستێ و پشتی بگرێ، هەر ئەوەندە. خەڵک بۆخۆیان ئەم ڕێژیمە دەڕووخێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

## عەبدوڵلا حەسەنزادە: پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو

### دیمانە

١٧ی بانەمەڕی ئەمساڵ چل ساڵەی ڕووداوی تاڵی بۆمبارانی زیندانی "دۆڵەتوو"یە. لەم هێرشە ئاسمانییەی سوپای عێراقدا ٦ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان شەهید بوون و ٤٢ کەس لە بەندکراوانی زیندان کوژران و پتر لە ٥٠ کەسیش بریندار بوون. دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی هەر ئەوسا و لە هەموو ئەو ماوەیەشدا کە لەو ڕووداوە تێپەڕیوە، بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی بەراوەژوونیشاندانی ڕووداوەکەی داوە و گێڕانەوەکەی بە ئاقارێکیتردا بردووە.

"کوردستان" لە ٤٠ ساڵەی بۆمبارانی زیندانی "دۆڵەتوو"دا بۆ بیرهێنانەوە و خستنەوەڕووی ڕاستییەکانی پێوەندیدار بەو ڕووداوە، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە پێکهێناوە:

**عەلی بداغی**: مامۆستا دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی زۆر لەسەر زیندانی دۆڵەتوو ڕۆیشتووە، بە دروستکردنی فیلم، بە بەڵگەسازیی بە درۆ. بەڕێزتان کە بەرپرسێکی پایەبەرزی ئەوکاتی حیزبی دێموکرات کوردستان بوون چۆن باس لەم ڕووداوە مێژووییە دەکەن؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە**: ئەو ڕووداوە لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، ڕووداوێکی یەکجار زۆر دڵتەزێن بوو، هەر لەبەر ئەوە نا کە ئێمە بۆخۆمان شەش پێشمەرگەمان تێیدا شەهید بوون، لەبەر ئەوەی زیندانێک کە لە حیمایەتی ئەو حیزبەدا بوو بەناحەق و ناڕەوا کەوتە بەر هێرشێکی بێڕەحمانە و، بوو بە بەشێک لە شەڕێکی هەر لە بنەڕەتدا ناڕەوا کە لەنێوان دوو دەوڵەتدا لەئارادا بوو. لەبەر ئەوەی بووە هۆی کوژرانی خەڵکێکی زۆر لەو هەڵخەڵەتاوانە کە حیزبی دێموکرات بۆوەی ڕانەگرتبوون بیانکوژێ یان بۆ هەتا هەتایە لە بەندیخانەیان ڕابگرێ. چونکە سروشتییە کە لە شەڕدا زۆر جار دوو لایەنی شەڕ تووشی ئەو حاڵەتە دەبن کە ئەفرادی یەکتر ئەسیر و زیندانی دەکەن. بەڵام حیزبی دێموکرات ئەگەر سەیری مێژووەکەی بکەی و بەڵگەنامە و نووسراوەکانی بخوێنیتەوە دەبینی کە بە هەزاران کەسی لە هێزەکانی دوژمن گرتووە و دوایە ئازادی کردوون.

کەوایە ئەم ڕووداوە بۆ ئێمە خەسارێکی گەورە بوو کە وێمان کەوت و هەر ئەوکات لە بەیاننامەیەکدا کە وردەکارییەکانی تێدا هاتوون، ڕاشکاوانە و بە توندترین زمان مەحکوومان کرد.

**عەلی بداغی:** مامۆستا پێش ئەوەی بێمە خزمەتتان چاوێکم لەو بەیاننامەیە کرد و ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوە بوو هەر بەو زمان و دەربڕینەی سەرەخۆشی لە بنەماڵە شەهیدەکانی حیزب کراوە، هەر بەوجۆرەش هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوەکانی کۆماری ئیسلامی کراوە. مامۆستا دەزگای تەبلیغیی ڕێژیم زۆر لەسەر ئەوە دەڕوا کە زیندانی دۆڵەتوو شوێنێکی زۆر نەشیاو بۆ ڕاگرتنی بەندییەکان بووە، زیندانییەکان ئەشکەنجە کراون، تەنانەت دەگوترێ نایاسایی ئێعدام کراون. دەمەوێ بپرسم حیزبی دێموکرات چۆن زیندانەکانی بەڕێوە بردووە؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا زیندان هیچکات ئامانج نەبووە، هیچکات پێمان خۆش نەبووە زیندانمان هەبێ، بەڵام هەموو دەوڵەتێک، هەموو دەزگایەک، بتەوێ و نەتەوێ بۆ پێشگیری لە هێندێک لادان و تاوانی کۆمەڵایەتی ناچارە جێیەکی هەبێ ئەو کەسانەی خەتایان کردووە ، بۆ ماوەیەکی کەم یان زۆر تێدا ڕابگرێ. بۆ ئێمە زیندان بەو جۆرە بووە. هەمیشە ئامۆژگاریی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات بۆ پێشمەرگەکان و بۆ فەرماندەرانی پێشمەرگە ئەوە بووە کە لەگەڵ دیلەکان دەبێ ڕەفتاری موتەمەدینانەیان هەبێ. تەنانەت زۆرجار گوتراوە باشە ئەوە نییە ئەوان ئەسیری ئێمە دەکوژن! جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە کۆماری ئیسلامی ئولگووی ئێمە نییە کە ئێمە ڕەفتارەکانی ڕەچاو کەین و، عەکسی ئەوە، لە زۆر جێگادا ئەوەی ئەو دەیکا پێچەوانەکەی دەکەین بۆ ئەوەی ڕەفتارێکی ئینسانی و پێشکەوتووانە و عەسریمان هەبێ لە بەرامبەر ئەودا. هەروەها لە قەوانینی شەڕدا کە ڕاستە شەڕ بۆخۆی بێقانوونییە، بەڵام لە سەحنەی نێودەوڵەتیدا قانوونی تایبەت بە شەڕیش هەیە کە دەبێ ڕەچاو بکرێن.

لەبارەی ئەوەش کە زیندانەکە چۆن بووە، ئێمە زیندانمان لە شاخی بووە، خۆ لە شار نەبووین. پێشمەرگەکانی پارێزەری زیندان لە چ خانوویەکدا ژیاون زیندانییەکانیش لە خانووی ئاوادا ژیاون. تەنانەت نانی زیندانییەکان و پێشمەرگەکان لە یەک جێ کراوە، جا چ بە تەندوور بووبێ، چ بە سێڵ. چێشتی پێشمەرگەکان و زیندانییەکان لە یەک مەنجڵدا لێنراوە و بەسەر هەر دووکیاندا دابەش کراوە. ڕاخەر و پێخەفی پێشمەرگەکان چی بووە، هی زیندانییەکانیش هەر ئەوە بووە. بەڵام مەعلوومە وەزعییەتی ڕیفاهی زۆر باش نەبووە، جێی خەو زۆر باش نەبووە. خواردنیش هەمیشە زۆر باش نەبووە، کێشە و گرفتیش هاتۆتە پێش. دەنا ئەو حەمامەی کە زیندانییەکان خۆیان لێ شووشتووە هەر ئەوە بووە کە پێشمەرگەکان خۆیان لێ شتووە. لەو بارەیەوە ئێمە زۆر بە سەربەرزییەوە توانیومانە زیندان و زیندانەکانمان بە خەڵکی دونیا پیشان بدەین. ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێری ڕۆژنامەکان هاتوون و ئەو دیمەنەیان دیوە کە دیمەنێکی ئینسانییە. مەسەلەن ڕەنگە ئەوە



سەرچاوە
Serchawe

سەرنجراکێش بێ کە هەم لە ڕووی ئەمنیەتی و هەم لە ڕووی هێزی کارەوە بەشێکی زۆر لە کار و ئەرکەکانی زیندان بە زیندانییەکان سپێردراون. یانی بۆ ئەوەی زیندانییەکان لە بێکاری سەریان لێ ئەستوور نەبێ، بەشێکی زۆری ئەو کارانە بۆخۆیان دەیانکرد. تەنانەت نان لە زۆربەی کاتەکاندا زیندانییەکان دەیانکرد.

**عەلی بداغی:** دیارە ئەو کارانە لە دەزگای تەبلیغیی ڕێژیمدا بە بێگاری ناویان هاتووە.

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** بەڵێ بە بێگار ناویان بردوون. بەڵام ئەو کارانە بۆ ئەوە بوون ئەوان وەختی پێوە خەرج بکەن. پاشان لە باری ئەمنییەتییەوە خاترجەمیی خۆیان هەبوو، ئێمەش خاترجەم بووین کە هیچیان لێ ناکرێ و لە هەمووی گرینگتر ئەو چێشتەی کە ئەمن دەیخۆم زیندانی بۆم لێدەنێ، نەک ئەوەی کە زیندانی دەیخوا ئەمن بۆی لێنێم و خراپی لێبنێم. هەموو ئیمکاناتەکە لە بەردەستی ئەواندایە. چێشتەکە لە یەک مەنجەڵدا کوڵیوە، بەرپرسانی زیندان و پارێزەری زیندان و خودی زیندانییەکان هەموو لەوە دەخۆن. چەندی مومکینە دەتوانین بڵێین ڕەفتارەکان ئینسانی و شارستانیانە بوون.

**عەلی بداغی:** سیستەمی دادڕەسی و بەدواداچوونی قەزایی چۆن بووە. مەسەلەن دەڵێن هەر پێشمەرگە یان بەرپرسێک هاتووە حوکمێکی داوە، تەنانەت حوکمی ئێعدام؟

**عەبدوڵلا حەسەنزادە:** لە بنەڕەتدا وا نەبووە کە هیچ پێشمەرگە یان بەرپرسێک حوکمی زیندانی بدا. ئێمە ئیدیعا ناکەین کە سیستەمێکی دادوەریی ڕێکوپێک و بێنەقسمان هەبووە. نەخێر، ئێمە دەوڵەت نەبووین، ئێمە پارتیزان بووین. بەڵام لێپرسینەوە هەبووە، لێکۆڵینەوە هەبووە بێئەوەی ئەشکەنجەی دەگەڵ بێ. دوایەش پەروەندەیان بۆ دەکرایەوە. ئەو کەسانەی کاری قەزاییان کردووە بەشێکیان هەر قازییش بوون، یانی قانوونیان خوێندبوو، بەشێکی دیکەشیان ئەزموونی کاری لەو چەشنەیان هەبووە. لەبارەی حوکم و بڕیارەکانیشەوە، پێموانییە هیچ زیندانییەک لای ئێمە هەموو ماوەی زیندانەکەشی کێشابێ. مەسەلەن ئەگەر حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی دراوەتێ، دەبینین پاش دوو ساڵ یان سی ساڵان ئازاد کراوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا بێینە سەر ئەسڵی بابەتەکەمان کە باس لە بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتووە. دۆڵەتوو بۆ بۆمباران کرا؟ ئایا نیزیکایەتیی بەشێک لە حیزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە مەقەڕەکانی حیزبی دیموکرات هۆکار بوو؟ یان هۆکاری دیکەی هەبوو.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەمن بە هیچ جۆرێک وای بۆ ناچم کە هۆکارەکە هەر ئەوە بووبێ. چونکی جاری وا هەبووە لەوانیان داوە و دەکرا لە زیندان نەدەن، لەحاڵێکدا لە زیندانیان دا و لەوانیان نەدا. بەڵام بتەوێ و نەتەوێ دەورانی شەڕ بوو و شەڕیش لە نێوان دوو دەوڵەتدا بوو کە هیچیان ئەرزەشیان بۆ قانوونی نێونەتەوەیی دانەدەنا. ئامانجەکە ئەوە بوو کە چەندی بکرێ پتر زەربە لە لایەنی بەرامبەر بدەن و زیاتری لێ بکوژن. باشە ئەوە دامان نا کە زیندانی دۆڵەتوو هێزەکانی ڕێژیمی تێدا بووە، ئەدی سەردەشت چی کە بۆمبارانی شیمیایی کرا. بانە و مەهاباد و ناوچەکانی دیکەی کوردستان چی کە بۆمباران کران، زەردەی دالاهۆ چی کە بە بۆمبی شیمیایی لێی درا. باسەکە ئەوەیە کە دوو لایەنی شەڕ دەیانەوێ زەبر لە یەکتری بدەن. لە عەینی حاڵدا ڕەنگە پێت سەیر بێ کە دەڵێم دەوڵەتی عێراق، -نایشارمەوە و شاراوەش نەبوو کە ئێمە پێوەندییمان لەگەڵی هەبوو؛ بەڵام -هێندەش چارەی ئێمەی نەدەویست. هیچ بۆی موهیم نەبوو زیندانیی ئێمە، یان پێشمەرگەی ئێمە دەکوژرێ. هەربۆیەش ئەوکات ئەو کردەوەیە، یانی ئەو بۆمبارانەمان بە شێوەیەکی زۆر توند و بە کەلیماتی زۆر توند مەحکووم کرد.

**عەلی بداغی:** بە هێنانی وشەی فاشیست لە بەیاننامەکەدا؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ بە عەمەلیاتێکی فاشیستیمان ناو برد. شتێکی لەوە سەیرترت پێ بڵێم، ئێستا دەقیقەن لەبیرم نییە، بەڵام ئەمریکای موتەمەدین لە ئەفغانستان، زیندانێکی بۆمباران کرد کە دەشیزانی زیندانە و ٨٠٠ کەسی تێدا کوژرا. ئەوە ئیدی شەڕە و شەڕ بۆخۆی خراپە، بێ مانایە و شتی بێ مانای دیکەشی تێدا دەقەومێ. بەڵام ئەوەندەی کە پێوەندیی بە ئێران و عێراقەوە هەیە ، ئەوان هەر دووکیان چیان بۆ کرابێ، لەدژی یەکتری کردوویانە. مەسەلەن ئێران چەندی ئیفتیخار بەوە دەکرد کە مووشەکەکانی لە بەغدا دەدا، بەڵام لە بەغدا لە کۆیی دەدان! یەک مووشەکیش لە کۆشکی کۆماری نەکەوت. یەک مووشەکیش لە بنکە نیزامییەکان نەدرا، وە خەڵکی دەکەوت. عێراقیش کە لە ئێرانی دەدا هەر وە خەڵکی دەکەوت.

**عەلی بداغی:** مامۆستا دەمەوێ باسی ئەو گومانی پیلانە بکەم کە ٤٠ ساڵە ڕێژیم لەسەری دەڕوا. ئەوە کە ئەو عەمەلیاتە بە چاوساغیی حیزبی دێموکرات کراوە و لە کاتی بۆمبارانەکەدا بەرپرسانی زیندان و پێشمەرگەکان شوێنەکەیان چۆڵ کردووە، یان تەنانەت دوای بۆمبارانەکە کۆمەڵێک زیندانی کە ویستوویانە ڕابکەن، کەوکوژی کوشتوویانن؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** سەرتاسەری ئەوانە قسەی بێبنەما و تۆمەت و بوختانن کە هەر لە کۆماری ئیسلامی دەوەشێنەوە. هەر ئەوە کە ئێمە شەش پێشمەرگەمان شانبەشانی زیندانییەکان شەهید بوون بۆخۆی دەلیلێکە. لە پاشان ئەو

زیندانییانەش کە ئیجازە بدەن بڵێم ئەوانیش شەهید بوون، جەنازەکانیان بە قەدر و حورمەتەوە لە زیندانی دۆڵەتوو ڕا گواسترانەوە بۆ سەر جادەی پیرانشار_سەردەشت و لەوێ تەسلیمی ئەو نوێنەرانە کراون کە دەوڵەت لە سەردەشتەوە ناردبوونی وەریانگرن. پاشان بە فەرزی مەحاڵ حیزبی دێموکرات ویستبێتی زیندانییەکان بکوژێ، ئەوە بۆمبارانی بۆ چییە بۆخۆی دەیکوشتن و تەواو.بەڵام خۆ ئەوان کاریان بەوە نییە شت هەیە یان نییە، ئەوان لە ماڵی خۆیاندا دادەنیشن و قسە ساز دەکەن. بۆ نموونە وەبیرم دێ، ئەو وەختەی مەهاباد گیرا، ساڵی ١٣٥٨ کە ئێمە بەجێمان هێشت، کۆماری ئیسلامی تەبلیغاتی ئەوەی دەکرد کە دەبێ ئێمە پلاکاردی بەخێرهێنانی ئەرتەشی ئیسرائیلمان ئامادە کردبێ. قسەیە و ئەو دەیکا! ڕەنگبێ خەڵکی ساویلکەش هەبێ باوەڕیان پێ بکا کە هیوادارم نەبێ. بەڵام چونکی ئەوانە ئەوەندە وەستان لە تۆمەت و ئیفترا و بوختان و درۆهەڵبەستن، ڕەنگە یەکێک هەر باوەڕیان پێ بکا. ئەرێ باشە کەس نییە بپرسێ بڵێ ئەو ئەرتەشی ئیسرائیلە بە کوێدا دەهات! بەسەر چەند وڵاتی عەرەبیدا دەهات بە مەخفی تا لە مەهاباد حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەی کورد پێشوازیی لێ بکەن. یانی ئەو شتانەی ئەوان دەیانڵێن هەر لایەقی خۆیانە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا بەشێک لەو بوختانانە رووی لەو ڕۆژنامەنووسانەیە کە هاتوون و رووماڵی ڕووداوەکانی ئەوکاتی کوردستان و خەباتی پێشمەرگانەیان کردووە و ڕێژیم بە سیخوڕیان ناو دەبا. دەڵێ ئەوان هاتوون و لە زیندان وێنەیان گرتووە و ئەو وێنانە دراونەتەوە ڕێژیمی بەعس؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دەزانی چۆنە، هەر من بۆخۆم بەبێ ئەوان دەڵێم پێموایە ڕۆژنامەنووسانیش، ئەو ڕێکخراوە خێرخوازییانە کە دێن، ڕێکخراوە تەندروستی و پزشکییەکانیش کە دێن، خەڵکی وڵاتی خۆیانن، دڵسۆزی وڵاتی خۆیانن و وڵاتی خۆیان خۆش دەوێ. ڕەنگە زانیارییەکیش بە نەفعی وڵاتی خۆیان کۆ بکەنەوە. بەڵام هەموو ئەوانە، لە دنیایەدا وا ناسراون کە بێ‌خەتان. یانی کابرا تابلۆیەک لە پشت یان لە سینگی دەدا کە لێ نووسراوە پرێس و ڕۆژنامەنووسە. ئیدی ئەگەر شەڕەکە موتەمەدینانە بێ، وەنێو شەڕەکە دەکەوێ و هیچکەس حەقی نییە تەقەی لێ بکا. لەبەر ئەوەی ئەوانە ئەمینن و هاتوون ڕووداوەکان وەکوو ئەوەی هەیە تۆمار بکەن و بیدەن بە ئەفکاری عموومی. بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسە فەڕانسەوییەکان هەروەها پزیشکە فەڕانسەوییەکانیش، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ میللەتی کورددا دەتوانین بڵێین، ئینسانی شەریف بوون و لە نییەتی خزمەت بەولاوە هیچ نییەتێکی دیکەیان نەبووە. جا ڕەنگە وەختێک ڕۆژنامەنووسێک کە لایەنگری میللەتی کوردە، حەتمەن موخالیفی ئەو کوشت و کوشتارەش بێ کە کۆماری ئیسلامی لە میللەتی کوردی دەکا، دەوڵەتی عێراق یان دەوڵەتی تورکیە دەیکا. بەڵام بێ‌تەرەفیی موتڵەقیان پاراستووە. بۆیە بە هیچ جۆر بوختانێکی وا بەوانەوە ناچەسپێ.

تەنانەت لە ئاماری کوژراوەکانیشدا ئاماری جۆراوجۆر بڵاو دەکەنەوە و باس لەوە دەکەن کە ژمارەی کوژراوەکان ١٨٠ کەس بووە.

زیندانی دۆڵەتوو لەو وەختیدا ١٨٠ کەسی لێ نەبوو هەتا ١٨٠ کەسی لێ بکوژرێ. بۆیە بەتەواوی ڕەتی دەکەمەوە، بەڵام ئەوەندی ئەمن بزانم و ئەوەندی ئێمە ئاگادارین لە بریندارەکانیش کەسیان نەمرد. هێندێک کە برینەکانیان سەخت بوون تەحویل دەرانەوە و ئەوانەش کە برینەکانیان سووک بوون لە لای خۆمان مانەوە و ئەوانیش کەسیان لێ نەمرد کە بڵێین ئاماری کوژراوەکان دوایە زیادی کردبێ.

**عەلی بداغی:** مامۆستا هەر لە درێژەی ئەو چەواشەکارییانە ماوەیەک لەوە پێش لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامیدا خەلەبانێکی ئەرتەش بانگ کرابوو، باسی ئەوەی دەکرد گۆشتی خەلەبانەکان لای کوردەکان قیمەتێکی زۆری کردووە و کیلۆی بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن مەزەندە کراوە. وا بزانم حیزب خەلەبانێکی بە بریندار گرتبوو، بەسەرهاتی ئەو چیی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** مەسەلەکە ئەوەیە ئەو خەلەبانی هێلیکۆپتری کوبڕایە کە ئێمە کوردەکان گۆشتەکەی کیلۆی بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکرین وا دیارە نازانن ٥٠٠ میلیون تمەنی ئەوکات چەندە بووە. یەک میلیۆن تمەنی ئەو وەختی دەیکردە دەوری ٢٠هەزار دۆلار، واتە ٥٠٠ میلیۆن دەیکردە ١٠میلیۆن دۆلار، قسەیەک کە دەبێ هەر ئەوان بیکەن و هەر لە خۆیان جوانە.

**عەلی بداغی:** ئەدی مامۆستا بەسەرهاتی ئەو خەلەبانە چی بوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** جارێ باسی خەلەبانەکە ناکەم باسی خەلەبانی هێلیکۆپتێرەکە دەکەم. باشە ئەو هیلیکۆپتێرە کە ئێمە بەرمان داوەتەوە و جەنازەی خەلەبانەکەی لەبەر دەستی ئێمەدا بووە، بۆ بە پووڵ گۆشتەکەیمان دەکڕی. ئەوە نییە کەلاکەکەی لە بەردەستی خۆماندایە، لە کێی دەکڕین؟ ئەگەر لەبەر دەستی ئەواندایە، یانی ئەوان گۆشتی کەلاکی کوژراوەکانی خۆیان بە پووڵ دەفرۆشت؟ ئەو پرسیارە لە خۆیان ناکەن، یانی بۆ ئەو کەسانەی کە ساویلکەن و باوەڕیان پێ دەکەن ئەوەندە کار لەسەر مێشکیان دەکەن کە مەجالی بیرکردنەوەیان بۆ نەمێنێ. ئەوە لە کام بازاڕدا بوو، لە کام قەسابخانە بوو کە گۆشتی خەلەبان دەفرۆشرا. لە پاشان من ڕوداوێکت بۆ بگێڕمەوە.

ئەمن بۆخۆم چاوم لێ بوو دوو تەیارە لە ئاسمانی ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباد دەرکەوتن. بە چاو دەمدین، بەڵام نەمدەزانی کامیان ئی کام وڵاتن. یەکێکیان مووشەکێکی هاویشت کە وە ئەوی دیکە کەوت. یانی هەموویم دیت. بەڵام

ناوچەکە شاخاوییە و بە کەمتر لە ٥ سانیە یان ١٠ سانیە هەر دووکیان ون بوون. دوایە دەرکەوت لە دەوروبەری چوار پێنج کیلۆمیتر ئەولاتر ئەو تەیارەیەی لێی دراوە بەر بۆتەوە و تەیارەی ئێرانیش بووە. ئەو تەیارەیە بەر بۆوە و خەلەبانەکەی بە بریندارى کەوتە دەستی پێشمەرگە. دەوڵەتی عێراقیش بەمەی زانی. هەرچی لە تواناىدا بوو هەوڵ و تەقەلاى دا بۆ ئەوەی ئێمە ئەو زیندانییەی ڕادەست بکەین، حیزبی دێموکرات نەچووە ژێر بار. حیزب گوتی ئەوە خەلەبانی ئێرانییە و لە خاکی ئێران و لە ناوچەی ئێمەدا کەوتۆتە ژێردەستی ئێمە و، ئێمەش خەڵکی ئێرانین و دەیدەینەوە بە دەوڵەتی ئێران. ئەوەندی کرا دەرمان کرا و دوایە بە حورمەتەوە تەسلیمیان کرایەوە. باشە وەختێکی گۆشتی خەلەبانی هێلیکۆپتەر بە ٥٠٠ میلیۆن تمەن دەکڕین، خەلەبانی فانتۆم بۆ بەخۆڕایی دەدەین بەوان؟[پێکەنین] ئارەزوو دەکەم بەردەنگەکانی ئەوان پتر بیر بکەنەوە.

داستانێکی دیکەت بۆ بگێڕمەوە؛ کابرایەکیان بە ئەسیر گرتبوو لە ناوچەی سەردەشت. لێی دەپرسن بۆ هاتوویە ئێرە؟ دەڵێ: "هاتووم بۆ شەڕ". بۆ شەڕی کێ؟ دەڵێ بۆ شەڕ دژی کافرەکان. باشە کافر کێن؟ دەڵێ: "ئێوە". پاشان لێی دەپرسن باشە ئەتۆ پێشتر هاتوویە کوردستان؟ دەڵێ: "بەڵێ ئەمن لەوەپێش لەو سەردەشتەی خزمەتم کردووە و ژاندارم بووم". لێی دەپرسن باشە لە سەردەشت گوێت لە بانگ نەدەبوو؟ وەکوو لە خەو ڕاچەنێ دەڵێ با. دەڵێن مزگەوتی لێ نەبوو؟ وەکوو ئەوە لە خەو هەستابێ دەڵێ بەرێوەڵلا مزگەوتیشی لێ بوون. باشە نوێژیان نەدەکرد، ڕۆژوویان نەدەگرت؟ دەڵێ با. چی و چی، دەڵێن ئەی بۆ ئیدی بە کافریان دادەنێی. کابرای ئەسیر دەڵێ: "ئەمن ئێستا هیچ قسەم نەماوە و ئەوەی ئێوە دەیڵێن هەمووی ڕاستە. بەڵام بریا ئێوەش تەنیا چەند ڕۆژ لەبەر دەستی ئاخونددا بوایەن و قسەی بۆ کردبان، داخوا ئێوەش دەتانگوت میللەتی کورد کافرە یان نا."

**عەلی بداغی: مامۆستا بێینە سەر کاردانەوەکانی حیزبی دێموکرات بە بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو، دیارە جەنابت بە کورتی باست لە بەیاننامەکە کرد؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەیاننامەکەمان وەکوو عەرزم کردی و بۆخۆشت خوێندووتەتەوە، بەیاننامەیەکی توند بوو. بەسەرهاتێکیش هەیە وابزانم جارێکی دیکەش هەر لە وتووێژێکی دیکە لەگەڵ خۆت باسم کردووە. لەبیرمە ماوەیەک پاش بەیاننامەکە بوو، دوکتور قاسملوو سەفەری دەرەوەی دەکرد و بە بەغدادا دەڕۆیشت. ئەمنیش لەگەڵی بووم هەتا بەغدا، لەوێ بەڕێم کرد و جا گەڕامەوە. لە کەرکووک لامان دا. لە مەرکەزێکی کە وابەستە بە موخابەراتی عێراق بوو. ئەوان بەشێکیان هەبوو تایبەت بە کاروباری ئێرانییەکان. شەهید دوکتور قاسملوو پێشتر چووبوو، بەڵام من نەچووبووم. لەو وەختەدا ئەمن بەرپرسی تەبلیغاتی حیزب بووم. کە چووینە ژوورێ بەخێرهاتنیان کردین دوکتور گوتی ئەوەش وەزیری

ئیعلام (تەبلیغات)ـی ئێمەیە. هێشتا دانەنیشتبووین، مەسئوولەکە گوتی یانی بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەوە نووسیویەتی! ئەمنیش بێ ڕاوەستان گوتم یانی عەمەلیاتی دۆڵەتوو جەنابت دەستوورت دابوو!؟ ئەوەمان گوت و دانیشتین. چایان هێنا. دوکتور قاسملوو هەڵیدایە گوتی: "بەیاننامەی دۆڵەتوو ئەمن نووسیومە، [ئێستا نازانم ئەو نووسیبووی یان نا، بەڵام ئەمن نەمنووسیبوو] ئەتۆ حەق بە خۆت دەدی زیندانم بۆمباران بکەی، زیندانیم بکوژی، پێشمەرگەم لێ شەهید بکەی، بەڵام حەق بە من نادەی مەحکوومی بکەم! حیزبی دێموکرات پێوەندیی ئاوا نازانێ.

کابرا بە ڕاستی کەوتە پتە پت و زۆر بە تەنگاوی عوزری هێنایەوە و گوتی قسەیەک بوو کردمان. ڕووداوەکەش هەڵەیەک بوو کرا، دەنا ئێمە چۆن زیندانی ئێوە بۆمباران دەکەین، هەڵەی خەلەبان بووە و لەو قسانە و پاساوی بۆ هێنایەوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا هەموو هەوڵی ڕێژیم ئەوەیە کە بڵێ حیزبی دێموکرات گوێلەمستی حیزبی بەعس بووە و، لەو بەستراوەییەدا هیچ سنوورێکی نەپاراستووە. پێم خۆشە لێرەوە بچینە نێو پێوەندییەکانی حیزب دێموکرات و حیزبی بەعسەوە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** پێمەوابێ جارێکی دیکەش ئیشارەم پێ کردووە، پاش ڕووخانی دەوڵەتی عێراق [دەوڵەتی پێشوو] ساڵێک دوو ساڵ دواتر لێرە دوکتور مەحموود عوسمانمان میوان بوو. لە کۆبوونەوەیەکدا قسەی بۆ خەڵک کرد. شاهیدییەکی زۆر جوانی دا. باسی ئەوەی کرد کە پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق پێوەندییەکی سەربەرزانەیە، ئەو هەموو مەدرەکە، بە سەدان تۆن ئەوراقی دەوڵەتی وەدەست هێزەکانی دژی بەعس کەوت لاپەڕەیەکی تێدا نەبوو کە نیشانەی ئەوە بێ حیزبی دێموکرات خزمەتی دەوڵەتی عێراقی کردبێ. عەکسی ئەوەش شتی موسبەتی تێدا بووە.

**عەلی بداغی:** باشە مامۆستا دەوڵەتی بەعس داواکاریی لەوچەشنەی لە حیزبی دێموکرات نەبووە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەڵێ بوویەتی، بەڵام وەڵامی نەدراوەتەوە. ئەمن لەبیرمە و بۆخۆم شایەت بووم کە دەوڵەتی عێراق داوایان لە ئێمە کرد کەسێکی دژی ئەوان تێرۆر بکەین، جوابی حیزبی دێموکرات ئەوە بووە کە ئێمە تێرۆر بۆخۆمان ناکەین چۆن بۆ ئێوەی دەکەین.

بەڵام ئەوکاتە نێوان ئێران و عێراق شەڕ بوو، بێگومان هەم عێراق دژی ئێران شەڕی دەکرد و هەم ئێران شەڕی بەسەر کورددا سەپاندبوو. ڕەنگە ئامانجی هاوبەشیش هەبووبێ بۆ زەربەلێدانی دوژمنی هاوبەش.



سەرچاوە Serchawe

بەهەرحاڵ بتەوێ و نەتەوێ کاتێک دوو هێز بەرامبەر بە هێزێکی دیکە شەڕ دەکەن لە باری گشتییەوە لە یەک سەنگەردان. چوونکی هەردووکیان بەرابەر بە هێزێک شەڕ دەکەن، کەواتە دەتوانین بڵێین ئێمە و دەوڵەتی عێراق بەو مانایە لە یەک سەنگەردا بووین بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی. هەردووکمان لە دژی ئەو شەڕمان دەکرد. بەڵام ئەوە هەم بە عەمەل و هەم بە قسە بەوان گوتراوە کە شەڕی ئێمە دژی دەوڵەتی ئێران هەم لە باری سروشتەوە و هەم لە باری ئامانجەوە فەرقی هەیە لەگەڵ شەڕی دەوڵەتی عێراقێ دژی دەوڵەتی ئێران. ئەوەی ئێمە شەڕی پارتیزانییە لەباری تیکنیکییەوە و هی ئێوە شەڕێکی جەبهەیی بە تانک و تۆپ و فرۆکە و کاتیوشا و ئەوانە. لە باری ئامانجیشەوە ئێمە دەمانەوێ ئەو دەوڵەتە ناچار بکەین دان بە حقووقی ئێمە دابنێ لە چوارچێوی وڵاتەکەماندا، لە حاڵێکدا ئێوە دەتانەوێ بە قەولی فارس "کشور گشایی" بکەن. ئەوەتا ناوچەیەکی زۆری خوزستانتان داگیر کردووە و پێتان بکرێ پتریش داگیر دەکەن. کەوابێ شەڕی ئێمە بە جودایە و شەڕی ئێوەش بە جودا. تەنانەت جارێکی داوایان کرد پێشمەرگەی ئێمە بچێ لەگەڵ هێزەکانی ئەوان لە ناوچەی ئالانی سەردەشت عەمەلیاتێکی هاوبەش لەسەرهێندێک پایەگای ڕێژیم بکەن. ئێمە جوابمان دانەوە و گوتمان پێشمەرگەی ئێمە ئەگەر شەو داهات هەر هێزێکی چەکدار ببینێ، دەنگی دەدا و ئەگەر ناوی شەوی پێ نەبوو لێی دەدا. کەوابێ ئەگەر ئێوەش بێن پێشمەرگەی ئێمە لێتان دەدا. نەک عەمەلیاتی هاوبەشتان لەگەڵ ناکەین لێشتان دەدەین.

**عەلی بداغی:** کەواتە نەبووە کە مەسەلەن هێزێکی عێراقی بە هاوکاریی ئێمە هاتبێتە کوردستان بۆ شناسایی، یان بۆ زەربە لێدان لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** بەهیچ جۆرێک هیچ هاوکارییەکی عەمەلەیاتی لە نێوان پێشمەرگە و ئەواندا نەبووە، دیارە ئەوان لە کوردستانیش عەمەلیات و تەنانەت جینایەتیشیان کردووە، هەم دەوڵەتی عێراق لە ئێران و دەوڵەتی ئێران لە عێراق. ئەوە شتێکی دیکەیە. بەڵام وەکوو بڵێین ئێمە پێکەوە عەمەلیاتی هاوبەشمان کردبێ، قەت نەبووە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا بۆ وەبیرهێنانەوە خراپ نییە باس لەوە بکەین کە لەو هەلۆیستە مێژووییانەدا تەنانەت حیزب بەیاننامەی ڕەسمیی هەیە ڕوو بە حکوومەتی مەرکەزی، کە ئەگەر حکوومەتی مەرکەزی مل بۆ داخوازەکانی کورد ڕاکێشێ ئێمە ئامادەین کە پێشمەرگەکانمان لەگەڵ هێزەکانی حکوومەتی تاران لە دژی حکوومەتی عێراق بچنە بەرەی شەڕەوە؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەوە ئەو وەختە بوو کە شەڕەکە هەڵایسا و حیزبی دێموکرات بەیاننامەیەکی دەرکرد و ڕایگەیاند کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە قسەدا ئیعلان بکا کە ئێمە مافی خودموختاری بۆ میللەتی کورد بە ڕەسمی دەناسین، ئێمە هەموو هێزەکانمان لە جەبهەی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی ئێران دەگێڕینەوە و شان بە شانی ئەوان لەدژی هێزەکانی عێراق

دەکەوینە شەڕ. بەڵام لە جیاتیی ئەوەی ئەوە قەبووڵ بکەن ئەوەندی بۆیان کرا هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان بەرینتر کردەوە.

**عەلی بداغی:** **ماموستا نووکە ڕەبی تەوبلیغاتە ژاراوییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر دوکتور قاسملوویە. بەڵام جەنابت پێشتر باسی ئەوەت کردبوو کە ڕێژیمی بەعس زۆر پیس لە دوکتور قاسملوو وەڕەز و بێزار بوو؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** زۆر تەبیعی بوو، چونکی دوکتور قاسملوو شەخسییەتێکی نێونەتەوەیی بوو و خەڵک قسەی لێ دەبیست. ئەو دواییانە لە ئەدەبیات و لە ئەسناد و با بڵێین فایلەکانی وڵاتانی خاریجیدا زۆر شت دەرکەوتن کە دوکتور قاسملوو ئەو وەختی لە دژی دەوڵەتی عێراق کردوونی و دەوڵەتی عێراق بەوانەی دەزانی. ڕەنگە جارێکی دیکە ئەوەشم باس کردبێ وختێکی کە خەبەری تێرۆری دوکتور قاسملوو هات ئەمن یەکسەر گوتم کاری عێراقە. شەهید دوکتور سەعید گوتی: "شتێک هەیە ئەتۆ ئاگات لێی نییە". گوتم چی. گوتی: "دانوستانێک هەبووە لە نێوان ئێمە و کۆماری ئیسلامیدا". گوتم جا ئەوجار مەعلوومە، چونکی ئەوان نەهاتوون دانوستان بکەن و هاتوون دوکتور قاسملوو تێرۆر بکەن. یانی بەو ئەندازەیە شکم لە حکوومەتی بەعس بوو. دیارە دوکتور قاسملوو بۆ خۆی کەسایەتییەکی گەورە و دیپلۆماتێکی پایەبەرز بوو، لە عەینی حاڵدا مەسئوول و ڕێبەری حیزبێکی گەورەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بوو کە شەڕی لە دژی دوژمنەکەی ئەوان دەکرد. کەوابێ هەم لەگەڵ حیزبەکەی مودارایان دەکرد و هەم لەگەڵ دوکتور قاسملوو. دیارە ئەگەرچی زۆر بەحورمەتەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد، بەڵام ڕوونە کە چۆن لە دوکتور قاسملوویان دەڕوانی.

**عەلی بداغی:** **لەبەر ئەوە کە دوکتور قاسملوو بە قسەی نەدەکردن و بە دڵی نەدەکردن؟**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەی خۆ لە جێیەکی دیکە لە قسە بۆ ڕادیۆدا باسم کردووە، وتووێژێک هەبوو لەبیریشم نەمابوو بەڵام ئەو ماوەیە کاک محەممەدڕەزا ئەسکەندری داینابوو، لە بارەی مەرگی هێمنی شاعیرەوە. دوکتور قاسملوو زۆر جار کە دادەنیشتین دەیگوت ئەوانە [بەعس] فاشیستن. جا ماموستا هێمنی ڕەحمەتی جارێکی سناریۆیەکی دروست کردبوو بە شۆخی لەسەر سوڵحی ئێران و عێراق [دوای ڕێککەوتنی ١٩٧٥ی ئەلجەزایر] کە ئێمە گیراوین و هەمووومان ئێعدام دەکەن و بردوویانین و ڕیزیان کردووین بۆ ئێعدام. هەرکەس لەو وەختەدا قسەیەک دەکا یان عەمەلێک دەکا. قسەکەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە دەیگوت ها برادەران پێم نەگوتن ئەوانە فاشیستن. جا شتی ناخۆش وەبیر پیاو دێتەوە. هەر ئەو ماموستا هێمنەی کە ئەو سیناریۆیەی ساز کردبوو و باوەڕی پێی هەبوو، کەچی وەختی خۆی کە جەماعەتی حەوت کەسی پەیدا بوون ئەویش دوکتور قاسملووی بە بەعسی ناو برد، بەداخەوە.

**عەلی بداغی:** مامۆستا لە بارەی دوکتور قاسملووە ماوەیەک لەوە پێش بەڵگەنامەیەک بڵاو بۆوە کە دوکتور قاسملوو نامەیەکی بۆ سەدام حوسێن نووسیوە و لەوێدا مام جەلال تاڵەبانی بە "برای بەڕێزم" ناو دەبا، یانی لەو نامەیەدا کە دەکرا کەسیش قەت پێی نەزانێ ڕوو بە سەرکۆمار و دیکتاتۆڕێکی وەک سەدام یەکێک لە دژبەرە هەرە سەرسەختەکانی ئەو بە برای خۆی ناو دەبا کە ئەوە دەگمەن و هەر لە کەسێکی وەک د. قاسملوو دەوەشێتەوە. هەر ئەوە بەشێک نەبوو لەو ڕق و قینەی بەعس لە د. قاسملووی هەبوو؟

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئەو ئازادمەنیشییەی حیزبی دێموکرات کە دەتوانین بڵێین بەشێکی بۆ دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە، چونکی ئەو ڕێبەر و ئولگوو بوو بۆ هەموومان، زۆری دڵی دەوڵەتی عێراق دەئێشاند. مەسەلەن دانوستانی ساڵی ١٩٨٣ کە لە نێوان دەوڵەتی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانی پەیدا بوو، لە ڕێگای حیزبی دێموکراتەوە بوو. هەوەڵین ئەڵقەی ئەمن لەوێ بووم لەگەڵ دوکتور قاسملوو. براکەی سەدام، بەرزان تکریتی کە ئێعدام کرا، خوا هەڵناگرێ زۆر بە ئەدەبەوە ڕوو بە د. قاسملوو گوتی: دوکتور ئەگەر ئێمە پەیامێکمان هەبێ بۆ کاکە جەلال، ئێوە لەو سنوورانە هیچ ئیمکانتان هەیە پێی بگەیەنن؟ دوکتور گوتی: ئەو قسەیە یانی چی؟ ئێمە ئەگەر هاتووین شەوێ میوانی مام جەلال بووین. بەڵێ ڕوونە کە پێی دەگەیەنین. یانی هیچکات ئێمە ئەوەمان نەدەشاردەوە. تەنانەت بێ ئەدەبییە ئەوەی دەگێڕمەوە. جارێکی لەسەر هێندێک لە کێشەکانمان کە لە قەندیلی هاتبووە پێشێ، لەگەڵ بەرپرسانی بەعس لە سلێمانی دانیشتبووین. مەرحووم کاک غەفوور هەمزەیی مەسئوولی پێوەندییەکانمان بوو. چووبووین لەگەڵ قائید فەیلەقی ئەوێ و نوێنەرێک کە لە بەغداڕا هاتبوو دانیشتبووین. هەروا کە قسەمان دەکرد ئەمن گوتم ئێمە خێری وانمان دەوێ، یانی کوردی عێراق. چونکی داوایان لێ دەکردین ئێمە لە قەندیل ڕێگە نەدەین ئەوان بەوێ‌دا بێن و بچن. گوتم شتی وا چۆن دەبێ، ئەگەر ئەوە مافێک بێ مافەکە بەوانە هەتا ئێمە. ڕەنگە حەق بەوان بێ بە ئێمە بڵێن لێرە مەبن، چونکی ئێرە خاکی ئەوانە، نەک ئێمە داوایەکی ئاوامان لەوان هەبێ.

دوایە کە هاتین بچینە ڕانیە و لەوێ شتەکان تەتبیق بدەین، کاک غەفوور هەمزەیی گوتی: ئەرێ ئەتۆ دەزانی دەڵێی چی، ئاگات لە زمانی خۆت هەیە؟ گوتم ئا خۆ دەزانی ئەمن مەشرووب ناخۆمەوە و مەست نەبووم. بەڵێ، زۆر چاک دەزانم دەڵێم چی. با ئەوان بزانن کە ئێمە دوژمنی کوردی عێراق نیین، بەڵکوو خێری وانمان دەوێ.

**عەلی بداغی:** مامۆستا وەکوو دوا پرسیار هەربێینەوە سەر باسی زیندانەکەی دۆڵەتوو. چل ساڵەی بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو لای جەنابت بیرهێنەرەوەی چ شتێکە؟



سەرچاوە
Serchawe

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** دیسان هەر ئەو دوو شتە وەبیر پیاو دێنێتەوە. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو دیاردەی شەڕە چەندە زیانبار بووە بۆ بەشەرییەت و، چ جینایەتی گەورەگەورەی لێ دەخولقێن و شەڕ چۆن هەموو سنوورەکانی ئەخلاق، دین، سیاسەت تێدەپەڕێنێ. پاشان شتێکیش زیاد دەبێ ئەوەی کە ئەحمەدی خانی دەیڵێ و ئەمن شێعرەکەی ئەحمەدی خانیم وەک خۆی لەبیر نییە و تەرجەمە
موکریانییەکەیم لەبیرە کە دەڵێ:

"یەک هێرشێ بۆ سەر ئی دی بێنێ
هەر کوردە دەبن شەلاڵی خوێنێ"

کوردەکە لەو نێوەدا بەهەر دوو تەرەف لێی دەدرێ. ئەوە یەکێکە لەو بیرەوەرییە تاڵانە کە لە ڕووداوی زیندانی دۆڵەتوو و دەیان ڕووداوی لەو بابەتە چ لە دیوی ئێران بووبێ چ لە دیوی عێراق بووبێ ، چ لە دیوی تورکیە بووبێ، تەنانەت لە سوورییە بووبێ کە پیاو دەیبینێ.

**عەلی بداغی:** مامۆستا زۆر سپاس لەوەی کاتت دانا بۆ ئەم وتووێژە.

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە:** ئێوەش ساغ و سڵامەت بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## باشییەکەی شوڕای نیگابان لە دەرخستنی ڕاستییەکاندا!

شوڕای نیگابان وەک ئەستۆندەگێکی تاوڵی کۆماری ئیسلامی باشییەکیشی هەیە کە کەمتر سەرنجی دەدرێتێ و تەتەڵە دەکرێ. هەر ئەو لەبێژینگدانەی پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان لە ئێران کە هەموو دوو ساڵ جارێک وەک ئەرکێکی قورس! کەوتووەتە سەر شانی ئەو ئۆرگانە بەهێزەی حکوومەتی ئێران، باشترین وێناکردنێکە کە دەکرێ بۆ پێکهاتەی نیزامی سیاسیی ئێرانمان هەبێ. ئەویش نائازادبوون، نادێموکراتیکبوون و ئیدۆلۆژیکبوونی بەرواڵەت هەڵبژاردنەکان و مهەندیسیکردنی ئەم پرۆژەیە لەلایەن شوڕای نیگابانەوە، ئەویش بۆ ڕاگرتنی کۆماری ئیسلامی لە با و بۆرانی ڕووداوەکان.

ئەو باشییەی شوڕای نیگابان بەتایبەت لەم گەڕە لە پرۆژەکانی بەناو هەڵبژاردندا لە زۆر ڕەهەندەوە دەکرێ بخەینە بەرباس کە گرینگترینیان ئەمە بوو: نەک نەهێشتنی ئاسەواری ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی لە بازنەی باوەڕپێکراوانی ڕێژیمدا، بەڵکوو وەلانان و دەرپەڕاندنی هەر کەس و لایەنێک کە بیەوێ بۆنێکی ئەوانی بەسەردا چووبێ، جا با ئەو کەسە عەلی لاریجانی، ڕاوێژکاری ڕێبەر بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و سەرۆکی ١٢ ساڵ دەزگای قانوونددانی ڕێژیمیش بووبێ. شوڕای نیگابان ئەگەرچی باش دەزانێ کە لە هەموو هەڵبژاردنەکانی بیست و چەند ساڵی ڕابردوودا ئیسلاحتەڵەبەکان یەکێک لە سەرچاوەکانی ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بوون، بەڵام ئەمجارەیان کاتەکە ئەوەندە هەستیارە کە کورد گوتەنی حاشا لە "گۆشتی کەروێشک و بۆ تسی تاژی."....

باشییەکەی شوڕای نیگابان لەوەدایە کە ئەمجارەیان ئاداری بە سەر پاداری کلێشە گشتییەکەی کۆماری ئیسلامییەوە نەهێشت و بە نێوبەتالکردنی بەتەواومانای هەڵبژاردنەکان چارەنووسی پێشگری کۆماریی لە ناونیشانی ئەم ڕێژیمە یەکلا کردەوە. ئەمەش وایکردووە کە گەورەترین کەمپەینی بایکۆت و پشتکردن لە سندووقەکانی دەنگدان لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریدا بخرێتە گەڕ. شوڕای نیگابان بە ڕۆژی ڕوون هاوار دەکا کە پێکهاتەی ئۆتوریتەخوازی ڕێژیمی ئیسلامی و بەرژەوەندی و باڵادەستیی دامودەزگای ویلایەتی فەقیه ڕێگە بە هیچ هەڵبژاردنێکی ئازاد و هاوبەشیی سیاسیی خەڵک و ئیرادەنواندنیان نادا.

باشییەکەی شوڕای نیگابان بەتایبەت ئەمجارەیان ئەوەیە دەری خست کە نایەوێ وەک پێشوو ئەرک و زەحمەت و هەروەها سەرئێشەی دەسکاریی دەنگەکانی بکەوێتە ئەستۆ، بۆیە هەر لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوەی دەبێ ڕوو بدا یەکلای کردووەتەوە. چونکی کەسێکی نەهێشتووەتەوە خەڵک بەتەمای ئەو بخەڵەتێ و خۆی لەسەر سندووقی دەنگدانەدا ببینێتەوە. باشییەکەی

شوڕای نیگابـان هەروەهـا ئەوەیە کە بەبێ هیچ پیچ و پەنـایەک پەردە لە پـڕۆژەی بە سـەرکۆمارکردنی ڕەئیسـی لا دەدا و، گـوێی بە هـیچ تـانە و تەشـەر و پەلامـارێکیش نـابزوێ. چـونکی نـایەوێ بە قەرا نـووکەدەرزییەک هەڵەی پێشـوویان لە مەیـدانـدان بە بەرواڵەت میانەڕەوەکـانیش دووپـات کەنەوە کە بـووە هـۆی کورتیهێنـان و شـکانی "ڕەئیسـی" لەبەرامـبەر "ڕوحـانی"دا. هەڵبەت نەک شـوڕای نیگابـان بەو بڕیـارەی، بەڵکـوو لە هەمـوو چـوار سـاڵی ڕابردوودا تەواوەتیی ڕێـژیم زۆر بەرنامە و شۆی تەبلیغاتیی بە مەبەستی بردنەسەرێی ئاستی خۆشەویستی و متمانەی کۆمەڵایەتیی ڕەییسی وەڕێ خستووە. بـۆ ئەوەی لە ئایەتوڵڵای ئێعدام کەسێکی بەرواڵەت خەڵکی و خاکەڕا، دەستپاک و دژی گەندەڵی، کارامە و شێلگیر! وێنا بکەن. پـڕۆژەی بەنـاو هەڵبژاردنەکـانی ئەمجـارەی سـەرۆککۆماری جۆرێـک مهەندیسـی کـراوە کە حەوجـێ بە حەماسـەی! بەشـداریی خەڵکیش نەکـا، بەتـایبەت کە کـارتی "کرۆنـا"ش لە گیرفـانی شوڕای نیگابـاندایە کە ئەگەر پێویست بە پـاساو و بیـانوویەک بۆ کەمیی ئاستی بەشدارییەکان بـوو، بیهێنێتە دەری و دەکاری بکـا. بەڵام لە ڕاستیدا ڕوو وەرسووڕانی ئەمجارەی خەڵک لە سندووقەکانی دەنگدان زۆر هۆکار و سەبەبی هەن کە دەکرێ هیندێکیان لەو خاڵانەدا کۆ بکرێنەوە:

هەمـوو کاتێـک فـاکتەری ئـابووری یەکێـک لە پـاڵنەرە سـەرەکییەکانی خەڵـک بـۆ بەشـداری لە هەڵبـژاردن بـووە. دۆخـی قەیرانلێـدراوی ئـابووریی وڵات و گرانـی و بێکـاری و ئاوسـانی هەوسـارپچڕاو ئەگەر دەسمایەی بەربژێـران بـۆ پێـدانی وادە و بەڵێن بووە، ڕۆڵی گرینگیشی لە ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بـووە. ٨ ساڵ سەرکۆماریی حەسەن ڕوحانی بەرهەمی ئەم هیوا زۆرە بـوو کە خەڵک بە دەوڵەتـی "هیوا و مشووری" ئەویان هەڵچنیبوو. بەڵام بەردەوامی و خراپتربوونی چەنـد قـاتی دۆخـی ئـابووری و ژیـانی خەڵـک ئەوانی لە هەر گۆڕانکـارییەک بە قـازانجی خەڵـک تەمـابڕاو کـردووە. خەڵـک ئێستا بە تەواوی بۆیـان دەرکەوتـووە کە کلیلی ئـابووریی وڵات لە دەستی سەرکۆماردا نییە، بەڵام دەکرێ سـەرکۆمار هینـدەی دیکەش نەهامەتیی نوێیان بۆ بەدیاری بێنێ. ئێستا ئیدی هەمووان دەزانن کە ئـابووریی ئێران لە پـاوانی سپای پاسداران و بنیاتەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی ڕێبەردایە و داهـات و سـامانی گشـتیی وڵات لە پـڕۆژە ئەمنیەتـی و سـەربازییەکانی ڕێـژیم لە نـاوچەدا خەرج دەکرێ. تەنـانەت ئیشتیای ئەو مافیا ئـابووری، سیاسی و ئەمنیەتییە هینـدە زۆرە کە بە پـاوانکردنی هەمـوو شـادەمارە ئابوورییەکـانی وڵاتـیش ئۆخژنیـان نـایە و بەشـی زۆری بـودجەی وڵاتـیش کە دەخـرێتە بەر دەسـتی دەوڵەت، بـۆ گیرفـانی ئەوان دەڕوا. بۆیەشـە خەڵک لە بانگەشـەکانی هەڵبژاردنەکـانی ئەمجـارەدا زۆر بە ساردی و سڕی بە تەنیشت وادە و بەڵێنی زۆر و جۆراوجـۆری ئـابووریی بەربژێـراندا تێـدەپەڕن، چـونکی دەزانـن بـێ دەسـەڵاتتر لەوەن بتـوانن هەنگاوێـک لە بەرژەوەندیی خەڵک هەڵبێننەوە.

هەلـومەرجی کـۆمەڵایەتی و بـارودۆخی مافەکـانی خەڵـک لە بـواری سیاسـی، مەدەنـی و کـۆمەڵایەتی و ئازادییەکـانیش زۆر خراپتر لە دۆخی ساڵانی پێش ٩٢یە. تونـدترین سـەرکوت و خوێنـاوترین خۆپیشـاندان و نارەزایەتییەکـانی مێژووی کۆمـاری

ئیسلامی لە چوار ساڵی ڕابردوودا کراون و ئەوەش ئاستی متمانە بە دەوڵەت و حکوومەتی بە تایبەت لە شارە بچووک و ناوچە سنوورییەکان کە پێشتر زۆرترین ئاستی بەشداریی خەڵکی تێدا دەبیندرا، بە یەکجاری دابەزاندووە.

خەڵکی ئێران هێشتا لە شۆکی سەرکوتە خوێناوییەکەی خۆپیشاندانەکانی خەزەڵوەری ٩٨ دان، ئەو ناڕەزایەتییانەی هیچ شەرعییەتێکی بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەهێشتەوە. بزووتنەوە مەدەنییەکانی چەند ساڵی ڕابردووش پێمان دەڵێن کە ئاراستەی هێزەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێچەوانەی پێشوو کە ئینتیمای چاکسازییان تێدا بەدی دەکرا، ئێستا خۆڕاگری و تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامییە.

بەڵام شورای نیگابان خۆ لەخۆڕا دەهۆڵی بۆ ڕیسوایی خۆی و ڕیژیم هەڵنەگرتووە. هەمووان دەزانن کە ئەو بەناوهەڵبژاردنە پرۆژەیەکە کە دەتوانێ پرسی جێنشینیی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی تێدا یەکلا بێتەوە. بۆیە ئیلیت و نوخبە سەرەکییەکانی دەسەڵاتداری ڕێژیم سەرەڕای دەسەڵاتی سنوورداری سەرکۆمار و بێ گرینگیدان بە کەمی و زۆریی ئاستی بەشداریی خەڵک ئامادە نەبوون ریسک بکەن. چونکی لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئێستا کاتی خۆنواندن و ڕواڵەتسازی بۆ هەڵبژاردنێکی ئەوتۆ نییە کە لە بنەڕەتڕا ئاکامەکەی یەکلا نەبووبێتەوە. ئەوەی بۆ ڕێژیم لە ئێستادا لە هەموو شتێک گرینگترە "بەقا" و مانەوە لە قۆناغی تێپەڕینی ڕێبەرییە، قۆناغێک بێ کەمترین و چووکەترین تێچوو کە وێناچێ سەرەڕای هەموو ئەو ئەندازیارییە، وەک بۆخۆیان دەیانەوێ، بۆیان بچێتە سەر. چونکی خەڵک ئەو بەناو هەڵبژاردنەی ٢٨ی جۆزەردان دەکەن بە ڕاپرسییەک بۆ تێپەڕین لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمە دواتریش بەدووی ڕێکاری بەکردەوە بۆ ئەو تێپەڕینەدا دەڕۆن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوە و هەر بەپێوەین

"کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧٦ ساڵەی تەمەنیدا مۆمی ژمارە ٨٠٠ی خۆی کوژاندەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا کە ئامادەکاریی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کرد، لە بەفرانباری ١٣٢٤دا، کوردستان ئۆرگان و زمانحاڵی خۆی بڵاو کردەوە. زۆری نەخایاند کە زمانحاڵی حیزبی دێموکرات بوو بە زمانحاڵی کۆماری کوردستان و ئێستا دوای تێپەڕینی پتر لە سێ چارەگە سەدە، " کوردستان" وەک ئاوێنەی خەبات و مێژووی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی لێ دەکرێ.

کوردستان لە ماوەی ژیانی خۆیدا زۆر قۆناغی بڕیوە و بڕینی گەلێک ڕێگەی هەڵەمووتی ئەزموون کردووە. سەردەمانێک ئەرکی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بڕیار و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی لە ئەستۆ بووە و سەردەمانێک شوێنی تۆماری حەماسەی پێشمەرگەکان و مێژووی خوێناویی ساڵە سەختەکانی خەباتی کورد بووە. "کوردستان" سینگی پڕە لە داستان و نەبەردیی نەتەوەیەک، ئەدەبی بەرگری و خۆڕاگریی میللەتێک و پرۆژەی وشیاریی نەتەوەیی بۆ ڕابوون و هەستانەوە.

"کوردستان" لە دەرچوونی ژمارەی ٨٠٠ی ئەم دەورەیەیدا هەم بە ڕابردووی خۆی دەنازێ و هەم سیلە چاوێکیشی لە داهاتوویە و لەو ئەرکانە دەڕوانێ کە لە قۆناغی سەختی خەباتی ئێستادا لەسەرشانیەتی. دامەزرێنەرانی "کوردستان" خولیا و ئامانجی گەلێک گەورەیان بۆ خۆیان و بۆ "کوردستان" دەستنیشان کردبوو. "کوردستان" دەبوا ببێتە مینبەری مافخوازیی نەتەوەیەک و ڕۆڵی سەرەکیی لە پێگەیاندن و بردنەسەرێی ژیری و وشیاریی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەی هەبێ، کە بووی. دەبوا ببێتە قەڵای پارێزگاری لە زمان و شوناسی نەتەوەیەک کە نەیارانی لەمێژ بوو بۆ سڕینەوەی کولتوور و مێژووی شمشێریان لە ڕوو بەستبوو، کە بوو. "کوردستان"یان لەو پێناوەدا زۆریان چێشت، زۆریان گەرمێن و کوێستان کرد، لە پێتەختی زۆر وڵاتاندا شەکەت بوون و ئارەقیان ڕشت، لە زۆر ڕیز و مەتەرێزدا خوێنیان لەبەر ڕۆیشت و تەنانەت گیانیشیان دانا، بەڵام ئەو سەنگەرە چۆڵ نەکرا و ئەم ڕێبازە دەستی لێ هەڵنەگیرا و ئەم کاروانە بێ ڕێبوار نەمایەوە.



سەرچاوە
Serchawe

"کوردستان" هەڵگری باوەڕ و پەیامی حیزبێکە کە پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەباتی شوناس‌خوازیی نەتەوەی کورد هەیە. حیزبێک کە کۆماری کوردستانی دامەزراندووە و بە دژی دوو ڕێژیمی سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر کە هیچ بایەخێکی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد دانەناوە خەباتی کردووە. بۆیە دەکرێ مێژووی خەباتی ئەو حیزبە کە هاوکات مێژووی خەباتی ئەو نەتەوەیەشە لە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بخوێندرێتەوە. هەر ڕۆژنامەیەکی هەر ساڵێکی دەرچوونی "کوردستان" هەڵدەیتەوە، چاوت بە ڕوانگەی ئەم حیزبە لە بارەی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەوێ و بەسەرهاتی گەل و ڕەفتاری ڕێژیمە ناوەندگەراکان دەرحەق بەو نەتەوەیەی تێدا بەدی دەکەی.

چارەنووسی "کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا بەشێک بووە لە چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زمانحاڵی ئەم حیزبە بووە. کاتێک ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات حوکمی بەدەستە و کۆمار بەڕێوە دەبا، "کوردستان" بە ئیمکاناتی حکوومەت و بە ڕێکوپێکی و بە تایبەتمەندیی ڕۆژنامەیەک کە وەڵامدەری حەوجێییەکانی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە. کاتێکیش حیزبەکەی لە مەتەرێزی شەڕی چەکداری و بەرگری لە مانی گەلەکەی دایە، دەبێتە چەک و دەنگی پێشمەرگە. کە حیزبەکەی تێکۆشانی ئاشکرای هەبووە، بە ئاشکرا دەرچووە و بڵاو بۆتەوە، ئەگەریش حیزب لە خەباتی سەختی پارتیزانیدا بووبێ، لە چیا و ئەشکەوت و بن گاشەبەردەکانەوە گەیوەتەوە شار و دەستی خوێنەرانی. ئەگەر ڕۆژێک چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەکزی دابێ، ئەم لاوازییە لە ڕۆژنامەشدا ڕەنگی داوەتەوە و هەرکاتێکیش هەلومەرج لە بەرژەوەندیی حیزبدا چووبێتە پێش، ئەوا "کوردستان" سوودی لە بارودۆخەکە وەرگرتووە و گەشەونەشەی پێوە دیارە.

"کوردستان" لە کاتی داسەپانی سیاسەتی سانسۆڕی دوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و پیلانە نەرمەکانی ئەم دوو ڕێژیمە بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەتەوەی باڵادەستدا، قەڵای خۆڕاگری پارێزگاری لە هۆوییەت و شوناس و زمانی کوردی بووە.

"کوردستان" دوای بڕینی هەموو ئەو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمانەی لە زۆر قۆناغی ئەم ٧٦ ساڵەدا لەسەر ڕێی بووە، ئێستا سامانێکی دەوڵەمەند بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. "کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا کۆمەڵە ئەرکێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی بۆ خۆی پێناسە کردووە کە بەشێکی بریتین لە: بانگەشە و بەدواداچوون بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەرجەستەکردنی بایەخمەندیی شۆڕشگێڕی و خەباتکاری و، هەروەها ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وەک پرنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و جیهانگیر. "کوردستان" لە هەر بارودۆخێکدا ئاوڕی لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ژینگە و بەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان داوەتەوە بە بایەخەوە بۆ



سەرچاوە
Serchawe

پرسی ژنی ڕوانیوە و بەگژ هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان چۆتەوە، جا ئەمە چ سەرچاوەکەی کولتوور و نەریتی کۆمەڵ بووبێ یان ڕوانگە و سیاسەتی حکوومەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا.

"کوردستان" باوەڕی بە بیروڕای ئازاد هەبووە و لەگەڵ ئەوەدا کە بۆخۆی ئۆرگان و زمانحاڵی حیزبێکی سیاسی بووە، بەڵام سینگفراوان بووە و قەتی دەرگای ڕەخنە لە خۆی دانەخستووە. "کوردستان" هەروەها ئەگەر چەند ڕۆژ جارێک دەرچووبێ، یان مانگانە و دوو حەوتوو جارێک گەیشتبێتە دەستی خوێنەرانی، بەڵام باس و هەڵوێست لەسەر نالێکییەکانی کۆمەڵ و لەقاودانی کاروکردەوە و سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی و زۆر مژار و تەوەری دیکەی بە بەشێک لە جەوهەری ڕەسالەت و ئامانجی خۆی داناوە و لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە ڕەچاو کردنی زمانی خاوێنی مێدیایی و بنەما ئەخلاقییەکانی ڕۆژنامەنووسی هەوڵی بۆ داوە. "کوردستان" لە مێژووی ژیانی خۆیدا بە بایەخەوە لە پرسی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵانی ڕوانیوە. لەلایەک سیاسەتی ناسەردەمیانە و هەڵاواردنەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ماف و ڕەوشی منداڵانی لەقاو داوە و لەلایەکی دیکەش بۆخۆی قۆڵی هەڵماڵیوە و بە دەرکردنی گۆڤار و پاشکۆ -دنیای منداڵان- بۆ ساڵانێکی زۆر ئەم بۆشاییەی لە مێدیای کوردیدا پڕ کردووەتەوە.

"کوردستان" سەرەڕای ئەم پاشخان و مێژووە دەوڵەمەندە و، سەرەڕای ئەوەش کە کۆنترین و بەئەزموونترین بڵاوکراوەی سیاسیی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بێبەری لە ڕەخنە و کەموکوڕییش نەبووە و نییە. بەتایبەت کە بە پێی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی دەبێ چاوی لە داهاتووش بێ. بووەی هەم لە دنیای ڕاگەیاندنی نوێدا و دەبێ جێگەوپێگەی خۆی بپارێزێ؛ هەم لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات و تێکۆشانی خۆی لەگەڵ دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی تەیار بە مۆدێرنترین ئیمکانات و تێکنۆلۆژیی سەردەم ڕۆڵی خۆی بگێڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

## دەوڵەتی شکستخواردوو (failed state)

ناوەندی بڕیار لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دیاریکردنی ڕەئیسی وەک سەرۆککۆمار و دانانی موحسینی ئێژەیی لە لوتکەی دەسەڵاتی داد و تەنانەت وەلانانی هەموو ئەو خۆییانەش کە لە قۆناغی ئێستادا شکیان لە کارایی و خزمەتەکانیان بە پڕۆژەکانی حکوومەت هەیە، بازنەی دەسەڵاتی خۆی تەواو یەکدەست کردووە. دەسەڵاتی سەرەکی لە ڕێژیم بەو نەفەسەی دوای بەڕێوەبردنی پڕۆژەی بەناو هەڵبژاردنەکانەوە و وەک ئەوەی لە مونازیرەکانیشدا باس دەکرا، سوورە لەسەر ئەوەی تاوانی هەموو نەهامەتیی خەڵک و قەیرانەکانی کۆمەڵگە بخاتە ئەستۆی دەوڵەتەکانی پێشوو، بێ ئەوەی وەسەر خۆیانی بێنن کە سەرۆکەکانی پێشووتری دەوڵەتەکانیش هەر بە ویست و بڕیاری ڕێبەری ڕێژیم دەستبەکار بوون و بێ ئیزنی ئەو قامکیان لە ئاو ڕۆ نەکردووە.

ڕێژیم بەو گاردەوە و دوای یەکخستنی ڕەهای گوتاری حکوومەت لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات، ئێستا چاو لە داهاتووی دانیشتنەکانی ژیاندنەوەی بەرجام دەکا بۆوەی لەلایەک گوشاری سزاکان لەسەر خۆی لاببا و لەلایەکی دیکەوە بە توانایەکی دیکەی ماددییەوە لە پڕۆژە ستراتیژییەکانی لە ناوچەدا بەردەوام بێت. بەڵام ڕێژیم لە هەردوو گۆڕەپانەکەدا بەرگژەی زۆری لەبەردەم ڕیز کراون:

یەکەم ئەوەی ژیاندنەوەی بەرجام بەو ئاسانییە نییە کە کۆماری ئیسلامی دەخوازێ و، لابردنی هەموو سزاکان و ئاساییکردنەوەی هەموو پێوەندییەکان بەو پێشینەیەی ڕێژیم کە لە دوای بەرجام بەجێی هێشت، بۆ ڕێژیم خەیاڵێکی خاوە. ڕاستە دەوڵەتی بایدێن -بەپێی سەرچاوە نافەرمییەکان- ئامادە بووە سزاکانی سەر ئێران لە شەش بواری وزە، بانکەکان، پێترۆشیمی، پاپۆڕەوانی، بیمە، ئوتۆمبیلسازیدا و سزاکانی سەر ٧٤٨ کەسایەتیی حەقیقی و حقووقیی ڕێژیم هەڵپەسێرێ؛ بەڵام سوورە لەسەر ئەوەی سزاکانی دیکە کە ٥١٧ خاڵن و بەشی هەرەزۆریان پێوەندییان بە پرسی مووشەکی، تێرۆریزم و مافی مرۆڤەوە هەیە، لەجێی خۆیان دەمێنن.

دووهەم ئەوەی پرسی مووشەکیی ئێران کە خامنەیی بە بڤەی داناوە، بووەتە بەشێکی سەرەکی لە بابەتەکانی پێوەندیدار بە بووژانەوەی بەرجامدا. بێگومان نە وڵاتانی ئەندام لە بەرجام -ئەویش پاش بەناو هەڵبژاردنەکانی ٢٨ی جۆزەردان- هێندە کاڵفامن کە نەزانن بەو ئیمتیازانەی دەیاندەنە ئێران و بەو گوێ خەواندنەی لە پڕۆژە مووشەکییەکانی ڕێژیم چ



سەرچاوە
Serchawe

دەرەنجامێک هەڵدەگرنەوە؛ لە وڵاتانی هاوبەش و هاوپەیمانە سیاسییەکانیان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست – ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبی- دەست لەسەر دەست دادەنێن کە کۆماری ئیسلامی بە کەیفی خۆی درێژە بە تەڕاتێنەکانی بدا. هاوکات پێگەی ئێران لەنێو وڵاتانی ناوچەش دابەزینێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. تەنانەت لە عێراقی زۆرینە شیعە خەڵک لە دەستوەردانەکانی ئەم ڕێژیمە بێزراون و دەیانەوێ لە دەستی ڕزگاریان بێت. شەڕ لە یەمەن لەجێدا چەقیوە و لەو وڵاتە و لە لوبنانیش خەڵک لە دەستی حوسییەکان و حیزبوڵلا کە هاوبەشی سیاسیی ئێرانن وەزاڵە هاتوون. ڕێژیم سووریەشی بە ڕووسەکان دۆڕاندووە و خەڵکی ئەم وڵاتەش ئێران بە شەریکی تاوانەکانی بەشدار ئەسەد دەزانن.

سێهەم ئەوەی کە دیاریکردنی ڕەئیسی وەک سەرۆککۆماریش کە لە لیستی ڕەشی گەمارۆکاندایە، بەرگژەیەکی دیکەی بەردەم کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیدایە. وەک چۆن لە تازەترین کاردانەوەکان بە ناساندنی ناوبراو وەک سەرکۆماری نوێی ئێران، ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور (RSF) کەمپەینێکی بۆ پشتیوانی لە داواکەی جاوید ڕەحمان سەبارەت بە ڕەئیسی ڕاگەیاندووە. جاوید ڕەحمان، ڕیپۆرتێری تایبەتیی شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری ئێران حەوتووی ڕابردوو داوای کرد کە کۆمیسیۆنێکی دۆزینەوەی ڕاستییەکان لەبارەی ئێعدامی هەزاران زیندانیی سیاسی لە ئێران لە ساڵی ٦٧ی هەتاوی پێک بێ و ڕوون بکرێتەوە کە ڕۆڵی ئیبراهیم ڕەئیسی لەو کۆمەڵکوژییەی بەندییە سیاسییەکاندا کە ئەوکات جێگری داواکاری گشتیی ئێران بووە، چی بووە. بەڵام خۆ باسەکە هەر بەوەندە نابڕێتەوە. بەو گۆڕانکارییانەی لەو ماوەیەدا دەوڵەت و لە دەزگای قەزایی ڕێژیمدا کران، ئێستا جیا لە سپای پاسداران وەک باسکی چەکداری ڕێژیم، لە ٦ کۆڵەکەی سەرەکیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش سەرۆکی پێنجیان لە لیستی گەمارۆکانی ئەمریکا و ئورووپا دان. بە واتایەکی دی جگە لە قالیباف سەرۆکی مەجلیس، هەموو ئەرکانی کۆماری ئیسلامی، واتە ڕێبەری، سەرۆکی دەزگای داد، سەرۆکی دەوڵەت، سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگان و سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لە ڕیزی ئەو سزا و گەمارۆیانە دان کە بە سەر ڕێژیمی ئێراندا سەپاون. عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم وێڕای موجتەبای کوڕی کە بە بڕیاری دۆناڵد ترامپ خرایە لیستی گەمارۆکانەوە. ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆککۆماری نوێی وڵاتیش کە هەر لە یەکەم مانگەکانی دیاریکرانی بە سەرۆکی دەزگای داد خرابووە لیستی سزاکانەوە. سەرۆکی نوێی دەزگای داد موحسینیی ئێژەییش چەند سەرە، هەم لە لیستی گەمارۆکانی ئەمریکا و هەم سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لیستی سزاکانی یەکیەتیی ئورووپا و بریتانیا دایە. ئەحمەد جەننەتی، سەرۆکی مەجلیسی خوبرەگان و سادق لاریجانی، سەرۆکی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامیش هەردووکیان زیاتر لە ١٠ ساڵە لە لیستی گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا دان. بەمجۆرە کۆماری ئیسلامیی ئێران تەنیا وڵاتێکە لە دنیادا کە ڕێبەرانی و ئەرکانی حکوومەتەکەی لە لیستی سزاکانی ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا دان و ئەمە بەرگژەیەکی جیددی لەبەردەم داهاتووی پێوەندییەکانی ڕێژیم لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانییە.

لە نێوخۆی وڵاتیش بەرگژەکان کەم نین و ڕەنگبێ هەرکام لەوان بەتەنیا بۆ دارمانی حکوومەتێکی دێموکرات کیفایەتی حاڵ بێت: لەلایەک لە زۆر و شار و ناوچە خەڵک تەنانەت ئاوی خواردنەوەیان نییە و ڕێژیم بۆوە دەستەوەستانە. بڕینی کارەبا لە هەموو شار و ناوچەکانی وڵات کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ماوەکەی زیاتریش دەبێ، هەم خەڵکی لەو وەرزی گەرمایەدا وەزاڵە هێناوە و هەمیش بووەتە هۆی گەیاندنی زیان و خەساری مادی بە زۆر توێژ و سینفی کۆمەڵگە کە ئیدی خەریکی بەرەیەکی دیکەی نارەزایەتییە گشتییەکان بە دژی کۆماری ئیسلامیی لێ دروست دەبێ. شەپۆلی پێنجەمی کۆرۆناش کە دەردی سەرباری دەردانە و لە حاڵێکدا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەر ڕۆژە و باس لە دروستکردنی جۆرێک واکسەنی خۆماڵی دەکەن، ڕۆژ نییە سەدان کەس بەو هۆیە نەمرن. کارەسات لەوە بانتر ئەوەیە کە کاربەدەستانی ڕێژیم لە حاڵێکدا شاتوشوتی بەرهەمهێنانی پێکوتەی خۆماڵی و واکسینەکردنی هەموو "موستەزعەفەکانی" جیهان دەکەن کە دوای دەستپێکی کوتانەکان لە دنیادا هەتا ئێستا کەمتر لە سەتا ٧ی خەڵکی ئێران واکسینە کراون.

لەگەڵ ئەوەدا بێکاری و گرانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبن و لەو سۆنگەیەوە خەڵکێکی پتر دەکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە. نارەزایەتییە گشتییەکانیش بە تایبەت مانگرتنی کرێکاران لە زۆربەی کەرت و شوێن و ناوچەکانی ئێران دەستیان پێ کردووەتەوە و بەهۆی بارودۆخی هەرە خراپ و شپرێوی ئابووریی وڵات چاوەڕوان دەکرێ پتر پەرە بستێنن. چارەسەری ئەو نارەزایەتییانەش بە وەڵامدانەوە بە ویست و داوای کرێکاران دەکرێ کە خۆیان لە بردنەسەرێی مووچە و حەقدەستەکان، هاوسەنگکردنی مزی کار، پێداچوونەوە بە گرێبەستەکانی کار و دامەزراندنی ڕێکخراوەی سینفیی سەربەخۆدا دەبیننەوە، بابەتێک کە ڕێژیم نە دەیهەوێ و نە لە توانایدایە کە ئاوڕیان لێ بداتەوە. چونکی چارەسەری ئەم قەیرانە و وەدیهێنانی داخوازی توێژە جۆراوجۆرەکانی نارازیی کۆمەڵ پێویستیی هەم بە سەرچاوەی دارایی و هەمیش ڕوانگە و ئیرادەی شێلگیری دەسەڵاتە، کە لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا ناتوانی بۆیان بگەڕێی و خۆی هەلومەرجەکە و قەیرانەکان بەرهەمی ئەم پێکهاتەیە و ڕوانگە چەوتەکانی دەسەڵات بۆ مافی خەڵک و پرسەکانیانە.

ئاکامی هەڵبژاردنەکانیش کە گرینگترین پەیام بۆ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو، و نیشانی دا کە خاوەنی کەمترین پێگە و متمانە و ڕەواییەتن و کەمایەتییەکی زۆر بچووکی خاوەن بەرژەوەندیی لێ دەرچێ، زۆرینەی ڕەهای خەڵکی وڵات چارەی ڕێژیمیان ناوێ.

لەو بارودۆخەدا ئەوە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییە کە دەبێ دەنگی بەرزی "نا"ی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بکەن بە هەوێنی یەکریزی و، بە پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێزی دێموکراتیک ڕێبەریی نارەزایەتییەکان بگرنە ئەستۆ و بە ڕێکخستنی جەماوەری جووڵانەوەیەکی بەرین بۆ لادانی کۆماری ئیسلامی وەڕێ بخەن. بۆ ئەوەش کات درەنگە و زوو نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢١



سەرچاوە Serchawe

## دەبێ ببین بە باهۆز بۆ گیانی کۆماری ئیسلامی

لەم ڕۆژانە دەنگێک پتر لە هەموو کاتێک دەبیسترێ: "مەرگ بۆ خامنەیی" و "نەمان بۆ دیکتاتۆر". لە "ئیزە"ی خوزستانەوە هەتا "بێستوون"ی کرماشان و "مێترۆ"یەکانی تاران. ئەم دەنگە لەمێژساڵە چیدی هێڵی سوور نییە و خۆپیشاندان نییە بەرز نەکرێتەوە و دارودیوار نەماوە لەسەری نەنووسرێ.

شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان ئەمجارەیان لە خوزستان و سەبارەت بە بێئاوی سەری هەڵدا. ئەو ئاو و برقەی قەرار بوو بۆ هەمووان بەخۆڕایی بێ، ئێستا بە پووڵ و بە نرخی زۆر گرانیش دەست ناکەون. بەڵام کێشەکە هەر "ئاو" نییە، بەڵکوو تەقینەوەی قەیرانە یەک لە دوای یەکەکانە. ئەو قەیرانگەلەی بەهۆی هەژاری، هەڵاواردن، پەراوێزخستن و بەهەند وەرنەگرتن لەسەر یەکتر کەڵەکە بوون. وەڵامی حکوومەت بەو نارەزایەتییانەش هەروەک پیشەی جارانی رێژنەی فیشەک و ئاگر، گرتن و کوشتن، خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتی و بەستنەوەی مافخوازیی خەڵک بە پیلانی دەرەکی بووە. هەر ئەو توندوتیژی و نابەرپرسیارەتیی رێژیم و بێبایەخکردنی ویست و داخوازە رەواکانی خەڵک وادەکا ئەم نارەزایەتییانە - بەهەر هۆ و هۆکارێکی دیکەش- لە فۆرمی خۆپیشاندانی بەربڵاوی دژیحکوومەتیدا بەردەوام بن.

خەڵکی ئێران پێش راپەرینەکەی خوزستان و هەر لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و دوای ئەوەی کرۆنا پتر لە ساڵێک نارەزایەتییەکانی خەڵکی وەدوا دا، چەخماغەی قۆناغێکی نوێ لە خەبات و بەربەرەکانێ دژی حکوومەتیان لێدا، ئەویش لەجیدا بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و ئەستاندنەوەی دەنگی رەواییەتی خەڵکی لە رێژیم و دەسەڵاتەکەی بوو. هەر لە بەیانیی راگەیاندنی ئاکامی بەناو هەڵبژاردنەکانیشەوە مانگرتنی کرێکارانی شیرکەتی نەوت، کەرتەکانی پیشەسازی، ئاژەڵداران و... لە زۆر شوێن و ناوچەی وڵات دەستی پێ کردووە و تا ئێستاش هەردێ و بەربڵاوتر دەبن.

قەیرانەکانی کۆمەڵگەی ئێران -بێئاوی یەک لەوان- لە تەواوەتیی خۆیدا دەرەنجامی دەسەڵاتی ناکارامە و نابەرپرسیارن کە رێگەی خۆیان لە خەڵک و هەر بەوپێیەش بەرژەوەندیی خۆیان و خەڵکیان لە یەکتر جیا کردووەتەوە. بۆیەشە بەجێی دانانیان بە هەڵە و بەرپرسایەتییەکانیان و مشوور خواردن لە چارەسەرکردنیان، یان حاشایان لێ دەکەن، یان بە هۆکارگەلی سیاسی و ئەمنیەتیی دیکەی دەبەستنەوە. کۆماری ئیسلامی جێی حاشای بۆ کەس نەهێشتۆتەوە کە بە چاوی ئەمنیەتییەوە لە کوردستان، بەلووچستان، خوزستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێران دەڕوانی و خاک و ئاو و

سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوییەکانی ئەو ناوچانەشی هەر بۆ چەند پاریزگایەکی ئیشکەلانی ناوەند دەوێ. بۆ نموونە دەیان ساڵە کانگاکانی بەرد و ئاسن و زێڕی کوردستان دەردەهێندرێ و بە پشتی کامیون بەرێی تاران، ئەراک، سمنان و یەزد و ئیسفەهان دەکرێ. دەیان ساڵە سپای پاسداران بە لێشاو بەنداو لەسەر چۆم و ڕووبارەکانی کوردستان، بەلووچستان و خوزستان لێ دەدەن و ئاوە گلدراوەکانی پشت ئەو بەنداوانە بۆ پارێزگا ناوەندییەکانی ئێران بەرێ دەکەن، بێئەوەی بە تۆسقاڵ ئێکۆسیستم و ژینگە و ویشکبوونی تالاوەکان، مایەپووچ هاتنەوەی ئاژەڵداران و وەرزێڕان و کۆچی بەناچاری خەڵکی ئەو ناوچانەیان بۆ گرینگ بێت.

نموونەیەکی دی: چوار سەرۆککۆماری ئێران لە ٣٢ ساڵی ڕابردوودا خەڵکی سێ پارێزگای سمنان و یەزد و کرمان -لە ئیشکترین ناوچەکانی ئێران- بوون و هەموو هەوڵ و پرۆژەکانیشیان ڕاکێشانی ئاوی ناوچەکانی دیکە -خوزستان بۆ نموونە- بۆ ئەو شوێنانە بووە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێران بە هەموو سەرچاوە سەرزەوی و ژێرزەوییەکانیانەوە دەبێ لە خزمەت ئەو چەند پارێزگایەی ناوەندا بن و ئەمە ئیدیعا و قسەی ڕووت نییە، ئەگینا کام ئەقڵ و ئاوەز و کام مشوور و تێبینیی زانستی و کارناسیبۆکراو ڕێگە دەدا گەورەکارخانەی تواندنەوەی ئاسن -کە ئاوێکی ئێجگار زۆری دەوێ- لە پارێزگای کەمئاو و تەنانەت بێئاوی "ئیسفەهان" دابندرێ؟ یان لەسەر چوار چەمی پارێزگای خوزستان کە نەوتەکەشی بە تالان دەبرێ، ٧ بەنداوی گەورە لێبدرێ و خەڵکەکەشی بۆ ئاوی خواردنەوە دابمێنن؟ هەموو ئەو پرۆژانەش لەلایەن قەرارگای خاتەمولئەنبیای سپای پاسداران و لەسەر ڕەزامەندیی خامنەیی جێبەجێ دەکرێن و تەنانەت خەرجەکەشی لە سندووقی پەرەپێدانی میللی هەڵدەگیرێ، تا بەمجۆرە پارێزگاکانی سنە، ئیلام، لوڕستان، چوارمەحاڵ و بەختیاری و خوزستان لە ئاوی خۆیان بێبەش بن بۆوەی چەرخی پیشەسازیی نەوت، پێترۆشتمی، پۆڵا و گازی سپای پاسداران لە پارێزگا ناوەندییەکان بەبێ کێشە بگەڕێ.

پلانەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و ئاڵقەی تەسکی دەسەڵات هەر بەوەندە نابڕێنەوە.

ئەزموونی چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە وەدیهێنانی سەرەتاییترین مافەکانی گەلانی ئێران لە نەبوونی کۆماری ئیسلامیدا و لەگرەی هاوپێوەندیی سەراسەریی خەڵک دایە. ئەمڕۆ هاواری ئەو مافخوازییە بەگوڕتر لە خوزستانەوە دەبیسترێ و نابێ ڕێگە بدرێ ئەم دەنگە کپ و ئەو خەڵکە بێپشتیوان بمێننەوە. وەک چۆن خەڵکی خوزستان سیمبولیک دەستیان بەسەر چاڵە نەوتێک داگرت، لە هەموو ئێراندا دەبێ پەلی داگیرکەران و تالانچییەکان بپەڕێندرێ و وڵات بکەوێتە دەست خاوەنانی. بەڵام ئەم مەبەستە چۆن دێتە دی؟

دەبێ لە نسکۆ و سەرنەکەوتنی جووڵانەوەکانی پێشوو فێر بووبین کە نەبوونی یەکڕیزی و بەردەوامی و هەروەها نەبوونی ڕێبەریی وایکرد سەرکوتی بێبەزییانە پاشەکشەی کاتی بە خەڵک بکا. بەڵام ئەمجارەیان دیارە بە سەرکوتیش دەرەقەتی خەڵک نایەن. خەڵک ترسیان ڕژاوە و ئامادەن لەپێناو مافەکانیاندا گیانیان دابنێن. پوتانسیەلی نارەزایەتیدەربڕینی خەڵک لەو ماوەیەدا کە لە چوارچێوەی مانگرتنی کرێکاران، خۆپیشاندانی خانەنشینکراوان، کۆبوونەوەی ماڵلەدەستچووان و خەڵکی نارازی بە نەبوونی ئاو و بەرق و، وەزاڵەهاتوو لە گرانی و بێکاری خۆیان دەنوێنن، پێویستە یەک بخرێن و ڕەشەبایەکی گەورە و بەربڵاوی سەراسەرییان لێ وەڕێ بخرێ کە بتوانێ کۆشکی بێدادیی ئەم ڕێژیمە لە بنەوە ڕامالێ.

دەنگی خەڵکی نارازی دەبێ ببیسترێ، هەم لە لایەن ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی سیاسیی ڕێژیمەوە، هەم کۆمەڵگەی جیهانی. هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و نارەزایەتییە سەراسەرییەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو لەم وڵاتە پێشانیان داوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ شەرعییەتێکی لای خەڵکی ئێران نییە و گەلانی ئەم وڵاتە لەمێژە لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمە تێپەڕیون. بۆیە کات بۆ ئۆپۆزیسیۆن درەنگە هەتا بەسەر گەورەترین خاڵی لاوازی خۆیان کە نەبوونی یەکیەتیی بەکردەوە و یەکڕیزی لەهەمبەر ڕێژیمە سەر بکەون، ئەگینا جووڵانەوەکان لە بەردەوامیی خۆیاندا، ڕێبەریی خۆیان لە هەناوی خۆیاندا دەبیننەوە. ئەم دەنگە دەبێ لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژئاوا و هاوبەشە ئابوورییەکانی ئێرانیشەوە ببیسترێ. ڕێژیمێک کە خەڵکەکەی لەسەر داوای ئاو و بەرق و کار و نان و نارەزایەتی بە گرانی و بێکاری دەکوژێ، ڕێژیمێک کە خەڵکەکەی خۆی بەبارمتە گرتووە، ناتوانێ بۆ ئەوانیش جێی بەقا و دڵنیایی بێت، بۆیە پێویستە ئەوانیش هەڵبژاردنێکی دیکەیان هەبێ و پشتیوانی لەو خەڵکە بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٣ی جوولای ٢٠٢١

---

## بەخت و چارەنووسی ڕوحانی و کلیلەکەی

حەسەن ڕووحانی دوای ٨ ساڵ کرا بە قەزا و بەلاگێڕەوەی تا ئیستای کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغە هەستیارەی بەردەمدا، کاتێک لە دوا کۆبوونەوەی خۆی و کابینەکەی لەگەڵ خامنەییدا، ڕێبەری نیزام سووک و چرووکی کردن و تاوانی هەموو نەهامەتییەکانی ئێستای وڵاتی خستە ئەستۆی ئەوان و، ئەوانیش قرِوقپ!

لە وڵاتانی دیموکراتیکدا سەرۆککۆمار، سەرۆکوەزیر و تەنانەت وەزیرەکانی پێشووش بە سامانی مەعنەوی و مرۆیی بەبایەخی کۆمەڵگە دادەنرێن و دوای تەواوبوونی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان جێگە و شوێنی تایبەتیان هەیە و لە ئەزموونەکانیان کەلک وەردەگیرێ، بەڵام لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەسبەجێ وەلا دەنرێن و تاوانی هەموو نەهامەتی و دۆخە نالەبار و ناسەقامگیرەکەی وڵاتیشیان دەدرێتە پاڵ و ئەم سوورە بەردەوامە. لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا تاقە سەرۆککۆمار کە توانیویەتی پێگەی خۆی بپارێزی هەر عەلی خامنەیی بووە، ئەوانی دی هەر یەکە بەدەردێک چوون و هیچیان عاقیبەت بەخێر نەبوون. لە سەرۆکوەزیرەکان، بازرگان کە ناچار بە وازهێنان کرا، باهونەر کە لە تەقینەوەکەی دەفتەری سەرۆکوەزیراندا کوژرا و مووسەوییش کە دوایە بوو بە ڕێبەری "فیتنە"چییەکان!

بەنیسەدر کە یەکەم سەرکۆمار و کەسی نیزیکی خومەینی بوو، بەرلەوەی بە تاوانی خیانەت بگیرێ هەڵات و گیانی خۆی دەرباز کرد. ڕەجایی کەمتر لە مانگێک دوای هەڵبژێرانی بە سەرۆککۆمار کوژرا و ڕێ بۆ عەلی خامنەیی خۆش کرا تا دەسەڵاتی سەرکۆماری و دواتر ڕێبەری بگرێتە دەست. هاشمیی ڕەفسەنجانی کە ڕۆڵێکی بنەڕەتیی لە گەیاندنی خامنەیی بە پلەی ڕێبەری و هەروا درێژەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا هەبوو، دوای کۆتایی دوو دەورە سەرکۆماری ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر بوو و دواجار وەک بەئاشکرا دەگوترێ لە حەمامی "فەرەح"دا خنکاندیان. خاتەمی، پێنجەمین سەرکۆماری ئێران کە بە وێژمانی ڕێفۆرم خوازی و وتوویژی شارستانییەت هاتە سەر کار و لە قۆناغی هەستیاری پەراوێزکەوتنی ئێران دوابەدوای بڕیاری دادگایی مێکونووس توانیی ئێران بۆ پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان بگەڕێنێتەوە، لەگەڵ تەواوبوونی سەرکۆمارییەکەی لە پێش چاوی جەنابی ڕێبەر! کەوت و گردەنشین و دەمکوت کرا و دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی بەناو سەوزیش بە "فیتنەچی" و "بەرئەنداز" ناسرا. ئەحمەدی‌نژادیش کە بە پشتیوانیی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کرا بە سەرکۆمار و لە پێناو هێشتنەوەی لە دەوری دووهەمیشدا ڕاپەڕینی بەربڵاوی ٨٨ بەتوندی سەرکوت کرا، دوایە کە کاریان پێی نەما پێیان گوت سەرۆکی ڕەوتی "لادەران". حەسەن ڕوحانیش کە بە پشتیوانیی ڕێفۆرمخوازەکان توانی بەسەر ڕکەبەرەکانی ئوسولگەرایدا سەر

بکەوێ، دواى ٨ ساڵ کلیلەکەی نەیتوانی فریای ئێعتباری خۆیشی بکەوێ و لە شەڕی باڵباڵێنی ڕێژیمدا سووک و سەلیم کرا.

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی تەنانەت لە مانگەکانی کۆتایی دەوڵەتی ڕوحانیدا نەیهیشت وتووێژەکانی بووژاندنەوەی "بەرجام" بە ئەنجام بگا بۆوەی تەمەنی دەوڵەتی ڕوحانی بەبێ دەستەبەری هیچ ئیمتیازێک ئاوا بێ، بەو هیوایەی ئەگەر ئەو وتووێژانە دەسکەوتێکیان لێ بکەوێتەوە بۆ دەوڵەتی ئیبراهیم ڕەئیسی بێ. خامنەیی پێشتریش لە سەردەمی خاتەمیدا و لە مانگەکانی کۆتایی دەوڵەتی ڕیفۆرمدا بریاری دا پۆلۆمپی دامەزراوە ئەتومییەکان هەڵگیرێن و بەوەش ڕێککەوتنی ئەتومی لەگەڵ ڕۆژئاوا ئەوکاتیش لەبار برا. ڕوحانی هێشتا سەرکۆمار بوو کە میدیاکانی حکوومەت (زۆرینەی باڵی ئوسولگەرا) بە ڕیزکردنی کۆمەڵێک تاوان -لە ڕوانگەی ئوسولگەراکانەوە- کەوتنە بەرێ کردنی.

تەواوبوونی تەمەنی دەوڵەتی "مشوور و هیوا"ی ڕوحانی دەرفەتێکە بۆ چاوخشاندنیکی کورت بە کارنامەی ٨ ساڵ سەرکۆماریی ناوبراو لە دوو بەستێنی سیاسەتی دەرەوە و نێوخۆی وڵاتدا.

## سیاسەتی دەرەوە

دەوڵەتی ڕوحانی پێچەوانەی بەڵێنەکانی نەیتوانی پێوەندییەکی سەقامگیر و بنیاتنەر لەگەڵ دنیای دەرەوە دروست بکا و لەو سۆنگەیەوە نەک گەمارۆیەک لەسەر ئێران نەمێنێ بەڵکوو دەروازەی ئێران لەبەردەم وەبەرهێنەرە بیانییەکاندا بکاتەوە. ئەو کاتی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ سزا نێودەوڵەتییەکاندا سێ بەڵێنی دا: هەموو گەمارۆکان جیا لەوانەی پێوەندییان بە بەرنامەی ئەتومییەوە هەیە هەڵگیرێن، ئێران چیدیکە سزای نەخرێتە سەر و لە داهاتوودا ئەو گەمارۆیانەش کە لەسەر ئێران ماون سووک بکرێن؛ بەڵام هیچیانی بۆ جێبەجێ نەبوو.

دەوڵەتی حەسەن ڕوحانی نەیتوانی لە ناوچە و لەگەڵ دراوسێیەکانیشی پێوەندییەکی بنیاتنەرانەی هەبێ و بەردانەوەی فڕۆکە ئۆکراینییەکە و شەڕانشۆییەکانی ئەم ماوەیەی کۆماری ئیسلامی لە دەریاکان پێمان دەڵێن ئێران لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەروا بە مەترسی و هەڕەشە دادەنرێ.

ڕوحانی کە قەرار بوو کێشەکانی وڵات لە ١٠٠ ڕۆژدا چارەسەر بکا و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی گرەوی هەڵبژاردنەکان بباتەوە، پشتی بە سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی بەستبوو. بەڵام چ وەک زەریف گوتەنی "نەیانهێشتبێ" یان خۆیان

"نەیانتوانیێ"، یان دەنا لە بنەڕەتڕا "نەیانویستبێ"؛ دەوڵەتی ڕوحانی نەیتوانی لە سیاسەتی دەرەوەدا سەرکەوتنێکی ئەوتۆ دەستەبەر بکا.

## سیاسەتە نێوخۆییەکان

حەسەن ڕوحانی بەرلەوەی ببێتە سەرکۆمار، بەڵێنی ئەوەی دابوو کە سەرووەت و سامانی ئێران بە یەکسان دابەش دەکا، پێشی بێکاری و گرانی و هەڵاوسانی ئابووری دەگرێ و کارێک دەکا خەڵک حەوجێی بە یارانە نەمێنێ. ئەو گوتی لە ماوەی ١٠٠ ڕۆژدا ئابووریی وڵات دەبووژێنێتەوە و لە قەیرانی ڕزگار دەکا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە سەرکۆمار هەڵبژێردرا هەواکەی گۆڕی. بۆیەش دوای ٨ ساڵ و لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی دواکۆبوونەوەی خامنەیی و کابینەکەی حەسەن ڕوحانی و ئەو سووکایەتییەی بە ڕوحانی و تیمەکەی کرا، مەحموود ئەحمەدینژاد لە یەکەم کەسەکان بوو کاردانەوەی توندی نیشان دا. ئەو نامەیەکی سیوچەند لاپەڕەیی ڕوو بە ڕوحانی بڵاو کردەوە کە لە بەشێکیدا ڕوحانی بەوە تاوانبار دەکا پێچەوانەی ئەو "درۆ"یانەی لەلایەن دەوڵەتی ناوبراوەوە بە بەردەوامی "پۆمپاژ" کراوەتە کۆمەڵگە، لە کاتی گۆڕانکاریی دەسەڵاتدا خەزێنەی دەوڵەت بەتاڵ نەبووە و بە سێ هەزار میلیارد تمەنەوە ڕادەستی ڕوحانیی کردووە و پاشکەوتی دراویی بانکی ناوەندییش ١٥٠ میلیارد دۆلار بووە. واتە ڕوحانی بۆ دەسپێکی کار و بەرنامەکانی دەستی بەتاڵ نەبووە و دوای بەرجامیش توانی چەند سەد میلیارد دۆلاری دیکە لە دراوی دەستبەسەرداگیراوی وڵات بگەڕێنێتەوە، کەچی سیاسەتی هاوسەنگکردنی ئابووری کە لەلایەن تیمەکەی ئەووە ڕەچاو دەکرا، نایەکسانیی زیاتر و هەژاریی پتری لێ کەوتەوە.

پشتتێکردنی وەبەرهێنەرانی بیانی بەتایبەت دوای هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام و دەستپێکردنەوەی قۆناغێکی دی لە سزا ئابوورییەکان و بەردەوامیی گەندەڵیی سیستماتیک لە تەنیشت ناکامیی ڕوحانی بۆ باشتر کردنی دۆخی دامەزران و ڕەخساندنی هەلی کار و بردنەسەرێی داهاتەکان وایکرد ڕۆژ بە ڕۆژ کارگە و کارخانەی پتر دابخرێن، بێکاری و هەڵاوسان زیاتر بن و هەموو ساڵێک کورتیهێنانی بودجەی دەوڵەت زۆرتر ببێ. ڕێگا یان باشتر وایە بڵێین باجی قەرەبووی کورتیهێنانی بودجەش دەبوا خەڵک بیدەن، بەو شێوەیە کە لە بودجەی پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەت لە کەرتی گشتی و کۆمەڵایەتی لێ درا، بەردەوام پووڵی بێپشتیوانە چاپ کرا و ڕێگە بە ئازادکردنی نرخەکان درا. لەو سۆنگەیەوە نرخەکان بەردەوام و هەتا ئێستاش ڕوویان لە هەڵکشان کرد و خەڵک هەژار و هەژارتر کەوتن. کاتێکیش خەڵک بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بەو گرانی و دۆخە مەرگەساتە هاتنە سەر شەقام، لە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و پووشپەڕی ١٤٠٠دا بەتوندی سەرکوت کران، تا دەرکەوێ کە ڕوحانیش وەکوو پێشینیانی خۆی ئەوەی بۆی گرینگە مانەوەی ڕێژیمە نەک ماف و داواکانی خەڵک.



سەرچاوە
Serchawe

حەسەن ڕوحانی نەیتوانی هەلی کار دروست بکا، نەیتوانی بایەخی دراوی نیشتمانی بپارێزێ و لە کاتێکدا جڵەوی دەوڵەت دەداتە دەستی دەوڵەتی هەیئەتی مەرگ کە نرخی تاق دۆلار لە چوار هەزار تمەنەوە بۆ ٢٧ هەزار تمەن فڕی. ئەو لە پشت دووربینەوە خەڵکی بۆ سەرمایەدانان لە بورس وەک شوێنی دڵنیا هان دا، بەڵام دوایە بە دارمانی بەئانقەستی بازاڕی بورس و سەرمایە و بە مایەپووچکردنەوەی پشکدارە بچووکەکان هەوڵی دا کەلێنێک لە کورتیهێنانی بودجەی دەوڵەت پڕ بکاتەوە. ئەو نەک هەر نەیتوانی بەرەنگاری گەندەڵی ببێتەوە، بەڵکوو خۆی و بنەماڵەکەی و وەزیرەکانیشی لە زۆر پەروەندەی نوێی گەندەڵیدا تێوەگلان.

نەهیشتنی هەڵاواردنەکان لە هەموو بوارەکانی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی یەکێکی دی لە وادەکانی ئەو بوو. ئەو لەو بارەیەوە هیندە بێبەڵێن بوو نەک هەر نەیتوانی تاقە یەک ژن بێنێتە کابینەکەی، بەڵکوو نەیتوانی دەرگای یاریگەکانیش لەبەردەم ژناندا بکاتەوە؛ تەنانەت نەیتوانی ئەمنییەت بۆ ژنان لە شوێنە گشتییەکاندا دابین بکا.

## کەمە نەتەوەکان و ئاینییەکان لە دەوڵەتی حەسەن ڕوحانیدا دەستیان کورت بوو.

ڕوحانی سەرەتا بەیاننامەیەکی ١٠ مادەیی بڵاو کردەوە کە بێتوو ببێتە سەرکۆمار، ئەسڵە پشتگوێخراوەکانی یاسای بنەڕەتی لە پێناو دەستەبەری مافە نەتەوایەتی و ئاینییەکان دەخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەو بەڵێنی دا پارێزگارەکان لە خەڵکی خۆجێیی هەڵدەبژێری و لە هەموو شوێنەکان کەلک لە نوخبە و ئیلیتەکان وەردەگرێ. ئەو دوو ساڵ دواتر وەک سەرکۆمار کە سەردانی "سنە"ی کرد، پێی لەسەر کاردروستایی بۆ خوێندنی زمانی کوردی داگرتەوە. بەڵام نەک هەر تاق وەزیرێکی لە کورد و کەمە نەتەوەکان هەڵنەبژارد، لە ئاستی جێگر و تەنانەت پارێزگارەکانیشدا پێبەندی وادە و بەڵێنەکەی نەمایەوە و هەموو پارێزگار و بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە کوردستان و ناوچە نافارسەکانی دیکەش لە خەڵکە ناخۆجێییەکان داندرانەوە. خوێندن بە زمانی کوردییش وەدی نەهات و لە تارانیش تاق مزگەوتەکە بۆ سوننییەکان هەر دروست نەکرا و بەیاننامە ١٠ مادەییەکەش نەزۆک مایەوە.

ئەو نەیتوانی بەڵێنەکانی خۆی لەبابەت فیلترینگ و سۆسیال مێدیادا بباتە سەرێ. ئەو نەیتوانی لە مودیرییەتی پەتای کۆرۆنادا سەرکەوتوو بێ. ئەو نەیتوانی کەرامەتی هاووڵاتیی ئێرانی بپارێزێ، ئەو نەیتوانی یان نەیویست لەو ١٠٠ وادەیەی پێش بوون بە سەرۆککۆمار دابووی پتر لە ٨ بەڵێنیان بباتە سەر، کە ئەوانیش هیچ شوێنێکیان لەسەر ژیانی خەڵک نەبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## تێرۆریزمی دەوڵەتی و سەری مارەکە!

ڕۆژی پێنجشەممە، ١٤ی گەلاوێژ مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر تێرۆر کرا. تێرۆرکرانی ئەو ئەندامەی ڕێبەریی حیزب لە کاتێکدا بوو کە حەوتووی پێشوو لقی ٢ی دادگای تاوانی شاری هەولێر بڕیاری لەسەر ٥ تاوانباری پەروەندەی تێرۆری قادر قادری، فەرماندەی نیزامیی حیزبی دێموکرات دابوو کە ڕەشەممەی ساڵی ١٣٩٦ بە دەستی تێرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کورستان شەهید بوو. وەک لە بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لەبارەی تێرۆری شەهید مووسا باباخانییەوە هاتووە: " کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارودۆخێکدا پەرەی بە کردەوە تێرۆریستییەکانی لە هەرێمی کوردستان، ئورووپا، ئەمریکا و نێوخۆی وڵاتیش داوە کە پتر لە هەموو کاتێک بەرەوڕووی قەیرانی بەڕێوەبەری و ناڕەزایەتییەکانی هەردەم پەرەئەستێن لە نێوخۆی وڵات بۆتەوە. لەبەر ئەوەش کە توانای چارەسەری قەیرانە جۆراوجۆرە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و، وەڵامدانەوە بە ویست و داخوازە ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ئێرانیان نییە و، لە ڕاپەڕینی جەماوەری ترسیان ڕێ نیشتووە، مانەوەی خۆیان و کۆنترۆڵی بارودۆخەکە لە سەرکوتی زیاتر و تێرۆر و تۆقاندندا دەبینن؛ سیاسەتێک کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی درێژەی بووە".

**ئەم نووسینە باسێکە لە تێرۆریزمی دەوڵەتی و نەخشی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا.**

پێشینەی کردەوەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی وەک نیزام و دەسەڵاتێکی سیایس بۆ پێش دامەزرانی ئەم ڕێژیمەش دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە ڕێبەرانی ئێستای ڕێژیم و هێزی دژبەری ڕێژیمی پاشایەتیی پێشوو لە چەکی تێرۆر هەم بۆ تێرۆری دژبەرانی فیکریی خۆیان _وەک ئەحمەد کەسرەوی_ و؛ هەم بۆ تێرۆری کاربەدەستانی سەرووی حوکمەت _وەک عەلی ڕەزمئارا، عەبدولحوسێن هەژیر، حەسەنعەلی مەنسوور، سێ سەرۆک وەزیرانی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی_ کەلکیان وەردەگرت. لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی سیاسەتی تێرۆر و تۆقاندن هەم بۆ نەهێشتنی دژبەران و هەم بۆ زاڵکردنی کەشی سەرکوت و، هەم لەپێناو جێبەجێکردنی سیاسەت و وێژمانی "ناردنە دەرەوە"ی شۆڕش! بوو بە نێوەرۆک و بەشی جیانەکراوە لە پێناسە و جەوهەری کۆماری ئیسلامی.

لەو کاتەوە تا ئێستا چوار دەیەیە باڵوێزخانە و نووسینگەکانی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتان شوێنی دارشتن و

جێبەجێکردنی پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمن. بە درێژایی ئەم ساڵانە زیاتر لە ٢٥٠ چالاکی سیاسی و دژبەری نیزام لە وڵاتانی ئوروپایی و زیاتر لە ٤٠٠ تێکۆشەری سیاسیی کوردی دژبەری ڕێژیم لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تۆڕ و تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون و بە سەدان کەسیش بریندار بوون. ئەوەی لەو نێوەدا بارتەقای تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی گرینگە سیاسەتی هەڵکردنی وڵاتانی ئوروپاییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، کە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان چاویان لە تەڕاتێنی تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی نووقاندوە و، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم عەمەلیاتە تێرۆریستییانە تێچوویەکی ئەوتۆی بۆ ڕێژیم نەبێ و بەبەردەوامی دەستی بە کوشتن و لەنێوبردنی دژبەرە سیاسییەکانی ئاوەڵا بێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پشت لە تێرۆر دەکا؟ چی وای کردبوو کە ڕێژیم ماوەیەک دەستی لە کردەوە تێرۆریستییەکانی لە ئورووپادا پاراستبوو و ئێستا چۆنە بێ هیچ داڵغە و حاشا و شاردنەوەیەک و بەبەرچاوی دنیا تیر و شیر لە دژبەرانی دەسوێ؟

تێرۆر بۆ کۆماری ئیسلامی تەنیا چەکێک بۆ لەنێوبردنی دژبەرانی نییە، بەڵکوو جەوهەرێکی پیرۆزی بۆیان هەیە و بەپێی خوێندەوە ئیدۆلۆژیکییەکانیان ڕەوایی پیرۆز و ئامانجداری هەیە. بۆیە لەهەر جێیەک و لەهەر هەلومەرجێکدا بواری لەبار بۆ سەرکەوتنی تیمە تێرۆریستییەکانی خۆش بێ، بە تامەزرۆییەوە بەرەو پیلی دەچن. بۆیە ئەگەر لە چەند برگە و قۆناغێکی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا مەودای کورتماوەیان لەگەڵ کردەوەی تێرۆریستی گرتبێ _ کە ئەوەش دواخستنی تێرۆر نەک ڕاگرتنی بووە_، هۆکارەکەی نەک بۆ گۆڕانکاری لەو خوێندنەوەیە، بەڵکوو تەنیا بۆ تێکچوونی باڵانسی دەسکەوت و تێچووی قورسی کردەوە تێرۆریستییەکانیان لەو کاتە تایبەتییانەدا دەگەڕێتەوە.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانە وەک، تێرۆری شەوی یەلدای بەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نیزیک کۆیە، تێرۆری چەند کادر و ئەندامی حیزبی دێموکرات لە چەند شارێکی هەرێمی کوردستان، تێرۆر و کوشتنی چەند زانایەکی بوارە جۆراوجۆرەکان لە نێوخۆی وڵات، مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات، شوێنهەڵگرتنی تیمە تێرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە ئەمریکا و چەند وڵاتێکی ئوروپایی دەری دەخەن کە ئەم ڕێژیمە ئیدی گوێی لە بەناوی و مەحکوومکردن و ڕیسواییەکان لە دنیای دەرەوە نییە. وا وێدەچێ ئەم ڕێژیمە ئیدی نیگەرانی کاردانەوەی ئەم سیاسەتەی لەسەر دیپلۆماسیی بیانیی وڵاتەکەی نەبێ و بێتوو کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی زلهێزی بیانی نەیانەوێ بەرەوڕووی ئەم کارانەی کۆماری ئیسلامی ببنەوە، لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات کردەوەی تێرۆریستیی زۆر و زیاتر لە کۆماری ئیسلامی دەبینین. چونکی سیاسەتی هەڵکردن و بێدەنگیی هەندێ وڵاتی شەریکە سیاسی و بازرگانی لەگەڵ ئێران

وای کردووە کە ئەم ڕێژیمە چیدی هەوڵ و بەرنامەکانی خۆی لە چوارچێوەی سەرکوتی توندی دژبەران و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی وڵاتدا قەتیس نەکا و؛ لە دەرەوەی سنوورەکانیش بەدوای نێچیرەکانییەوە بێ. "تۆقاندن" و "باجوەرگرتن" و ئاوێتەکردنیان وەک سیاسەتێک لەبەرامبەر وڵاتانی ئورووپایی تا ئێستا بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی زۆری بووە، و ئێستاش کۆمەڵگەی جیهانی و بەتایبەت وڵاتانی ئورووپایی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت و یەکلاکەرەوە دان.

وڵاتانی ئورووپایی کە بەربەرەکانی لەگەڵ تێرۆریزم وەک بنەما و پرەنسیپێک بۆ خۆیان پێناسە دەکەن و هاوپێوەندیی جیهانیی بۆ پێک دێنن و لە وڵاتانی وەک سووریە و عێراق و ئەفغانستاندا شەڕی تێرۆر دەکەن و بە گیانی سەربازەکانیان و هەروەها خەرجکردنی ماددی تێچووی بۆ دەدەن، ئێستا لەبەرامبەر گیانگرتنەوەی تێرۆریسمی دەوڵەتیی ئێراندا هەڵوێستیان چی دەبێ؟ ئەویش لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکەوێتە بەر ڕق و بێزاریی خەڵکەکەی و نە لەنێو خۆی وڵاتدا هیچ ڕەواییەکی هەیە و نە لە نێو هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانیدا نەک هیچ ڕۆڵێکی بۆ سەقامگیری و ئاشتی نییە، بەڵکوو ماکە و هۆکاری زۆربەی قەیران و نائارامییەکانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠٢١

# مستەفا مەولوودی: بە هەڕەشە و تێرۆر نە چاوترسێن دەکرێین و نە مەیدان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ دەکەین

## وتووێژ

تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو جەرگەی شاری هەولێر پرسیارێکی گرینگی ورووژاند کە بۆچی جارێکی دیکەش حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کرا بە ئامانج؟ کۆماری ئیسلامی چۆن و بۆچی توانیویەتی لە هەرێمی کوردستان لە لێدان و حەزفی فیزیکیی دژبەرانی سیاسیی خۆیدا سەرکەوتوو بێ؟ لە بنەڕەتڕا ئایا عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئەمنە؟ حیزبە کوردییەکان چۆن دەتوانن بەرەوڕووی مەترسییە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

"کوردستان" وەڵامی ئەمانە و چەند پرسیارێکی دی لە وتووێژ لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەردەگرێ.

**عەلی بداغی**: تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پەلامارەکانی دیکەی سەر حیزبی دێموکرات لە پێنج - شەش ساڵی ڕابردوودا پرسیاری جۆراوجۆری لەسەر حیزبی دێموکرات دروست کردووە. ئێوە وەک حیزبی دێموکرات لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر کراونەتە ئامانج. بۆ؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەمێکە و زۆر لەمێژە کراوەتە ئامانج. خۆ ئەگەر لە قۆناغی خەبات لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەویش تێپەڕین و تەنیا باسی دەورانی کۆماری ئیسلامی لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بکەین، دەبینین هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە دەستی بە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد کرد. تێرۆرەکانیش بە تێرۆری شەهید سەرگورد عەباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شوورای نیزامیی حیزب لە ساڵی ١٣٥٩ دەستی پێکرد و دەزگای تێرۆری ڕێژیم هەتا ئێستاش لە پیلان و کردەوەکانی بەردەوامە. هەر بەپێی ئامار زیاتر لە چوارسەد تێکۆشەری کورد کە پشکی زۆری بەر حیزبی دێموکرات دەکەوێ، لە ئەندام و پێشمەرگەیەکی سادەوە بگرە تا ڕێبەرانی ئەو حیزبە وەک دوکتور

قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی لەنێو لیستی ئەو تیرۆرانە دان کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کردوونی.

ئەوەش کە بۆچی ئەو تیرۆرانە زیاتر لە حیزبی دیموکرات دەکرێن هۆیەکەی ڕوونە، لەبەر ئەوەیە کە ئەو حیزبە زۆرترین کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد هەیە؛ بۆیەشە ڕێژیم بەرنامە و پیلانی بۆ دادەنێ و لێی دەدا. نەخش و ڕۆڵی حیزبی دیموکرات لەسەر بردنەسەرێی وشیاری سیاسیی خەڵکی کوردستان و ئاشناکردنیان بە مافەکانیان نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت لە ئاستی ئێرانیشدا دیار و بەرچاوە و ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێی زۆری بۆ ڕێژیم درووست کردووە. هەر دوای ڕووداوی مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات، سپای پاسداران لە فیلمێکی دێکۆمێنتاریدا کە بڵاوی کردەوە، زۆر بەڕوونی و ئاشکرا ڕایگەیاند کە بۆیە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردووەتە ئامانج، چونکە ئەو حیزبە ئەمنییەتی ڕێژیمی وەمەترسی خستووە. کەواتە کاریگەریی ئەو حیزبە و سیاسەت و جۆری تێکۆشانی کە بەدرەنگی زۆری هەیە ڕێژیمی لەوە نیگەران کردووە، بۆیە هەموو سنوورە دەوڵەتی و نێودەوڵەتی و تەنانەت ئەخلاقی دەبەزێنێ و کردەوەی تیرۆریستیی لەو چەشنە دەکا و ئەمە لە پێنج_ شەش ساڵی ڕابردوودا زۆرتر و بەرچاوتر بووە.

**عەلی بداغی: ئەدی کەمتەرخەمیی حیزب و کادر و پێشمەرگەکان چی؟**

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن لەوە تێدەگەم کە ڕەنگبێ ئەمە پرسیاری زۆر کەس بێ کە بەپەرۆشەوە دەڵێن ڕێبەریی حیزبی دیموکرات و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە کەمتەرخەمن، بۆیە تا ڕادەیەک بەئاسانی دەکرێنە ئامانج. بەڵام بابەتێک هەیە کە خەڵکی کوردستان پێویستە بیزانن کە ئەگەر پیلانێکی تیرۆریستیی ڕێژیم دژ بە حیزبی دیموکرات سەرکەوتوو بووە، دەیان پیلانی لەو جۆرەش پووچەڵ کراونەتەوە. ئەوە حەقیقەتێکە کە هۆکاری سەرەکیی تیرۆری کادر و ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو حیزبە و گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەریی ئەو حیزبە کاریگەریی زۆر و دیاری لەسەر جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. ئەم حیزبە حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان و نەیاری سەرەکیی کۆماری ئیسلامییە و هەڵگری دروشم و ویست و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بۆیە هەمیشە دەکرێتە ئامانج.

**عەلی بداغی: حەوتووی ڕابردوو عەلی شەمخانی، دەبیری شورای بەرزی ئەمنیەتی ڕێژیم لە دیدار لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراقدا وێڕای هەڕەشە لە حیزبە کوردییەکان، داوای دەرکردنی ئەو حیزبانەی لە دەوڵەتی عێراق کرد. ئێوە ئەو هەڕەشانە و ئەو داوایە چۆن وەردەگرن؟**

**مستەفا مەولوودی**: جارێ پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە لە دوای ڕووخانی حکوومەتی پێشووی عێراق و گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی لەو وڵاتە، دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستێوەردان لەم وڵاتە زۆر ئاوەڵا بووە. ڕێژیم هەوڵی داوە لە گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتە ئەوپەڕی کەلک بۆ بردنە پێشی سیاسەت و پیلانەکانی خۆی لە بوارەکانی جۆراوجۆر بە تایبەت لە پرسی ئەمنییەتیدا وەرگرێ. ئەوەش لە کاتێکدا کە بەهۆی دۆخی پێوەندییەکانی نێوان ڕێژیمی پێشووی عێراق و ئێران سەرکردایەتی و هێزەکانی بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە کوردەکانیشەوە لەو وڵاتە جێگیر بوون. ئەوە لە دیوی ئێرانیش بۆ ئۆپۆزیسیۆنی عێراق هەر وا بوو. ئێستاش کە بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنەی پێشووی عێراق کە هێندێکیان پێوەندییەکی زۆر نیزیکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو بوونەتە دەسەڵات لەم وڵاتەدا، سروشتییە ڕێژیمی ئێران دەستئاوەڵایی زیاتری لە عێراقی ئێستادا بۆ ڕەخسابێ. هەرکاتێکیش لە بۆشایی دەسەڵاتدا یان لە هێندێک هەلومەرجی تایبەتدا بە هەلی زانیبێ، لەم وڵاتەدا زەبری لە نەیارەکانی خۆی وەشاندووە. بۆ نموونە هەموو بە چارەنووسی موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەزانین کە ناچار بە چۆڵکردنی عێراق کران. بۆیە ڕێژیم ئەگەر بۆی بکرێ، سروشتییە کە بیەوێ لە هەرێمی کوردستانیش ئەو چارەنووسە بەسەر حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێرانیشدا بسەپێنێ.

ئەوە هەڕەشە و هەروەها ئەو داوایەش کە شەمخانی لە وەزیری دەرەوەی عێراقی کردووە تازە نییە و زۆر جاری دیکەش ئەو بابەتە هەم لەگەڵ کاربەدەستانی پلەبەرزی عێراق و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش هاتۆتە بەرباس و ئەو داوایە لەوانیش کراوە. بەڵام ئەوجارە بەڕەسمی و بەئاشکرا هێناویانەتە بەرباس و پێویستە خوێندنەوەی تازەی بۆ بکرێ و ئێمەش لە بیری ڕێکاری گونجاو دابین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلانە. ئێمە لە حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندی مەعنەوی نێوان نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕەچاوکردنی هەلومەرجی سیاسیی هەرێمیش لەلایەن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەگەری حاڵەتی لەو چەشنە بە دوور دەزانم. بەڵام بەو حاڵەش حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان پێویستە بە هەماهەنگی و هەڵوێستی شیاو لە بیری پووچەڵکردنەوەی پیلانی لەو چەشنە بن. ئەوەش کە شەمخانی دەڵێ ئەگەر عێراق کەمتەرخەمی بکا ئەوان خۆیان دەستپێشخەری دەکەن، ئەوان تا ئێستا ئەوەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە و لە هیچ دەستیان نەپاراستووە. بۆیە ئەو جۆرە هەڕەشانەی کۆماری ئیسلامی هێزەکانی ڕۆژهەڵات چاوترسێن ناکەن و خەباتی سیاسی و تێکۆشانی مەیدانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران هەروا درێژەی دەبێ.

**عەلی بداغی**: خەڵکانێکیش هەن کە بێگومان دڵسۆزی پرسی کوردن و لایان وایە کە ڕەوشی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لەبار نییە؟ ئێوەش ئاوا بیر دەکەنەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: دەبێ بڵێم کە کۆماری ئیسلامی قەت هیچ ڕێزێکی بۆ پڕەنسیپ و سنووره نێودەوڵەتییەکان نەبووە و بەئاسانی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی بەزاندووە، هەربۆیە قەت ڕەوشی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات بەتەواوی ئەمن نەبووە و ئێستاش نییە و پێموانیە لەو بارودۆخەدا و بەمزووانە لەوە باشتر بێ و ئەوەش هۆکاری جۆراوجۆری هەن. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێمە هیچکات بەتەواوی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و ئەمنییەتی هەرێمەوە پارێزگارییان لێ نەکراوە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆخۆیان بەرپرسایەتیی پاراستنی خۆیان لەئەستۆ بووە کە ئەوە کەم و زۆر کەلێنی ئەمنییەتیی دروست کردووە. زۆر جاریش لەو حاڵەتەدا زیان و خەساری گیانی و ماڵی بەر حیزبەکان کەوتووە.

سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران لە عێراق ڕوون و ئاشکرایە و حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیش کە بەرپرسایەتییان لەسەر شانە بەو حەقیقەتە دەزانن و بە شێوەیەک لە شێوەکان بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیی خۆیان مدارا لەگەڵ بارودۆخەکە دەکەن، یان باشتر وایە بڵێم لە بەرامبەر دەستوەردانە هەمە جۆرەکانی ڕێژیمی ئێران دستەوەستانن و چاوەڕوانی داهاتووی ناڕوونن و لەگەڵ وەزعەکە خۆیان ڕاهێناوە کە ئەو سیاسەتە زۆرترین دەرفەتی بۆ خراپکاری و پیلانگێڕیی ڕێژیمی ئێران لە عێراقدا پێکهێناوە.

ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕاستییانە دەبێ لە ڕێگەی مومکینەوە خۆمان زیاتر لە خەمی ئەمنییەت و پاراستنی خۆماندا بین کە ئەوەش کار و هاوکاریی پتری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێویستە. هەڵبەت لە هەموو حاڵەتێکیشدا بەرپرسایەتیی قانوونی و ئەخلاقیی پاراستنی هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

**عەلی بداغی**: ئەو پرسیارەش هەیە کە ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو پێوەندییەدا گوشارێکی خستووەتە سەر حیزبی دێموکرات؟

**مستەفا مەولوودی**: حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە حاڵەتێکی زۆر تایبەتدایە. لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە هەموو ئاست و بوارەکاندا ڕێک نییە تا بە ڕێکاری یاسایی بەرپرسایەتیی پاراستنی کەسانی سیاسی بەتەواوی لەگەڵ حکوومەتی عێراق ڕەچاو بکەن. لە هەرێمی کوردستانیش ناکۆکی نێو هێزە سیاسییەکان بواری زیاتری بۆ دەستوەردان و بردنە پێشی پیلان و سیاسەتە نایاساییەکانی ڕێژیمی ئێران خۆش کردووە. هەلومەرجی ژئۆپۆلتیکیی هەرێم لە ناوچە و پێوستیی پێوەندیی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت مێژوویی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی باشوور،

هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیی پێکهێناوە. بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان بەرپرسانە هەڵسوکەوتیان کردووە و هەلومەرجی هەرێمی کوردستانیان لە زۆر بارەوە ڕەچاو کردووە؛ تەنانەت زۆربەیان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان وا جووڵاونەتەوە کە پێویست بەوە نەکا هەرێمی کوردستان تووشی چاڵنج و کێشە ببێ؛ بەڵام بەو حاڵەش بەڵێ زۆر جاران بەرپرسانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئەو بابەتانەیان، بە تایبەت چاوەڕوانیی ڕێژیمی ئێرانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس کردووە. ئێمە بە دەرکی تەواوی هەلومەرجەکە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەو دۆخە کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە خەبات و تێکۆشانی هەمەچەشنی خۆمان چاوپۆشیمان نەکردووە و مەیدانمان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ نەکردووە. هاوکات دەشزانین کە ڕێژیمی ئێران بەردەوام لە بیانوو دەگەڕێ و بیانووشی لێ نابڕێ، بۆیە چاوەڕوانی جیددیمان لە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە کە بە پاراستنی سەروەریی یاسایی وڵاتەکەیان، ئەمنیەتی گیانیی تێکۆشەرە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکەن و ئیزنی دەستوەردانی دەرەکی بە ڕێژیمی دژیگەلیی ئێران نەدەن. پاراستنی گیان و ئەمنیەتی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد بۆ ئەوان هەم مەسئوولییەتی قانوونی هەیە، هەمیش بەرپرسایەتی ئەخلاقییە و نابێ ڕێگە بدەن کە مێژوو بە خراپ لەسەریان بنووسێ.

**عەلی بداغی: کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن دەتوانێ لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەندە دەستئاوەڵا بێ بۆ کردەوەی تێرۆریستی لە دژی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی خۆی؟**

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە نەیشاردۆتەوە کە سیاسەتی بنگەیی ڕێژیم ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامییە بەتایبەت بۆ وڵاتانی دەوروبەر کە ئیسلامین و کەم و زۆر شیعەشیان هەیە. ئەمە لە ڕوانگەی خۆیانەوە ڕەواییەتی بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتانەدا بۆ دروست کردوون. وەک لە وەڵامی پرسیارێکی پێشووتریشدا باسم کرد، شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێڕاق و ئێران و داڵدەدانی ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی عێڕاق و هەروەها کۆمەڵێک هاوپەیمانیی سیاسی و نیزامی لەگەڵ هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی پێشووی عێڕاق وای کرد کە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی عێراقدا پێگەیەکی تا ڕادەیەک قایم بۆخۆی دروست بکا. بە تایبەت گوتمان کە بەشی زۆری دانیشتووانی وڵاتی عێراق موسڵمانی شیعە مەزهەب و کورد بوون کە کاتی خۆی ڕێبەرانی حیزبەکانیان لە وڵاتی ئێران حاوابوونەوە. ئەوەش بە جۆریک لە جۆرەکان پێوەندیی نێوان حکوومەتی ئێران و ئەو هێز و لایەنانەی لەگەڵ یەکتر بەهێز کرد و دوای دوو دەیە دەبینین کە دەسەڵاتداری سەرەکیی عێڕاقی نوێش هەر هەمان ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەن کە باسمان کردن. سنووری دوورودرێژی جوغرافیی ئێران لەگەڵ عێڕاق و هەرێمی کوردستان و هەروەها پێویستی زۆری دوو لایەنە بە پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی نێوانیان بوونی کۆماری ئیسلامیی لە هەموو گۆڕەپانەکانی عێڕاق و هەرێمی کوردستانیش پڕڕەنگ



سەرچاوە
Serchawe

کـردووە. تەنـانەت باڵادەسـتیی کۆمـاری ئیسـلامی بەشـێک لەو هێـزانەی بێئیـرادە و تووشـی دەستەوەسـتانییش کـردووە و سەربەخۆیی سیاسیی لێ زەوت کردوون. بۆیەشە کۆماری ئیسلامی بە کەیفی خۆی لەو وڵاتەدا و بە هەرێمی کوردستانیشەوە تەڕاتـێن دەکـا و بە دانـانی ڕایەڵەی سـیخوڕی، کـۆکردنەوەی زانیـاری لەسـەر دژبەرانـی، مـۆرە دروسـتکردن و دواجـار دەستوەشاندن لە نەیارانی بەرنامەکانی دەباتە پێشێ.

**عەلـی بـداغی: هاتنەسـەرکاری کەسێکی وەک ڕەئیسـی بەپێـی پێشینەی کارەکـانی لە کۆمـاری ئیسلامیدا، ئایـا دەکـرێ بە نیشانەی بەربڵاوتربـوونی کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێـژیم لێک بـدرێتەوە؟ یـان پـێچەوانە پێتـانوایە ئێران جێگەوپێگەی لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا لە جاران لاوازترە؟**

**مستەفا مەولوودی**: وەک خۆم لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا لە نەخش و دەوری هێزە ئەمنییەتییەکان و سوپای پاسداران و پیلانی تێرۆریستی ڕێـژیم جیـاوازییەک لە نێوان دەوڵەتـی حەسەن ڕووحـانی و دەوڵەتـی بـرایم ڕەئیسـیدا نـابینم. هەموو یەک ئامانج و مەبەستیان هەیە، بۆیە لام وایە لەو بـارەوە مۆرەکـانی ڕێـژیم لە سوپای پاسداران و هێزە ئەمنییەتییەکان هەروەک چۆن لە زەمـانی سـەرکۆماریی حەسـەن ڕووحـانیدا دەسـتکراوە بوون و بە ئیمکانـاتی ڕێـژیم درێژەیـان بە سـەرکوتی بـزووتنەوە نـاڕەزایەتییەکانیـان داوە، لەو نـاوچەدا دەسـتوەردانیان کـردووە، پـیلان و بەرنـامەی تێرۆریـان لە ئورووپـا و وڵاتـانی نـاوچە بەڕێـوە بـردووە، بە هـاتنە سـەر کـاری ڕەئیسیش ئەو سیاسـەتە درێـژەی دەبـێ و ڕەنگە لە جـاران زیـاتر هێـز و ئیمکانـات و کـاتی بـۆ تەرخـان بکـرێ؛ هۆکارەکەشـی ئەوەیە کە ڕەئیسـی تـا ڕادەیەک لە ڕووحـانی گوێلەمسـتترە بـۆ ڕێـبەری کۆمـاری ئیسلامی. لە تەواوەتیی خۆیدا پێموایە کۆی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی قۆناغەکانی تەمەنی ژیانی ڕێژیمدا، ماهییەتی ئەو ڕێژیمەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاشکرا کردووە و درێژەی ئەو سیاسەتە لە بەردەوامیی خۆیدا بە قـازانجی ڕێژیم ناشکێتەوە؛ بەڵکوو هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی دەرەوەدا تووشی قەیران و کێشەی زیاتری دەکا.

**عەلی بداغی: ڕێگاکانی بەرپەرچدانەوەی مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر حیزبی دێموکرات لە چیدا دەبینن؟**

**مسـتەفا مەولـوودی**: پێشـتریش ئامـاژەیەکم پێـدا کە مـادام تێکۆشـەرانی سیاسـیی حیزبـی دێمـوکرات و هێزەکـانی دیـکەی ڕۆژهەڵات لە وڵاتـی عێـراق و هەرێمی کوردسـتان نیشتەجێن، مەسئوولییەتی پاراستنی گیانیـان و سەر و ماڵیـان لە ئەستۆی حکـوومەتی عێـراق و حکـوومەتی هەرێمـی کوردسـتانە، ئەوە ئەسـڵە و نـابێ لەبیـری بکەیـن. بەتـایبەت کە هەمـوو لایەک بەڕوونـی ئەوە دەزانـن کە ڕێژیمـی ئێـران لە بۆشـایی ئەمنییەتـی و خەمسـاردیی ئەوان کەڵـک وەردەگـرێ. ئەوان دەبـێ هەوڵ بـدەن لە ڕێگەی دیپلۆماسی و یاسایی و پاراستنی ڕێوشوێنی تـۆکمەی ئەمنییەتـی ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بـکەنەوە. بەڵام



سەرچاوە Serchawe

بە ئەزموونێک کە ئێمە هەمانە و ئەو دەورانە سەختەی کە تێپەڕمان کردووە ناکرێ جارێ هومێد بەو ڕێکارە ببەستین. کەوایە دەبێ بۆخۆمان پتر لەبیری پاراستنی خۆماندا بین و بەوردی پلانی ئەمنییەتی و خۆپاراستن بۆخۆمان دابنێین و لەسەر خەت بین. بۆ دەستخستنی زانیاری ورد و شیکارییان و، چاوەدێریی وردمان هەبێ. دەبێ بەباشی کۆنترۆڵی دەوروبەر و ڕێگاکانی هاتوچۆی خۆمان بکەین و حەول بدەین لە هەموو بارێکەوە چاوکراوە بین. پیلانەکانی دژمن لەقاو بدەین و لایەنە پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان بە وردی لە پیلانەکانیان ئاگادار بکەینەوە. مەسئوولییەت و بەرپرسایەتییەکان بیهاوێینە سەرشانیان و وەبیریان بخەینەوە کە چ ئەرکێکیان لەسەر شانە و خۆشمان ئامادەتر بکەین. بەگشتی پاراستنی باشتر و پەرچەکرداری پێویست لە کات و شوێنی خۆیدا بەکار بێنین.

**عەلی بداغی:** یەکەم ڕەوتی ڕووداوەکان بەرە ئەوەن گۆڕانکاریی قووڵ لە ناوچەکەدا ڕوو بدا، دووهەم لەگەڵ هەموو ئەو مەترسییانەی کە لەسەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هەیە، بەڵام دیسانەکەش حیزبەکان لە ئاستی چاوەڕوانیی گشتیدا لەگەڵ یەکدی تەبا نین و بارتەقای هەڕەشەکان نەیانتوانیوە یەکریز و یەکگرتوو بن. ئەم بارودۆخە تا کەی ئاوا دەبێ؟

**مستەفا مەولوودی:** وایە. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست ئاڵۆز و ناجێگیرە و هەردەم چاوەڕوانی ڕووداوی گەورە و گۆڕانکاریی جۆربەجۆری لێ دەکرێ، کە دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی گونجاو و باش بێنێتە ئاراوە و هاوکاتیش دەبێ چاوەڕوان بین بەرەورووی سیناریۆی سەخت و ناخۆشتریش ببینەوە کە بەداخەوە بەشێکی زۆریان لە ئێستادا لە ئیرادەی ئێمە بەدەرن. لە ناوچەدا کەلێن و ئاستەنگی زۆر هەیە، گەلانی نیشتەجێ لەو ناوچەیە هەموویان وەک پێویستە بە مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دێموکراسیی خۆیان نەگەیشتوون. حکوومەتە نادێموکراتیک و دیکتاتۆرەکان لە چاخی بیست و یەکیش لە ناوچەکەدا هەر دەسەڵاتدارن. زۆر بەرژەوەندیی جۆراجۆری میللی، خەڵکی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتیی هەن کە لە ناوچەکەدا یەکانگیر یان دژی یەکن. زلهێزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هاوبەرژەوەندییەکانیان بە چڕی لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە. هەمووی ئەوانە بە ئێمە دەڵێن کە بەڵێ گۆڕانکاریی قووڵ لە ارا دایە. بەڵام چەندەیان لە دژیان لە بەرژەوەندی ئێمەدا دەبێ بەتەواوی ڕوون نییە و پێشبینی کردنیشی ئەستەمە.
لە پێوەندی لەگەڵ هێزەکان و ئەوەی کە نالێکن و لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک و هەلومەرجەکەدا نین تا ڕادەیەک ڕەخنەکە لەجێی خۆیدایە. بەڵام ئەوەی جێگای ئومیدە ئەوەیە کە هێزەکان بەگشتی هەستیان بە گرینگیی دۆخەکە و مەترسی و پێشهاتەکان کردووە. دەشزانن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو و بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکاندا سەریان بێ کڵاو نەمێنێتەوە و بە ئەرک و بەرپرسایەتیی سیاسیی خۆیان هەستن، دەبێ بەیەکەوە لەسەر خەت بن، بەتایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو پێوەندییەدا لە کۆبوونەوەی بەردەوام

دایە.

ئەزموونی بزووتنەوەی کوردستان بە ئێمە دەڵێ لەگەڵ ئەوەی شتی ناڕێک و نەگونجاو لە مێژووماندا هەبووە، بەڵام ئەو ئامادەییەش هەیە کە ئەگەر دەرفەتی لەبار هاتە پێش بە دروستی کەڵکی لێ وەربگرین و بتوانین مەترسییەکانیش لە خۆمان دوور خەینەوە. هیوادارین ئەوجارەیان بە بەرپرسایەتیی زۆرترەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئەزموونەکان ئەو ناڕێکییەی کە هەیە و زۆر و کەم لێی نیگەرانین بە ئاستێکی زۆر کەم بگەیەنین و لە هەموو زەرفییەتەکان بەباشی کەڵک وەربگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## لە ململانێی نێوان خەڵک و حوکمەتدا

کاتێک سەرۆککۆماری نوێی ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە شانازیی بە جینایەتەکانی خۆی لە کۆمەڵکوژکردنی زیندانییانی سیاسیی هاوینی ٦٧ کرد، ڕوون بوو کە کرۆماتکردنی کۆمەڵگە لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەودا پتر لە جارانیش دەبێ. دەرکەوتنی ئەمە کاتێکی زۆری پێویست نەبوو. هەر لەگەڵ گرتنەدەستی هەوساری دەوڵەت و پاوانکرانی ڕەهای دەسەڵات لەلایەن دەوڵەت و دەزگای قەزایی و مافیای سپای پاسداران و ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە، گوشارەکان لە نێوخۆ بۆ سەر ڕێکخراوە مەدەنییەکان و لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ سەر ئۆپۆزیسیۆنی مەیدانیی ڕێژیم، بەتایبەت حیزبەکانی کوردستان پەرەیان سەند.

چوونەسەرێی ئاماری دەسبەسەرکرانی چالاکانی مەدەنیی کورد لە وەرزی هاوین، گیانلەدەستدانی نیزیک بە دە کەس لە گرتنگەکانی ئیتلاعات لەژێر ئەشکەنجە هەر لەو ماوەیەدا، هەڵکشانی ئاماری ئێعدام و گوڕوتین بەخشین بە کوڵبەرکوژی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان؛ لەگەڵ شەپۆلێکی نوێی گوشار بۆ هەڵسوڕاوە مەدەنی، کرێکاری، هونەری و فەرهەنگییەکان لە ئاستی سەرانسەریی وڵاتدا پێمان دەڵێن ئێران عەیامێکی نوێ لە ژیانی سیاسیی خۆیدا ئەزموون دەکا.

ئەم ئەزموونە نوێیە تەعبیر لەو واقعە دەکا کە باندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کە ئێستا ئیدی هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازیی وڵاتیان بەدەستە و، زۆر باش بە قووڵایی نارەزایەتییە بەزۆر کپکراوەکانی ناخی کۆمەڵگە دەزانن؛ هەمدیسان پێیان وایە چارەسەر تەنیا سەرکوتی توندوتیژتر و سڕکردنی پتری کۆمەڵگەیە. ناوکی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی بە سەرنجدان بە نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو -کە ئێستا لەسۆنگەی کۆرۆناوە تا ڕادەیەک لە کەمی داوە- و، کاتێک پەیامی زۆر ڕوون و ڕاشکاوانەی "نا بە کۆماری ئیسلامیی لە تەواوەتیی خۆیدا"ی لەلایەن خەڵکەوە بیست؛ تاکەڕێگای پاراستنی حوکمەتەکەیان لەوەدا دیتەوە کە بە هێنانەسەرکاری دەوڵەتێکی یەکدەستی نیزامی-ئەمنیەتیی ڕووت، بەرەوڕووی هەرچەشنە بەرگڕە، نارەزایەتی و پێشهاتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ببنەوە. بۆ ئەوەش کێ لە قازیی ئێعدام و تۆڕی ئەمنیەتیی دەزگای قەزایی سەر بە ئەو باشتر کە ئەو بەرپرسایەتییەی بدرێتێ. بەتایبەت کە گۆڕانی دەسەڵات لە کۆشکی سپی ئەو دەرفەتەی بە ڕێژیمدا لە سۆنگەی سیاسەتی کابینەی "بایدێن"ەوە تا ڕادەیەک لە درێژە و بەردەوامیی گوشارە لانیزۆرەکانی ترامپ ڕزگاری ببێ و هەناسەیەکی بێتەوە بەر. دیارە گۆڕینی هەوای واشنگتۆن تەواو بەدڵی ڕێژیم نەچووەتە پێشێ، بەڵام ڕێژیم بەتەمایە بەشێنەیی لە ڕێگەی بووژانەوەی بەرجامەوە ئاهێکی دی

بەبەری ئابووریی وڵاتدا بکاتەوە، هەڵبەت نەک لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵک، بۆ دەستەبەری دەستکراوەیی زیاتری بۆ بەردەوامیی سەپاندنی هێژمۆنییەکانی لە ناوچە لە ڕێگەی ئەو گرووپانەی شەڕی نیابەتیی بۆ دەکەن.

بەڵام بەڕاست کۆماری ئیسلامیی ئێران دەتوانێ هەر ئاوا بەردەوام بێ؟ ئایا یەکدەستکردنی پتری دەسەڵات دادی دەدا؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە کە سەرەڕای دڵخۆشکردن و هیواپێبوونی خامنەیی بە کابینەی ڕەئیسی، بەڵام نیزام لە تەواوەتیی خۆیدا لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر ئاستەنگ بەرەوڕوون کە ئابووریی تێکتەپیوی وڵات لەسەرروو هەموویانەوەیە. جارێ پێش هەموو شتێک گەمارۆکانی سەر ئێران بەشی هەرە زۆر و کاریگەریان لەجێی خۆیانن، ئەگەرچی کارناسانی ئابووری ڕایان وایە تەنانەت هەڵگیرانی سزاکانیش ناتوانێ ئاهێک بە بەری مردووی ئەو ئابوورییەدا بکاتەوە؛ چونکی ئەو قەیرانە لە بنەڕەتڕا نەک دەرەنجامی گەمارۆ ئابوورییەکان، بەڵکوو بەرهەمی گەندەڵی، ناکارامەیی، ئابووریی ڕانتی و سیاسەتی چەوتی ئیدارەدانی وڵات و مافیای دەسەڵاتە و ئەو هۆکارانە هەموو هەر لەجێی خۆیانن و بە گۆڕینی دەوڵەتەکان چارەسەر نابن. دواتریش بە سەرنجدان بە کابینەکەی ڕەئیسی کە هەشت کەسیان لە فەرماندەرانی ئێستا و پێشووی سپای پاسدارانن و سپاردنی دیپلۆماسی بە مەیدان ناکرێ چاوەڕوانی سەرکەوتن لە سیاسەتی دەرەوەشدا بێ؛ هەربۆیە ئەم تێڕوانینە ڕادیکاڵەش لەسەر چارەنووسی بووژانەوەی بەرجامیش شوێن دادەنێ.

کێشەی سەرەکیی کۆماری ئیسلامییش کە کێشەی شەرعییەتی سیاسی و ڕەواییەتی ڕێژیم لەلای خەڵکە تۆختر لە جارانە و خەڵک بەتەواوی لە چاکسازی لەو چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا تەمابڕاو بوون. خەڵکی ئێران گەیوەتە ئێسکانیان و خوازیاری گۆڕانکاری بنەڕەتی لە نیزامی سیاسی و ئابووریی وڵات دان و ئەمەش واتە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی و بێهۆ نییە کە ڕێژیم بۆ ئیدارەدانی وڵات لەو قۆناغەدا جڵەوی کاروباری بە مۆرەیەکی وەک ڕەئیسی سپاردووە. جا ڕەنگە ڕەئیسی و دەوڵەتەکەی دڵخوازی ناوکی دەسەڵات بن و لە ڕوانگەی ئەوانە باشترین بژاردە و کاراکتەر بۆ هێشتنەوەی نیزامەکەیان لەو دەریا تۆفانییەدا بن، بەڵام بێگومان لە سۆنگەی ئەو جۆرە خوێندنەوە و لێکدانەوەیە قەیرانەکانی وڵات زیاتر و پەرەگرتووتر دەبن.

لە دەوڵەتی ڕەئیسیدا بەڵام سەرکێشییەکانی سپای پاسداران لە ناوچەش بەتایبەت بۆ سەر حیزبەکانی کوردستانی ئێران زیادی کردووە. ئەگەرچی هەڕەشە و هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستان سیاسەتێکی هەمیشەیی و بەردەوامی ڕێژیم بووە، بەڵام لە ماوەی ڕابردوودا ئەم پرکێشییانە زیاتر بوون کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی سیاسیی ناوچە پاش کشانەوەی هێزەکانی هاوپەیمان لە ئەفغانستان و ئەگەری کشانەوەی ئەو هێزانە لە عێراقیش، بەشێکی دیکەشی هەر لە درێژەی سیاسەتی پتر بە ئەمنیەتیکردنی پرسی کوردە.

کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ لە کوردستان پرسی مافی مرۆڤ، مافە مەدەنی و نەتەوایەتییەکان و ئازادییە دێموکراتیکەکان و داوا ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵک کە لە ڕێگەی جۆراوجۆری مەدەنی و ڕێکخراوەییەشەوە بەدوویدا دەڕۆن، بەردەوام لە گەشەکردندا بووە. دەزانێ کە ئاستی وشیاری خەڵکی کوردستان و هەروەها بوێری هێنانەگۆڕێی پرسەکانیان و ئەستاندنی مافەکانیان هەردەم لە هەڵکشاندا بووە. کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ چوار دەیە سیاسەتی سەرکوت، گرتن و ئێعدام و پلان و شەڕی نەرم بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس بۆ ڕێگری لە پەرەسەندنی بیری نەتەوایەتی و مافخوازی لە کوردستان نەک سەرکەوتوو نەبووە، بگرە ئاکامی پێچەوانەشی بووە. هۆکاری سەرەکیی ئەم شکان و ناکامییەشی بە جووڵانەوەی بەهێزی سیاسی و نەتەوەیی کورد و بوونی هێزگەلێکی وەک حیزبی دێموکرات بە پاشخانی پتر لە حەوت دەیە خەبات و تێکۆشان دەبەستێتەوە. بۆیەشە دەیەوێ لەو ڕێگەیەوە بەرەنگاری شوێندانەری و کارتێکەریی سیاسەتەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە کۆمەڵگەدا بێتەوە و پاراستنی نیزامی سیاسیی سەرکوتگەری خۆیشی تەنیا لە هەڕەشە و هێرش و توندوتیژیدا دەبینێ. بەڵام ئەوە ئاستی ساردکوتانە، چونکی لەجێدا بزووتنەوەی سیاسیی کورد تابعێک لە بوونی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەبووە و نییە. دواتر ئەوە کە ئەمجۆرە ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی تاقیکردنەوەی ئەزموونکراوەکانە و بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانیی پشتئەستوور بە هێزی پێشمەرگە و، بەبوونی ئیرادە و خۆڕاگریی خەڵکێکی مافویست و شوناسخواز لە پشتی ئەو جووڵانەوەیە، بەو هەڕەشە و هێرشانە بەچۆکدا نایە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەوەشدا هەر بەهەڵە چووە و ڕەئیسی و سپای پاسدارانیش هەر قەوانە کۆنەکە لێ دەداتەوە.

دواوێستگە: شەپۆلی نوێی سەرکوتی بزاوتە مەدەنی، کرێکاری و کۆمەڵایەتییە مافخوازەکان لە سەرانسەری ئێران و هەڕەشە و هێرش بۆ سەر حیزبە کوردییەکان، تەنیا بۆ سەپاندنی زیاتری کەشی ترس و تۆقاندن ئەویش بە مەبەستی بەرگرتن بە جموجۆڵە نارەزایەتییەکان و داپۆشینی قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتە. ئەوەش ڕۆیشتن و بەردەوامبوون لەسەر ئەزموونی تاقیکراو و شکستخواردووی نیزامە دیکتاتۆرەکانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢١

## بەڵایەک بەناوی کۆماری ئیسلامی

هەموو وڵاتێک گرینگی بە ویست و داوای خەڵکی خۆی دەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران نەبێ کە لەسەر داواخوازیی ڕەوایان دەیانکوژێ. هەموو وڵاتێک بەرژەوەندیی خاک و نیشتمانی خۆی لە سەرووی هەموو شتێکە، کۆماری ئیسلامی نەبێ کە هەموو سامان و سەرچاوەکانی وڵات بۆ ئەوانیدی لە وڵاتانی دی خەرج دەکا. هەموو وڵاتێک بایەخ بۆ گیان و سڵامەتیی خەڵکی خۆی دادەنێ، کۆماری ئیسلامی نەبێ کە لەسەر سەروو، ڕێبەری وڵات کڕین و هاوردەی واکسەن و دەرمانی دژەنەخۆشی قەدەغە دەکا هەتا خەڵکەکەی پتر کۆمەڵکوژ بکا. لەو بارەیەوە باس زۆرە و ئەوەی لەم ستوونەدا دەمانەوێ بێینە سەری هەر مەسەلەی سڵامەتیی خەڵک، بەڵام لە ڕەهەندێکی دیکەوەیە؛ ئەویش مەسەلەی مین لە کوردستان و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە لەو پێوەندییەدا.

حەوتوویەکە تورکیە بە هاوکاریی یەکیەتیی ئورووپا و بەرنامەی پەرەپێدانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و، لە چوارچێوەی عەمەلیاتێکی بەربڵاودا دەستی بە لەکارخستن و هەڵگرتنەوەی ٨٠ هەزار مین لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان خۆی لەگەڵ ئێران کردووە. وڵاتی تورکیە لە ماوەی زیاتر لە ٤٠ ساڵ (١٩٥٣-١٩٩٦)دا بۆ ڕێگەگرتن لە قاچاغ، هاتوچۆی نایاسایی و هەڵبەت لە ڕاستیدا بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەو بەشەی کوردستان نیزیک بە ٥ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی لەو ناوچانەی مینڕێژ کردووە. تورکیە دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆنڤانسیونی "ئۆتاوا"ی بۆ قەدەغەکردن و ڕاگرتن و بەکارهێنانی مینی دژەکەس ئیمزا کرد، ئێستا بە هاوکاریی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەستی بە هەڵگرتنەوە و خاوێنکردنەوەی ناوچە مینڕێژکراوەکان کردووە.

**پرسی "مین" لە ئێرانیش یەک لە کێشە و قەیرانە جیدییەکانی خەڵکی کوردستانە.**

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە بیانووی شەڕی کوردستان و عێراق زیاتر لە چل و دوو هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی لە چوار پارێزگاکەی کوردستان و خوزستاندا مینڕێژ کرد. دوای کۆتایی هاتنی شەڕ نەک هەر ١٢ میلیۆن مین لەو شوێنانە بەجێ مان، بەڵکوو سپای پاسداران پتر لە جاران ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی بۆ ڕێگری لە هاتوچۆی هێزەکانی پێشمەرگە مینڕێژ کرد.

دوای ٣٣ ساڵ لە کۆتایی شەڕ ئێستاش ڕۆژ نییە لە شوێنێکی کوردستان تەقینەوەی مین کارەساتێکی لێ نەکەوێتەوە. نیزیک بە تەواوی قوربانییەکانیش ژن و منداڵ، شوان و خەڵکی کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچەکەن. ئامارە ڕەسمییەکانی حکوومەت دەڵێن لە ماوەی سی ساڵدا (١٣٦٧-١٣٩٧)دا ٩٩٢٥ کەس لە ناوچە کوردستانییەکانی ئێران بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین کە ٢٨٢٣ کەسیان کوژراون و ٧٠٩٥ کەسیشیان نقوستان بوون. "چاونیوز"، ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاماژە بەوە کە ئامارە ڕاستییەکان زۆر زیاتر لەوەشن، دەڵێ تەنیا لە سێ ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مینەوە کوژراون، یان نقوستان بوون. لە زیانە گیانییەکانی تەقینەوەی مین بەولاوەتر ئەو خەسارانەن کە بەر ژینگەی کوردستان کەوتووە و بوونەتە هۆی ئەوەی زیاتر لە چوار میلیۆن هێکتار زەویی کشتوکاڵ لەو سۆنگەیەوە ببێتە بەیار و، خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک تەڵاق، بێسەرپەرستی هەزاران کەس، کۆچ بەرەو شارەکان، ژیان لە ترس و دڵەڕاوکێ و نائەمنییش بێتە وەک دەردی سەرباری دەردان.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ هەڵگرتنەوەی مین و خاوێنکردنەوەی ناوچە مینڕێژکراوەکان لە ئێران زیاتر لە ٢٠٠ میلیون دۆلاری پێویستە و ئامادەشە لەو بارەیەوە هاوکاریی کۆماری ئیسلامی بکا، بەڵام پێش مەرجەکەی ئەوەیە ئێران بێتە نێو کۆنڤانسیۆنی "ئۆتاوا"، کەچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەر سیاسەتی شەڕانخێویی خۆیەوە ئامادە نییە بێتە نێو پەیمانێکەوە کە ڕێ لە کوژرانی خەڵکی سڤیل و بێتاوان دەگرێ! کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکات ئیدیعا دەکا لە پرۆسەی هەڵگرتنەوەی مین لە ناوچە شەڕلێدراوەکان بەردەوامە و تەنانەت هەر جارە و لە شوێنیک "جێژنی پاکسازی"یشی بۆ دەگرێ، وەک چۆن تا ئێستا لە کرماشان و مەریوان لەو جۆرە جێژنانەی گرتووە و خەڵک بەو متمانە و ئارخەیانییەوە گەڕاونەتەوە سەر مووچە و مەزراکانیان، کەچی هەر لەو شوێنانە کارەساتەکان نەک دووپاتە، بەڵکوو سەت پاتە بوونەتەوە.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لەلایەک بە ڕواڵەت ئەرکی هەڵگرتنەوەی مینە نێژراوەکان خراوەتە ئەستۆی وەزارەتی بەرگری -کە خۆی لێ دەدزێتەوە- و لەلایەکی دیکەشەوە ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ کاڵای قاچاغ داوا دەکا بۆ ڕێگری لە هاتوچۆی قاچاغچییەکان! ناوچە سنوورییەکان پتر مینڕێژ بکرێن کە سپای پاسداران بێئەوەش لەو کارە بەردەوامە! هەروەها کۆمیسیۆنی مادە ٢ی ئۆستانداریییەکانیش کە دەبێ ئاوڕ لە قوربانییانی تەقینەوەی مین بدەنەوە، گوێیان لە ئەرکەکانیان خەواندووە. بەجۆرێک کە تەنیا لە سەردەشت و پیرانشار زیاتر لە ٢٥٠٠ پەروەندەیان لەسەر ئەوە کە قوربانییەکە بە قاچاغ سنووری بڕیوە، داخستووە! تەنانەت لە بواری وریاکردنەوەی خەڵک لە مەترسییەکانیش کەمترین کاریان نەکردووە و ئەگەر وشیارییەک لەو ماوەیەدا دروست بووبێ، بەرهەمی کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان بووە کە لەلایەن ڕێژیمەوە نەک هاوکاری نەکراون؛ بگرە چەت خراوەتە کار و پرۆژەکانیشیانەوە. هەربۆیە ئێستاش سەدان گوند لە



سەرچاوە
Serchawe

کوردستان هەن کە کاتی خۆی پایەگایان لێ بووە و دوایە چۆڵ کراون، بەڵام مینەکانیان کە پاش خۆیان بەدیاری بۆ خەڵک هێشتۆتەوە لەجێی خۆیانن و خەڵکەکەش کەمترین وریایی و زانیارییان بۆ خۆپاراستن نەدراوەتێ.

کوردستان هەر بەڵایەکی بە ناوی کۆماری ئیسلامی ئاوقا نەبووە، بەڵکوو شەڕ و لێکەوتەکانی کە مین یەک لەوانە، بەڵایەکی زیاترن کە هەر لە سۆنگەی ئەم ڕێژیمەوە بۆ خەڵک باریون. لە کوردستان کاربەدەستان نووستوون و گوێیان لە دەرد و مەینەتیی خەڵک خەواندووە، بەڵام مینەکان بەخەبەرن و هەروا گیان دەستێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١

---



سەرچاوە
Serchawe

## دنیایەکی ئارام و سەقامگیر بەبێ کۆماری ئیسلامی

ئەوەی لەو ڕۆژانەدا چەقی هاوکێشە جیهانییەکان پێوەندیدار بە پرسی ئێرانە، کێشەی ئەتومیی ئەو وڵاتە و "چوون و نەچوون"ەوەی بۆسەر مێزی وتووێژەکانە.

پەروەندەی ئەتومیی ئێران ڕێک ٢٠ ساڵە کارتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانی لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکاندا. ئەم پەروەندەیە لە ماوەی ئەم دوو دەیەدا هەوراز و نشێوی زۆری بڕی هەیا دواجار "بەرجام"ی لێ کەوتەوە، کەچی بەهۆی بەردەوامیی ئێران لە سەرەڕۆییەکانی دیسان چەتی تێکەوتەوە. دوای هاتنەسەرکاری دەوڵەتی نوێی ئەمریکا و دەسپێکی گەڕی نوێی وتووێژەکان بۆ ژیاندنەوەی بەرجام، کۆماری ئیسلامیی ئێران ئێستا زیاتر لە چوار مانگە پرۆسەکەی ڕاگرتووە و بەوەش چارەنووسی بەرجام جارێ ناڕوونە. بەڵام ئەوەی بە زەقی لە چاو دەدا ئەمەیە کە هەموو لایەنە سەرەکییەکانی دانوستانەکانە -فەڕانسە، بریتانیا، ئەڵمان، ئەمریکا- کەوتوونەتە حاڵەتێکی سڕ و بێهەڵویستیی دیارەوە. ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومییش بەهۆی ئەو بێهەڵوێستییە چاودێریی ورد و تەواوی بەسەر چالاکییە ئەتومییەکانی ئێراندا نییە، ئەویش لەکاتێکدا کۆماری ئیسلامی بێدەنگ و بە گڵۆپی کوژاوە، بەخێرایی لە چالاکییە ناوکییەکانی بەردەوامە.

پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی بەردەوام دانوستانەکان دوا دەخا و خەریکی کات کوشتنە، ئەدی ئورووپا و ئەمریکا بەدووی چییەوەن؟ جێگای سەرنجە کە ئەمریکا هەتا ئێستا سێ ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانس لەبارەی کەمبوونەوەی بەڵێن و دەربەستییەکانی ئێران و ئاستی نزمی هاوکاریی ئەتومیی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئاژانسی پشتگوێ خستووە و هیچ بڕیارنامەیەک لەدژی ئێران دەرنەچووە. یەکیەتیی ئورووپاش هەر هەمان سیاسەتی گرتووەتە بەر و خۆیان لە ڕێوشوێنی توند و سزادانی ئێران بەدوور گرتووە، بەڵام ئەم هەمووە هەوڵە بۆ دڵدانەوەی ئێران و ڕازیکردنی ئەم ڕێژیمە و هاندانی بۆ گەڕانەوە بۆ دەروەستییە ئەتومییەکانی هەربەڕاست چیی لێ شین دەبێ؟ یانی ئەوان نەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک نیزامێکی سیاسیی ئیدۆلۆژیک بۆ مانەوەی وەک هێزی ناوچەیی و، دوای خەرجکردنی بە میلیارد میلیارد دۆلار دراو، و ملدان بۆ تێچووی سزا ئابوورییەکان و خۆ دانە بەر تیغی ناڕەزایەتی و نائارامییەکانی نێوخۆی وڵات، هەتا دەستیان بە بۆمبی ئەتوم ڕانەگا هەدا نادەن؟ هەروەها لە کاتێکدا کە کشانەوەی ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان لە ئەفغانستان بوێرییەکی دیکەی بە کۆماری ئیسلامی داوە، کاتی ئەوە نەهاتووە کە کراوەتر، واقعبینانەتر و شێلگیرتر و

یەکلاکەرەوەتـر بەرەوڕووی ئێـران ببـنەوە؟ ئەمریکـا و وڵاتــانی ئورووپـایی کە دەبیـنن سیاسـەتی "ئەوپەڕی گوشـاری" تـرامپ حکوومەتەکەی خـامنەیی پێ نەڕووخـا و، ئێسـتا کە ڕێـژیم ئەو گوشـارەی لەسـەر کەم بـۆتەوە و نـاڕەزایەتییە جەماوەرییەکـان لە نێوخـۆی وڵاتیشـی سـەرکوت و خەڵتـانی خـوێن کـردووە و بەوە تەواو غەڕە بـووە، ئەدی چاوەڕوانن چـی لەو ڕێـژیمە ببیـنن کە بتوانن داهاتووی پێوەندییەکانیانی لەسەر بنیات بنێن؟

ڕێبەرانـی کۆمـاری ئیسـلامی سـەرەتای دەسـەڵاتەکەیان بە داگیرکـاری و بـارمتەگیری -پەلامـاردانی باڵوێزخـانەی ئەمریکـا- و دروشـمی بەرزی هەنـاردەی شۆڕشـەکەیان دەسـت پـێ کـرد. لەوکـاتەوە دەسـتیان گەیشـتبێتە هەر وڵاتێـک، شـەڕ و وێرانـی و کاولبوونیـان بـۆ بەدیـاری بـردوون و لە نێوخـۆی وڵاتـیش خەڵکی بێدەرەتـان و بێئەنوایـان بەبـارمتە گرتـووە و کردوویـانن بە قەڵغانی بەڵا و نەهامەتیی سەر خۆیان.

کۆمـاری ئیسـلامی چـوار دەیەیە هۆکـاری نائـارامی و ناسـەقامگیریی نـاوچەیە، ئەمە ئیـدیعای حیـزبە دژبەرەکـانی کۆمـاری ئیسلامی نییە، بەڵکـوو ڕاپـۆرتی کارناسـانەی ناوەنـدە هەواڵگرییەکـانی ئەو وڵاتـانەیە کە لەگەڵ ئێران دانوسـتانیان هەیە. ئەم ڕێـژیمە پاڵپشـتی سـەرەکیی تیرۆریزمی دەوڵەتییە لە دنیـادا، ڕاستیی ئەمەش لە زۆر دادگـای ئەو وڵاتـانەدا –ئەمریکـا و ئورووپـا- کە لەگەڵ کۆمـاری ئیسـلامی بێنەوبەرەیـان هەیە سەلماوە و بڕیاریـان لەسـەر دراوە. ئەم ڕێـژیمە چل سـاڵە دەگـرێ، دەکـوژێ، ئێعـدام دەکـا، ئەشـکەنجە دەدا، کۆسـتی خەڵـک دەخـا و وڵاتـی کـردووەتە کاولسـتان، ئەمەش دروشـم و بوختـانی ئۆپۆزیسیۆن نییە، بەڵکوو بەیاننـامە و بڕیارنـامەی ڕێکخـراوە نێونەتەوەییەکـانی مـافی مرۆڤن کە بەردەوام لێیـان لە هەڵلا دەدەن. دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی بەکـردەوە دژی هەمـوو ئەو بـایەخ و پرەنسـیپە جیهانـداگرانەیە کە ئەمریکـا و وڵاتـانی ئورووپـایی بانگەشـەی بـۆ دەکەن و تەنـانەت وەک عەلـی ئـۆف، سـەرۆککۆماری ئازەربایجـان لە هەڵـلای دا چـوار دەیەیە ترانزیتی مادەی هۆشبەر بۆ ئورووپا دەکا؛ تۆ بڵێی چیی دیکە پێویست بێ کە کۆمەڵگەی جیهانی ئەم ڕێژیمەی باشتر پێ بناسێ؟

دەسکەوت و دیارییەکـانی ڕێـژیم بـۆ خەڵـک لە نێوخـۆی وڵاتـیش ڕۆژانە هەر لە مێـدیاکانی ئەم وڵاتـانەدا تەتەڵە دەکـرێن و دێنە بەرباس:

ئـابووریی مـایەپووچ، بێکـاریی چەنـد دە میلیـۆنی، گرانیـی هەوسـارپچڕاو و کـۆمەڵگەی لێکتـرازاو. تەنـانەت ڕێـبەری ڕێـژیم سڵامەتیی خەڵکی وڵاتەکەی کردووەتە قوربـانیی سیاسـەتی شەڕانشـۆیانە و بـووەتە هۆکـاری سـەرەکیی مردنی ڕۆژانەی خەڵـک بەهـۆی کۆڕۆنـاوە. دەوڵەت نە شـەرعییەتی خەڵکیی هەیە و نە دەتـوانێ و نە دەیـهەوێ لایەک لە کێشە و ئـارێشەکانی خەڵـک



سەرچاوە
Serchawe

بکاتەوە. سەرۆککۆمار و ئەندامانی کابینەکەی سەرلەبەری جینایەتکاری جەنگین و زۆر لەوان و لەسەرووی هەمووانەوە رەئیسیی سەرۆکی دەوڵەت، لە سۆنگەی تاوانەکانیان دژی مرۆڤایەتی و سەرەرای پارێزبەندیی سیاسیی بەڵام لە ترسی ئەگەری دادخوازی بوێریی سەفەری دەرەوەی وڵاتیشیان نییە. کاربەدەست نییە لەم وڵاتە لە گەندەڵییەوە نەگلابێ. خەڵک بۆ مانەوەیان گورچیلەیان دەفرۆشن و لە زبڵداندا بەدوای پاشماوەکانی خواردندا دەگەڕێن. لە یەک ڕستەدا ئابووریی وڵات ئاداری بەسەر پادارییەوە نەماوە، بەڵام ئەوەی پایەدارە سەرکوت و زیندان و پەت و سیدارەیە. ئەو ڕێژیمە لەو هەلومەرجەدا و بەو بارودۆخەوە ناتوانێ بۆ ماوەیەکی بەردرێژ خۆی ڕابگرێ، ئەگەر دەرفەتی بووژانەوەی نەدرێتێ. ئەم ڕێژیمە لە سەرەتاشدا نەیدەتوانی ئاوا مل‌ئەستوور بێ و پرکێشی بکا، لەڕاستیدا ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی بواری بۆ نەڕەخساندبا.

لە ئێستادا خەڵک هەموو ناڕازین و ڕۆژ نییە مامۆستا وکرێکار، بازاڕی و پەرەستار، وەرزێر و سەنعەتکار، کارمەند و خوێندکار و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ لەو وڵاتە نەیەنە سەر شەقام. ئێران لە سیاسەتی دەرەکیی خۆیشیدا مایەپووچ بووە. هەر چەند ڕۆژ لەوە پێش بوو کە وەزیری دەرەوەی دەوڵەت بانگ کرایە مەجلیسی ئینقلابی! و تانەی ئەوەی لێدرا کە بۆچی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە ئەو دۆخەوە کە تا سنووری هەڵگیرسانی شەڕ لەگەڵ ئازەربایجان چووە پێشێ؟ بۆچی وتووێژەکان لەگەڵ عەرەبستان هیچیان لێ شین نابێ؟ یان بۆچی لە لوبنان دروشمی بەدژ بەرز بۆتەوە، دەستڕۆیشتووییەکانی لە عێراق لە کەمی داوە، لە یەمەن لە شەڕێکی دۆڕاودا چەقیوە و تەنانەت کار گەیوەتە ئەو جێیە کە لە سووریە بەشار ئەسەدیش پشتی تێبکا؟

بە دڵنیاییەوە ئێستا باشترین کاتە بۆ خۆ یەکلاکردنەوەی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. هیچ جیاوازییەک لەنێوان تالیبان و ڕێژیمی ئیسلامیی تاراندا نییە، بۆیە خەڵکی ئێران ڕوو بە ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی دەڵێن وەک چۆن ئامادە نین بەئاسانی تالیبان بەڕەسمی بناسن، چیدی پشتی کۆماری ئیسلامیش مەگرن. هەروەها ئەگەر سەقامگیری و گەشەی دێموکراسی لە ئێران و ناوچەتان دەوێ، وەرنە بەرەی خەڵکی ناڕازیی وڵاتەوە و پشتی ئەوان بگرن. قسەی کۆمەڵانی خەڵک ئەوەیە کە ڕێبەرانی دنیا و کۆمەڵگەی جیهانی باشتر وایە چاوکراوە بڕوانن و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ئێرانی ئازاد و دێموکراتی سبەیدا ببیننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبە کوردییەکان و پرسی ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی

[کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ٤٣ ساڵەی تەمەنیدا سیکلی کۆتایی دیکتاتۆری خۆی تێدەپەڕێنێ، بەڵام یەک لەو هۆکارانەی تا ئێستا وەک بەرگڕەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین لەو ڕێژیمە بەرهەست بووە، نەبوونی جێگرەوە و ئاڵترناتیڤ بووە. ئەم بەرگڕەیە لە ئێستادا چ دۆخێکی بۆ کۆماری ئیسلامی و هەروەها جووڵانەوەی ئێعترازیی بەرینی خەڵک دروست کردووە. "کوردستان" لەو پێوەندییەدا و لە چەند تەوەردا ڕاوسەرنجی حەمەنەزیف قادری، جێگری دووهەمی لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران؛ ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەرگرتووە.]

### حەمەنەزیف قادری، جێگری دووهەمی لێپرساوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

**عەلی بداغی: ئاڵتەرناتیڤی کۆماری ئیسلامی چییە؟ کێیە؟ ئادرەسی ڕوون بۆ بەدیل و جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی کامەیە؟**

**حەمەنەزیف قادری:** نارەزایەتییەکانی خەڵک بەهۆی نەبوونی ڕێبەرییەکی شێلگیر و خاوەن بەرنامە سەرکەوت دەکرێ و هیچکام لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش تا ئێستا لە ئاستی سەرتاسەریدا نەیانتوانیوە ئەم ڕێبەرییە بگرێتە دەست یەکێک لە فاکتەرەکانی مانەوەی دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکان، پەرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن و نەبوونی بەرنامەیەکی سیاسی و هاوپەیمانییەکی پێشکەوتنخواز و دێموکراتیک بووە کە جیاوازیی هزری و پێکهاتەیی لەگەڵ ڕوانگەی دەسەڵاتی ناوەندی پێوە دیار بێ. بەداخەوە زۆر جاریش گوتاری بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن، یان ڕوانگە و بۆچوون و سیاسەتیان لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری جیاواز نەبووە و بوونەتە پاساوچی بۆ تاوانەکانی سەرانی ڕێژیمەکان و سیستمە کۆنەپەرەستەکان. لە هەلومەرجی ئێستای ئێرانیشدا ئەم دیاردەیە بەڕوونی دەبینرێ.

ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بە شێوەیەکی کارناسانە شرۆڤە بکەین، بریتییە لەو بەدیلە کە ئامانج و ڕوانگە و گوتاری سیاسی و حوزوور و چالاکییەکانی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی پاوانخوازدایە و دەبێ شوناسی خۆی وەکوو ئاڵوگۆڕخواز و جێگرەوە و دژبەری بنەما دژە مرۆییەکانی دەسەڵات پێناسە بکا. لێرەدا لایەنێکی سەرەکی کە دەبێ پشتی پێ ببەسترێ و زۆر جار لەم بوارەدا ڕۆڵی گێراوە و تێچووی داوە، بەڵام ئاوڕی جیدیی لێ نەدراوەتەوە، هێزی گەل و ئیرادەی کۆمەڵانی



سەرچاوە
Serchawe

خەڵــکە کە لە تەواوی قۆناغەکــانی شــۆڕش و ســەرهەڵدانەکانی ئێرانــدا دەوری شــویندانەریان هەبــووە. لە شۆڕشــی مەشــرووتییەت، ســاڵەکانی دەیەی ٣٠ هەتــاوی و بــزووتنەوەی بەخۆمــاڵیکردنی نەوت (کە دواتــر دەرکەوت مەبەســت بە حکوومەتیکردنی نەوت بــۆ ڕیــژیمە دیکتــاتۆرە سەرکوتکەرەکان بووە). شۆڕشی ســاڵی ٥٧، خۆپیشاندانەکانی ســاڵەکانی ٨٨، ٩٦ و ٩٨ و تــا ئیســتا ئەوەمــان پــێ دەڵــێ کە ئۆپۆزیسیۆن بەپێی ئەو پێناسەیە کە ئاماژەمــان پــێ کرد لە گۆڕێدا نیــیە، ئەوەی کە هەیە خەڵکی نــاڕازی و وەزاڵەهــاتووی وڵاتە، ئەویش بەهــۆی نەبــوونی ڕێبەرییەکــی شــێلگیر و خــاوەن بەرنــامە، لەگەڵ ســەرکوتی ڕێــژیم بەرەوڕوو دەبــێ و هیچکــام لە لایەنەکــانی ئۆپۆزیســیۆنیش تــا ئێســتا لە ئاستی سەرتاسەریدا نەیانتوانیوە ئەم ڕێبەرییە بگرنە دەستەوە و بەرنامەیەکی گشتگیر ڕابگەیەنن.

ئەگەر لەم بارودۆخەدا بــاس لە لایەنی چالاکی پرۆسەی سیاسیی ئێران لە بەرانبەر ڕێژیمدا بکەم، بزووتنەوەکــانی گەلانی ئێران لە هەمــوو کاتێکدا زیــاتر لەسەر خەت و ئامادەی خەبــاتن، پاشــان کۆمەڵانی خەڵــک، ژنــان، کرێکــاران پێشــەنگی ئەم خەبــاتە جەمــاوەرییەن و بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ئێران کە ڕوانگەیەکی پێشکەوتنخوازانەتریان هەیە و باوەڕمەندن بە فرە پێکهــاتەیی و فرەنەتەوەبــوونی ئێران و پێیــان وایە کە تەنیــا ڕێگا بــۆ دەربــازبوونی یەکجاری لە سیستەمە دیکتاتۆرییەکــان بونیادنانی ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵە، دەتوانن ڕۆڵێکی گرینگ لەو خەباتەدا بگێڕن.

## ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان:

**ڕەزا کەعبی:** یەکێک لە هۆکارە سەرکییەکانی مانەوەی ڕژیم وێرای قەیرانگەلێکی قــووڵ و چەنــد لایەنە کە ســەرتاپێی ئەم ڕێژیمەی داگرتــووە، نەبــونی ئاڵتەرنــاتیڤێکی بەهێز و بــە پــێگەی جەمــاوەری و ناســراوە و تــا ڕادێکیش قەبــوڵکراوە لەلایەن هیزە ناوچەیی و جیهانییەکانە. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا زۆر بە بەرنــامە و بە ستراتژی بەڵام بە ئێعدام و تیــرۆر و ڕەشــەکوژی و لە هەمــان کاتــدا بــە ســازکردنی تــۆڕێکی بەریــن لــە دەســتوپێوەندکانی خــۆی لەژێــر نــاوی جۆراجــۆر و سیمای جیاواز لە هەولی ئەوەدا بووە کە هیچ ئاڵتەرناتیڤێک سەر هەڵنەدا و هەرچەشنە جێگەرەوەیەک لــە بــار بەرێ و هەر زۆر زوو بیخنکێنێ. هەر بۆیە ئێستا و لەم هەلومەرجە نــاتوانین هیچ ئاڵتەرناتیڤێک دەسنیشان بکەیــن، ئەگەرچی کۆمەڵێک هاوپەیمــانیی سیاســی و ڕێکخراوەیــی هەن کــە وەک ئاڵتەرناتیڤێــک خۆیــان دەردەخەن، یــا لانیــکەم هەول و ســەودای ئەوەیــان لەسەرە کە وەک ئاڵتەرناتیڤێک بناسرێن و دادنیان پێ دابنێن.

ئەوەش کــە لــە نێوخــۆی کۆمــاری ســێدارە ئاڵتەرناتیڤێــک ســەر هەڵبــدا و لەلایەن جەمــاوەروە پشــتیبانی بکــرێ بهــتەواوی مەوزوعییەتی لەدەست داوە و ئەگەر سەرەتا دلخۆشکردن بە وەها ئاڵتەرناتیڤێک تەوەهــوم و خۆشباوەڕی بــوو، ئیسە دەچێتە

خانەی شەبیادی و گەمژەیی. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نابێ بە دوای ئادرەسی ڕوون بگەرێ، بۆ؟ ئێستا کورد و بە تایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران گرینگترین و جەماوەریترین و ناسراوترین هاوپەیمانیی سیاسییە، ئەگەرچی خۆیی دەستی کەم گرتووە و بە جۆرێک چەقیوە. هەربۆیە ئاڵتەرناتیڤەکانی دیکە ئەگەر بوونیان هەیە دەبێ لەگەڵ ئەم ناوەندە پەیوەندی بگرن. ستراتیژیی کورد و داخوازییەکانی بۆ هەمووان ڕوونە. شتێک باو بووە کە "بزانین کێ چیمان دەداتێ" کە من زۆر بە هەڵەی دەزانم، ئەمە هیچ نەبێ دەستی کەمگرتنی خۆمانە. ئێمە دەبێ بەم ستراتیژییە پابەند بین کە کورد ناچێتە نێو هیچ هاوپەیمانییەک، مادام مافەکانی گەلی کوردی بە ڕەسمییەت نەناسیبێ. هەربۆیە ئەوان دەبێ بێن و بڵێن کە چەندە لەگەڵ ئەم پرەنسیبە نیزیک و دوورن.

## مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

**مستەفا مەولوودی:** ئاڵتێرناتیڤ و جێگرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لەنێو کۆمەڵانی هەراو و ناڕازیی ئێراندا دروست دەبێ. لە ئێستادا بەڕوونی ناتوانین ئادرەسی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی دەستنیشان بکەین و قامک لەسەر حیزب یان ڕێکخراو و بەرەیەک دابنێین و بڵێین ئەوە ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، ئەوە دروشمەکانیەتی و ئەمە ڕێباز و سیاسەتەکەیەتی و لە داهاتوویەکی نیزیکدا دێتەی جێگەی کۆماری ئیسلامی. بەڵام من بڕوام وایە لە ئێستادا و لەو هەلومەرج و بارودۆخەدا کە کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران خوڵقاندوویەتی، دروستبوونی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی زۆر قورس نییە و دەرەتان و ئیمکان و زەرفییەتی دروستبوونیشی لەنێو خەڵکی نێوخۆی وڵاتدا هەیە.

هەموومان دەبینین کە کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا کەمترین شەرعییەتی سیاسیی لەنێو خەڵکی وڵاتدا هەیە. لە ئێستادا کێشە و قەیرانەکان کە لە سۆنگەی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمەوە دروست بوون، تەواو تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیوە. پێچەوانەی یەک دەیە و دوو دەیە پێش ناڕەزایەتییەکان هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵیان گرتۆتەوە، لە ناوچەیەکدا قەتیس نین و هەموو شار و ناوچەکانی وڵاتی تەنیوە، مەودای نێوان ناڕەزایەتییەکانیش هەتادێ کورتتر دەبێتەوە و لە دە ساڵ و چەند ساڵ جارێک ڕا بۆتە ڕۆژانە. داوا سنووردارەکان ئێستا سنووره سوورەکانیشیان بەزاندووە و خەڵک لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمە تێپەڕیون. بە واتایەکی دی لە ئێستادا خواستەکان هەر تەنیا کۆمەڵایەتی و بۆ کار و بژیو و مز و حەقدەست نییە، بەڵکوو ویست و داواکان تەواو سیاسی و حقووقین. سروشتییە کاتێک بێزاری بەو ڕادەیە زۆر بێ، خەڵکی ئێران وەک کۆمەڵێکی بەرپرسیار و لەسەر هەست لەبیری دروستکردنی جێگرەوە و ئاڵتێرناتیڤی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەبن. من باوەڕم وایە ئەو توانا و پوتانسیەلە لە ئێراندا هەیە و نابێ نیگەرانی ئەوە بین.

**عەلی بداغی:** ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا چۆن دەتوانێ کۆماری ئیسلامی بەچۆک دابێنێ؟

**ڕەزا کەعبی:** ئێمە دەبێ بەم ستراتیژییە پابەند بین کە کورد ناچێتە نێو هیچ هاوپەیمانییەک، مادام مافەکانی گەلی کوردی بە ڕەسمییەت نەناسیبێ. هەربۆیە ئەوان دەبێ بێن و بڵێن کە چەندە لەگەڵ ئەم پڕەنسیبە نیزیک و دوورن کۆماری ئیسلامی نە بە چۆکدان، بەڵکوو دەبێ بەتەواوی بڕووخێ و لەنێو بچێ. ئەزموونی چل ساڵەی وڵاتانی ناوچە لە ئەفغانستان، عێراق، لوبنان، یەمەن، فەلەستین و... پێمان دەڵێ کە گۆڕینی ڕێژیمەکان بەبێ حوزووری جەماوەر و ئاخێزی گەورەی جەماوەری و ئیرادە و داخوازی ڕوون، و بە پشتبەستن بە کێشە ناوچەیی و جیهانییەکان، ئەگەریش بە ڕووخاندنی ڕێژیمی دەسەڵاتدار کۆتایی پێ بێ، بە واتای ڕزگاری لە کوشتار و فەقر و برسیەتی و گەیشتن بە ئازادی نییە.

ئێمە پێش ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە کە کام ئاڵتێرناتیڤ بوونی هەیە، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەی شۆڕشی جەماوەری چین و چۆن دەکرێ نەمێنن. یەکێک لە ئاستەنگە کاریگەرەکانی بەردەم ڕووخاندنی ڕێژیمی ئیسلامی ئەوەیە کە بۆ خەڵک ڕوون نییە پاش ڕووخاندن ئازادی و ئاسایش و ئەمنییەت سەقامگیر بێ و دور بێ لە شەڕی نێوخۆیی و سەرکوت و دیکتاتوری لەژێر ناوێکی دیکە. هەربۆیە حوزووری خەڵک و بەتایبەت بەرچاوڕوونییان بۆ داهاتو شەرتی یەکەم و پێویستە کە ئاڵتێرناتیڤێک بگاتە لوتکەی خەباتی جەماوەری و دڵنیایی بدا بە جەماوەری ڕاپەڕیو کە گەیشتن بە داخوازییەکانیان تا ڕادەیێکی زۆر مسۆگەرە.

**حەمەنەزیف قادری:** بۆ ڕێکخستنی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و یەکلاکەرەوە، دەبێ هەموو لایەنە سیاسییەکان لە ئاستی سەرتاسەریدا خەسارناسییەکی تەواوی دۆخی ڕابردوو و ئێستایان بکەن. سیاسەتی نێودەوڵەتی و گۆڕانکارییەکانی ئێستا ئەوەمان پێ دەڵێ کە کۆمەڵگەیەک بەرەو پێشکەوتن و گەشەسەندن دەڕوا کە سیاسەتی حوکمڕانی و یاسای بنەڕەتیی لەسەر بنەمای پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردن بێ و ئەو ئامانجە دەستەبەر بکا. بۆیە ئەو لایەنە سیاسییانە کە مێژوویەکی خەباتگێڕییان هەیە بە هاوپەیمانی لەگەڵ گەلانی ئێران و هەموو چین و توێژەکانی وڵات دەتوانن ئەو ئەرکە بە ئەنجام بگەیەنن و چەترێک دروست بکەن کە هەموو پێکهاتەکان لە خۆ بگرێ.

**مستەفا مەولوودی:** وەک باسم کرد من باوەڕم وانییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا ئاڵتێرناتیڤێکی دیاریکراوی هەبێ. بەڵام پێموایە لە هەلومەرجی ئێستادا هەموو لایەنە سیاسییەکان و خەڵک هەست بەو زەروورەت و پێویستییە

دەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو ڕێژیمە سەردەمی بەسەر چووە و هەموو زەرفییەتەکانی خۆی نیشان داوە. بۆیە لەمێژە پرۆژەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردووە و ئەم ماتەوزەیە لە خەڵکی ئێراندا هەیە کە بتوانێ لە ماوەیەکی کەمدا جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی دروست بکا و کاریگەرییەکانیشی بەزوویی دەربکەوێ؛ بە مەرجێک کومەڵێک واقع و حەقیقەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وەک هەیە بناسرێن و ویستی پێکهاتە و فرەییەکانی ئەم وڵاتە بەگشتی لەبەرچاو بگیرێن.

ئالتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی بە ئەزموونوەرگرتن هەر لەو ڕێژیمە و کارنامە و کارکردی دەیانساڵەی پێک دێ، بەو مانایە ئەوەی ئەم لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا نەیکرد، ئەو بیکا. ئەو ئاڵترناتیڤە دەبێ دێموکراتیک و سێکۆلار بێ، باری ناناوەندی (لامەرکەزی)ی هەبێ. بەپێی پێکهاتەی جۆراوجۆری نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی و مەزهەبی تەنانەت فەرهەنگییش لە بیری دێموکراتیزەکردنی ئێراندا بێ. لە شێوەی سیستەمی فیدراڵی و لەسەر ئەو ئەساسە کە پێکهاتە و ئاڵتێرناتیڤی ڕێژیم لە ئێراندا خەڵکی دێموکرات بن، نوێنەری پێکهاتە نەتەوەیی و خواستە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان بن و کار بکەن بۆ گۆڕینی نیزامی کۆماری ئیسلامی و پێکهێنانی نیزامی پارلەمانیی دێموکراتیک و نووسینەوەی یاسایەکی بنەڕەتیی دێموکراتیک کە مافی هەموو پێکهاتە و فرەییەکانی کۆمەڵی ئێرانی تێدا دەستەبەر بووبێ. ئەمن باوەڕم وایە ئەگەر بەستێن بۆ پێکهاتە و تەرکیبی لەو چەشنە هەبێ، خەڵک ئامادەیی ئەوەیان هەیە لە دەوری ئاڵتێرناتیڤی وا کۆ ببنەوە.

**عەلی بداغی:** ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات لەکوێی ئەو هاوکێشەیەدا جێ دەگرێ؟ تواناکانی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە تا چ ڕادەیەکن؟

**حەمەنەزیف قادری:** ئەو بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران کە ئامانجی پێشکەوتوو و مۆدێرنی هەیە و بانگەشەی سیستمی وەڵامدەر بۆ حوکمڕانیی داهاتووی ئێران لە جۆری دێموکراتیک، سێکۆلار و فیدراڵ دەکا، گوتاری لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا هاندەر و شوێندانەرە. بەتایبەتی گوتاری لایەنەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەناوی خەڵکەوە هەڵدەقوڵێ و بە هۆی ئەوەی کە هەست و سۆزی شۆڕشگێڕانەی تێدایە، گوڕ و تین دەبەخشێ بە خەباتی جەماوەری، وەک پرۆسەی ڕاسانی ڕۆژهەڵات کە خەباتێکی فرەڕەهەندە و لە کوردستاندا کاریگەریی لەسەر خەباتی سیاسی و نەتەوەیی بووە و دەبێ. هەر ئەوەشە کە گرینگی و گرێدراویی خەباتی نەتەوەکانی ئێران فاکتەرێکی گرینگە لە ژێئۆپۆلیتیکی وڵاتی ئێران و پاڵپشتە بۆ بزووتنەوەی سەرتاسەری لە ئێراندا. هەر بەو خوێندنەوەیە پێویستە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ زیاتر چالاک بکرێ.

**مستەفا مەولوودی**: ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران زۆر پەرشوبڵاو و نایەکگرتوون، جگە لەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە دێموکرات، چەپ، میللی، ئەتەوەییخواز و چی و چی خوێندنەوەی جیاواز و دوور لە یەکیان بۆ زۆر مژار و تایبەت هەیە، بەڵام یەک خاڵی هاوبەشیان بەگشتی لەگەڵ یەکتر هەیە کە تەنانەت لەگەڵ ناڕازییانی نێوخۆی ئێرانیش یەک دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە زۆربەی لایەنەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو ڕێژیمە سەردەمی بەسەر چووە و دەبێ بڕوا و لە جێگەی ئەو ڕێژیمێکی بەرپرسیار بێتە سەر حوکم. هەر ئەوە دەتوانێ دەرهاوێشتەیەکی باش و سەرفەسڵێکی نوێ بێ بۆ دۆزینەوەی ڕێکاری باش و موناسب بۆ بەیەکەوە کارکردن و کۆکردنەوەی زۆربەی لایەنەکان کە کاریگەریی زۆرتر لەسەر بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆشدا دادەنێ.

لە ڕووی قورسایی، لەگەڵ ڕێزم بۆ هەمووان لە ئێستادا هیچ لایەنێکم پێ شک نایە بەتەنیا ئەو کاریگەرییەی هەبێ و توانای بوون بە ئالتێرناتیڤی لێ بکرێ. بۆیە من ناوکی دروستبوونی جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بەڕاستی هەر لەنێو خەڵکی ناڕازی و چین و توێژەکانی نێوخۆی وڵاتدا دەبینم. لە سەردەمی مەشرووتەوە و بەتایبەت لە شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاویدا، خەڵک لەسەر شەقام چارەنووسی ڕێژیمی یەکلا کردەوە. خەڵک شوێندانەر و یەکلاکەرەوە بوون. خەڵکی نێوخۆی وڵات ئەو ڕاستییە دەزانێ و ئەمەش چەند هۆکاری هەیە:

**یەکەم**: کولتوور و فەرهەنگی ئێرانی زۆرتر ئەوە دەخوازێ،

**دووهەم**: ئەزموونی ڕابردوو ئەوەمان پێ دەڵێ و،

**سێیەم**: خەڵکی نێوخۆ زۆرتر لەگەڵ ڕێژیم دەرگیرن و دەبێ کار بکەن بۆ لابردنی ئەو نیزامە و جێگرکردنی نیزامی بەرپرسیار. کۆڕوکۆمەڵی نێودەوڵەتیش زۆرتر چاوی لە خەڵکی نێوخۆیە و گرینگی بە بزوتنەوەی نێوخۆیی دەدەن و ئەوەش دەتوانێ فاکتۆرێکی بەهێز بێ بۆ هاندانی خەڵکی نێوخۆی وڵات. هەڵبەت ئەوە بە مانای ئەوە نییە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دەرەوە هیچ کاریگەریی نییە، نا وانیە؛ بەڵام من پێموایە ناتوانێ کۆکەرەی هەموو پێکهاتەکان بێ. بۆیە ئەو کاریگەرییەی کە ناڕازییانی نێوخۆ هەیە و دەیانبێ ئەوانەی دەرەوە نایانبێ. دیارە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، حیزب و ڕێکخراوی بەئەزموون و مێژوویی هەیە. پێوەندییەکی زیندوو لەنێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ خەڵکی کورستاندا هەیە و هەر ئەوە وای کردوە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جێگایەکی تایبەتتر و لە ئاستی بەرزتردا بن. ئەوەش بۆ یەکلا کردنەوەی جێگرەوەی ڕێژیم لە کوردستان دەتوانێ شانسێکی باش بدا بە ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی ئێران و دەرەوە بۆ پێوەندیی قایموقۆڵی سیاسی لەگەڵ کۆی کۆمەڵگەی ئێرانی بە هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکانەوە.

**ڕەزا کەعبی**: ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات یەکدەست و یەک بیروباوەڕ و یەک ستراتیژ نین. بە هۆی تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و



سەرچاوە Serchawe

بەهۆی ئاسانبوونی پەیوەندی لەگەڵ ناوخۆ یا پێچەوانەکەی، هەر چەشنە جموجوڵ و چالاکییەک بەخێرایی دەنگ دەداتەوە و لەسەریەک کاریگەرییان هەیە. هەر بۆیە ئیستا ناکرێ دیوارێک لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوە بکێشرێ. بەڵام ئەمەش ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە کۆماری سێدارە بۆ ساڵانێکی زۆر توانی پەیوەندیی نێوخۆ و دەرەوە بپچڕێنێ کە ئیستاش ئاسەواری زیانباری ئەو سیاسەتە بەسەر ئەکتی سیاسیی دوو لایەنەوە ماوە.

بە نەزەری من ئەو ئەگەرەی کە ئاڵتێرناتیڤێک لە دەرەوە دروست بێ و ببێتە نوێنەر و دەنگی جەماوەر زۆر زۆر کەمە و ئەگەر لە ڕابردوودا بووە، ئیستا کۆسپی زۆر لە سەر ڕێگای وەها ئەگەرێک هەیە. کۆمەڵگەی ئێران گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە، هێزی کۆمەڵایەتیی گەورە و گرینگ وەک نەتەوەکان، ژنان، کرێکاران و بزووتنەوەی مەدەنی و دمۆکراسیخوازی بە هاسانی مل بە هەر ئاڵتێرناتیڤێک نادەن. ئەوان هەم هێزیان هەیە و هەم داخوازیی ڕوون.

**عەلی بداغی:** نەخش و ڕۆڵی خەڵک لە خوێندنەوەی هەموو لایەنەکاندا پڕدیارە. ئایا پێتان وایە نەخشی خەڵک یەکلاکەرەوەیە؟ چۆن؟

**مستەفا مەولوودی:** ئەوەی هاوکێشەی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی و داهاتووی ئێران یەکلا دەکاتەوە خەڵکە و پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی پەرشوبڵاوی دەرەوەی وڵات ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت.

**مستەفا مەولوودی:** لە ڕوانگەی منەوە خەڵک ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە، هەرچی شکڵ دەگرێ و پێک دێ سەرچاوەکەی خەڵکە و دەبێ لە خەڵک ئیلهام وەربگیردرێ. ئەوە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو وڵاتێک و لەنێو هەموو کۆمەڵێکدا هەر وایە. نیوسەدە لەوەپێش خەڵکی ئێران بەبێ پشتیوانیی کاریگەری دەرەوە خۆیان ڕێکخست و هاتنە سەر شەقامەکان و نیزامی ٢٥٠٠ ساڵەی پادشاییان لە ئێران تێکەوە پێچا، ئەگەرچی بەداخەوە ئەو شۆڕشە دەسکەوتەکەی نەچووە گیرفانی خەڵکەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەدا زۆری هەوڵ داوە خەڵک لەو وزە خەباتگێڕییە دامالێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە و خەڵک سەرەڕای تێچووی زۆری خەباتی سیاسی و مەدەنی، بەڵام کۆڵیان نەداوە و ڕۆژ بە ڕۆژ دروشم و ویستەکانیان ڕادیکاڵتر دەبێ. ئێستا داوای خەڵکی ئێران لە سەرەوەی خواستی کۆمەڵایەتی و کار و ئەمنییەت و بژیوی ژیانە، واتە هەوڵدان بۆ گۆڕینی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە نیزامێکی دێموکراتیک و خەڵکی. بۆیە پێموایە ئەوەی چارەنووسەکە یەکلا دەکاتەوە خەڵکە و پێویستە ئۆپۆزیسیۆنی پەرشوبڵاوی دەرەوەی وڵات ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاو بێت.

**ڕەزا کەعبی:** هەموو و هەر ئاڵوگۆڕێک بە ڕادەی بەشداریی جەماوەر و بە داخوازییەکانیان بەستراوەتەوە. ئەگەر قسە لە

ڕووخاندنی ڕێژیم و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی خەڵکی و کۆتاییهێنان بە سەرکوت و زوڵم و نابەرابەری و هەڵاواردن و کۆتاییهێنان بە ستەم دژی ژنان و نەتەوەکان و گەیشتن بە ئازادیە سیاسییەکانە، بەبێ حزووری جەماوەر مومکن نییە و نەبووە. لە ئێستاشدا ڕۆڵی خەڵک لە کێشە سیاسییەکان گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە. کۆماری ئیسلامی لە جەرگەی شۆڕشێکی جەماوەری توانی جڵەوی دەسەڵات قەبزە بکا و بەخێرایی وەها کۆمەڵگەی ئێرانی توشی شۆک کرد کە ئاسەوارەکانی ئێستا دەردەکەوێ کە باس لە ئاڵتێرناتیڤ دەکرێ. ئەو هێزانەی کە شۆڕشی ٥٧ ڕزگاری کردن و لە واقێعدا لە بتری هاتنە دەرێ تازە هیچ هێزێک ناتوانێ دووبارە بیانگەڕێنێتەوە. ئەم هێزانە هەروەها نە بەهاسانی دڵخۆش دەبن بە هەر ئاڵتێرناتیڤێک و نە بەهاسانی مل ئەدەن. وەک چۆن هەر ئێستا تاڵیبان لەگەڵ مەقاوەمەتێکی بەهێزی ژنان ڕووبەڕووە لە کاتێکدا ناوچەکە و جیهانیش خۆیان لە کردەوەکانی تالیبان لە گێلی داوە.

چل ساڵ دەسەڵاتی کۆماری سێدارە ئەگەرچی بە ڕواڵەت خەڵکی زۆر تەنگەتاو کردووە و ڕۆژژمێری دەکەن بۆ ڕزگاری، بەڵام بەڕاستی بیر لە داهاتووش دەکەنەوە. ئەو شتەی کە شۆڕشی ٥٧ و ئاکامەکەی دەرسێکی زۆر زۆر مێژوویی و گرینگی پێدان.

**حەمەنەزیف قادری**: هیچ بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز بەبێ پشتبەستن بە ئیرادەی گەل ناتوانێ بە ئامانجەکانی بگا و سەر بکەوێ و بەزیندوویی لە گۆڕەپانی خەباتدا بمێنێتەوە و لە ئەنجامدا دەپووکێتەوە. هۆکاری سەرەکیی گەشەکردن و مانەوەی بزووتنەوەی نیشتمانیی گەلی کورد ئەو پشتبەستنە بە ئیرادەی خەباتگێڕیی گەلەکەمان و بەشداریی ڕۆڵە ئازاکانی لە مەتەرێزی خەباتدا بووە. بەبێ هیچ دوودڵییەک هێزە سیاسییەکانی ئێران کە باوەڕمەندن بە ڕووخاندنی ڕێژیم و دامەزراندنی سیستمێکی پێشکەوتوو هیچ بژاردەیەکی دیکەیان لە بەردەستدا نییە، ئێمەی کوردیش کە ئامانجمان وەدیهێنانی کوردستانێکی ئازاد و یاسامەند لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیک و فیدراڵدایە، دەبێ خەباتی شار و شاخمان زیاتر بە گوڕ و تین بکەین. ئەزموونی خەباتی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوو پێمان دەڵێ خولانەوە لە دەوری کایەی باڵەکانی ڕێژیم و دروشمی بێبنەما جگە لە بەلاڕێدابردنی کاروانی خەبات هیچ ئامانجێک ناپێکێ، هەربۆیە دەبێ کوردستان وەک هەمیشە کە نازناوی سەنگەری ئازادی بە باڵایدا بڕاوە، بەشکۆتر لە جاران ئەو خەباتە بباتە پێش. ئەم ئەرکەش دەکەوێتە ئەستۆی ناوەندی هاوکاری کە هەڵگری ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و دەبێ لە هەموو بوارەکانی سیاسی، دیپلۆماتیک، ڕاگەیاندن، گرینگیدان بە خەباتی پێشمەرگانە، ڕێکخستن و جەماوەری و بانگهێشتکردنی هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چالاکانی مەدەنی ئەو خەباتە لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆییدا شوێندانەرتر بکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

## ئەو بارە لارەی بە کەس ڕاست نابێتەوە

سەت ڕۆژ لە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم ڕەئیسی، هەشتەمین سەرۆککۆماری ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانی تێپەڕی. سەت ڕۆژی یەکەمی دەسەلاتی هەر سەرکۆمارێک بە قۆناغی زێڕینی دەوڵەتەکەی دادەنرێ، بۆوەی دەری بخا کە چەندە پێبەندی وادە و بەڵێنەکانی بووە، بۆوەی هێلێکی گشتی و وێنایەکی سەرەتایی لە سیاسەت و ستراتیژییە سیاسی و ئابوورییەکانی بەدەستەوە دابێ و، بۆوەی بۆ بەردەوامیی خۆی، متمانەی خەڵک و دەنگدەرانی لە پشت کابینەکەی هێشتبێتەوە. لەو سۆنگەیەوە جێی خۆیەتی بزانین پێشکەوتنەکانی ڕەئیسی لەو ماوەیەدا چی بوون و ئەوەی خەڵک دەستیان کەوتووە و بینیویانە کامانەن؟ هەروەها عەداڵەت و دادپەروەری، خەبات دژی فەساد و ناکارامەیی و بووژاندنەوەی ئابووریی وڵات کە تەوەری سەرەکیی دروشمەکانی ڕەئیسی لە بانگەشەکانی هەڵبژاردن بوون، چیی لە واقعی سیاسیی وڵات گۆڕیوە؟

سەرۆککۆمارەکانی ئێران هەرکام بە ناساوێک لێک جیا دەکرێنەوە کە پێوەندییان بە وێژمانی سیاسی و کارنامەی بەڕێوەبەریی ئەوانەوە هەیە. تەمەنی سەرۆککۆماریی بەنی سەدر و ڕەجایی کەمتر لەوە بوو کە لە تاقیکارییەکان دەربچن و پاشناوێک بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، لە سەردەمی سەرۆککۆماریی خامنەییشدا کە ئەرکی بەڕێوەبردنی وڵات لە ئەستۆی سەرۆکوەزیران بوو. دوایە هاشمیی ڕەفسەنجانی بە ئیدیعای "سازەندەگی" و بنیاتنانەوەی وڵات -دوای شەڕی عێراق- جڵەوی کاروباری گرتە دەست، خاتەمی ناسناوی مێعماری وتووێژی شارستانییەتەکانی! پاوانی خۆی کرد و جاڕی ئیسلاحاتی دا. ئەحمەدینەژاد بە دروشمی عەداڵەتخوازی ٨ساڵی بە داهاتی زۆروزەوەندی نەوت بەڕێ کرد و ڕوحانی کە هەموو مەراقی سازان و ڕێککەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا بوو. بەڵام ڕەئیسی نە بە کارکردی وەک سەرکۆمار، بەڵکوو بەو ئەکتە سیاسییەی لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا لە دەزگای قەزایی گێڕاوێتی دەناسرێتەوە و قازیی ئێعدامی ئەوکات و سەرۆککۆماری نوێی ئێران مانگەکانی یەکەمی سەرکۆمارییەکەی بە دەسپێکی دوو دادگای سوید و لەندەن (دادگای لێپێچینەوە لە تاوانەکانی حەمید نووری و دادگای گەلیی خەزەڵوەری ٩٨) بەڕێ کرد.

ڕەئیسی کە دەیگوت دەوڵەت نابێ ئابووری بە دیپلۆماسی و دیپلۆماسی بە ئابوورییەوە ببەسترێتەوە، لە سەت ڕۆژی یەکەمی دەوڵەتی خۆیدا ئابووریی وڵاتی لە نەبوونی ستراتیژی و بێ پلانیدا بەرهەڵدا کردووە و چاوی هیوای لە ئازادکردنی پارە دەستبەسەرداگیراوەکان و ئاکامی دانوستانەکانی بەرجام بڕیوە. لەو سۆنگەیەشەوە نرخەکان نەک لەو سەت ڕۆژەدا سەقامگیر نەبوون، بەڵکوو ڕەوتی گرانبوونی نرخی شتومەک و کاڵا سەرەکییەکانی ژیان و ئاوسان لەو ماوەیەدا بە بەردەوامی چۆتە

سەرێ. پێودانگە سەرەکییەکانی ئابووری خراتر بوون، چاتر نەبوون؛ ئاوسان دوو ڕەقەمییە؛ نرخی دۆلار بۆ سەرتر و بایەخی دراوی نیشتمانیی ولات پتر دابەزیوە، سفرەی ژیان و بەرێچوونی خەڵک چووکە و بچووکتر بۆتەوە، هەڵدان و گەشەی ئابووری بەتەواوی ڕاگیراوە؛ یارانە دەوڵەتییەکان هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ژیانی خەڵک نییە و دەوڵەت بەهۆی کورتیهێنانی بودجەوە دەستی بۆ هیچ پرۆژەیەکی ئاوەدانکردنەوە نەبردووە. ئەو کە دەیگوت بازاڕی بۆرس ڕێکدەخاتەوە، لەو ماوەیەدا سڕ و کڕ و دەستەوەستان تەنیا سەیری ڕەوتی ڕووداوەکانی کردووە و ئەوە هەر خەڵکن سامان و سەرمایەیان لەدەست دەبێتەوە.

ڕەئیسی بەڵام لەو ماوەیەدا رەفتاری پۆپۆلیستیی و خەڵکهەڵخەڵەتێنی بە قەت هەر هەموو سەرۆککۆمارەکان بووە. ئەو لە ماوەی سێ مانگدا سێ یەکی خاکی ئێران گەڕاوە، سەردانی دە پارێزگای ولاتی کردووە و، بە گیرفانی بەتاڵ و لە حاڵێکدا بە لەقەلەق توانیویەتی مووچەی مانگی ڕەزبەری کارمەندەکانی تێ بکا، کەچی خەڵوار بڕیار و پەسندکراوی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە. ڕەئیسی ئەگەرچی ئەم سەردان و بەسەرکردنەوانە و لە نیزیکەوە دیدار و دانیشتن لەگەڵ خەڵکی دەستچنکراو بە دەسکەوتێک بۆ خۆی دادەنێ، بەڵام بەهۆی ناکامی لە دەستەبەری وادە و بەڵێنەکانی نەک هیچی لێ هەڵناگرێتەوە، بەڵکوو پتر لەوەندەش لەو نیزامە دەتەکێنەوە.

ڕەئیسی ئەگەر توانای چارەسەری قەیرانی سیاسەتی دەرەوە و ئابووریی ولاتی نییە، ئەگەر لە دابینکردنی کار و خۆشبژێوی بۆ خەڵکی بێکار زەبوون و داماوە، بەڵام لە کار و پیشەی پێشووی خۆیدا تەواو وەستایە و بە شارەزایی لێی بەردەوامە. قازیی مەرگ نیشانی دا کە ڕاستە نە دەزانێ قسە بکا و نە ئەزموونی سیاسەتی بەڕێوەبەریی ولاتی هەیە، بەڵام لە شوێنی خۆی و لە سنووردارکردنی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵک، لە سەرکوتی جیابیران، لە داخستنی ڕۆژنامە و کپکردنی دەنگی ڕەخنەگران کەس دەسکی لە دوو ناکا و سیاسەتی کرۆماتکردنی کۆمەڵگە لە قۆناغی سەرۆکایەتیی ئەودا پتریش ولات دادەگرێ. بە ئەمنیەتیکردن و ڕەشبگیرەکانی ئەم ڕۆژانە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانیش پێمان دەڵێ ڕوانگەی داخراوی دەسەڵاتی ناوەند لە سەردەمی ڕەئیسییش بۆ کوردستان هەر وا لەجێی خۆیەتی.

چارەنووسی دەوڵەتی ڕەئیسی بەڵام بەشێکی بەستراوەتەوە بە یەکلابوونەوەی بووژانەوەی بەرجام کە ئەگەرچی هەتا ئێستاش تیمەکەی گوێی خۆی لێ خەواندووە، بەڵام ناچارە و دەبێ ملی بۆ ڕابکێشێ. چونکی بەردەوامیی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بە کەمبوونەوەی گرژییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوە، کرانەوەی سیاسی و ئابووری و بەربلاوکردنی ئازادی و دێموکراسیی نێوخۆیی گرێ دراوە. هەلێک کە بەتەواوی دەوڵەتی پێشوو دەکرا و دەیتوانی بیقۆزێتەوە، بەڵام نەک هەر ئەو کرانەوەیە ڕووی نەدا، بەڵکوو کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵانی خەڵکی ئەوەندەی دیکەش لە دەسەڵات بێهیوا و تەمابڕاو کرد.

بەشەکەی دیکەی ئەم چارەنووسە لە دەستی خەڵکدایە. ناڕەزایەتییەکانی خەڵک کە هۆکارە سەرەکییەکانی لەجێی خۆیانن، ئاگرێک نین کە دامرکێن، ئەویش لە کاتێکدا خەڵکی وەزاڵەهاتوو ئامادەن تێچووی ئەو خۆڕاگری و بەربەرەکانییە بە زیندان و ئەشکەنجە و تەنانەت مەرگی خۆیشیان بدەن. بەڵام سەرکەوتنی ئەو ناڕەزایەتییانە و یەکلاکردنەوەی چارەنووسی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەندە بە کۆمەڵێک فاکتەر. بە ئەزموون وەرگرتن لە ناڕەزایەتییەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و پاشخانی دەیان ساڵەی خۆپیشاندان و نارەزایەتیدەربڕین لە دژی کۆماری ئیسلامی، خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان کاتێک بە ئامانج دەگەن کە مەبەستی ڕوون و دیاریکراویان لەپشت بێ. وێژمانی سیاسی و چوارچێوە کردەییەکانی خۆی بە دیاری دەستنیشان کردبێ. لە ئاستی سەرانسەریدا حکوومەت بە چالش بکێشێ و ڕێبەری و سەرکردایەتیی دیاریکراوی هەبێ. هەڵبەت لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا فاکتەری دەرەکییش گرینگە.

ڕووخانی کۆماری ئیسلامی لەگرەوی یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن و ڕێبەریکردنی یەکدەستی ناڕەزایەتییە سەراسەرییەکاندایە، لەوەدا کەس چاوەڕوانی پشتگیری و دەستێوەردانی دەرەکی نییە. هەر ئەوەندەی وڵاتانی زلهێزی یارمەتی بە مانەوەی ڕێژیم نەکەن و لە هەڵدێری ڕزگار نەکەن، خەڵک بۆ خۆیان تۆماری ئەو دەسەڵاتە تێکەوە دەپێچن. گرینگ ئەوەیە کۆمەڵگەی جیهانی تێ بگا کە کۆتایی کۆماری ئیسلامی، لاوازیی ئیسلامی سیاسیی بناژۆخواز لە سەرانسەری جیهانی بەدودا دێ و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە ئەگەر نایەنە پشتی خەڵک، هەر نەبێ پشتی ڕێژیم بەردەن و ببینن کە چۆن خەڵک ئەم ڕێژیمە هەم لە کۆڵ خۆیان و هەم لە کۆڵ کۆمەڵگەی جیهانیی دەکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢١

## دواپەردەی شانۆکە

کاتێک خۆپیشاندانەکانی بەفرانباری ٩٦ بە توندی سەرکوت کران، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی پێیانوابوو بۆ ساڵانێکی زۆر توانیویانە پاشەکشە بە جووڵانەوەی نارەزایەتیی خەڵک بکەن. بەڵام خەزەڵوەری ٩٨ گەیشتێ و ئەوان بە زەبری کوشتنی لانیکەم ١٥٠٠ کەس و بریندارکردن و گرتنی چەند هێندەی ئەوەندە کەسە توانییان گڕ و بڵێسەی خۆپیشاندانەکان دابمرکێنن. دواتر ئەو دڕندەیی و جینایەتە سامناکەش نەیتوانی ببێتە کۆسپ لەبەردەم بەردەوامیی نارەزایەتییە جۆراوجۆرەکان کە هەر جارەی لە سووچێکی وڵات و لە سۆنگەی قەیرانێکەوە سەر هەڵدەدەن.

بزووتنەوەی ئێعترازیی خەڵک بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کەرتی تەندروستی، ژینگە و سەرچاوە سروشتییەکان، ئابووری و بازاڕی کار، هەروەها گرانی و بێکاری و، کەمی و دواکەوتنی مووچە و حەقدەستەکان ڕەوتێکی بەردەوامە و دەوڵەت و حکوومەتیش لە چارەسەری ئەو قەیرانگەلە داماون. ئەو داماوییەش هۆکاری زۆرە: ئەولەوییەتەکانی ڕێژیم لە سەرەتاوە "مەیدان" و سیاسەتی دەرەوەی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش بووە، ئەمەش چەند پێداویستییەکی بەدوای خۆیدا ڕیز کردووە کە دروستکردنی گرووپ و میلیشیای جۆراوجۆر لە وڵاتانی ناوچە و بەخێوکردن و تەیارکردنیان بە چەکوچۆڵ، دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتومی، وەگەڕخستن و پەرەپێدانی پیشەسازیی مووشەکی بەشێک لەوان بوون. ئەمەش سەدان میلیارد دۆلار لە دارایی و سامانی گشتیی وڵاتی بۆ تەرخان کراوە و ئەوەی دەبوا لە پەرەسەندن و ژێرخانی ئابووریی وڵات خەرج کرابا، بۆ مەرامە ئیدۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم داندراوە. ئەوە جیا لەوەی لە سۆنگەی ئەو مەرام و سیاسەتانەوە دوو دەیەیە شریتی سزا و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان لەدژی ئێران نەپساوە و شوێنەواریی سزاکانیش ئێستا پتر لە هەموو کاتێک بە ژیانی خەڵک و پایەکانی کۆمەڵگەوە دیارە.

کۆماری ئیسلامی کە دەڵێ پووڵی بۆ دروستکردنی قوتابخانە و ژیاندنی مامۆستایان نییە، کە ئیدیعا دەکا ناتوانێ مووچە و مزی کرێکاران بباتە سەرێ، کە دەڵێ بە هۆی کورتیهێنانی بودجە توانای تەواوکردنی پرۆژە نیوچڵەکانی بواری ئاوەدانکردنەوەی وڵاتی نییە، بەڵام بۆ بەرنامە نیزامی و ئەمنیەتییەکانی خۆی و ژیانی حوسییەکانی یەمەن و حیزبوڵڵاییەکانی لوبنان و میلیشیاکانی دیکەی لە وڵاتانی دیکەدا یەک کێشەشی نییە.

گەندەڵیی سیستماتیک کە سەرلەبەری حکوومەتی داگرتووە، ناکارامەیی لە بەڕێوەبردنی وڵات کە بەشی زۆری بە کارتێل و

مافیای سیاسی ئەمنییەتی و ئابووری سپای پاسداران سپێردراوە، زاڵبوونی ڕوانگەی ئەمنییەتی بۆ مودیرییەتی پرسە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان کە خۆی سەرچاوەی زۆر کێشە و قەیرانی دیکە بووە، بەشێکی دیکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم دۆخەن کە چارەسەرکردنیانی لە توانای ڕێژیمدا نییە. تەنیا یەک نموونە: لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک خۆپیشاندان لە پارێزگاکانی خوزستان و ئیسفەهان بەهۆی قەیرانی ئاوەوە ڕووی دا. هۆکاری ئەم قەیرانە بەر لەوەی دەرەنجامی ویشکەساڵی و گۆڕانکارییەکانی سروشت و کەشوهەوا بێ، ئاکامی سیاسەتی ئاویی ڕێژیمە. لەلایەک زۆر پرۆژەی ئابووریی ئاوپێویست کە دەبوا لە قەراغەکانی خەلیج و دەریای عومان دروست کردبا لە پارێزگا ویشک و ڕووتەنەکانی وەک یەزد و ئیسفەهان و ئەراک دانراوە و دوایە ناچار بووە لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتەوە ئاویان بۆ بگوازێتەوە کە خۆی ئەمە قەیرانی کەمئاویی لە ناوچە پڕئاوەکانی پێشوودا دروست کردووە. ئێستا خۆ ئەگەر بیانەوێ بە هەڵەکەشیاندا بچنەوە تازە کار لە کار ترازاوە و نە ئەو پیشەسازییانە جێگۆڕکێیان پێ دەکرێ و نە لە توانایانەدایە چارەسەری قەیرانی بێئاوی و بێکاری بن کە لە سۆنگەی ئەم سیاسەتەوە ئاوقای ئەو ناوچانەیان کردووە. لە ئاستی گشتیی وڵات و کەرتەکانی دیکەشدا بارودۆخەکە هەر هەمان شتە.

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا توندترین گوشاریان لەسەرە و یان دەبێ چالاکییە مووشەکی و ئەتومییەکانیان بوەستێنن، یان خۆیان بۆ سزای زیاتر لەوەندە ئامادە بکەن. ئەوەش یانی حکوومەت ئەوەندەی دیکەش داماوتر دەبێ و خەڵک هێندەی دیکەش دەکەونە تەنگانەوە، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە خەڵکیش چیدی دەست لەسەر دەست دانانێ. بۆیەشە ڕێبەرانی حکوومەت کەوتوونەتە نێوان دوو بەرداشی سامناکەوە. نە دەتوانن دەسبەرداری بۆمبی ئەتوم و مووشەک بن کە بەهۆی پشتتێکردنی خەڵک و نەبوونی شەرعییەتەوە و هەروەها دوژمنایەتیی دنیا بە تەنیا گەرەنتیی مانەوەی خۆیانی دەزانن؛ نە ئینتیمای گەڕانەوە و چارەسەری دۆخەکەش لە خۆیاندا شک دەبەن و؛ نە چیدیش دەرەقەتی ڕق و تووڕەیی پەنگخواردووی خەڵکی ئێران دێن.

حکوومەت پتر لە هەموو کاتێک لە ڕووخانی نیزیک بۆتەوە. داماوی لە سیاسەتی دەرەکی، نەبوونی شەرعییەتی گەلی و کۆمەڵایەتی لە تەنیشت بەردەوامی و بەربڵاوی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر و تۆکمەتری نارەزایەتییەکانی خەڵک، ڕێبەرانی ڕێژیمیان هەراسان کردووە. ڕێژیم کارتێکی دیکەشی لە دەستدا نەماوە هەتا بۆ ڕازیکردنی خەڵک دەکاری بکا و نە دروشمی "ئیسلاحات"، نە بانگەشەی "هێنانی پووڵی نەوت بۆ سەر سفرەی خەڵک"، نە وادەی "بەئاکامگەیشتنی بەرجام" چیدی دادی نادا.

گرینگتر لەوانەش سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوتە کە لەوەندە زیاتر بڕ ناکا و خەڵکی پێ چاوترسێن نابێ، چونکی

لەمێژە بوێری و چاونەترسیی خەڵک جێگەی بە زمانی فیشەک و ئاگری ڕێژیم لێژ کردووە. خەڵک بەرەو یەکگرتوویی و ڕێکخستنی خۆیان و جووڵانەوەی نارەزایەتییەکانیان هەنگاو دەپێون. تەمەنی ڕێژیم ئاوا بووە، ئەگەر وڵاتانی زلهێز دیسانەکەش نەیگرنەوە و ئاهێکی دیکەی بەبەردا نەکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## سازان لەگەڵ ئێران، لەپێناو چیدا و هەتا کەی؟

ڕەوتی وتووێژەکانی بووژاندنەوەی بەرجام لەحاڵێکدا چاوەڕوان دەکرا پێش ساڵی نوێی زایینی بگاتە ئاکام، دیسان چەتی تێکەوتەوە لەگەڵ ئەوەشدا پرسیار ئەمەیە لە ئەگەری دیسانەکە سازان و ڕێککەوتنی ئێران و زلهێزەکاندا چی دێتە گیرفانی خەڵکەوە؟ خێروبێری ئەو ڕێککەوتنە پتر بۆ خەڵکە یان دەسەڵات؟

ئەم پرسیارە لەوە ڕا دێ کە لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیدا پێچەوانەی وڵاتە گەلی و دێموکراتیکەکان بەرژەوەندییەکانی خەڵک و دەسەڵات یەک نین. خەڵکی ئێران لەجێدا لەپێناو ماف و ئازادی و خۆشبژێویی پتر تەقڵی شۆڕش بوون و بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی خوێنیان دا، بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو هەر زۆر زوو پشتیان لە هەموو وادە و بەڵێنەکانی پێش شۆڕش کرد. خەڵک ژیان و ماف و ئازادی و ئارامیی دوای شۆڕشیان دەویست، بەڵام ئەوان شەڕیان بەسەر کوردستاندا سەپاند و بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕ لەگەڵ عێراقیان درێژ کردەوە، تەنیا بۆوەی لەسۆنگەی پێشترییەتی شەڕەوە بناغەی دەسەڵاتەکەیان قایم و نەیاران و ڕەخنەگرانی دەسەڵاتەکەیان بەبێدەنگی دەمکوت و قەڵتوبڕ بکەن.

خەڵک دوای قۆناغی شەڕیش بە هەموو زیانە گیانی و ئابوورییە زەبەلاحەکانیەوە کاتێک پێکدژیی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و دەسەڵاتیان دی، کەوتنە هەوڵی گۆڕانکاری و، بۆ ئەوەش نیزیکترین پرد و ڕەوتی بۆ بەدواداچوونی داخوازەکانیان هەڵبژارد کە ڕیفۆرم بوو، بەڵام ڕەوتی چاکسازیی حکوومەتی ئەوەندە بڕشتەی نەبوو بتوانێ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بە قازانجی خەڵک بکا. دوو دەیە پاش پشتبەستنی خەڵک بە ڕەوتی ئیسلاحات و تەمابەردان و هیوابڕاویی خەڵک، ئەمجارە شەقامەکان بوونە دەنگ و نوێنگەی ویست و ئیرادەی خەڵک، بەڵام چ لە بەفرانباری ٩٦ و چ لە خەزەڵوەری ٩٨ و چ لە ناڕەزایەتییەکانی دیکەی سەرشەقام لە سۆنگەی کێشەی ئاو و بژێوەوە، بینیمان کە وەڵامی دەسەڵات هەر سەرکوت و کوشتوبڕ بووە.

کۆماری ئیسلامی بە هەموو زمانێک و بە هەموو شێوەیەک پێت دەڵێ کە بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا ئامادەیە هەموو پاشەکشە و نەرمشێکی قارەمانانە! لە بەرامبەر هێزە بیانییەکاندا بکا، بەڵام لە بەرامبەر خەڵکدا حاشا و کەللا. ڕێبەرانی ڕێژیم مافی حوکمەت و دەسەڵات تەنیا بە بازنەی تەسکی خۆیان و دەوروبەریان ڕەوا دەبینن، سامانی گشتیی وڵاتیش بە

ملکوماشی خۆیانی دەزانن و لە ڕوانگەی ئەوانە خەڵک لە دەرەوەی ئەو هێڵەوەن و ماف و ئازادییەکانی خەڵک لای ئەوان پووڵێکی قەڵب ناهێنێ. لە ئێستاشدا کە کۆماری ئیسلامی خۆی بە قوربانیی سزا ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی دەزانێ، پێویستە بگوترێ کە لە بنەڕەتڕا ئەوە کۆماری ئیسلامییە گەمارۆی خستۆتە سەر خەڵکی ئێران و ئەوانی لە خاک و ئاو، سەرچاوە سروشتییەکانی سەرزوی و ژێرزەوی و ماف و ئازادییەکانیان بێبەش کردووە.

ماف، ئازادی، ئەمنییەت و ئابووری بەشێکی سەرەکی و ژیانەکی لە ژیانی هەر کەسێکن، بەڵام دەسەڵات باش دەزانێ لە هەرکام لەو بەستێن و بوارانەدا چەندی لە بەرژەوەندیی خەڵک پاشەکشە بکا، بەو ڕادەیە و پاشان پتریش لە سەرچاوەکانی هێز و توانای خۆی کەم دەبێتەوە، بۆیە دانوستانەکانی ڤییەن سەر بگرن و بەرجام بگاتەوە ئەنجام و نەگاتە ئەنجام، هیچ لە ڕەوشی خەڵک و کۆمەڵگە ناگۆڕێ. حکوومەت لە هەر پێگە و بارودۆخێکدا خەڵک و کۆمەڵگەی تەنیا بۆوە دەوێ وەک قەڵغانێک لەهەمبەر مەترسییە بیانییەکان بەکاریان بێنێ. ئەوان سامانی گشتیی خەڵک و وڵاتیان بۆ گیرفانی خۆیان و دامودەزگای تێرۆر و ئەتوم و مووشەک و سەرکوت دەوێ. هەر ئێستاش کە سەیری بودجەی ساڵی نوێ دەکەی، مووچە و مزی کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستا و پەرستارەکان سەرەڕای ئاوسانی نیزیک بە سەتا ٥٠ کەمترین زیادکردنیان بەخۆوە بینیوە، کەچی بودجەی سپای پاسداران و دەزگا ئەمنیەتی و تەبلیغاتییەکانی ڕێژیم دوو هێندە و چەند هێندە زیادیان کردووە.

ئاشکرایە کە ئابلۆقە و سزا ئابوورییەکان دەستی کۆماری ئیسلامییان بۆ زۆر پلان و پیلان کورت کردووە، بەڵام ڕێژیمی دژی گەلی ئەوەی نەکردووە بە بارگرانییەکی سەیر بۆ خۆی؛ بەڵکوو زۆرترین قورسایی ئەو گوشارەی خستۆتە سەر شانی خەڵک. لە سەختترین ڕۆژەکانی قەیران و ئابلۆقەکاندا یارمەتیدانی کۆماری ئیسلامی بە میلیشیاکانی ناوچە کەمی نەکرد. هەژاری گۆڕخەوی و زبڵگەڕی لە ئێراندا پەرە پێدا، بەڵام ئەوان دەیان میلیارد دۆلار سامانی گشتیی وڵاتیان لە سووریە بەفیڕۆ دا. بۆیە جارێ ئەوەندە ئاسان نییە دانوستانەکان بگەنە ئاکام، بەڵام ئەگەر بگاتە ئەو قۆناغەش هیچ لە بەرژەوەندیی خەڵک ناگۆڕێ، ئەویش چەند هۆی سەرەکیی هەیە:

یەکەم ئەوەی خەڵک ئەزموونی پێشووتری بەرجامی هەیە کە سزاکانی سەر ئێران هەڵگیران و بە فڕۆکە دۆلاریان بۆ تاران دەگواستەوە، کەچی نە بێکاری کەمی کرد، نە نرخی شمەک و کاڵا دابەزی، نە وەبەرهێنان زیادی کرد، نە سفرەی خەڵک دەوڵەمەندتر بوو، نە کرانەوەیەکی سیاسی و گۆڕانێکیش بە سەر دۆخی ماف و ئازادییەکانی خەڵکدا هات. بۆ؟ چونکی هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەجێی خۆیان بوون و بەرجام تەنیا و تەنیا دەستی ڕێژیمی بۆ پەرەپێدانی بەرنامەی مووشەکی و قەیرانخوڵقێنییەکانی لە ناوچەدا کراوەتر کرد. ئێستاش لە ئەگەری سازان و ڕێککەوتنێکی دیکەدا

دۆخەکە تەنیا لە بەرژەوەندیی کورتمەودای ڕێژیم دەبێ. بۆیە کورتمەودا چونکی لە بنەڕەتڕا کێشەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی لەبن نایەن. چونکی کۆماری ئیسلامی ناتوانێ بێ‌قڕە دانیشێ و بەشێک لە نەزمی سەقامگیری کۆمەڵگەی جیهانی بێ، لەبەر ئەوەی دەزانێ توانای خوگونجاندن لەگەڵ ئەم ڕەوشەی نییە. بۆیەشە هەوڵ دەدا لە پەناوە وەک حکوومەتێکی سەرەڕۆ بە کەلکوەرگرتن لە پێکدژیی بەرژەوەندیی زلهێزەکان درێژە بە هەبوونی خۆی بدا و هەوڵ بدا بە دەستخستنی بۆمبی ئەتومی و چەکی کۆمەڵکوژی بەهێزتر پارێزبەندیی زیاتر بۆ خۆی دەستەبەر بکا. ئەوەش وا دەکا بەرگژەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی وەک کێشەکانی درۆنەکان، قەیرانی مووشەکی، کێشە ئەمنییەتی و ناسەقامگیریی ناوچەکە و لە نێوخۆی وڵاتیش پرسی مافی مرۆڤ و کێشەکانی خەڵک و دەسەڵات لە نێوانیاندا هەڵەسوون بێننەوە و تەمەنی ئەو ڕێککەوتنانە کورت و کەم‌ماوە بنوێنن.

بەڵام ئاخۆ مووشەک و چەکی ئەتومییش -کە دەستڕاگەیشتنی ئێران پێی مەحاڵ دێتە بەرچاو- دەتوانن ئەو پارێزبەندییە بۆ کۆماری ئیسلامی دروست بکەن؟ ئەزموونە مێژووییەکان دەڵێن نا. یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشووش مووشەک و چەکی ئەتومیی زۆری هەبوو، دوای ئەمریکا کۆکوپۆشتەترین سوپای سەربازیی جیهانیشی هەبوو، بەڵام ڕووخا. رووخا چونکی هێڵی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەگەڵ خەڵک جیا کردبۆوە، چونکی گەندەڵی سەرتاپای پێکهاتەی سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتی داگرتبوو، چونکی زۆربەی زۆری داهات و سامانی وڵات نەک بۆ خۆشبژێویی خەڵک بەڵکوو بۆ تەڕاتێن و دژایەتیی وڵاتانی دی تەرخان دەکرا. بەڵام زۆرترین سەرکوتی ستالینییش نەیتوانێ وڵاتێکی سەقامگیر و جێکەوتوو دروست بکا، هەروەک دۆخی ئێستای کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد — ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢٢

### چارەنووسی ڕێژیم لە دەست خەڵک و ئۆپۆزیسیۆندا

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سۆنگەی کەڵەکەبوونی ئەو قەیرانگەلەی کە ڕەنگبێ هەرکام لەوان بەتەنیا و بەجیا بۆ ڕووخانی هەر ڕێژیمێکی دیموکرات بەس بن، لەمێژساڵە باسی نەمان و دارمانی دەکرێ. ئەوەش کە لە دانوستانەکانی ئەم دواییانەی ڤییەن بۆ بووژانەوەی بەرجامدا و بەهۆی پشتبەردانی مۆسکۆ و پێکەن و لەژێر گوشاری هاوتەریبی ئەم دوو وڵاتەدا ئامادە بووە نەوی بنوێنێ و پاشەکشە -"نەرمشی پاڵەوانانە"- گەورەکە بکا، دیسان ئەم گریمانەیەی بەهێز کردۆتەوە کە ئاخۆ لە کاتی هەرەسهێنانی ڕێژیم نیزیک بوویندتەوە؟

پرسیارەکان روونن: تۆ بڵێی بە نەویکێشانی کۆماری ئیسلامی و دەستبەردانی ڕێژیم لە بەرزەفڕییە ئەتومییەکەی کێشەی لێکترازانی کۆمەڵایەتی، گەندەڵیی ئەخلاقی و حکوومەتی، قەیرانی ئابووریی تێکتەپیوی وڵات، هەژاری و بێکاری و تەمابراوی و دەیان قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵک چارەسەر بن و پارێزبەندییک بۆ ڕێژیم دەستەبەر بێ؟ تۆ بڵێی لە بنەڕەتڕا ڕێژیم بەمجۆرە دەست بەر دەداتەوە؟ ئاخۆ خامنەیی بوێریی خومەینیی بۆ هەڵدانی جامە ژارەکە هەیە و ڕێبەری ئێستای ڕێژیم لەو ئێعتبار و حەیسییەتە مێژوویە و باوەڕمەندییەی لە شەڕفرۆشی و دژایەتیکردنی ئەمریکا بۆ خۆی دەستەبەری کردووە، دەست هەڵدەگرێ؟ ئەدی چی لەگەڵ بیروڕای گشتیی وڵات دەکا کە بەردەوام بەرجام و سازان لەگەڵ دنیای دەرەوە لەسەر "بایەخە شۆڕشگێڕی"ـیەکانی نیزامیان بە خەیانەتێکی گەورە دانابوو؟ پاشان ڕێژیمێک کە لە سیاسەتی دەرەکیی خۆیدا واز لە بۆمبی ئەتوم و مووشەکی بالستیک بێنێ، ڕێژیمێک کە قووت و بژیوی میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییە گوێلەمستەکانی خۆی لە ناوچەدا ببڕێ، ڕێژیمێک کە خەونی هیلالی شیعەکەی وەلا بنێ و بیەوێ بەشێک لە ئەمنییەت و سەقامگیریی دنیا بێ، دەتوانێ ئەم کۆماری ئیسلامییەی ئێستا بێت؟ دواجار ئاخۆ ئەم ڕێژیمە پاشەکشە و نەرمینواندنەکانی بەنیسبەت جووڵانەوە ئیعترازییەکانی نێوخۆی وڵات چەندە و چۆن دەبێ؟

ئەوە ڕاستە کە گوشاری دۆخەکە و قورسایی سزاکانی سەر ئێران خامنەیی و ڕێبەرانی دیکەی ڕێژیمی ناچار بۆ ملدان و گەڕانەوە بۆ بەرجام کردووە، بەڵام ڕوونە کە پێچەوانەی پێشمەرجەکانی کۆماری ئیسلامی نە گەرەنتیی لابردنی هەموو سزاکانی سەر ڕێژیمیان دەدرێتێ و نە بایدەن دەتوانێ گەرەنتیی مانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکەیان لە داهاتوودا بکا. تەنانەت ئەگەر بەشێک لەو سزاگەلەش لەسەر ئێران سووک ببێ، لە ئەگەری سەرکەوتنی کۆماریخوازەکان لە هەڵبژاردنەکانی نۆڤەمبری ٢٠٢٢ و دەسخستنی زۆرایەتیی کۆنگرە بیانەوێ هەمان سزاکان بە پەسندکردنی یاسا بخەنەوە سەر ئێران.

دیارە سروشتییە کە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە هەر وڵاتێکی نادێموکراتکدا ئەگەرچی ڕەواییەتی ڕێژیمی سیاسیی ئەو وڵاتە دەبەنە ژێر پرسیار و هەم خەڵک و هەم دەسەڵات بەرەوڕووی یەکتر دەکەنەوە، بەڵام مەرج نییە ببنە هۆکاری ڕووخانی حکوومەت، چونکی دەسەڵاتی سیاسی ئامراز و میکانیزمی زۆری بۆ پاراستنی هێزی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا شک دەبا کە توندوتیژی و سەرکوتی خوێناوی لە پێش هەموویانەوە دێ. لە ئەمریکای لاتین، ئەفریقا، ئاسیا و ئورووپای ڕۆژهەڵاتیش زۆر وڵات هەبوون بە هێڵی لێکترازانی کۆمەڵایەتی و هەڵوەشانی ئابووریدا تێپەڕیون، بەڵام حکوومەتەکانیان بەهۆی لەدەستدابوونی توانای پڕوپاگەندە و هێزی سەرکوت خۆیان لەبەردەم ئەو لافاوانەدا ڕاگرتووە. بەڵام لێرەشدا پرسیارێکی جەوهەری هەیە کە ئەویش فاکتەری "کات"ە، بەو مانایە هەتا کەی؟

کۆماری ئیسلامی نە لە ڕووی سیاسی و شەرعییەتی دەسەڵاتەوە سەرچاوەی هێزە لە نێوخۆ و نە لە دەرەوەی وڵات. لە ئێستا سەرچاوەکانی هێزی ڕێژیم لە عێراق، لوبنان، سووریە و ئەفغانستانیش لە کەمییان داوە. لە ڕووی ئابوورییشەوە حکوومەت توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی نییە و بۆیە دیەوێ بە لابردنی دۆلاری ٤٢٠٠ تمەنی لە بودجەی ساڵی داهاتوودا کەمێک لەو بارگرانییە لەسەر شانی خۆی سووک بکا، بەڵام جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەش هێندە ئاسان نییە و لەوانەیە سەرهەڵدانی جەماوەری و ناڕەزایەتیی گشتییەوە — کە ئەگەرچی بەتوندی سەرکوت دەکرێ- تێچووی زۆر و قورسی دیکەی بۆ ڕێژیم هەبێ. کۆماری ئیسلامی بۆ گەرەنتیی دەسەڵاتەکەی پێویستیی بە ئاشتەوایی نیشتمانی و پڕکردنەوەی کەلێنی خەڵک و حکوومەتە، ئەوەش بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی دیکتاتوریی کۆماری ئیسلامی و جیابوونی بەرژەوەندییەکانی خەڵک و حکوومەت مەحاڵە.

جا ئێستا لە کاتێکدا کە ڕێبەری ڕێژیم بازنەی دەسەڵاتی پتر لە هەموو کاتێک تەنگتر و تەنگەبەرتر کردۆتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش ئامادە بووە پێچەوانەی چوار دەیەی ڕابردوو -کە قەت ناوکی سەرەکیی دەسەڵات بەرپرسایەتیی سەرەکیی وڵاتی وەئەستۆ نەگرتووە و هەموو کاتێک دەوڵەت و سەرۆککۆمارەکانی کردووەتە قەڵغان- مهەندیسیی هێنانەسەرکاری دەوڵەتێکی



سەرچاوە
Serchawe

تەواو یەکدەست لەگەڵ خۆی بکا؛ لە کاتێکدا کە ناتوانی بە سەر گەندەڵیی سیستماتیکی حکوومەت و کاربەدەستانی لە هەموو جومگەکانی بانکی، دەوڵەتی، سەربازی و بەڕێوەبەرایەتیدا زاڵ ببێ؛ و لەکاتێکدا گۆڕانکارییە ناوچەییەکان نەک لە بەرژەوەندیی ڕێژیم بەڵکوو لەدژی ئەوان شکاونەتەوە و لە سنووره جوغرافیاییەکانیدا پتر لە هەموو کاتێکدا هەست بە نائەمنی دەکا؛ و لەکاتێدا کە مانگرتن و بزووتنەوە ئێعترازییەکان دوای سەرکوتی خوێناویی ٩٨یش دانەمرکاون و هەر ڕۆژە لە شوێنێکی وڵات سەر وەدەر دەنێن؛ سروشتییە لەو بارودۆخەدا بیر و زەینەکان پتر بۆ لای ڕووخان و هەرەسهێنانی ڕێژیم بچێ. ئەوەی تا ئێستا ئەو دۆخەی وەپاش داوە، نەبوونی ئامادەیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسایەتیی ئەو تێپەڕینە لە کۆماری ئیسلامی بووە. بۆیە ئەوەی بۆ ڕێژیم دەمێنێتەوە کەمکردنەوەی گرژییەکانە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو تەمایەی ئاهێکیان بێتەوە بەر و تەمای هەستانەوەیەکی دییان لێی هەبێ، بەڵام ئەمەش دادیان نادا.

ئێران لە دۆخێکی بۆنبەست و داخراوی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریدایە. نە هیچ هێزێکی سیاسی لە نێوخۆ دەتوانێ ئەو دۆخە بگۆڕێ و نە درێژەدانی ئەو بارودۆخەش ڕێی تێدەچێ، ئەوەی ڕێژیم بۆ مانەوەی پشتی پێ بەستووە تەنیا لە یەکدەستکردنی پتری بازنەی دەسەڵات و لە بەهێزیی سەرکوتدا خۆی دەبینێتەوە. ڕێژیم باش دەزانێ کە قین و گرکانی پەنگخواردووی خەڵک وەک عەمباری باڕووت چاوەڕێی یەک تریشقەیە و دەزانێ هەرچەشنە نەوێکێشان و پاشەکشە لە بەرامبەر خەڵکدا دەتوانێ تەقینەوەیەکی گەورەی کۆمەڵایەتیی لێ بکەوێتەوە کە تەخت و بەختیان ئاوەژوو بکاتەوە. بۆیەشە پێیوایە بە سەرکوتی توندوتیژ و بێبەزییانەی نارەزایەتییە بچووک و پەرشوبڵاوەکان دەتوانێ ڕێ لە هەڵبوونی خەڵک بگرێ. بەڵام بەدڵنیاییەوە لەهەمبەر سەرهەڵدانی میلیۆنی و سەرانسەریدا دەستەوەستان دەبێ، هەڵبەت ئەوەش بەندە بەوەی کە چەندە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دەتوانێ بە زاڵبوون بە سەر نەخۆشی و کەمایسییەکانیدا خۆی لە بەرگی جێگرەوەیەکدا دەر بخا و ڕێبەریی نارەزایەتییە گشتییەکانی وڵات و تێپەڕین لە قۆناغی کۆماری ئیسلامی بگرێتە دەست.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe

# کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕووخێ

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا جێژنی ٤٣ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەگرێ، کە لە ماوەی ئەو ساڵانەدا زۆر کارەسات بە سەر خەڵکی وڵات هاتوە و لە سۆنگەی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات لەلایەن ئەم ڕێژیمەوە مەترسیی زۆر کارەساتی دیکەش بۆ سەر خەڵک و کۆمەڵگە هەست پێ دەکرێ. بەڵام ئەو پرسیارەش لەو کاتوساتەدا بەجێیە بکرێ ڕێژیمێک کە کەمترین شەرعییەتی لەلایەن خەڵکەوە هەیە و ئێستا زۆرینەی ڕەهای خەڵک پشتیان تێکردوە، چۆنە هێشتا دەسەڵاتی بەدەستە؟ خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ نەیانتوانیوە خۆیان و وڵات لەو دۆخە دەرباز بکەن و هۆکارەکانی چەقبەستوویی ئەو دۆخە و بۆنبەستی گۆڕانکارییەکان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی چین؟ بۆ بزووتنەوە نارەزایەتییەکان ناگەن بە ئاکام و بۆچی ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانیوە ببێ بە ئالتەرناتیڤی ئەو ڕێژیمە؟ یەکەم هۆکار لێکبڵاویی ئۆپۆزیسیۆنە. ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکدا بچنە خانەی کاری هاوبەش و هەرەوەز و پێکهێنانی حکوومەت لە تاراوگە و بەدەستەوەگرتنی جڵەوی نارەزایەتییەکانی نێوخۆ و ڕێبەریکردنی، بەڵکوو ئێستاش بەشێکی زۆر لەوان وزەی سەرەکیی خۆیان لەدژی یەکتر بەکار دێنن. بە واتایەکی دی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ گوشارێکی ئەوتۆی لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری خۆیەوە لەسەر نییە، ڕێژیم پاڵی داوەتەوە و دژبەرانیشی سەنگەریان لەدژی یەکتر گرتوە.

ناکۆکی و جیاوازیی قووڵی بیرکردنەوە لە نێو ڕووناکبیران و ئیلیتی کۆمەڵگە، کە کۆمەڵگە چاوی لە دەم و ڕەفتاری ئەوان بۆ شوێنکەوتنە، هۆکارێکی دیکەی مانەوەی ڕێژیمە. بەشێک لە ڕووناکبیران باوەڕیان بە شۆڕش و گۆڕانکاری قووڵ و ڕادیکاڵ هەیە، بەشێکی دی بەڵام لایەنگری ڕیفۆرم و خەباتی ناتوندوتیژن و هەشن کە شتی تریان لە گۆڕانکاریی سیاسی پێ لە پێشترە. ئەوانەی لایەنگری شۆڕش و ڕووخانی ڕێژیمن، لایان وایە جەوهەری ئیستبدادیی ڕێژیم نەگۆڕە و هەتا کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدا بێ، لە سۆنگەی قۆرغکردنی هەموو جومگەکانی وڵاتەوەوە گۆڕانکاریی دیکە لە بەستێنەکانی ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتیشدا بەدی نایە.

لە بەرانبەردا لایەنگرانی خەباتی ناتوندتیژ ڕایان وایە هەر چەشنە جموجۆڵێکی ڕادیکاڵ تەنانەت ئەگەر ڕووخاندنی نیزامی سیاسیی وڵاتیشی بەدواوە بێ، حاکمییەتێکی سیاسیی سەرەڕۆ و نادێموکراتیک لەجێی ڕێژیمی پێشوو دێنێتە سەر کار و، بەو پێیە لایەنگری چاکسازیی بەشێنەیی و بەرەبەرەی دەسەڵاتی سیاسیی نادێموکرات و ئیستبدادیی ئێستاکەن!

دەنگی سێهەم لە کۆمەڵگەش پێکهاتەی سیاسی لە قەوارە گشتییەکەی وڵات جیا دەکاتەوە و لای وایە بە پەرەسەندنی قووڵ لە کەرتەکانی ئابووری، کولتوور و کۆمەڵگە نیزامی سیاسییش ناچار بە گۆڕانکاری و تۆخ‌فڕێدان دەبێ. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش بە مودیرییەتی تایبەت بە خۆیەوە ڕێی لە دروستبوونی دەرەنجامێک لە ئاکامی بەریەککەوتنی ئەو فرەوێژمانییە گرتوە و لە بەرژەوەندیی خۆیدا لەغاوی کردوون.

کێشەیەکی تر لە بەردەم دروستبوونی هاوپەیمانییەکی نیشتمانی بۆ گۆڕینی نیزامی سیاسی و دێموکراتیزەکردنی وڵات لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە، سووڕانەوە لە جەغزی کۆمەڵێک بەها و ئیدئۆلۆژی و دوگماتیزمی وەک پاراستنی تەواوەتیی خاکی وڵاتدایە، ئەویش لە کاتێکدا کە حکوومەتی بێکیفایەت و گەندەڵ و نابەرپرس بە قۆستنەوەی ئەو هەلە؛ ئارخەیان و ئاسوودە خوێنی خەڵکی وڵاتی لە شووشە کردوە. ئۆپۆزیسیۆنی دڵنیگەران کە بەشی زۆریشیان لە دڵی وڵاتانی ئورووپایی و ڕۆژئاواییدا دەژین و ڕۆژانە دێموکراسی و ماف و ئازادییەکانی خەڵک لەو وڵاتانە بە چاوی خۆیان دەبینن، دەبێ باوەڕ بەوە بهێنن کە تەواوەتیی خاکی ئێران لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا تەنیا و تەنیا لەسۆنگەی دابینبوون و پارێزراوبوونی مافە نەتەوایەتییەکان و مافی وەک یەکی هەموو نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئەو وڵاتە دەستەبەر دەبێ. هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێویستە زۆر زوو ئەو قۆناغە ببڕن و بە ڕێککەوتن لەسەر جەوهەری مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان، جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ و میساقەکانی پەیوەست بەوان، گۆڕینی قانوونی بنەڕەتیی وڵات بە قانوونێکی بنەرەتیی هەڵقوڵاو لە ئیرادەی ئازادی خەڵک، پێداگری لەسەر دێموکراسی، مافە بنەڕەتییەکان و وەک یەکی هەموو نەتەوەکانی وڵات، جیایی دین لە دەوڵەت و داڕشتنەوەی نیزامی سیاسیی وڵات بەبەشداری هەمووان و بێ پەراوێزخستنی هیچ لایەنێک ببن بە ئالترناتیڤی جێی متمانەی خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانییش. دواتر هەوڵەکانیان لەسەر ئەو چڕ بکەنەوە کە بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی شۆڕشێکی دی پێویستە، یان بە ڕێگا و شێوازی دی ئەشێ کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا بهێنرێ.

شۆڕش بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی پێویستیی بە ڕێکخستنێکی بەربڵاو، پلانبۆدارێژراو و جموجۆڵی بەرفراوانی ئامانجدار هەیە کە بە لەبەرچاو گرتنی کۆمەڵگەیەکی لێکترازاوی ژێر شاڵاوی بنیات و دامودەزگای سەرکوت و ئیستبدادی سەخت و دژوار دەنوێنێ. بەڵام هەتا ئێستاش ڕوانگەکان هەر لەسەر تەوەری جووڵەی گشتی و جەماوەریی ڕێکخراو لە سەرەوە بۆ خوارێ دەوەستێ، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەزموونی مێژوویی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران دەگەڕێتەوە کە خەڵک جووڵە و ڕێکخراوی ژێر چاوەدێری و کۆنترۆڵی "ڕێبەر"ی قبووڵە و گۆڕانکارییەکانیش تەنیا لە بەستێنی سیاسیدا دەبینێ؛ بۆیە چاوەڕوانی هەل و دەرفەتی لەبارە. هەڵبەت لێرەشدا پرسیار ئەوەیە کە ئەم هەل و دەرفەتە لەبارە چۆن دروست دەبێ، کێ دروستی دەکا و خەڵک چۆن خۆی تێدا دەبیننەوە؟

بۆ هەمووان ئاشکرایە کە لە ئێستادا بوار بۆ سەرهەڵدانی جەماوەری خۆش و لەبارە. هەر ئەو ماوەیە لە کۆبوونەوەی نهێنیی "قەرارگای سارولڵا"دا کە بەڵگەکانی ئاشکرا بوو، هاتبوو کە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە ۱۰ مانگی ڕابردوودا سێ هیندەی ساڵی پێشوو بووە. قەیرانە ئابوورییەکان کە خۆی لە بێکاری، ئاوسان و گرانیدا دەبینێتەوە، لە تەنیشت قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و بەڕێوەبەریی ناکارامەی حکوومەتی گەندەڵ و بچووکبوونەوەی هەرچی زیاتری ئاڵقەکانی جێیباوەڕی ناوکی دەسەڵات بارودۆخێکیان پێکهێناوە کە ڕێژیم بۆ دامرکاندنی تەنیا و تەنیا زمانی چەک و سەرکوت شک ببا.

لەو هەلومەرجەدا سەرەڕای ئیرادەی ڕێژیم بۆ سەرکوتی توندوتیژ ناڕەزایەتییەکان بە ئاکام دەگەن بێتوو چەند فاکتەرێک بایەخمەندیی خۆیان پەیدا بکەن. پێش هەموو شتێک ئەگەرچی باڵی ڕێفۆرمخوازی ڕێژیم هیچ متمانەیەکیان لای خەڵک نەماوە، بەڵام تەوەهومی ڕێفۆرم لە حکوومت بە شێوەی ئاسان و بێ‌ژانەسەر هێشتا ئاسەواری بە کۆمەڵگەوە دیارە؛ ئەو گومان و تەوەهومە نابێ بمێنێ.

ئۆپۆزیسیۆن دەبێ خۆی ببینێتەوە و بتوانێ ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا ڕێبەری بکا و ڕێکیان بخا. هەروەها ئەو گومانە دەبێ بڕەوێتەوە کە ڕێژیم بەهێزە و توانای سەرکوتی هەرجۆرە سەرهەڵدانێکی هەیە. هەر ئێستا دەبینین کە هێز و توانای حکوومەت لە دەرەوی سنوورەکانی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە نزمی دەدا و ڕێژیم بە هەموو توانای تەبلیغیی خۆیەوە هەوڵ دەدا شکان و هەرەسهێنانەکەی داپۆشێ. نموونەی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرانەش کە زەبروزەنگیان لە کۆماری ئیسلامییش زیاتر بووە و بە سەرهەڵدانی خەڵک ڕووخاون گەلێک زۆرە. ڕێژیم کەمایەتییەکی چەند سەد هەزار کەسیی سپا و بەسیج و هێزە چەکدار و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی بە دەورەوە ماوە کە بێگومان ناتوانن لەبەرامبەر شاڵاوی میلیۆنیی خەڵکدا خۆڕاگری بکەن. بەڵام هەموو شتێک لەگرەوی پێویستیی وتوویژ، لێکتێگەیشتن، سازانی هێزە گۆڕانخوازەکان لەسەر بنەما هاوبەشەکان و هاتنە مەیدانی ئۆپۆزیسیۆنێکی ئەرکوەخۆگر دایە و ئەوەش ئەرک بۆ هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم دروست دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٢

## سەردەمی شۆڕش نەبڕاوەتەوە

لە ڕێبەندانی ١٣٥٧دا خەڵک بە دروشمی "مردن بۆ شا" و پاشان خۆڕاگری و پێداگرییان لەسەر ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی شۆڕشێکی مەزنیان سەر خست. خەڵکی ئێران پێیان وابوو بە تێپەڕین لە نیزامی پاشایەتی دەتوانن هەلومەرج و داهاتوویەکی باشتر بۆخۆیان چێ بکەن. ٤٣ ساڵ پاش ئەم ڕووداوە و وردبوونەوە لە چوار دەیە کارنامەی کۆماری ئیسلامی ئەم پرسیارە گشتییە دەورووژێنێ کە ئاخۆ خەڵک هەڵەیان کرد؟ هەمدیسان ڕێبەرانی ڕێژیمی تازەدامەزراو چۆن توانییان بەسەر خەڵک و شۆڕش و وڵاتدا زاڵ بین و هەتا ئێستاش وەک مۆتەکە لەسەر شانی خەڵک وەمێنن؟

ڕێبەرانی شۆڕشی ئیسلامی بە وادە و بەڵێنی بەدرۆ توانییان جڵەوی نارەزایەتییەکانی پێش شۆڕش بگرنە دەست و پاش سەرکەوتنی شۆڕش و بە ئەزموونێک کە لە ڕێژیمی پێشوو وەریان گرتبوو، هەر لە یەکەم ساتەکانەوە کەوتنە قەڵتوبڕی نەیارەکانیان. هێشتا سێ ڕۆژ لە سەرکەوتنی شۆڕش تێنەپەڕیبوو (شەوی ٢٥ی ڕێبەندان) چوار ئەفسەری پایەبەرزی ڕێژیمی پێشوو کە هەر ئەو ڕۆژە و لە دادگایەکی چەند خولەکیدا مەحاکەمە و بە بڕیاری خەڵخاڵی سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو، لە سەربانی قوتابخانەی "ڕیفاه"، شوێنی مانەوەی ئەوکاتی ئایەتوڵڵا خومەینی و بە ئاگاداریی ئەو گوللەباران کران. ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی ڕوخساری ڕێژیم بوو، و ئێعدامی شۆڕشگێڕانەی! دژبەران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام درێژەی بووە. خومەینی کە قسەی سەری زار و بنی زاری دادپەروەری بوو، بناغەی ڕێژیمەکەی لەسەر تێرۆر، کوشتن و زەبروزەنگ و توندوتیژی دانا، بۆوەی کەس نەوێرێ دەنگ هەڵبڕێ و لەوانەشە دادپەروەری لە ڕوانگەی ئەو زاتەوە هەر ئەمە بووبێ!

ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە لە سەرەتای شۆڕشدا جاریان دەدا هەم ئەم دنیا هەم ئەو دنیای خەڵکیان بۆ گرینگە و، جەننەت و کەرامەتیان بۆ بەدیاری دێنن، ئەم دنیایان لە خەڵکی وڵات کردە دۆزەخ و بۆ ئەو دنیای دیکەش کەرامەتیان پێ نەهێشتن. کاتێکیش هەژاری و بێ‌ئەنوایی خەڵکی هێنایەوە سەر شەقام، تێیان خوڕین کە کوا شۆڕشی ئێمە بۆ نان بووە؟ ئامانجی شۆڕش بردنەسەرێی هەڵکردنی ئاڵای ئیسلام و بەرزکردنەوەی ئەخلاق و مەعنەوییات بووە! بەڵام هەر بەڕاست لە بواری بایەخە ئیسلامییەکان، گەشەپێدان بە ئەخلاق و مەعنەوییاتیشەوە چی کراوە؟ تۆمەز نازانن ٤٣ ساڵ دەسەڵاتی ڕێژیمە ئیسلامییەکەیان چەندەی خەڵک لە بایەخە ئایینییەکان دوور خستۆتەوە؟ ئاخۆ عەدالەتی ئیسلامی ئەوەیە کە خامنەیی بە هێزە چەکدارەکانی دەڵێ "ئاتەش بە ئیختیار" بن و ئەگەر خەڵک بۆ نارەزایەتی هاتنە سەر شەقام

جینایەتگەلی وەک خەزەڵوەری ٩٨ بخولقێنن؟ یان ئەگەر مامۆستایان گوتیان بەرێ ناچین، کرێکار و خانەنشینکراوان هاواریان هەڵبڕی شەرمەزاری ژن و منداڵی برسییانن و داوای مافەکانی خۆیان کرد، لێیان دەن، چاویان دەرێنن، بیانکوژن و تەنانەت گۆڕیزریان کەن؟ ئەخلاقی و بایەخە کۆمەڵایەتییەکانیش کە روونە چارەنووسیان بەکوێ گەیشتوە. هەر بە داننانی خۆیان هەڵکشانی ئاماری تاوانە کۆمەڵایەتییەکان و بوونی بیست و پێنج ملیۆن پەروەندەی شەڕ و ناکۆکی و تاوانکاری لە دەزگای قەزایی پێوەرێکی باش بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم ئیدیعایەشە!

کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا وڵاتی لە هەموو ڕوویەکەوە، چ سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرەو هەڵدێر بردوە. لە ڕووی ئابوورییەوە ناوەندەکانی پلاندانانی کۆماری ئیسلامی، وەک ڕێکخراوی بەرنامە و بودجە وریایی ئەوەی داوە کە بێتوو گەمارۆکان لەسەر ئێران هەڵنەگیرێن، ئابووری ئیفلیجی ئێران لە ساڵی ١٤٠٣دا بەتەواوی هەرەس دێنێ، هاوکات لە ئەگەری هەڵگیرانی سزاکانیشدا بێتوو فۆنداسیۆنی ئیدارەکردنی وڵات هەروا لەجێی خۆی بێ و نەخشەڕێی ئابووری-سیاسیی وڵات سەرلەبەری دانەڕێژرێتەوە، دوو ساڵ دواتر (١٤٠٥) هەرەس دێنێ. بەڵام ئاخۆ خەڵک ئەوەندە دەرفەتەش بە حکوومەت دەدەن؟ بۆ وەڵامی ئەوەش پشت بە بەڵگەیەکی ڕەسمیی حکوومەتی دەبەستین. ماوەیەک لەوەپێش بوو کە بەڵگەیەکی زۆر نهێنی لە کۆبوونەوەی "پێشگیری لە قەیرانی ئەمنییەتیی بڕێویی بەردەوام" بڵاو بووە و لەودا دان بەوە داندرابوو کە سەرهەڵدانی سەرانسەریی خەڵکی ئێران زۆر نیزیکە و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە یەک ساڵی ڕابردوودا سێ هێندەی پێشوو زیادیان کردوە. لەو بەڵگەیە کە لەلایەن گرووپی سایبێری "عەداڵەتی عەلی"یەوە بڵاو کرایەوە و باس لە ئاکامگیریی کۆبوونەوەیەک دەکا کە"قەرارگای سارولڵا" ڕۆژی ٣٠ی خەزەڵوەر پێکیهێناوە، بەرپرسانی ڕێژیم دانیان بەوە داناوە کە خەڵکی ئێران چی دیکە متمانەیان بە دەسەڵات نەماوە و نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران ڕوو لە هەڵکشانە. هەر لەو سۆنگەیەشەوە ڕێژیم تەنیا و تەنیا پشتی بە هێزی سەرکوت بەستوە.

بەڵام خۆ ئەگەر ئابووریی وڵات لە لێواری دارمان و هەرەسهێنانی یەکجارییە، شۆڕش لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە هیچ دەسکەوتێکی نەبووە، نە گەلان بە مافە نەتەوایەتییەکانیان گەیشتوون، نە خەڵک لە ئاستی گشتیدا مافە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان دەستەبەر بوون، بگرە لە هەندێک بواری وەک مافی ژناندا دەتوانین بڵێین کە خۆزگەی زۆر لە چالاکانی ئەو بەستێنە گەڕانەوە بۆ ئەیامی پێش شۆڕشیشە.

بەڵام جێگەوپێگەی ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانیدا. سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا کارەساتی بۆ ئەو خەڵکی ئەم وڵاتە خولقاندوە. بانگەشەی "ناردنەدەرەوەی شۆڕش" لەلایەن ڕێبەرانی ڕێژیمەوە کە هەر لە سەرەتادا شەڕێکی ٨ ساڵەی بە هەموو کاولکاری و زیانە گیانی و ئابوورییەکانی بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاند. دواتر وێژمانی "میحوەری



سەرچاوە Serchawe

مقاومەت" پشتیوانیی ڕێژیم لە دیکتاتۆرەکانی ناوچە وەک بەشار ئەسەد و سەرشۆڕکردن بۆ ڕووسیە و چین و هاوپەیمانی لەگەڵ ڕێژیمە فەشەل و نادێموکراتیکەکانی ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی بەدوودا هات کە هەمووی بە زیانی خەڵکی ئێران شکاوەتەوە. دیارە هەر لەجێدا ئەم سیاسەتەی ڕێژیم دووفاقەشە، چونکی کۆماری ئیسلامی بە بێ‌هەڵویستیی خۆی و بێدەنگەکردن لە سەرکوتی ئیسلامیستەکانی چێچێن لەلایەن ڕووسیە و، سەرکوتی پلانمەندی موسوڵمانەکانی ئۆییغور لەلایەن چینەوە سەلماندوویەتی کە لە پێناو ڕاگرتنی دڵی ئەم دوو وڵاتە کە مانەوەی خۆی لە پشتیوانیی ئەواندا دەبینێ، ئامادە بووە پشت لە بنەماییترین سیاسەتی خۆی کە پاڵپشتی لە جووڵانەوە ئیسلامییەکان لە هەموو دنیایە بکا. لەم گۆڕەپانەشدا ڕێژیم نەک نەیتوانیوە، بەڵکوو نەیویستوە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران بپارێزێ و ڕێز و حورمەتی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ وڵات دەستەبەر بکا.

چل و سێ ساڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی جیا لە جینایەت و کارەساتی مرۆیی و قەیرانی ئابووری کۆمەڵگەشی لە ناخەوە هەڵتەکاندوە، بەجۆرێک کە ئێستا ئیدی تاوانە کۆمەڵایەتییەکان، توندوتیژی، ئیعتیاد بە مادە سڕکەرەکان، گەندەڵیی ئەخلاقی، پەراوێزنشینی، گۆڕخەوی و دیاردە نابەاوە هیترەکان بۆتە شتێکی ئاسایی. هەژاری، بێکاری، بەرگژە سیاسی و ئابوورییەکان، سەرکوتی ئازادییە مەدەنییەکان و نەبوونی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ داهاتوو سەتی زۆری خەڵکی وڵاتی تووشی خەمۆکی و نەخۆشییە دەروونییەکان کردوە.

دواجار ئەوەی شۆڕشی ٥٧ بەسەر خەڵکی وڵاتی هێنا، تەنیا بە شۆڕشێکی دی و ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە قەرەبوو دەکرێتەوە. قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینەش هەتا دێ کامڵتر دەبن. پێش هەموو شتێک خەڵک هەموو متمانەیەکیان لە ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕێژیم ئەستاندۆتەوە و تەواوەتیی شەرعییەتی نیزامی سیاسییش لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە بردراوەتە ژێر پرسیارەوە؛ هەروەها بەرهەڵستبوونەوەی خەڵک سەرەڕای توندوتیژی و سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی دەزگای داپڵۆسینی ڕێژیم هەتا دێ زیاتر دەبێ. ڕاستە لەگەڵ بەربڵاوی ئەم ناڕەزایەتییانە (بۆ نموونە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨) ئەم ڕێژیمە هێشتا لەسەر پێیە، بەڵام ئەزموونی کەڵەکەبووی ناڕەزایەتییەکان دواجار هەرەس‌هێنانی یەکجاریی ڕێژیمی بەدوودا دێ؛ ئەگەر خەڵک لە پشتی خۆیان ئاڵتەرناتیڤێکی دڵنیا و جێ‌متمانە شک ببەن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## "کوردستان" و ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی

ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەکاتێکدا گەیوەتێ کە کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٧٧ ساڵەی تەمەنیدا مۆمی ژمارە ٨٢١ی خۆی کوژاندەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتێکدا کە ئامادەکاریی بۆ پێکهێنانی دەوڵەت و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان کرد، لە بەفرانباری ١٣٢٤دا، کوردستان ئۆرگان و زمانحاڵی خۆی بڵاو کردەوە. زۆری نەخایاند کە زمانحاڵی حیزبی دێموکرات بوو بە زمانحاڵی کۆماری کوردستان و ئێستا دوای تێپەڕینی پتر لە سێ چارەگە سەدە، " کوردستان" وەک ئاوێنەی خەبات و مێژووی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی لێ دەکرێ.

کوردستان لە ماوەی ژیانی خۆیدا زۆر قۆناغی بڕیوە و بڕینی گەلێک ڕێگەی هەڵەمووتی ئەزموون کردووە. سەردەمانێک ئەرکی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی بڕیار و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی لە ئەستۆ بووە و سەردەمانێک شوێنی تۆماری حەماسەی پێشمەرگەکان و مێژووی خوێناویی ساڵە سەختەکانی خەباتی کورد بووە. "کوردستان" سینگی پڕە لە داستان و نەبەردیی نەتەوەیەک، ئەدەبی بەرگری و خۆڕاگریی میللەتێک و پرۆژەی وشیاریی نەتەوەیی بۆ ڕابوون و هەستانەوە.

"کوردستان" لە بەردەوامیی کار و تێکۆشانیدا هەم بە ڕابردووی خۆی دەنازێ و هەم سیلە چاوێکیشی لە داهاتوویە و لەو ئەرکانە دەڕوانێ کە لە قۆناغی سەختی خەباتی ئێستادا لەسەرشانیەتی .دامەزرێنەرانی" کوردستان" خولیا و ئامانجی گەلێک گەورەیان بۆ خۆیان و بۆ "کوردستان" دەستنیشان کردبوو. "کوردستان" دەبوا ببێتە مینبەری مافخوازیی نەتەوەیەک و ڕۆڵی سەرەکیی لە پێگەیاندن و بردنەسەرێی ژیری و وشیاریی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەی هەبێ، کە بووی. دەبوا ببێتە قەڵای پارێزگاری لە زمان و شوناسی نەتەوەیەک کە نەیارانی لەمێژ بوو بۆ سڕینەوەی کولتوور و مێژووی شمشێریان لە ڕوو هەڵکێشابوو. بەستبوو، کە بوو. "کوردستان"یان لەو پێناوەدا زۆریان چێشت، زۆریان گەرمێن و کوێستان کرد، لە پێتەختی زۆر وڵاتاندا شەکەت بوون و ئارەقیان ڕشت، لە زۆر ڕیز و مەتەرێزدا خوێنیان لەبەر ڕۆیشت و تەنانەت گیانیشیان دانا، بەڵام ئەو سەنگەرە چۆڵ نەکرا و ئەم ڕێبازە دەستی لێ هەڵنەگیرا و ئەم کاروانە بێ ڕێبوار نەمایەوە.

"کوردستان" هەڵگری باوەڕ و پەیامی حیزبێکە کە پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەباتی شوناس‌خوازیی نەتەوەی کورد هەیە. حیزبێک کە کۆماری کوردستانی دامەزراندووە و بە دژی دوو ڕێژیمی سەرکوتکەر و داپڵۆسێنەر کە هیچ بایەخێکی بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد دانەناوە خەباتی کردووە. بۆیە دەکرێ مێژووی خەباتی ئەو حیزبە کە هاوکات مێژووی خەباتی ئەو نەتەوەیەشە لە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا بخوێندرێتەوە. هەر ڕۆژنامەیەکی هەر ساڵێکی دەرچوونی "کوردستان" هەڵدەیتەوە، چاوت بە ڕوانگەی ئەم حیزبە لە بارەی ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە ئێران و بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەوێ و بەسەرهاتی گەل و ڕەفتاری ڕێژیمە ناوەندگەراکان دەرحەق بەو نەتەوەیەی تێدا بەدی دەکەی.

چارەنووسی "کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا بەشێک بووە لە چارەنووسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زمانحاڵی ئەم حیزبە بووە. کاتێک ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات حوکمی بەدەستە و کۆمار بەڕێوە دەبا، "کوردستان" بە ئیمکاناتی حکوومەت و بە ڕێکوپێکی و بە تایبەتمەندیی ڕۆژنامەیەک کە وەڵامدەری حەوجێییەکانی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە. کاتێکیش حیزبەکەی لە مەتەرێزی شەڕی چەکداری و بەرگری لە مانی گەلەکەی دایە، دەبێتە چەک و دەنگی پێشمەرگە. کە حیزبەکەی تێکۆشانی ئاشکرای هەبووە، بە ئاشکرا دەرچووە و بڵاو بۆتەوە، ئەگەریش حیزب لە خەباتی سەختی پارتیزانیدا بووبێ، لە چیا و ئەشکەوت و بن گاشەبەردەکانەوە گەیوەتەوە شار و دەستی خوێنەرانی. ئەگەر ڕۆژێک چالاکی و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەکزی دابێ، ئەم لاوازییە لە ڕۆژنامەشدا ڕەنگی داوەتەوە و هەرکاتێکیش هەلومەرج لە بەرژەوەندیی حیزبدا چووبێتە پێش، ئەوا "کوردستان" سوودی لە بارودۆخەکە وەرگرتووە و گەشەونەشەی پێوە دیارە.

"کوردستان" لە کاتی داسەپانی سیاسەتی سانسۆڕی دوو حکوومەتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی و پیلانە نەرمەکانی ئەم دوو ڕێژیمە بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەتەوەی باڵادەستدا، قەڵای خۆڕاگری پارێزگاری لە هۆوییەت و شوناس و زمانی کوردی بووە.

"کوردستان" دوای بڕینی هەموو ئەو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمانەی لە زۆر قۆناغی ئەم ۷۷ ساڵەدا لەسەر ڕێی بووە، ئێستا سامانێکی دەوڵەمەند بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. "کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا کۆمەڵە ئەرکێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی بۆ خۆی پێناسە کردووە کە بەشێکی بریتین لە: بانگەشە و بەدواداچوون بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەرجەستەکردنی بایەخمەندیی شۆڕشگێڕی و خەباتکاری و، هەروەها ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وەک پرنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و جیهانگیر. "کوردستان" لە هەر بارودۆخێکدا ئاوڕی لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ژینگە و بەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان داوەتەوە بە بایەخەوە بۆ

پرسی ژنی ڕوانیوە و بەگژ هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان چۆتەوە، جا ئەمە چ سەرچاوەکەی کولتوور و نەریتی کۆمەڵ بووبێ یان ڕوانگە و سیاسەتی حکوومەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا.

"کوردستان" باوەڕی بە بیروڕای ئازاد هەبووە و لەگەڵ ئەوەدا کە بۆخۆی ئۆرگان و زمانحاڵی حیزبێکی سیاسی بووە، بەڵام سینگفراوان بووە و قەتی دەرگای ڕەخنە لە خۆی دانەخستووە. "کوردستان" هەروەها ئەگەر چەند ڕۆژ جارێک دەرچووبێ، یان مانگانە و دوو حەوتوو جارێک گەیشتبێتە دەستی خوێنەرانی، بەڵام باس و هەڵوێست لەسەر نالێکییەکانی کۆمەڵ و لەقاودانی کاروکردەوە و سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی و زۆر مژار و تەوەری دیکەی بە بەشێک لە جەوهەری ڕەسالەت و ئامانجی خۆی داناوە و لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە ڕەچاو کردنی زمانی خاوێنی مێدیایی و بنەما ئەخلاقییەکانی ڕۆژنامەنووسی هەوڵی بۆ داوە. "کوردستان" لە مێژووی ژیانی خۆیدا بە بایەخەوە لە پرسی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵانی ڕوانیوە. لەلایەک سیاسەتی ناسەردەمیانە و هەڵاواردنەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ماف و ڕەوشی منداڵانی لەقاو داوە و لەلایەکی دیکەش بۆخۆی قۆڵی هەڵماڵیوە و بە دەرکردنی گۆڤار و پاشکۆ -دنیای منداڵان- بۆ ساڵانێکی زۆر ئەم بۆشاییەی لە مێدیای کوردیدا پڕ کردووەتەوە.

"کوردستان" سەرەڕای ئەم پاشخان و مێژووە دەوڵەمەندە و، سەرەڕای ئەوەش کە کۆنترین و بەئەزموونترین بڵاوکراوەی سیاسیی بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بێبەری لە ڕەخنە و کەموکوڕییش نەبووە و نییە. بەتایبەت کە بە پێی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی دەبێ چاوی لە داهاتووش بێ. بووەی هەم لە دنیای ڕاگەیاندنی نوێدا و دەبێ جێگەوپێگەی خۆی بپارێزێ؛ هەم لە مەیدانی ئەسڵیی خەبات و تێکۆشانی خۆی لەگەڵ دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامی تەیار بە مۆدێرنترین ئیمکانات و تێکنۆلۆژیی سەردەم ڕۆڵی خۆی بگێڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠٢٢

---

## ناکامی پشتیوانی لە ڕێژیمی بارمتەگیر و باجئەستێن

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ هاتنەسەرکاری بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر بارمتەگیری دانا و بارمتەگیری و باجئەستێنی لە وڵاتانی ڕۆژاوا بە درێژایی چل و چوار ساڵی ڕابردوو سیاسەتی نەگۆڕی ئەم ڕێژیمە بووە.

ستراتێژیستەکانی کۆماری ئیسلامی پێداگری لەسەر ئەو سیاسەتە، واتە بارمتەگیری و باجئەستێنی وەک فاکتەرێک بۆ چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکانی وڵات دەبینن، وەک چۆن ماوەیەک لەوەپێش موحسین ڕەزایی، دەبیری کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام گوتی " ئەوە ئەمریکایە کە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ بەرجام و لانیکەم ٥٠ میلیارد دۆلاریشمان قەرەبوو بکاتەوە...". فەرماندەی پێشووی سپای پاسدارانی ڕێژیم پێشتریش لە کاتی دانوستانە ئەتومییەکاندا هەڕەشەی ئەوەی لە ئەمریکا کردبوو کە لانیکەم هەزار هاووڵاتییان لێ بە دیل دەگرن و لەبری بەردانیان بە هەزاران میلیارد دۆلار قەرەبوو لە ئەمریکا وەردەگرن و قەیرانی ئابووریی وڵاتەکەیانی پێ چارەسەر دەکەن! کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردووشدا دوای ئەوەی توانییان لەبری ئازادکردنی جەیسوون ڕەزاییان ٤٠٠ میلیۆن دۆلاری نەخت لە ئەمریکا بستێنن، بەردانی نازەنین زاغری، هاووڵاتیی ئێرانی-بریتانیاییشیان بە پێدانی ٤٨٨ میلیۆن دۆلار لەلایەن وڵاتی بریتانیاوە بەستبۆوە.

بەڵام چۆنە کۆماری ئیسلامی ئاوای بۆ دەچێتە سەر؟ ڕوونە کە وەڵامەکەی بۆ سیاسەتی ڕۆژاوا و نەرمینواندنەکانیان بۆ کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. وەک چۆن کۆماری ئیسلامی ئازادکردنی داراییە بلۆکەکراوەکانی کە زیاتر لە ١٥٠ میلیارد دۆلار بوو، وەک پێشمەرجی ئیمزاکردنی بەرجام بەسەر لایەنەکانی ڕۆژاوادا سەپاند و ئەمریکا خۆی چەند مانگ دوای ڕاگەیاندنی بەرجام یەک میلیارد و ٧٠٠ میلیۆن دۆلاری نەختی ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرد! جیا لەوەش لەگەڵ هەڵگیرانی گەمارۆکان و ئازادبوونی فرۆشی نەوت بە میلیارد دۆلاری دیکەش کەوتە سەر داهاتی ڕێژیم، بەڵام ئەوانە هیچی نەک لە بووژاندنەوەی ئابووریی وڵاتدا خەرج نەکرا، بەڵکوو هەمووی بۆ سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیم و ناسەقامگیرکردنی پتری ناوچەکە تەرخان کرا.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرجام کە پتر لە هەموو شتێک هاندانی کۆماری ئیسلامی بۆ بوونی بە بەشێک لە کۆمەڵگەی مۆدێڕنی

جیهانی بوو، بەڵام ڕژێمی ئێرانی لە بەردەوامیی سیاسەتی بارمتەگیریدا ڕانەگرت. وەک چۆن "ژیائۆ وانگ"، توێژەری ئەمریکایی کە چەند مانگ دوای بەرجام لەسەر بانگهێشتی زانکۆیەک لە ئێران سەردانی ئەو وڵاتەی کردبوو، دەسبەسەر و نیزیک بە ٤٠ مانگ لە زینداندا ڕاگیرا. "وانگ" دواتر لە گەڵ مەسعوود سولەیمانی، ئەندامێکی سپای پاسداران کە لە ئەمریکا بەندکرابوو، گۆڕدرایەوە. لەو نێوەشدا ئەگەرچی سەرەڕای بوونی چەند کۆنڤانسیۆنێکی نێونەتەوەیی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەدژی بارمتەگیری کۆمەڵە یاسایەکی دیکەشی پەسند کردوە کە تازەترینی ئەوانە "جاڕنامەی دژی گرتنی سەرەڕۆیانە لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا"یە؛ بەڵام ڕژێمی ئێران بە درێژایی مێژووی خۆی دەرووەست بە هیچ ڕێککەوتن و کۆنڤانسیۆنێکی نێونەتەوەیی نەزانیوە. بۆیەشە کۆماری ئیسلامی کە بە چاوی کاڵا سەیری هاووڵاتیانی بیانی لە خاکی خۆیدا دەکا، هەتا ئەوکاتەی هەست بکا بایی ئەوە هەیە بە دەسبەسەرکردن و ڕاگرتنیان دراوی دەست کەوێ یان مامەڵەیان پێوە بکات، لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام دەبێت.

کۆماری ئیسلامی مەبەستێکی دیکەش لە سیاسەت بارمتەگیریی خۆی دەپێکێ، ئەویش بڵاوکردنەوەی سیاسەتی ترس و تۆقاندنە. ڕژێم کە نایهەوێ کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی کراوە بێت و خەڵکی وڵات پێوەندیی زانستی، هونەری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی دیکە هەبێ، لەلایەک کەشی ئێران بۆ مانەوەی خەڵکانی بیانی و هاووڵاتییانی دوو تابعییەتی نائەمن و پڕتێچوو دەکا؛ لەلایەکی دیکەش بەردەوام بەدووی ئەوەدایە ئامرازی گوشار بۆ سەر ڕۆژاوای پتر لە بەردەستدا بێت. ڕژێم کە باش دەزانێ پێوەندیی کراوەی نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئاکادیمی، بازرگانی و هونەری و ... لە نێوان ئێلیتەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئێران و، کارتێکەریی ئەو پێوەندییانە لەسەر یەکتری درزی گەورە دەخاتە نێو ئەو دیوارەی بۆ دابڕاندنی کۆمەڵگەی ئێران لەکۆمەڵگەی جیهانیدا هەڵیانچنیوە؛ ئامادەیە بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو تێچوویەک تەنانەت ئەگەر بە نرخی ناودەرکردنی بە ڕژێمێکی بارمتەگیر و باج ئەستێنیش بێت بەگژی ئەو مەترسییەدا! بچێتەوە.

بەتاوان ناسینی بارمتەگیری هەروەک لە پێڕەوی نێوخۆی دیوانی نێونەتەوەیی سزادان (١٩٩٨)دا کە بە یەکێک لە چەشنەکانی جینایەتی جەنگی دادەنرێ، تەعبیر لە هەستیاری و نیگەرانیی قووڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەنیسبەت ئەو تاوانە دەکەن. هەروەها کۆنڤانسیۆنی بەربەرەکانی لەگەڵ بارمتەگیری (١٩٧٩)ش یەکێک لە گرینگترین بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بەو باسەیە کە وڵاتانی ئەندام ئەرکدار بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و گونجاو بۆ سزادانی بکەرانی ئەو تاوانە دەکا. بەڵام ئەوانە لە سۆنگەی نەرمینواندنەکانی وڵاتانی زلهێزەوە هیچ ڕێگر نەبوون لەوەی کۆماری ئیسلامی بەبارمتەگرتنی هاووڵاتیانی بیانی بوەستێنێ. وەک دەشبینین هەتا پرسی دانوستانەکان دێتە ئاراوە، یان لە شوێنێکی دی و لە هاوکێشەیەکی دیکەدا - کەیسی حەمید نووری بۆ نموونە- کە کۆماری ئیسلامی بەرگژەیەکی بۆ دروست دەبێ، دەمودەست



سەرچاوە
Serchawe

ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی کەیسێکی دەسبەسەرکراوە بیانییەکان دەجووڵێنن و بەوجۆرە خودی کەیسی هاوکێشە گۆڕینەکە بەبارمتە دەگرنەوە.

بارمتەگیرییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە چوارچێوەی بەندکردنی هاووڵاتییەکی بیانیدا و کردنی بە کارتی گوشار لە سەر دانوستانەکان و بۆ ئیمتیازوەرگرتندا قەتیس نابنەوە، بەڵکوو وەک لەو ماوەیە چەند جارێک بینیومانە هێزی دەریایی سپای پاسداران لە ئاوە ئازادەکانی کەنداو و دەریای عوماندا بەردەوام دەستیان بە سەر نەوتهەڵگر و پاپۆڕەکانی بازرگانیی وڵاتاندا داگرتوە. واش نییە کە ئەمە تەنیا سەرەڕۆیی هێزێکی سەربازیی کۆماری ئیسلامی بێت، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا دیپلۆماسیی بارمتەگیری وەک سیاسەتێکی بەبرشت بۆ ئازادکردنی داراییە دەستبەسەر داگیراوەکانی، وەرگرتنی ئیمتیاز لە وڵاتان و بەردانی ئەو مۆرە و کاراکتەرانەی لەسۆنگەی کاری تێکدەرانە، ئەرکی پێسپێردراوی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەورلێدانی گەمارۆکان لە دەرەوەی سنوورەکانیان گیراون؛ ڕەچاو دەکا. لەو پرۆژەیەشدا وەزارەتی دەرەوە، دەزگای قەزایی، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان وەک تیمێکی کاری بە دابەشکردن و جیاکاریی ئەرکەکانیان هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتری دەجووڵێنەوە. دەزگای پروپاگەندەی ڕێژیمیش بەردەوام هەوڵی داوە دیپلۆماسیی بارمتەگیریی ڕێژیم بەوە پاساو بداتەوە کە مادام لە نەبوونی ڕێوشوێنە ستانداردارە حقووقییەکاندا کۆماری ئیسلامی لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ماڵییەکانی فرۆشی نەوت و هەناردەکانی دیکەی بێبەش کراوە، ڕێگایەکی دیکە بۆ گەڕاندنەوەی ئە مافە لە بەردەم ڕێژیمدا نامێنێتەوە. بەڵام لێرەشدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆچی ڕێوشوێنە قانوونییە نێودەوڵەتییەکان دەفریای ئێران نایەن؟ ئاخۆ جگە لەوەیە کە ئەم دۆخە بەرهەمی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمە لە چوار دەیەی ڕابردوودا؟

سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە دروشمی "نە شرقی، نە غەربی" بنەڕەتەکەی لەسەر هەناردەی شۆڕشی ئیسلامی داندرابوو، هەر لە سەرەتاوە بە پێدانی بیانوو بە عێراق بۆ هێرش بۆ سەر ئێران، ئەم وڵاتەی لە شەڕێکی ماڵوێرانکەری هەشت ساڵە وەر دا. سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامی لە هیچ بڕگەیەکی مێژووییدا لەسەر بناخەی بەرژەوەندیی نیشتمانیی خەڵک و وڵاتدا دانەڕێژراوە. چونکی هاریکاریی ئەلقاعیدە و تالیبان، تەیارکردنی حیزبوڵلای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن بە مووشەک و درۆن، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی سووریە و عێراق بەتەواوی لەگەڵ بەرژەوەندیی نیشتمانیی خەڵکی ئێران ناتەبایە. بەتایبەت کە ئەوەی لە چوار دەیەی ڕابردوودا چی قەیران و نەهامەتییە بەرۆکی خەڵکی گرتوە، هەر هەمووی دەرەنجام و لێکەوتەی ئەو سیاسەت و دنیابینییەی ڕێژیمن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پتر سیاسەتی سازان و هەڵکردنی وڵاتانی ڕۆژاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و چاونوقاندنیان لەهەمبەر کەڵەوەکێشی و ملدانیان بۆ باجئەستێنییەکانی ڕێژیمە کە، دەستی دەسەڵاتدارانی تارانی بۆ بەردەوام لە دیپلۆماسیی بارمتەگیری ئاوەڵا کردوە.

پڕدیارە هەتا کۆمەڵگەی جیهانی بەو خوێندنەوەیە و بەو جۆرە هەڵسوکەوتە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بجووڵێتەوە، ڕێژیمیش لەو سیاسەتانەی خۆی هەر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی جوونی ٢٠٢٢

---

## دابینکردنی دەستەبەر بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی

لە ٢٢ی پووشپەڕ، ٣٣ ساڵەی تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و شەهیدانی دیکەی ڤییەن لەو ڕۆژەدا نیزیک دەبینەوە. ئەم ڕۆژە هەم بیرهێنەرەوەی جینایەتێکی گەورەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەی کوردە کە بە کەڵکوەرگرتنی خراپ لە خەسڵەتی بەرزی مرۆیی و دێموکراتیکی د. قاسملوو و، بە ڕاخستنی دێوجامە کاراکتەری کاریزماتیکی جووڵانەوەی کوردی تێرۆر کرد، هەم ڕیسواییەک بۆ نیزامی دادی ئۆتریش کە سەرەڕای هەموو بەڵگە و دێکیۆمێنتەکان بە ئازادکردنی تێرۆریستەکان، بەرژەوەندیی ئابووریی خستە پێش دادپەروەری و بایەخە ئینسانی و پرەنسیپە مرۆییە جیهانداگرەکان، پێچەوانەی ئیدیعاکانی ئەم وڵاتە ڕۆژاواییە.

بەم پشتتێکردنەی حکوومەتی ئۆتریش لە دادپەروەری و بەو چاونووقاندنەی لەهەمبەر کردەوە تێرۆریستییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دەستی ڕێژیمی تارانی ئاوەڵا کرا تا بە ڕووهەڵماڵاویی زیاترەوە چ ڕاستەوخۆ لەلایەن تیمە نێردراوەکانی خۆیەوە، یا ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بریکارەکانی وەک گرووپی حیزبوڵڵای لوبنان و مافیاکانی چەک و مادەی هۆشبەرەوە هەتا ئێستاش لە کوشتنی نەیارە سیاسییەکانی بەردەوام بێت. سیاسەتی نەگۆڕی ڕێژیم کە لە ڕەوتی بەردەوامیی خۆیدا سپای پاسدارانی لە هێزێکی نیزامی سیاسیی ئیدئۆلۆژیک، ئارمانخواز لە چوارچێوەی وێژمانی توندڕەوانەی شیعەوە کردە مافیایەکی دەسەڵات، کە لە کابولەوە هەتا کاراکاس و لە بەغداوە هەتا بەیرووت تەڕاتێن بکا و ئەمنییەت و سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەبارمتە بگرێت. بەڵام ئەم باسە بۆچی لە ئێستادا گرینگە؟ وەڵامەکەی دەبێ لە ستراتیژیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بەکارهێنانی چەکی تێرۆر لە ساتوسەودا جیهانییەکاندا بۆی بگەڕێین:

**یەکەم**. پاڕلمانی وڵاتی بێلژیک لایەحەی گۆڕینەوەی بەندییە تاوانباران لەنێوان وڵاتانی بۆ پەسندکردن خستۆتە ڕۆژەڤی کاریەوە. بێتوو ئەو پەیماننامەیە پەسند بکرێ، تاوانبارانی چەند وڵات کە یەک لەوان ئێرانە، لەگەڵ بەندکراوانی بێلژیکی دەگۆڕدرێنەوە و دەنێردرێنەوە وڵاتی خۆیان. بەجۆرە دیپلۆمات تێرۆریستێکی وەک ئەسەدوڵڵا ئەسەدی کە بەتەمابوو کۆبوونەوەیەکی سیاسیی لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە پاریس بتەقێنێتەوە و لەو سۆنگەیەوە گیرا و سزای ٢٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا، هەلی ڕادەستکردنەوە بە ئێرانی بۆ دەڕەخسێت. هاوکات ئەوەندەی دیکە دەستی ڕێژیم بۆ بارمتەگیری و کردەوەی تێرۆریستی ئاوەڵاتر دەبێت.

**دووهەم**، هەر دوو حەوتوو لەوە پێش بوو کە حوسێن تائیب، سەرۆکی ناوەندی هەواڵگریی سپای پاسداران لەسەر کار لابرا. هۆکارێکی گرینگی ئەو بڕیارە لە تەنیشت دەستەوەستانیی ناوەندە ئەمنییەتییەکان لە دەستوەشاندنە گورچکبڕەکانی ئیسرائیل لە خاکی ئێراندا، ڕاست بۆ زەبوونی و دەستەوەستانیی هێزە تێرۆریستییەکانی سپای پاسداران بۆ کوشتنی هاووڵاتییانی ئیسرائیلی لە خاکی تورکیە و وڵاتانی دیکە دەگەڕێتەوە. سیاسەت و پلانێک کە ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بەهۆی باڵادەستیی مووساد و یارمەتیی ناوەندە هەواڵگرییەکانی وڵاتانی هاوپەیمانی ئیسرائیل نەیتوانیوە لە بەرژەوەندیی خۆی دژی ئەم وڵاتەدا بە کاری بێنێ، بەڵام قەرار نییە کۆماری ئیسلامی لە هیچ هەلومەرجێکدا وەلای بنێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە جەمسەر و سپۆنسەری تێرۆریزم لە دنیادا دەناسرێ و سەرەڕای سەدان کردەوەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوارقوژبنی دنیادا، بەڵام لە چەند پەروەندەیەکدا نەبێ -بۆ نموونە تێرۆری شاپووری بەختیار و تێرۆری مێکونووس- ڕێژیمی تاران وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە. هەروەها لە ژمارەیەکی کەم لەو تێرۆرانەدا نەبێ، لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاوی بێلایەنانەش لەو کردەوە تێرۆریستییانەی ڕێژیم نەکراون و بڵاو نەبوونەتەوە، ئەوە نەبێ کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕی دوو ساڵ لەوە پێش(١٣٩٩ی هەتاوی) ڕاپۆرتێکی بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو ٤١ ساڵەدا ٣٦٠ کردەوەی تێرۆریستیی لە زیاتر لە ٤٠ وڵاتدا کردوە. بڕیاری دادگای مێکونووسیش ئەگەرچی بۆ ماوەیەک ڕێژیمی تارانی هەس دایەوە، بەڵام ماشێنی تێرۆری سپای پاسداران لە وڵاتانی ناوچەی لەگەڕ نەخست. تێرۆری ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری کوردستان بە بەردەوامی کە مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات تازەترینیان بوو؛ تێرۆری محەممەدڕەزا کوڵاهی لە ٢٤ی سەرماوەزی ١٣٩٤ لە شاری ئالمیرای هۆلەند، تەقینەوەی شەوی یەلدا لە شەوزستانی ١٣٩٥ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات؛ تێرۆری "ئەحمەد مەولا نیسی" لە ١٧ی خەزەڵوەری ١٣٩٦ لە شاری لاهەی هۆلەند مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە خەرمانانی ١٣٩٧؛ تێرۆری "مەسعوود مەولەوی" لە ٢٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ لە ئیستانبوڵی تورکیە؛ و لیستەیەکی دوور و درێژی دیکە پێمان دەڵێن لەسۆنگەی هەڵکردن و چاوپۆشیی بەرژەوەندخوازانەی وڵاتان هیچ کوێی ئەم دنیایە بۆ دژبەران و ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم ئەمن نییە. بەتایبەت کە تێرۆر لە تەنیشت ئێعدامە سیاسییەکان لە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامیدا بۆ زەبروەشاندن لە نەیاران و کپکردن و خنکاندنی هەرچەشنە دەنگێکی ناڕازی جیا لە پێداویستییەکانی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و توتالیتێر، بۆ کۆماری ئیسلامی کارێکی پیرۆزیشە و شەرعییەتەکەشی لە دەقە ئاینییەکان وەردەگرێ. بۆیە ئەوەندەی بۆ کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە، ڕێبەرانی ڕێژیم لە هیچ بڕگەیەکی زەمەنی و لە هیچ بارودۆخێکدا ئەو سیاسەتەیان و ئەو چەکە قێزەونە وەلا نانێن.

لە پێوەندی لەگەڵ هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانیشدا ئەزموونی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی سەلماندوویەتی کە

"تیـرۆر" و "بـاجووەرگرتن" و کردنیـانی بە چەکێـک لەبەرامـبەر وڵاتـانی ڕۆژاوادا هەتـا ئێسـتاش بـۆ کۆمـاری ئیسـلامی دەسـکەوتێکی زۆری بـووە. هەر ئەو ئەزمـوونەش دەریدەخـا کە هەڕەشـە، شـەڕانخێوی و جینایەتەکـانی ئەو ڕێـژیمە تەنیـا کاتێک لە کەمی دەدەن کە تێچووەکانی بـۆ کۆماری ئیسلامی زیـاتر لە قـازانجی بـن، بەڵام هەتـا ئەو کـاتەی کاربەدەسـتانی ڕێژیم و نێردراوە تێرۆریستەکانیان ڤیت و قـازاخ لە پێتەختی وڵاتـانی ئورووپاییدا بسووڕێنەوە، ئەو سیگناڵە وەردەگرن کە هیچ تێچوویەک بـۆ کوشتنی دژبەرەکانیـان نـادەن. بـۆیە ئەمە بۆ وڵاتـان هەم دەبـێ ئەرک و پرەنسیپێکی ئەخلاقـی بـێ و هەم ئەشێ بەرژەوەندیی خۆیانی تێدا ببیـنـنەوە کە چیدی لە پشت ڕێژیمێکی تێرۆریستدا نەوەستن. ئەویش ڕێژیمێک کە هەتـا دێ پتر دەکەوێتە بەر ڕق و بێزاریـی خەڵکەکەی و نە لەنێـو خـۆی وڵاتـدا هـیچ شـەرعییەتێکی هەیە و نە لە نێـو هاوکێشـەکانی کۆمەڵگەی جیهانیدا دەتوانێ ڕۆڵێکی بۆ سەقامگیری و ئاشتی هەبێ، بگرە پێچەوانە و وەک هەمووان دەزانن هۆکـاری زۆربەی قەیران و بشێوییەکانیشە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠٢٢

## فۆبیای ڕووخان و داڕمان

ئیبراهیم ڕەئیسی لە کاتێکدا یەکەم ساڵی سەرکۆماریی خۆی تێپەڕ کرد کە نەک هیچ کام لە وادەکانی سەردەمیی بانگەشەکانی بەدی نەهاتوون، بەڵکوو کۆمەڵە قەیرانێکی دیکەش بەرۆکی ڕێژیمەکەی گرتوە کە لە سۆنگەی دەسەڵاتی دژی گەلیی ئەوانە کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانن کە تێچووەکەی دەدەن.

قووڵبوونەوەی قەیرانە یەک لەسەر یەک کەڵەکەبووەکان دواجار تارانی ناچار کرد کە ڕێک لە ڕۆژی کۆتایی یەکەم ساڵی سەرکۆماریی ڕەئیسیدا بەپەلە بۆ وتووێژەکانی ڤییەن بگەڕێتەوە، ئەویش بە پاشەکشە لە بەرامبەر ئەمریکا لە قورسترین مەرجەکەی کە هێنانەدەرێی سپای پاسداران لە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکاندا بوو. ئەوەش کە ڕێژیمی ناچار بەو پاشەکشەیە -جا بەرجامی پێ بژیەتەوە یان نا- کاریگەریی ئەو گەمارۆ قورسانەیە کە لە سەردەمی سەرۆکۆماریی ترامپەوە خراوەتە سەر ئێران و لە ماوەی ساڵ و نیوێک سەرکۆماریی بایدەنیشدا درێژەیان هەبووە. ئەو گەمارۆ قورسانە کە پاشخانێکی درێژتریشیان هەیە، تەنیا لە دەیەی ڕابردوودا سەدان میلیارد دۆلاری زیان لە ئابووریی وڵات داوە، تا ئەو ڕادەیەی کە لە ئێستادا بایی دراوی وڵات ۲۷۰۰ لەسەد دابەزێ و تەنیا لە ماوەی چەند مانگدا نرخەکان ۱۲ هێندەی پێشوو زیاد بکەن؛ بێگومان شەڕێکی تەواو عەیاری بیانییش نەیدەتوانی ئەو زەبرە کاریگەر و گورچکبڕە لە ئابووریی وڵات بدات.
ئەو گەمارۆیانەش تەنیا لە ئەگەری ژیاندنەوەی بەرجام و دڵنیایی کۆمەڵگەی جیهانی -وڵاتانی ٥+١- لە دەروەستییەکانی ئێران وەدی دێت، ئیبراهیم ڕەئیسییش چاوێکی هیوای هەر لەو ڕێککەوتنەیە و دەزانێ قازانج و زیانەکانی بۆ سەر کابینەکەی و ڕێژیمەکەی چەندەن، بەتایبەت ئەو قازانجانەی کە دەمودەست دەستەبەر دەبن و دەفریای دەوڵەتەکەی دێن. وەک: پشووهاتنەوەبەر کەرتی وەبەرهێنان، داهاتی مانگانەی ۳ میلیارد دۆلاری لە فرۆشی نەوت، هەڵکشانی هەناردەی بەرهەمەکانی پێترۆشیمی و پۆڵا و کاڵا سەنعەتییەکان، داکشانی تێچووی هاوردەکردنەکان و سەقامگیریی بایی دراوی نیشتمانی و ئاوسان بەهۆی دەستڕاگەیشتنی ئێران بە پاشەکەوتی دراوی لە بانکە جیهانییەکاندا. بەڵام بێتوو بەرجام نەگاتە ئەنجام، دەوڵەتەکەی ئاغای ڕەئیسی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا لەوەندەش بەولاوەتر دەخرێتە پەراوێزەوە و ئەمجارەیان بایدن پێچەوانەی ترامپ پشتیوانیی ئورووپاییەکانیشی بۆ سەپاندنی گەمارۆی نوێ و زیاتر بەسەر ئێراندا دەبێت.

هەلومەرجی شپرێوی ئابووریی وڵات و بەرچاوڕوونیی ڕەئیسی لەو مەترسییانە و دەستەوەستانیشی لە کۆنترۆڵی قەیرانەکان

لە یەک ساڵی دەسەڵاتەکەیدا وایکردووە کە لە ئێستادا نەک هەر خەڵک و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لەلایەن بەشێک لە ئوسوولگەراکانیشەوە بدرێتە بەر ڕەخنە، تا ئەو جێیەی "زولنور"، نوێنەری شاری قوم لە مەجلیس کە کاتی خۆی بە نامە و نووسراوە داوای کردبوو ڕەئیسی بێتە کێبرکێی هەڵبژاردنەکانەوە؛ بە کەسێکی بێکیفایەت ناوی ببات! هاوتەریب لەگەڵ گوشارەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات کە خۆی لە مانگرتن، ڕێکخستنی ئامانجدارانەی پتری کۆبوونەوە و نارەزایەتییەکانی سەرشەقامدا دەبینێتەوە و لە دەرەوەی وڵاتیش لەلایەن ڕۆژاواوە بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم بەتوندی لەسەر تارانە، ڕێژیم وای داناوە بەڵکوو بە نیزیکبوونەوەی زیاتر لە چین و ڕووسیە بتوانێ دەرەقەتی دۆخەکە بێت. بەڵام بە پێی ئەزموونەکان پشتیوانیی سیاسی و ئابووریی چین و ڕووسیە لە ئێران لە خانەی هاوپەیمانیی سیاسی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا و پارێزراوبوونی بێئەملاوئەولای ڕێژیم لە بەردەم شاڵاوی مەترسییە ئەمنییەتییەکان نییە، بەڵکوو پێوەندییەکی سنووورداری ئابووریی دوولایەنەیە. پڕدیارە کە هەم چین و هەم ڕووسیە ئێران وەک کارتێکی گوشار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بەکار دێنن و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە لەگەڵ ئەمریکا، ئورووپا، عەرەبستان و ئیسرائیل؛ هاوکارییە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی نێوان چین و ڕووسیە لەگەڵ ئێران قەت نابنە ستراتیژیی درێژخایەن و هەمیشە سنووردار دەمێننەوە و ڕەئیسی بەو بەرچاوڕوونییەوە دووهەمین ساڵی سەرۆککۆمارییەکەی دەست پێ دەکا.

ئێستا با بزانین ڕەئیسی لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا چیی کرد و چیی لەدەست هات؟ هەڵبژاردنی خولی سێزدەهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری کە لەودا ناوی ڕەئیسیی لە سندووقەکان هاتە دەرێ، بە کەمترین ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان بە درێژایی مێژووی کۆماری ئیسلامی تەواو بوو. خۆ ئەگەر هەر ئەو کەمیی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان کە دیار بوو هەمووی لە بەرژەوەندیی ڕەئیسیدا مهەندیسی کراوە بە نیشانەی بێمتمانەیی خەڵک بە وادە و بەڵێن و کار لەدەستهاتنەکانی دابنێین، بەوپێیە خەڵک چاوەڕوانییەکی ئەوتۆی لە ناوبراو نەبووە. بەڵام بۆ ئەو کەس و لایەنانەی لایەنگری حاکمییەت کە پێیانوابوو بە یەکدەستکردنی هەر سێ دەزگای یاسادانان، داد و دەوڵەت شەڕی نێوان قۆڵەکانی ڕێژیم کۆتایی دێت و هاوئاهەنگیی نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت و حکوومەت زیاتر دەبێ و کاروباری وڵات بێکێشە ڕایی دەبن؛ وا دەرنەچوو.

ڕەئیسی نەک نەیتوانی لە بارستایی نارەزایەتییەکانی خەڵک لەدژی ڕێژیمەکەی کەم کاتەوە، نەیتوانی پشتیوانیی ئەو مەجلیسەش ڕابگرێ کە لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا دەنگی بەڵێی بە نیزیک بە تەواوی ئەندامانی کابینەکەی دابوو. بۆیە کەمتر لە ساڵێک پاش دەسبەکاربوونی دەوڵەتەکەی متمانەی لە یەکێک لە وەزیرەکانی ئەستاندەوە و کارتی زەردی بە چەند وەزیری دیکەشی پێشان داوە وێناچێ هەر بەوەندەش لێی دەرباز ببێت. ڕەئیسی لە ماوەی ئەم یەک ساڵەدا جێی شک

و گومانی بۆ هیچ کەس نەهێشتەوە کە پرسی ئابووری، بێکاری، گرانی، بژێو و سلامەتیی خەڵک هێندەی پرسی حیجاب و بابەتە ئیدئۆلۆژیکەکانی ڕێژیمەکەی لای ئەو بایەخیان نییە، بۆیەش زەحمەتی ئەوەی بە خۆی نەدا لایان لێ بکاتەوە و خەمیان لێ بخوا.

کۆماری ئیسلامی لە دەوڵەتەکانی پێشوودا ئەگەر لەسۆنگەی گەڕانەوەی دۆلار و دراوەکانی خاوفرۆشیی نەوت و خەرجکردنی کەمێک لەو داهاتە توانیبووی لانیکەم بەشێک لە خەڵکی توێژی مامناوەند ڕەگەڵ خۆی بخا، بەڵام لە بەختی ڕەئیسی چەندی دەستی لە بنی هەنبانە گێڕا، ئەوەندەی وەبەر نەهات کە بتوانێ لانیکەم درێژەدەری ئەو ڕەوتەش بێت. سەرباقی ئەوەش بە لابردنی دراوی ٤٢٠٠ تمەنی کە لە ڕواڵەتدا بۆ هاوردەکردنی کاڵا، دەرمان و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک تەرخان دەکرا، ئەوەندەی دیکەش گرانی کەوتە بازاڕ و لەو سۆنگەیەشەوە قەیرانە ئابوورییەکان و نارەزایەتییە گشتییەکان بەو دۆخە زیادیان کرد. لە نێو هەراوهەنگامەی ڕاگیرانی وتووێژەکانی ژیاندنەوەی بەرجام و دیسان دەست پێکردنەوەیاندا، بڕیارنامەی شورای بڕیاردەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمییش کە لەودا سەبارەت بە سەرپێچییەکانی ئێران هەڵوێستی توندی لەدژ ڕێژیم گرتبوو، هێندەی دیکە دەوڵەتی ڕەئیسیی تووشی تەنگژە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا کرد.

بە گشتی لە ماوەی ساڵێک سەرکۆماریی ڕەئیسیدا دەرکەوت کە ناوبراو نەک هیچ پلان و بەرنامەیەکی ڕوونی ئابووریی نەبوو، بەڵکوو بە دانانی کەسانی ناشارەزا لە بەرپرسایەتییە گرینگەکاندا قەیرانەکانی هێندەی دیکە قووڵتر کردەوە. لە بواری کۆمەڵایەتی و ئەمنییەتی کۆمەڵایەتیشدا، بەتایبەت ژنان ئەوەندەی دیکە گوشاریان خرایە سەر، پەراوێز خران و دەسەڵاتی جەهەندەمی و سەرکوتیان لەدژ بەکار هات، ئەویش لە حاڵێکدا کە هێزەکانی مووساد و سیخوڕەکانیان لە شەقام و شوێنە ئەمنییەتی و نیزامییەکانی ڕێژیمدا تەڕاتێن دەکەن! ناکامییەکانی ڕەئیسی لە بیاڤی دیپلۆماسیی دەرەکییشدا بەرهەستتر لەوەیە بتوانێ خۆی لێ لابدا و کورتە سەرنجێک لەسەر پێگەی ڕێژیم لە ئێستای عێراق، لوبنان و سووریەدا ئاماژەی ڕوون بە لاوازی و داڕمانی ئەو هەیکەلەن. بەتایبەت کە لەو بارودۆخەدا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە سەردانەکەی بایدن بۆ عەرەبستان فازێکی نوێ لە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان ئەزموون دەکا کە دەستی ئێران لەوەندەی دیکەش کورتتر دەبێت.

دەوڵەتی ڕەئیسی لە کاتێکدا پێ دەنێتە ساڵی دووهەمی خۆیەوە کە نارەزایەتییەکان لەنێو توێژی کرێکاران، فەرمانبەران، مامۆستایان، خانەنشینکراوان، خوێندکاران و ژنان لەوپەڕی خۆیدایە. بەڵام دەسەڵات تا ئێستا ئەم نارەزایەتی بە دۆخی بژێو و بە پێشێلکردنی مافەکانی بەرەسمی نەناسیوە و بە دنەدانی دژبەران لە دەرەوەی سنوورەکانی دەبەستێتەوە و بۆ

چارەسەرکردنیشیان تەنیا زمانی چەک و سەرکوت دەناسێ؛ بۆیە کۆمەڵگەی ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پتر بەئەمنیەتی دەکرێت و مەترسیی تەقینەوەی نارەزایەتییەکان هەردەم زیاتر دەبێت.

بارودۆخی ئێستای ئێران حەوجێی بە گۆڕانکاریی بنەڕەتییە، بەڵام ئەو هێز و ئۆپۆزیسیۆنەی بتوانێ ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتی و پێکهاتەشکێنە جێ بخات و ڕێبەریی نارەزایەتییەکان بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بکا، هێشتا نەگووراوە و، بەداخەوە ئەوەش دەرفەتی هەناسەدانی هەتا ئێستای بۆ ڕێژیم هێشتۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢٢

---

## هاتنی وەرزی "ژینا"

ڕێک لە کاتێکدا و لە ڕۆژێکدا کە ناسۆری کورد بەبۆنەی ٣٠ ساڵەی تێرۆری د. سادق شەرەفکەندی تەشەنا ببۆوە، زامێکی دی کەوتە سەر دڵی نیشتمان و گوڵی ژینی "ژینا"ی کورد لە پێتەختی دەسەڵاتی ئەهریمەنیدا پەرپەڕ کرا.

ژینا تاوانی جوانیی خۆی لە وڵاتی دەسەڵاتی تاریکپەرەستاندا بە دانانی گیانی خۆی دا، بەڵام ئەو نە تاک قوربانیی دەستی ستەم و زۆرداریی ڕێژیمە و نە دواترینیش بوو، وەک چۆن هەر لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کە مەرگی دڵهەژێنی ژینا کوردستان و ئێرانی هەژاند، هەر ئەو ڕێژیمەی حاشای لە کوشتنی ئەو دەکرد گیانی لە کۆمەڵێک کەسی دیکەش ستاند، کە بۆ ڕیسواکردنی ئەو دەسەڵاتە سەبارەت بەو جینایەتە نوێیەی کردوویەتی ڕژابوونەوە سەر شەقامەکان.

بکوژ هەمان بکوژە ناسراوەکەیە. ڕێژیمێکی دژی گەلی کە لە پێناو ڕاگرتنی هەیمەنەی نگریسی خۆیدا لە دەرەوەی وڵات سەدان مرۆڤی خەباتکاری لە چوارقوژبنی دنیادا تێرۆر کردوە و لە نێوخۆی وڵاتیش بە زەبری چەک و کوشتوبڕ وڵاتێکی بەبارمتە گرتوە. ڕێژیمێک کە خوێنی خەڵکی لە شووشە کردوە و بۆ زاڵکردنی کولتووری نامۆ و دژەبایەخە دەسکردەکانی خۆی لە سەری هەموو ماف و ئازادییە ڕەواکانی خەڵکی داوە.

دوو ساڵ لەوە پێش کاتێک دیمەنی گیانلەدەستدانی "جۆرج فلۆید" لەبن چۆکی ئەفسەرێکی پۆلیسی ئەمریکادا بڵاو بۆوە و دنیای هەژاند، بکوژە ئێرانییەکە -خامنەیی- ئەوەی بە هەل زانی و بە ڕووهەڵماڵاوییە هاتە قسە و گوتی: "جینایەت دەکەن، خەڵکی خۆیان دەکوژن، داوای لێبووردنیش ناکەن و زمانیشیان درێژە." ئەو هەم دەیویست دەستە چەورەکەی خۆی بە خەڵکی دیکە بسڕێ و هەم بە گوێی هێزە چەکدارەکانی خۆی دابدا کە مادام لە ئەمریکای دێموکراتیشدا پۆلیس دەکوژێ و دەبڕێ ئێدی پێویست ناکا ئێوەش لە هیچ دەست بپارێزن. ئەوکات دەمودەست پۆلیس تاوانباری دەسبەسەر کرد، خەڵک بە وەڕێخستنی کەمپینی "ناتوانم هەناسە بدەم" و گوشاری بیروڕای گشتی هێزەکانی پۆلیسیان لە دەرووەستی و بەرپرسایەتییەکانیان وشیار کردەوە و پاشان دادگا سزای ٢٢ ساڵ زیندانی بە سەر پۆلیسی تاوانباردا سەپاند. بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئەوە زیاتر لە چوار دەیەیە نایەڵن خەڵک هەناسە بدا و بۆخۆیان نەک هەر زمانیان درێژە، بەڵکوو بە ڕۆژی ڕوون و لە شوێنێکی وەک کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە بەرچاوی دنیاوە گاڵتە بە هەموو پرەنسیپە جیهانداگرەکان دەکەن!

مەرگی ژینا تاوانێکی دیکە بوو بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوە و بەوە پەروەندەیەکی دیکەش کەوتە سەر هەزاران هەزار جینایەتی دیکە کە ئەو ڕێژیمە لە چوار دەیەی ڕابردوودا کردوونی. ئەو پەروەندانە ئێستاش کراوەن و چاوەڕوانی پێکهاتنی دادگای گەلن: لە گرتن و ئەشکەنجەدان و ئێعدامی دژبەرانی هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشەوە تا ئێستا، لە دەرکردنی فیتوای جیهاد و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان و سەپاندنێکی شەڕێکی خوێناوی بە سەر گەلی مافخوازی کورد هەر هەتا ئێستا، لە کۆمەڵکوژییەکانی دەیەی ٦٠ و جینایەتەکانی چەشنی کەهریزەک، لە قەڵتوبڕەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، لە مووشەکبارانی حیزبی دێموکرات و بەردانەوەی بەئانقەستی فڕۆکە ئۆکراینییەکە، کوشتنی ڕۆژانە خەڵکی کۆڵبەر لە کوردستان و کاسبکارەکان لە بەلووچستان و. ...

ژینا یەکەم کورد نییە کە دوای دەسبەسەرکردنی سەرەڕۆیانەی لێی دەدرێ و گیانی لێ دەستێندرێ، مێژووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئێرانیش پڕە لە چەشنی ئەو جینایەت و کارەساتانە؛ لە ئاستی ئێرانیشدا هەروەها. کوشتنی ژینا هەروەها بە هەڵکەوت و ڕووداوێکی نەخوازراویش نەبوو، بەڵکوو درێژکراوەی سیاسەتی پتر لە چوار دەیە سەرکوت و کوشتوبڕی سیستماتیکی کوردە. ژینا کاتێک دەسبەسەر دەکرێ پێیان دەڵێ من کوردم و خەڵکی ئەو شارە نیم، بۆیەشە دەسەڵات ڕق و کینی لەمێژینەی خۆی پێ دەڕێژێ، کوردستان ئێستاش باجی ئازادیخوازیی خۆی دەدا و ئامادەشە لە پێناو پاراستنی شوناسی جیاوازی خۆی و خەبات بۆ مافە زەوتکراوەکانی هەرچەشنە تێچوویەک بدا. بۆیەشە کوردستان ئەمجارەشیان خرۆشا و خوێنی ڕۆڵەی خۆی ون نەکرد.

کوردستان وەک هەمیشە پێشەنگ مایەوە. حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بانگەوازی مانگرتنیان دا و بەشی زۆری هێزە سیاسییەکانی دیکە چوونە پشتی ئەو داوایە. خەڵکی کوردستان کە لەلایەک یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات هیوایەکی دیکەی بۆ سەرکەوتن لە خەبات پێ داون و لەلایەک بۆ بەخاوەنکردنی گیانی بەناحەق ئەستێندراوی ژینای تازەلاویان نەک هەر وەک پێشوو وەڵامی بەجێیان بە داوای مانگرتنەکە دایەوە؛ بەڵکوو خرۆشان و جارێکی دیکەش شەقامەکانی شاریان کردەوە سەنگەری خەبات و خۆڕاگری و بەربەرەکانی لەدژی دەسەڵاتی داگیرکەر. ئەوان کە قەت فێر نەبوون مل بۆ ئیرادەی دوژمن نەوی کەن و جینایەت و تاوانەکانی بێوەڵام بێڵنەوە، جارێکی دیکەش حەماسەیان خوڵقاندەوە و وانەیەکی تریان لە یەکگرتوویی و پێشەنگایەتی پێشان دایەوە.

چارەنووسی "ژینا" و هاواری "کوردستان" ئەمجارەیان پەلی هاویشت و شوێنەکانی دیکە لە ئێرانیشی هێنایە دەنگ. لە خوێندکاران و کرێکارانەوە، لە هونەرمەندان و چالاکانەوە، لە ژنان و پیاوانی ئازادیخوازەوە کە ئیدی بەسە و هەتا کەی ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە دەبێ ببنە قوربانیی دەسەڵاتی ستەم و بێدادی؟ ئەمجارەیان پرسی چارەنووسی هاوبەش بوو بە

سەرەتای وەرزێکی دی لە یەکیەتی و هاوخەباتی کە بەڵێ ئەمڕۆ لە ئێوەیە و سبەی لە مە. بۆیە خوێنی بەناحەقڕژاوی ژینا ویژدانی کۆمەڵگەی هەژاند و شەپۆلێکی نوێی لە ڕق و بێزاری لەو ڕێژیمە خستەڕێ. خوێنی ژینا ئەمینی، نوید ئەفکاری، زارای بەنییاقوب و سەحەری خودایارییەکان پێک گەیشتن، بوونە دەریایەک کە دێ کۆشکی زوڵم و بیدادیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕامالێ و بووە هۆی گۆڕانکارییەک کە دەکرێ مزگێنیدەری ڕۆژانێکی خۆش بە هیوایەکی گەش بۆ داهاتوو بێت.

دەسەڵات خۆ ئەگەر بە زەبری چەک و کۆمەڵکوژکردنی خەڵک و خوڵقاندنی جینایەتی دیکەش بتوانێ ئەو ناڕەزایەتییانە سەرکوت بکا و دایانمرکێنێتەوە؛ بەڵام نە ئەو قافڵەیە وەستان دەزانێ و نە ئەو ڕێگایە کوێربوونەوە. خوێنی ژینا دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییەکانە لە هەناوی کۆمەڵگەدا ئەویش لە بەستێنی گشتییەکان و هەوێنی ڕزگارییە لە نیری یەخسیری. بەڵام ئەمە ئەرکێکی قورسیش دەخاتە سەر تاک تاکی ئەم وڵاتە و هێز و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوەکان بەتایبەتی.

خۆپیشاندانەکان لەپێناو سەرکەوتن و ئاکام وەرگرتندا دەبێ بەردەوام بن، بەردەوامیی ئەو خرۆشانەش پێویستیی بە پشتیوانییە. ڕاستە ئیرادەی خەڵک لەشکاننەهاتوویە، بەڵام ئێستا ئیدی کاتی یەکگری و هاوخەباتیی ئۆپۆزیسیۆنە. هەتا ئەو ڕێژیمە مابێ هیچ کەس و لایەن و نەتەوەیەک نابنە خاوەنی ماف و ئازادییەکانیان و ڕووخاندنی ئەو ڕێژیمەش هاوبەشی هەمووانی دەوێت. با لە هاتنی وەرزی "ژینا"دا ئەو ئامانجە وەدی بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٣١ی خەرمانانی ٢٧٢٢

## ڕاپەڕینی نوێی گەل و ئەرکە هەنووکەییەکان!

ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان بۆ بەگژداچوونەوەی سیاسەتە داپڵۆسێنەرەکانی کۆماری ئیسلامی حەوتوویەکە دەستی پێ کردوە. ئەو ڕاپەڕینە کە لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و دواجار بە پشتیوانیی زۆر حیزب و کەسایەتی و لایەنی سیاسی و فەرهەنگی و هونەریی دیکە، بە مانگرتنی گشتی بۆ مەحکومکردنی جینایەتێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی - کوشتنی ژینا ئەمینی - دەستی پێ کرد، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە لە مانگرتنەوە گەیشتە ڕاپەڕین. هەروەها دروشمەکانیش زۆر زوو لە "ژن، ژیان، ئازادی"ی تێپەڕین و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامییان کردە ئامانج، واتە ڕاستە کە کوشتنی ژینا و پرسی ژن و ماف و ئازادییەکانی تەوەر و پێکهێنەری جووڵانەکەوە بوون، بەڵام دەمودەست نارەزایەتییەکان و ڕاپەڕینەکە شوناسێکی تەواو سیاسی و گشتیی لەدژی کۆماری ئیسلامی وەرگرت.

ئەو ڕاپەڕینە کە ئەمڕۆ پێی نایە شەشەمین ڕۆژی خۆیەوە، زۆر زوو پەلی بۆ زۆر شوێن و ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان لە ئێران هاویشت، لە تەورێزەوە تا تاران، لە ئامولەوە هەتا ڕەفسەنجان، لە ڕەشتەوە هەتا زاهیدان و بە گشتی هەتا ئەمڕۆ گەیوەتە ۸۸ شاری ۳۰ پارێزگای وڵات.

ئەم ڕاپەڕینە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانییشدا دەنگدانەوەی زۆری بووە و پشتیوانیی زۆر لایەنی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. لە ناوبردن لە ژینا (مەهسا) ئەمینی و پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی ئێران لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە زمان گابریەل بۆریک، سەرۆکۆماری وڵاتی شیلیڕا بگرە، تا دەگاتە هەڵواسینی وێنەی ژینا لە دەروازەی "براندنبێرگ گەیت"ی بەرلینی ئالمان و شەکانەوەی وێنەکەی لە سەر باڵەخانەی شارەوانیی "سۆن ئێ لواغ"ی فەڕانسە. لە وتاری توندی ئانالینا بایربوک، وەزیری دەرەوەی ئاڵمان لە بەردەم ڕەییسی لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بگرە، تا دەگاتە ماکرۆن، سەرۆککۆماری فەڕانسە کە دوای چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی پشتیوانیی خۆی لە خۆپیشاندانەکانی ئێران و مافی ڕەوای خەڵکی ئەم وڵاتە دەربڕی. جۆ بایدەن، سەرۆککۆماری ئەمریکا؛ "جاستین ترودو"، سەرۆکوەزیرانی کانادا؛ ئۆلاف شولتس"، سەدریئەعزەمی ئاڵمان؛ "مێلانی ژۆلی"، وەزیری دەرەوەی کانادا، "نێدا ئەلنەشیف"، سەرۆکی کۆمیسارییای بەرزی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و نوام چامسکی فیسلووفی ناوداری ئەمریکا، چەند ناوێکی دیکە لە ڕێبەرانی وڵاتانی خاوەنبڕیاری جیهان و کەسایەتییە شوێندانەرەکان لەسەر بیروڕای گشتیی جیهانن کە سیاسەتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکووم کردوە و پشتیوانیی خۆیان لە نارەزایەتییەکان دەربڕیوە.

سەرنجڕاکێش ئەوە کە ڕێک لە کاتێکدا و لە ڕۆژێکدا کە برایم ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیم لە کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وێنەی قاسم سولەیمانیی بەرز کردبۆوە، لە شاری کرمان، شارەکەی سولەیمانی، وێنە و بنێری ئەو جەلاد و پیاوکوژەی ڕێژیم کە ئێستا یەکێک لە سیمبولەکانی کۆماری ئیسلامییە، لەلایەن خەڵکی شارەکە و بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کوردستان و بەگژداچوونەوەی هەیمەنەی ڕێژیم ئاگری تێبەردرا.

شەپۆلی نوێی نارەزایەتییەکان کە ئیدی ئێستا پێناسەی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی وەرگرتووە، بە زۆر پێوەر لە سەرهەڵدانەکانی پێشوو جیا دەکرێتەوە و دەتوانێ ببێتە خاڵگۆڕانێکی مێژوویی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی:

**یەکەم**. کوردستان لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین قوربانیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم، خەبات لە پێناو ئازادی و دێموکراسی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی داوە. زۆرترین سەرکوت و کوشتوبڕ، تیرۆری ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و ئێعدامی بەندکراوە سیاسییەکان، سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووری و شەڕی نەرم بۆ تواندنەوەی زمان و شوناسی نەتەوەیی، بەشێکی کەم لە پشکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان بووە. بەڵام ئەمە یەکەمجارە کە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی کورد خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران دێنێتە سەر خەت و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەو هاوپەیوەندییە کە لە هاوخەمی، تێگەیشتنی قووڵ و نوێ لە هاوچارەنووسی و، پێویستیی هاوخەباتییەوە سەرچاوە دەگرێ؛ دەبێ بەرز بنرخێندرێ و ببێتە هەوێنی زۆر پلان و بەرنامەی سیاسی بۆ بەردەوامیی هاوخەباتی لە داهاتووشدا. کوردستان ئیدی بەتەنیا نییە و ئەو تێگەیشتنە زۆر بەهێز بووە کە بۆ کۆتایی‌هێنان بە تەمەنی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و چێکردنی وڵاتێکی دێموکراتیک کە دەستەبەری مافی نەتەوەیی هەموو جۆراوجۆرییەکان بکا؛ ئەشێ هەمووان دەست بدەنە دەستی یەکتری و دەرفەتەکان لەکیس نەدەن.

**دووهەم**. پێچەوانەی سێ سەرهەڵدانی گەورەی پێنج ساڵی ڕابردوو، واتە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و هاوینی ١٤٠٠ کە بزوێنەرەکەی "پرسی ئابووری" و "خەمی نان" و "بێئاوی" بوون، ئەمجاریان ئەوە "ماف" و "کەرامەت"ی مرۆییە کە پێشێلکردنەکەی خەڵکی هێناوەتە سەر شەقام. سەرەتاییترین ئاکامگیری لەو فاکتەرە ئەمەیە کە کێشەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی بەولاوەتر لە قەیرانی ئابوورییە و تەنانەت چارەسەری قەیرانگەلی ئابووریش دادی ڕێژیم نادا، چونکی خەڵک ئیدی ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەناسن و دەیانەوێ و بۆ دەستەبەری ئەو مافانەش هاتوونەتە مەیدان و ئامادەن هەموو تێچوویەکیشی بۆ بدەن.

**سێهەم**. هێزی سەرەکیی ئەو ڕاپەڕینە لاوانن. لاوانی لەدایکبووی دەیەی ٧٠ و ٨٠ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پەروەردەی



سەرچاوە
Serchawe

ئیدئۆلۆژیک و تەرخانکردنی هەموو ئیمکاناتی ڕەقئامێری و نەرمئامێریی خۆیەوە هەوڵی داوە بەقەولی خۆی "ئەرزیشی" و "مەکتەبی"یان بار بێنی هەتا پارێزەری ئەو نیزامە سیاسییە بن. بەڵام هەر ئەو نەوە لاوە مافخوازە هەڵگری توخم و شوناسێکی تەواو جیاوازە و ئێستا بە بوێریی کەموێنەوە خوازیاری "ڕووخاندن"ی ئەو ڕێژیمەن و بەکردەوەش هاتوونەتە مەیدان. لەو نێوەشدا ژنان کە چەوساندنەوە و بێمافکردنیان چەقی سیاسەتە ئیدئۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم بووە، نەک هەر ڕۆڵی دیار و دیاریکەریان هەیە، بەڵکوو پێشەنگ و ڕچەشکێنیشن.

### ئێستا ئەرکە هەنووکەییەکان چین؟

پێش هەموو شتێک بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان. لە ئێستادا هەموو پێوەرەکان بۆ وەڕێخستنی شۆڕشێکی سەرانسەری بۆ ڕووخانی ڕێژیم ئامادەن، بۆیە لە کوردستان پێویستە ناوەندی هاوکاری و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان هەم یەکگر و یەکگوتار بن، هەم لە دوو بەرەدا هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە: یەکەم، گەیاندنی دەنگ و پەیامی ڕاپەڕین بە ناوەندەکانی بڕیار لە جیهان و؛ دووهەم، بەپرۆژەکردنی پێوەندی و هاوخەباتیی کورد لەگەڵ نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکەی هاوخەبات و هاوچارەنووس لە ئێراندا. ئەو ڕاپەڕینە ئەگەرچی هەتا ئێستا زۆر باش ڕێگا و ئامانجەکانی خۆی بڕیوە، بەڵام سەرکەوتنی کۆتایی لەگرەوی دروستبوونی ڕێبەری و گرتنەدەستی جڵەوی ڕاپەڕین بەهۆی ئەم ڕێبەرییەوەیە. شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ "هەر گەلێک ئازادیی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات"، ئەمڕۆ هەموو کوردستان ئامادەیە بۆ خەبات لەپێناو ئازادی و دانی ئەو نرخە، تەنانەت ئەگەر بەخشینی ڕوح و گیانیشیان بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە Serchawe

## دەمی ڕاپەڕینە

کۆماری ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکە بۆ چارەسەری ئەو پرسە سەرەکییانەی لە خۆی کردوونی بە بارێکی قورس و قەیران لەسەر قەیران کەڵەکەی کردوون، پەنای بۆ مووشەک و چەک بردەوە. ڕێژم لە نێوخۆی وڵات خەڵکی مافخوازی ڕاپەڕیو دەداتە بەر ڕێژنەی گوللە و، مووشەک لە حیزبە سیاسییە کوردەکان دەگرێت و سوورە لەسەر ئەو سووڕی باتڵەی کە دواجار دەبێ سەری لەسەر دابنێت.

٦ی ڕەزبەری ئەمساڵ هەروەک ڕووداوەکەی چوار ساڵ لەوەپێشی ١٧ی خەرمانان و لە کاتێکدا پتر لە ئەوکات قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان ئەوکیان گرتبوو، بەدڕەوشتانە و دوور لە هەر چەشنە پرەنسیپێکی ئەخلاقی و ڕەچاوکردنی یاسا و دەروەستییە نێودەوڵەتییەکان تەنانەت لەبەرچاوگرتنی یاساکانی شەڕ، بە دەیان مووشەکی بالستیک و درۆنی خۆتەقێن، بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردە ئامانج. کۆماری ئیسلامی بەو کارەی پێشانی دا کە چەندە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە هەڕەشە و مەترسییەکی جیددی لەسەر خۆی دەزانێ و چەندە لە کوردستان وەک قەڵایەکی خۆڕاگری ئیلهامدەری خەبات بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران زراوی چووە. ئەمەش لەخۆڕا نییە، بەسەرهاتی ژینا ئەوەمان پێ دەڵێت.

مەرگی ژینای کورد و بەخاوەنکردنی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە گڕکانێکی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگەی ئێراندا وەڕێ خست. ڕاپەڕینێک کە لە کوردستانەوە بە مانگرتن دەستی پێ کرد و مانگرتنێک کە حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بانگەوازیان بۆ کردبوو. مانگرتنێک کە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە گەیشتە فۆڕمی ڕاپەڕین بە دروشمێک کە لە کوردستان لەدایک بوو، و زۆر زوو لە "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە تێپەڕی و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامیی کردە ئامانج. واتە ڕاستە کە کوشتنی ژینا و پرسی ژن و ماف و ئازادییەکانی تەوەر و پێکهێنەری سەرەتای ڕاپەڕینەکە بوون، بەڵام دەمودەست نارەزایەتییەکان و ڕاپەڕینەکە شوناسێکی تەواو سیاسی و گشتیی لەدژی کۆماری ئیسلامی وەرگرت و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوە لە کورد و لە حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و لێکەوتەکانی دەزانێ. چونکی وەک دوژمنی کارامە زۆر باش لە ڕەگ و ڕیشەی پتەو و زیندووی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و کاریگەریی گوتاری و تەشکیلاتیی ئەو حیزبە لەسەر وەگەڕخستنی هەرچی زیاتری زەرفییەتی خەباتگێڕیی خەڵکی کوردستان شارەزایە. مانگرتنە بەشکۆیەکەی ٢١ی خەرمانانی دوای مووشەکبارانی ١٣٩٧ی "قەڵای دێموکرات"یش کە هەر ئەمساڵ دوو



سەرچاوە
Serchawe

جاری دیکەش مانگرتنی لەو چەشنە لە ڕۆژەکانی ٢٨ی خەرمانان و ٩ی ڕەزبەر لەسەر داوای حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان وەڕێ خرانەوە، زۆر باش تەعبیر لەو سەنگ و قورساییە دەکەن.

ڕاپەڕینەکەی ئێستاش کە لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نموونەی نەبووە، ئاخێزگەکەی کوردستانە، ئاخێزگەیەک کە سرووشت و خسڵەتێکی دیکەی بەو ناڕەزایەتییانە بەخشیوە و دەتوانێ ببێتە خاڵگۆڕانێک لە مێژووی سیاسیی ئێراندا. وەک دەبینین پێچەوانەی سێ سەرهەڵدانی گەورەی پێنج ساڵی ڕابردوو، واتە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و هاوینی ١٤٠٠ کە بزوێنەرەکەی "پرسی ئابووری" و "خەمی نان" و "بێئاوی" بوون، ئەمجارەیان ئەوە "ماف" و "کەرامەت"ی مرۆییە کە پێشێلکردنەکەی خەڵکی هێناوەتە سەر شەقام. پرسێکی سەرەکی کە کورد پتر لە چوار دەیەیە خەباتی بۆ دەکا و خوێنی بۆ دەدات. سەرەتاییترین ئاکامگیری لەو فاکتەرە ئەمەیە کە کێشەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی بەولاوەتر لە قەیرانی ئابوورییە و تەنانەت چارەسەری قەیرانگەلی ئابووریش دادی ڕێژیم نادا، چونکی خەڵک ئیدی ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەناسن و دەیانەوێ و بۆ دەستەبەری ئەو مافانەش هاتوونەتە مەیدان و ئامادەن هەموو تێچوویەکیشی بۆ بدەن.

ئەم ڕاپەڕینە خسڵەتێکی بەرچاوی دیکەی پڕکردنەوەی درزێک بوو کە لە چوار دەیەی ڕابردوو ڕێژیم ویستوویەتی لەنێو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا دروستی بکات. کوردستان لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین قوربانیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم، خەبات لەپێناو ئازادی و دێموکراسی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی داوە. زۆرترین سەرکوت و کوشتوبڕ، تێرۆری ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و ئێعدامی بەندکراوە سیاسییەکان، سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووری و شەڕی نەرم بۆ تواندنەوەی زمان و شوناسی نەتەوەییش، بەشێکی کەم لە پشکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان بووە. بەڵام ئەمە یەکەمجارە کە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کورد خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش دێنێتە سەر خەت و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەو هاوپەیوەندییە کە لە هاوخەمی، تێگەیشتنی قووڵ و نوێ لە هاوچارەنووسی و، پێویستیی هاوخەباتییەوە سەرچاوە دەگرێ؛ دەبێ بەرز بنرخێندرێ و ببێتە هەوێنی زۆر پلان و بەرنامەی سیاسی بۆ بەردەوامیی هاوخەباتی لە داهاتووشدا. کوردستان ئیدی بەتەنیا نییە و ئەو تێگەیشتنە زۆر بەهێز بووە کە بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و چێکردنی وڵاتێکی دێموکراتیک کە دەستەبەری مافی نەتەوەیی هەموو جۆراوجۆرییەکان بکا؛ ئەشێ هەمووان دەست بدەنە دەستی یەکتری و دەرفەتەکان لەکیس نەدەن.

بۆیە ئەم ڕاپەڕینەی چەخماغەکەی لە کوردستان لێ درا و لە ئێستادا ئەو مەترسییەی لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دروست کردوە کە بیری مافویستی و شوناسخوازی و خەباتگێری لە کوردستانەوە قووڵتر بۆ شوێنەکانی دیکە پەل باوێ، لە ڕوانگەی

ئەوانەوە دەبوا بە لێدان لە دڵ و سەری بزووتنەوەی کوردەوە کپ و بێدەنگ بکرێ و لە پێ بخرێ. مووشەکتێگرتن و درۆنبارانی ٦ی ڕەزبەری بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لەلایەن سپای پاسدارانەوەش هەر بۆ ئەو ئامانجە بوو.

بەڵام هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێ کرا تۆ بڵێی ئەم ڕاپەرینە بە مووشەکبارانی ئۆپۆزیسیۆن، کوشتاری بەلووچ، خنکاندنی زانکۆکان و ڕەشبگیری چالاکانی سیاسی و مەدەنی دادەمرکێندرێ؟ بێگومان نا. چونکی خەڵکی ئێران هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە لە بەردەمدا نییە. خەڵک هەموو شێوازەکانی خەباتی مەدەنییان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ تاقی کردەوە، بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان بەنیازی گۆڕان، بە دروستکردنی دامەزراوە و کۆمەڵگەی مەدەنی، بە مانگرتن و نارەزایەتیدەربرین، بە وەڕێخستنی کەمپین و گرتنەبەری هەموو شێوازێکی پێشکەوتوو کە لە کۆمەڵگەیەکی گەشەکردوودا دەکرێ بکرێن، کەچی هەموو ئەوانە ئاسنی ساردکوتان بووە. هەموو ڕێگاکان بۆ ئاڵوگۆڕ گەیوەتە کوێرەکۆڵان و لەو سۆنگەیەوە کە حکوومەت لە شێوازی دەسەڵاتدارەتییەکەی بەردەوامە، تاکەڕێگا کە لە بەردەم خەڵک دەمێنێتەوە هەر سەرهەڵدان و ڕاپەرینە. سەرکەوتنی ئەو ڕاپەرینەش لەگرەوی کۆمەڵە فاکتەرێکدایە: بەردەوامیی خۆپێشاندانەکان و یەکیەتیی بەکردەوە و هاوئاهەنگیی هەموو پێکهاتەکانەکان، دروستبوونی یەکگوتاری و هاوئامانجی لە نێو ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەوەی ڕێبەریی ڕاپەرینەکە بگرێتە دەست، پشتیوانیی دیاسپۆرا و کۆمەڵگەی جیهانی لەو ڕاپەرینە گشتییە. ئەرکێک کە لەسەر شانی هەموو گۆڕانخوازان و مافویستان قورسایی دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٢

## مستەفا مەولوودی: مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت

### هەڤپەیڤین

ئاماژە: دوای دەسپێکی ڕاپەڕینی ژینا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووجار مووشەکباران کرا و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەم حیزبە هەروا درێژەی هەیە. ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و سەنگ و قورسایی حیزب لەو ڕاپەڕینە، کارکردی هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، هۆکاری سەرکوتی سەرەکیی خوێناویی خەڵکی کوردستان و پلان و بەرنامەی حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری بۆ داهاتووی ڕاپەڕینەکە چەند تەوەری سەرەکیی وتووێژێکە کە "کوردستان" لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکی هێناوە.

**عەلی بداغی: کاک مستەفا لە ماوەی دوو مانگدا حیزبی دێموکرات دوو جار مووشەکباران کرا؟ بۆ؟**

**مستەفا مەولوودی**: ڕوونە، کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی لە ئاشتینەهاتووی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە. تەنانەت ئەو کاتانەش بە ڕواڵەت باسی لە چارەسەری پرسی کورد کردووە، ئەویش هەر پیلان بووە بۆ زەربەلێدان لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، نموونەکەشی تێرۆری دوکتور قاسملوو کە لەسەر مێزی بەڕواڵەت وتووێژدا لە بزووتنەوەی کوردیان ستاند. هۆکارەکەشی ڕوونە. ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت مافی مرۆڤ و مافی پێکهاتە و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و جۆری حکومەتداری لە وڵات لەگەڵ بیرکردنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ بابەتەکان زۆر جیاوازە و لە بنەڕەتڕا لێک دوورن.

لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەشدا حیزبی دێموکرات بە گرتنەبەری هەموو شێوازێکی خەبات بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێکۆشاوە و خەڵکی کوردستانیش پشتگیری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیان کردووە. سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسی واقعبینی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دامەزراوە، لە ئێستادا سنووری کوردستانی تێپەڕاندووە و، بەردەنگی باشی لە ئێرانێشدا هەیە؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی لەو ٤٣ ساڵەدا قەت لە زەربەلێدان لە حیزب خافڵ نەبووە. ئەوەش کە بە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ دوو جار بە هاژەک و دڕۆن هێرشی کردووەتە سەر حیزب و لە

هەڕەشەکانیشی بەردەوامە، لەو چوارچێوەیەدا جێ دەگرێت

**عەلی بداغی: مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب چ پێوەندی و گرێدراوییەکی بە ڕاپەڕینەکەی نێوخۆی وڵاتەوە هەیە؟**

**مستەفا مەولوودی:** سیاسەت و دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی لەسەر عەرزی واقیعە و خەیاڵ نییە. خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ و لەجێگای ئەو حکوومەتی دێموکراتیک و وەڵامدەر لە ئێران بێتە سەرکار و خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتە دێموکراتیکەدا مافی سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان دەستەبەر بن. دروشمەکانی ئێستا لە خرۆشانی خەڵکی کوردستان ڕێک تەعبیر لەو سیاسەتە دەکەن و ڕوونە کە حیزبی دێموکراتیش لە وەڕێکەوتنی ئەو خرۆشانەدا کە بە کوژرانی ژینا ئەمینی دەستی پێ کردووە، ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە. ویستی خەڵکی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیش شتێک نین کە بتوانین لێکیان جیا بکەینەوە. کۆماری ئیسلامییش ئەوە باش دەزانێ و کورد گوتەنی ئەم حیزبە بە سەری مارەکە و بە هۆکاری خرۆشانی شەقام دەزانێ، بۆیە پەیتا پەیتا هێرش دەکاتە سەر حیزبی دێموکرات.

**عەلی بداغی: کارکردی هێز و لایەنە سیاسییەکان لەم ڕاپەڕینەدا لە ئاستی کوردستان و لە سەر ئاستی سەرانسەریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**مستەفا مەولوودی:** لایەن و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان مێژوو و ئەزموونی خەباتیان زۆرە. هەروەک باسمان کرد لە ماوەی ٤٣ ساڵ خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەدایم پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکی وڵات هەبووە و بە هیچ جۆرێک نامۆ و نائاشنا بە ویستی خەڵکی کوردستان نین، هەربۆیە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەیە و دروشمەکانیان ئێستا لەسەر شەقامەکان لەسەر زار و زمانی خەڵک ڕێک ئەو بابەتە دەسەلمێنن. بە ڕوونی لە وەڵامی پرسیارەکەتدا حیزبەکان بە تایبەت ناوەندی هاوکاری لە سیاسەت، هەڵوێستگرتن، ئاراستەکردن و پشتگیریکردنی بەربەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان باشی کار کردووە. هەڵوێست و سیاسەتەکەی جێگای پەسەند بووە کە خۆی لە پەیامی یەکیەتی و خەباتی جەماوەری و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دۆزیوەتەوە. ئەوە تا ئێرە موسبەت و باش بووە، بەڵام ئەگەر بە ستراتیژی نەک بە تاکتیکی سەیری کار و تێکۆشان و سیاسەتی حیزبەکان بکەین بە ئەندازەی ئەرکی سەر شانیان و چاوەڕوانی خەڵک وڵامدەر نەبوون، هۆکارەکەشی ئەمانەن: یەکەم، بە شێوەی پێویست لە ئاستی سەرێدا یەک گوتار نەبوون. دووهەم، ئەو کۆدەنگییە کە پێویستە زۆربەی حیزبەکان لە دەوری یەک ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی لە دەوری یەک



سەرچاوە
Serchawe

کۆ بکاتەوە پێی نەگەیشتوون کە پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی فرەچەشن یەکەم ئامانجە. سێهەم، لەسەر بەرنامەیەکی ڕوون بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و دەورانی تێپەڕ ساغ نەبوونەتەوە. چوارەم، هەرچەندە هەموو حیزبەکان درووشم و ئامانجی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەوە کە چۆن لەگەڵ سیستەمی داهاتووی ئێران کار دەکەن و چییان بۆ داهاتووی کوردستان دەوێ، بەرچاوڕوونیمان نییە. ئەمانەش کەمایەسین و پێویستە بەزوویی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

**عەلی بداغی**: پێتان وایە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لەسەر قەرار و بڕیاری وڵاتانی شوێندانەر لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران کارتێکەریی هەبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕێزم بۆ تاک تاکی کەسایەتییە سیاسی و حیزب و ڕێکخراوەکانی سەرانسەری ئێران هەیە و هەرکام بەپێی سەنگ و قورسایی خۆیان حاشا لە خەبات و تێکۆشان و کاریگەری و شوێندانەرییان ناکرێ. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا لە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ناوەندەکانی بڕیار لە وڵاتاندا دەبینین، پتر پێوەندیی بەو دۆخەی ئێستای وڵات، خەباتی شێلگیرانە و مافخوازنەی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکان ئازایەتی و لەمەیداندابوونی خەڵک و سیاسەتی ڕێژیم ڕەفتار و کاردانەوەیان لەهەمبەر ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە. ئەگەر ئەوە نەبا دەوڵەتان بەم جۆرە نەدەهاتنە سەر خەت و ئاوا بیریان لە هەڵسەکەوتی جیاوازتر لە جاران لەگەڵ ڕێژیمی ئێران نەدەکردەوە.

کەمایەسییەکی دیکە لەو ڕاپەڕینەدا نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو دژی کۆماری ئیسلامییە. ئەمن پێموایە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری -جیا لە لایەنی کوردی- ئێستا لەو ئاستەدا نییە بتوانێ هەڵگری پەیامەکان شەقام و ڕاپەڕینەکە بێت. ئەمن ناڵێم هیوام بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە نییە، بەڵام بڕوام وایە ڕێبەرانی سیاسی چ لە ئێستای ڕاپەڕین و دواتریش لە هەناوی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە و لەنێو کچان و کوڕانی ئازای شەقام و زانکۆکاندا دروست دەبێت.

**عەلی بداغی**: بەو پێیە ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی لە ئێستادا دەکەوێتە سەرشای ئۆپۆزیسیۆن چین؟

**مستەفا مەولوودی**: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێویست بوو زۆر پێشتر بیری لە پەرشوبڵاویی خۆی کردباوە و بەو ئەنجامە گەیشتبێت کە ڕێبەریی کۆمەڵگەی ئێران و بزووتنەوەی گەورەی سەرانسەری بەدژی کۆماری ئیسلامی بەو پەرتەوازەیی و خۆبەتەوەرزانینی تاک، حیزب و لایەنەکان ناکرێ و ئەوە ئێستا بەتەواوی دەرکەوتووە. بۆیە لە ئێستای بزووتنەوەدا ڕاستی چاوەکان زۆرتر لەسەر شەقامی ئێران و ئەو کچ و کوڕانەیە کە ڕاپەڕینەکە بەڕێوە دەبەن. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بیهەوێ نەخشی کاریگەر و شوێندانەریشی هەبێ، پێویستە ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی ئێران چۆنە ئاوای ببینێ و خوێندنەوەی

واقعبینانەی لە پرس و کێشەکانی ئێران هەبێت. نیزامی داهاتووی ئێران ناکرێ و ناشتوانێ ناوەندگەرا بێت و ئاواش نییە بچێتە ژێر ڕکێفی بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین. خۆ بێتوو گۆڕانکارییش لە بۆچوونەکانیاندا پێک نەهێنن، ناتوانن ڕۆڵ و نەخشێکی ئەوتۆیان لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا هەبێت.

**عەلی بداغی: ئەدی سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا چەند بووە و کورد چۆن دەتوانێ قورسایی خۆی لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا بپارێزێت؟**

**مستەفا مەولوودی**: سەنگی کورد لەو راپەڕینەدا دیار و بەرچاو بووە و ئەوە لەکەس شاراوە نییە و دروشمەکانی وەک "کوردستان چشم و چراغ ایران" ئەو راستییە دەسەلمێنن. ئەوەش سروشتییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان ٤٣ ساڵە بێ پسانەوە، بە هەموو شێوەکان و لە هەموو ڕەهەندەکاندا دژی کۆماری ئیسلامی لە سەنگەری خەباتدایە. خەباتی سیاسی، پێشمەرگانە، جەماوەری، مەدەنی، ڕێکخراوەیی و کولتووری ئەویش بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و لەو ڕێگەیەشدا قوربانی زۆر و بەنرخیشی داوە. کوردستان هێزی سیاسیی بەئەزموون و خاوەنفکر و پێشەنگی تێدا هەڵکەوتووە. بۆیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەتوانێ بۆ داهاتووی ئێران و لە پێناو بنیاتنانەوەی دێموکراتیکی ئەو وڵاتەدا سەرمایە و دەرفەتێکی بەنرخ بێت. بۆیە ئەو سەنگ و قورساییەی کوردستان ئێستا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێ و وای دەبینم خەڵکی ئێرانیش هەستیان بەو نەخش و دەور و کاریگەرییە کردووە و بەوەیان زانیوە کە ئێرانی داهاتوو بێ لەبەرچاوگرتنی خەباتی خەڵکی کوردستان و دابینبوونی مافە سیاسی، نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد، ئێرانێکی دێموکڕاتیک چێ نابێت.

**عەلی بداغی: کاک مستەفا سەرکوت و کوشتوبڕەکان لە کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکە زیاتر بوون، بۆ؟**

**مستەفا مەولوودی**: ئاشکرایە کە دوژمن بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان ئاوا بێباکانە خوێنی لاوانی کورد دەڕێژێ هەتا بەشکم لەو ڕێگایەوە کورد لە خواستەکانی خۆیان پەژیوان بکەنەوە. ئەوە بە درێژایی مێژوو و لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییش لە ئارادا بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە ئەوە کار و کردەوە و سیاسەتی بووە و چاوترسێنکردن و پاشگەزکردنەوەی خەڵکی کورد لە خەبات و خواستە ڕەواکانی هەمیشە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم بووە. بەڵام وەک دەبینین ئەو خەڵکە هەر لە مەیداندایە و لەسەر ویست و داخوازیی ڕەوای خۆی هەر سوورە. ئەمە لە یەک شوێن و هەر لەنێو حیزبەکاندا نییە، بەڵکوو لە نێو هەموو چین و توێژەکان و شار و گوندەکان دەبینی. بۆیە لە ڕاپەڕینی

ئەمجارەشدا کورد لە سەرکوتی خوێناوی و زەبروزەنگی سیستماتیک بەشی شێری بەرکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەڵام خەڵک بە ئازایەتیی خۆیان لە مەیداندا ماوەتەوە و دڵنیام کۆڵیش نادەن.

**عەلی بداغی:** پلان و بەرنامەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکە بۆ ئێستا و داهاتووی ئەو ڕاپەڕینە چین؟

**مستەفا مەولوودی:** پلان و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری و بە ڕوونیش حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران کارکردنە بۆ تۆکمەترکردنی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە. بۆ ئەوەش پێویستە نەخش و دەوری کچان و کوڕانی کوردستان، خەڵکی ڕاپەڕیو بەتەواوەتی لەبەرچاو بگرین. بەرنامەی ناوەند ئەوەیە بەوەخت و بە بەرنامەتر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان بچێتە پێشێ و بیر لە بەربەرینترکردنەوەی خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی زیندوو و بەردەوام لە پەیوەندیدایە. چونکی دەبێ بەرنامە و پرۆژەی ڕوونی بۆ شوێندانەریی زیاتر لە ڕاپەڕینەکەی ئێستا و بۆ دواڕۆژیش هەبێت. بۆ ئەوەش دەبێ پەیوەندی دیپلۆماسیی خۆی بەهێزتر بکا و لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و دەوڵەتان لە پەیوەندیدا بێت. لە داهاتووی ئێران و لە چوارچێوەی نیزامی سیاسیی داهاتوودا پێوشوێنی خواستەکانی خەڵکی کورد بگرێ و بارتەقای بەشداری خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکڕاتیک، هەوڵ بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٧٢٢

## چاوەڕوانیی ناتوندوتیژی لە خەڵکانی بندەستە و سەرکوتکراو. ڕەوایە یان ناڕەوا؟

**ئیریکا چنووت/ و: عەلی بداغی**

**ئاماژە:** ئەو دەقە وەرگێڕانی لاپەڕەکانی ٥٧ - ٥٨ و هەروەها ٧٨ هەتا ٨٠ی کتێبی "خۆڕاگریی مەدەنی: ئەوەی هەمووان دەبێ بیزانن"، نووسینی ئیریکا چنووت، مامۆستای مافی مرۆڤ و کاروباری نێودەوڵەتی لە زانکۆی هارواردە. ئەم کتێبە ساڵی ٢٠٢١ چاپ و بڵاو بۆتەوە.
ئەم بابەتە دەیەوێ وەڵامی دوو پرسی گرینگ بداتەوە کە ئاخۆ چاوەڕوانیی ناتوندوتیژی لە خەڵکانی بندەستە و سەرکوتکراو، ڕەوایە یان ناڕەوا؟ هەروەها ئایا زیانگەیاندن بە سامان و شوێنە دەوڵەتییەکان بەشێکە لە "بەرگریی مەدەنی"؟

ئاخۆ ئینساف و ڕەوایە چاوەڕوانیمان لە خەڵکی چەوساوە و بندەستە هەبێ لە خەبات و ململانێی خۆیان لەدژی ستەم، سەرکوت و زۆرداریدا تەنیا خۆڕاگریی مەدەنییان هەبێت و خۆ لە هەر توندوتیژییەک بەدوور بگرن؟ وەڵام "نا"یە.

گاندی لە ڕۆژنامەی "هاریجان"دا نووسیی: "لەگەڵ ئەوەدا پەنابردنە بەر توندوتیژی بە ڕەوا نازانم، بەڵام کاتێک ئەو توندوتیژییە بۆ بەرگری لە خۆت، یان بۆ داکۆکی لە خەڵکی بێئەنوا و داماوان بێت گەلێ باشترە لە خۆبەدەستەوەدانی ترسنۆکانە و پتر کردەوەیەکی بوێرانەشە... هەر کەسێک دەبێ لە خۆی ڕا بڕوانێ و کەسی دی نە دەتوانێ و نە بۆی هەیە ڕێوشوێنی بۆ دیاری بکات."(١) جا بۆیە ئینساف نییە ئەو کەسانەی دژی ستەم و سەرکوت و چەوسانەوە خەبات دەکەن، لێمان بوێن ڕێبازی خەباتی خۆیان بەپێی نەخشەڕێی داڕێژراوی کەس و لایەنەکانی دی دیاری بکەن، تەنانەت ئەگەر کەسانێکیش پێیان وابێ ئەو شێواز و مێتۆدانەی ئەو خەڵکە بۆ خەباتەکەیان گرتوویانەتە بەر، لەوانەیە ئاکام و دەرەنجامی پێچەوانەشی لێ بکەوێتەوە.

هەروەک چۆن "ویلمێت براون"، چالاکی مافەکانی ژنانی ڕەشپێست نووسیویەتی:

"هەتا ئەوکاتەی کە مافی دیاریکردنی چارەنووس، هاوپەیمانانی جێی متمانە و کەرەستەکانی خۆڕزگارکردن بە خەڵکی

ڕەش پێست بەڕەوا نابیندرێ، ئێمە چارمان نییە پشت بە تەنیا هێزی خۆمان بە مەبەستی دەستەبەری هێزی زیاتر ببەستین و تواناکانی خۆمان بۆ ڕووخاندنی هێزەکانی دژبەرمان دابنێین. لەو بەستێنەدا توندوتیژییەکانی ئێمە لە پێناو بەرگری و پاراستنی خۆمانە؛ کەچی خەڵکانی سپی پێست کە خاوەنی هێزی زیاتر لە ئێمەن، نسحەت و ئامۆژگاریمان دەکەن کە خۆ لە توندوتیژی بەدوور بگرین، ئەوان خۆیان لە پلەوپایەکی پاساوهەڵنەگر دادەنێن و ئیزن بە خۆیان دەدەن جۆری چەکەکانی ئێمەش لەدژی خۆیانمان بۆ هەڵبژێرن."(٢)

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕەواییەتی ئەخلاقی لەلایەک و دەرەنجامی سیاسی لەلایەکی دیکە لەو بەستێنەدا دەکەونە ملبەملێی یەکتری. زۆر لە خاوەن ڕایانی خۆڕاگریی مەدەنی لێکدانەوە و شرۆڤەکانیان بەتاڵە لە پرس و بایەخە ڕەوشتییەکان و تەنیا لەسەر دەستەبەری ئاکام و دەرەنجام هەڵوێستە دەکەن و گوێ لەو بابەتە دەخەوێنن. کەم نین ئەوانەش لەسەر چارەنووسی کەسانی بندەستە و ژێرچەپۆکە و ئەوە کە چ شێوازێکی خەبات بگرنە بەر، بڕیار نادەن و ئەو بابەتە بۆ ئەوان -خەڵکەکە- دێڵنەوە. بەڵام چ ئەو خاوەن ڕایانە و چ ئەوانیدی کەسانێکن لە دەرەوی ئەو جەغزە. لەنێو بزووتنەوەکاندا لەوانەیە چالاکان و خەڵکەکە لەسەر ئەوە ئاخۆ "خۆڕاگریی مەدەنی" بەکەلک و ئاکامتەوەرە یان نا، یان ئەوە چ لایەنێک یان کام ناوەندی بڕیاردەر ماف یان ئیزنی دیاریکردنی شێوازەکانی خەبات بۆ ئەوانیانی هەبێ کێشە و ناکۆکیی زۆریان هەبێت. زۆر جاریش ئەو باس و بابەتە هەستیارانە لەوانەیە بووبێتە هۆی دابڕان و کەوتنەوەی کەلێن و سەرلێشێواوی لە بزووتنەوەکەدا کە سنوورداربوونی ئەو جۆرە چالاکییانەی لێ دەکەوێتەوە کە هاوپەیمانییەکان دەتوانن لەسەریان ڕێک بکەون.

بۆ میناک، کریس ڕاسدێیل کە هەم تیۆریسیەن و هەم ئەکتیڤیستە، ڕەوتی بزووتنەوەیەکی دژیچەکداریی بریتانیای لە شەڕی جیهانیی یەکەمەوە بەولاوە تاوتوێ کردووە. ئەو لە توێژینەوەکەیدا بۆی دەرکەوت لایەنگرانی سەرسەختی ئاشتی دەستیان لەگەڵ ئەوانە نەداوەتێ کە حاشیان لە کردەوەی توندوتیژ لە پێناو بەرگریی ڕەوا لە خۆیان نەکردووە. ئەوان لایان وابوو کە شێوازی توندوتیژ هەم بێڕەوشتییە و هەم ئاکامی پێچەوانەیان لێ دەکەوێتەوە."(٣) لە بەرانبەر ئەواندا، ئەوانەش کە بژێرەکانی خەباتی توندوتیژیشیان وەلا نەدەنا، وایان دانەنابوو کە دەبێ توندوتیژیی ڕەها و بێسنوور بگرنە بەر، بەڵام لایان وابوو کە لایەنگرانی ئاشتیخوازی و غەوارەکان بۆیان نییە و ئەو مافەیان نادرێتێ بڕیار بدەن کەسانی ڕاپەڕیوی خۆڕاگر، لە بەردەم سەرکوت و زەبروزەنگی خوێناویی هێزی بەرانبەریاندا چی بکەن و چ نەکەن! بەتایبەت کاتێک کە هێز و دەسەڵاتی ڕەقی ڕکەبەریان لەسەر بنەمای پاوانخوازی لە بەستێنی توندوتیژیدا سوور و مکووڕ بێت.

باس و خواسی لەو چەشنە زۆر جار هێڵی ناکۆکی و دابڕانی لێ دەکەوێتە کە لەوانەیە بەردەوامیی پێکەوەبوون و درێژەدان

بە خەباتەکەش بۆ هاوپەیمانەکان دژوار بکات. هێڵی دابڕانەکە لەسەر ئەوە نییە کە کردەوەی ڕاستەوخۆی دژەسەربازی دەبێ ناتوندوتیژ بێت، چونکی زۆرایەتیی بەرە و هاوپەیمانییەکە هاوڕان کە چەندی بکرێ با ئاوها بێت. دابڕان و ناکۆکییەکە لەسەر ئەوەیە کە کێ مافی دیاریکردن یان سەپاندنی بڕیارێکی بە سەر کەس و لایەنێکدا هەیە کە لە بەرانبەر کەس و لایەنی زۆر بەهێزتر و ناڕەوادا ململانێ و کێبرکێی هەیە. ئەو زنجیرە باس و دڕدۆنگییانە داڕێژەری ڕوانگەی ئیلا بەیکێر (Ella Baker) یەکێک لە ڕەمزە دیارەکانی خۆڕاگریی مەدەنییە کە لە دەیەی ١٩٦٠دا گوتی: "خەڵکێکی ژێرچەپۆکە کە لەژێر پۆستاڵدا پێخوست کراون، ئەوانن دەبێ بڕیار بدەن چ شێوازێکی خەبات دەگرنە بەر بۆوەی خۆیان لە نیری سەرکوت و ژێردەستەیی ڕزگار بکەن."(٤)

ئەوانەی تەتەڵەی بزووتنەوەکان دەکەن نابێ پێشوەختە لایەنگرییان کردبێ و دەبێ قەزاوەتکردن لەسەر ئەو بابەتە کە جووڵانەوەکان چ شێوازێکیان گرتۆتە بەر و ئەو ڕێکارانە ڕەوان یان ڕێگەپێنەدراو، بە هەڵپەسێراوی بێڵنەوە. بەتایبەت کاتێک کە سەیرکەران هیچ ستەم و زەبروزەنگێکیان لەسەر نەبێت لە بزووتنەوەیەکدا کە لەهەمبەر ئەوان ە. وەک چۆن "بیل سودێرلەند"، چالاکی ئاشتیخوازی پانئەفریقایی زۆرجار گوتوویەتی: "لەسەر ئێمە نییە بە خەڵک بڵێین کە خۆیان چلۆن ڕزگار بکەن. ئێمە هەر ئەوەندەمان لەسەرە نیری دیلیی حکوومەتەکانمان لە سەر ملی ئەوان هەڵبگرین".

گرینگترین کار کە چاودێران دەبێ بیکەن ئەوەیە فێر بن کە چۆن بە شێوازێکی دڵنیا هاوپشت و پشتیوانی جووڵانەوەکان بن، سەرچاوە و کەرستەی پێویست بخەنە بەردەستیان، و دەرفەتگەلی ئەوتۆ بخوڵقێنن هەتا یارمەتیداری سەربەستی و خۆڕزگاکردنی خەڵک بن. لەبری ئەو پرسیارە خەڵکێک کە عەودالی ڕزگاری و دادپەروەرین بۆچی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن و، لەجیات ورووژاندنی ئەو پرسیارە کە ئاخۆ ئەم بڕیارە ژیرانەیە یان نا؛ ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن لە خۆیان بپرسن کە ئەوان دەتوانن چ شێوازگەلێکی ناتوندوتیژ بۆ پشتیوانی لە خەڵکێک بگرنە بەر کە لەهەمبەر ستەم و سەرکوتدا عەودالی دادپەروەرین.

### ئایا زیانگەیاندن بە سامان و شوێنەکان دەچێتە خانەی "بەرگریی مەدەنی"یەوە؟

لەو بارەوە بۆچوونەکان جیاوازن. زۆربەی شارەزایانی ئەو بوارە دەڵێن خەباتی ناتوندوتیژ لەلایەن خەڵکی ناچەکدارەوە دەکرێ و لەودا کەس زیانی پێ ناگا و هەڕەشەی لەسەر نابێت. یەدا زیان گەیاندن بە سامان و دارایی ئەگەر ورد و پلانمەند بکرێ و هەڵگری پەیامێکی ڕوون بێت، دەتوانێ بە شێوازێکی ناتوندوتیژ بۆ کارشکێنی لە کاروباردا دابندرێت. بەڵام ئەگەر بێتوو ئەو کارە هەروا لەگۆترە، بەبێ ئامانج و هەڵنەسەنگێندراو دەستی بۆ ببرێ، یان پەیامێکی لێڵ و

ناڕوون بگەیەنێت بەو مانایە کەلەوانەیە بکەرانی کارەکە مەبەستیان زیانگەیاندن بە کەسێک بوویێت، لە وەها دۆخێکدا بگرە زۆر کەس خەسارگەیاندن بە سامان و شوێنەکان بە دۆخی ناڕوونی "توندوتیژی خوڵقێن" لێک بدەنەوە، جا یا بە شێوەیەکی توندوتیژیش نەکرابێت. لەو پێوەندییەدا میناکێکی بەناوبانگ هەیە کە مێژووەکەی بۆ دێسامبری ۱۷۷۳ دەگەڕێتەوە.

ئەوکات نیزیک بە ٦٠ ئەمریکایی ناڕازی و لایەنگری سەربەخۆیی کە شێوەی خۆیان وەک سوورپێستەکانی "موهاوک" لێ کردبوو، لە بەندەری بۆستوون چوونە سەر سێ پاپۆڕی بازرگانیی بریتانیا و ٣٤٢ سندووق چایان لەنێو دەریا کرد. ئەوان هەموو هەوڵیکیان ئەوە بوو شتێک لەخۆڕا نەشکێنن، تەنانەت وەک باس دەکەن لە کاتی شکاندنی دەرکی عەمبارێکدا قفڵێکی ئاسنی شکابوو، کە دواتر چوون قفڵێکی نوێیان بۆ هێنا. ئەو کارە زیانی گیانیی لە کەس نەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیامێکی روونی بۆ بەرپرسانی داگیرکەری بریتانیا هەبوو کە خەڵکی کۆلۆنیکراو -داگیرکراو- دەتوانن زیانی ئابووریيان لێ بدەن و بەرژەوندییەکانیان بخەنە مەترسییەوە. وەک باس دەکەن هەر ئەو شەوە زیاتر لە ١٠ هەزار لیرە (زیاتر لە ١/٥ میلیۆن پۆندی ئێستا)یان زیان و خەسار بە بریتانیا دا. ئەوانەی دەستیان لەو کارەدا هەبوو لەلایەن شۆڕشگێرەکانی دیکەوە وەک نیشتمانپەروەر ناسران و پەسنێکی زۆر دران. تەنانەت ڕێبەرانی لایەنگری سەربەخۆیی کە داوای جیابوونەوە لە بریتانیا لەسەر بنەمای سازان و وتوویژ و بە شێوەی هەنگاو بە هەنگاویان دەکرد، لە مەحکوومکردنی ئەو کارە خۆیان پاراست.

دوو سەدە دواتر، لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەیەکانی ١٩٦٠دا بەشێکی زۆر لە دژبەرانی شەڕی ڤیتنام کارتەکانی ئامادە بە خزمەتی سەربازیی خۆیان –کە بە دارایی و سامانی فێدراڵ دادەنرا- سووتاند. چالاکانی دژەشەڕی دیکەش هەبوون کە بۆ پێشگرتن یان کۆتاییهێنان بە شەڕەکان هەوڵیان دەدا چەک و تەقەمەنییەکان بفەوتێنن. لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا فەوتاندن و زیانگەیاندن بە داراییەکان بەبێ ئەوەی زیانی گیانی بە کەس بگات، ئامانجێکی ڕوون و دیاریکراویان لە پشت بوو، هەروەها هەڵگری پەیامێکی ڕوون بۆ بەردەنگی تایبەت بوون. بەڵام زیانگەیاندن بە شوێن و داراییەکان کاتێک بەبێ ئامانج و لێکدانەوە بێت، وەک ئاگرتێبەردانی بیناکان، یان شکاندنی شووشە ئوتومبیلەکان بەتایبەت کاتێک ناڵانقەست زیان بەر کەسانێک (بۆ نموونە کەسانی ڕێبوار) دەکەوێت، دەتوانێ هەڵگری پەیامی ئاڵۆز و ناڕوون بێت.

شکاندنی شووشە و پەنجەرەکان، سووتاندنی ئوتومبیل و ڕووخاندنی بینا و خانووەکان لەلایەن خەڵکەوە بەر ڕەخنەی گشتی دەکەوێت. ئەوجۆرە کار و کردەوانە لەلای زۆر کەس پتر تەعبیر لە ئاڵۆزی و پشێوی دەکەن هەتا دوورەدیمەنی پێکهێنانی نیزامێکی دادپەروەرانەتر. هەروەها بەستێنی مێژوویی و کولتووریی هەر کۆمەڵگەیەکیش دەتوانێ شوێن لەسەر کاردانەوە و

لێکـدانەوەی ئەو کـۆمەڵگەیە لەسـەر ئەوجـۆرە کـردەوانە دابنێـت. بـۆ مینـاک، لەو وڵاتـانەی تازەبەتـازە لە شـەڕ یـان کۆمەڵکوژییەکـان قوتـار بـوون و تێکـدانی سـامان و شـوێنە گشـتییەکان بەشـێک بـووە لەو مێـژووە، دیسـانەکە دەسـتبردن بـۆ سووتـاندن و ڕووخانـدن بگـرە پتـر لەوەی هەسـتی هاوسـۆزی و هاوپێوەنـدی ڕابکشـێت، زیـانی ڕوحـی و دەروونیـی گشـتیی لـێ بکەوێتەوە.

زۆر لە شایەتحاڵ و چاودێران لەمەڕ پەیامەکـانی ئەو کردەوانە سەریان لـێ دەشێوێ. لەوانەیە بەلای چاودێرانەوە ئـاوا لێک بدرێتەوە کە ئاخۆ خۆپێشاندەران تەنیا ڕق و تووڕەیی خۆیـان دادەمرکێنن، یـان لە سەنگەری نافەرمانی و بەرهەڵستکاری لە بەرانبەر بەرپرسانی پاوانخواز و سەرەڕۆ دان؟ ئـاخۆ بە کەمتەرخەمی و لاپرەسەنی خەریکن کاروکاسبییە ناوچەییەکان تێدا دەبەن، یـان دەیـانەوێ وەک تـۆڵە و بە مەبەسـت هەنـدێ لەو کاروکاسـبییە تایبەتـانە بەئامـانج بگـرن؟ بڵێـی مەبەسـتیان گەیانـدنی پەیـامێکی بەربڵاوتـر لەمەڕ زەروورەتـی تێـدابردنی سـەرمایەداری و نەهێشـتنی نـابەرانبەرییە ئابوورییەکـان لە سۆنگەی ئەوەوەیە؟ ئەگەر ئەوان قۆڵیـان لە نەهێشـتن و ڕووخانـدنی سـەرمایەداری هەڵمـاڵیوە، دانـانی چ شـتێکی دیکەیـان لەبری ئەو مەبەستە؟ لەو کۆمەڵگە نوێیەدا کام گرووپی مرۆیی جێیان دەبێتەوە و کامانە دەبێ وەلا بندرێن و بسڕدرێنەوە؟ ئەو چەشـنە پرسـیارانە بلێـی نەڵێـی و، وشـیارانە و ناوشـیارانە زەینـی زۆر کەس لەوانە بە خـۆیەوە سـەرقاڵ دەکـات کە لە ڕەوتـی نـاڕەزایەتییەکانـدا تێکـدان و شـێواندنی شـوێنە گشـتییەکان بە چـاوی خۆیـان دەبیـنن؛ تەنـانەت ئەگەر ئەو زیانگەیانـدنانە لە فـۆرمە زانسـتییەکەیدا بە جـووڵەیەکی تونـدوتیژیش دانەنـرێن. ئەمە دەبێـتە هـۆی بیرهێنـانەوەیەکی گرینگ: ئەوە کە کردەوەیەک لەژێر نـاوی بێبەریبوون لە توندوتیژی پۆلێن دەکرێ، مەرج نییە وەک تاکتیک یـان شێوازێکی خەبات ژیرانە بێت، کە دیارە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە.

***

Gandhi, Harijan, October 27, 1946, pp. 369–70.

Brown, Wilmette. 1984. Black Women and the Peace Movement Bristol: Falling Wall Press, pp. 22–23.

Rossdale, Chris. 2019. Resisting Militarism: Direct Action and the Politics of Subversion Edinburgh: Edinburgh University Press.

Quoted in Hoyte, Harry. 2016, June 30. “Ella Baker and the Politics of Hope—Lessons from the Civil Rights Movement.” Huffington Post, https:// www.huffpost.com/entry/ella-baker-and-the-politi_b_7702936.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٩ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## لێدانەوەی قەوانی کۆن لە دۆخی نوێدا

ژمارەی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی گەلان لە ساڵی ۱۳۲٤ی هەتاویدا لە ٥۱ وڵاتەوە گەیشتە ۱٤۹ وڵات و لە ساڵی ۱۳٦۹ەوە هەتا ئێستا بۆ ۲۰٦ وڵات زیادی کردووە کە ۱۹٦ وڵاتیان ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن. هۆکاری بنچینەیی ئەو گۆڕانکارییانەش بۆ بنەڕەتی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" دەگەڕێتەوە کە وای کردووە لە ماوەی کەمتر لە ۸۰ ساڵدا پتر لە ۱٥۰ گەل و نەتەوە کیانی سیاسیی سەربەخۆی خۆیان هەبێت و هەوساری چارەنووسیان بگرنە دەست.

مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی مرۆیی بناغە و بنەڕەتی مافەکانی دیکەی مرۆڤە و بەو هۆیەوە هەموو کەس و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بەبێ سەرنجدان بە جۆری ئیتنیک، ڕەگەز، نەژاد و ئایین دەتوانن جڵەوی کاروباری خۆیان لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریدا بگرنە دەست. هەربۆیەشە لە مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە تەنیشت پێویستیی ڕەچاوکردن و ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنگەیی و سروشتییەکاندا باس لە مافی دیاریکردنی چارەنووس کراوە و ئەو بابەتە لە ڕیزی ئەسڵە بنەڕەتییەکانی مافە نێونەتەوەییەکانیشدا جێی گرتووە کە بە پاراستن و دەکارکردنیان پێش هەموو شتێک جگە لە خاوەنێتیی سەروەریی نەتەوەیی، دەکرێ بەر بە پێشێلکردنی مافی کەمایەتییەکان لەنێو هەر پێکهاتەیەکدا بگیردرێ. بە واتایەکی دی مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی قسەهەڵنەگر و دانەشکاو بۆ هەر نەتەوەیەکە هەتا بتوانێ نیزامی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆی هەبێ و ستاتویەکی نێونەتەوەیی بۆخۆی دەستەبەر بکات. دواتر بە پەسەندکرانی بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکانی دیکەش ئەو مافە نەک بەتەواوی بەڕەسمی ناسرا و پێداگریی لەسەر کرا، جێبەجێکردنیشی وەک ئەرک خرایە سەر شانی دەوڵەتەکان .

مافی دیاریکردنی چارەنووس پێوەندییەکی گرێدراو و لێکدانەبڕاوی لەگەڵ چەمکگەلی وەک دێموکراسی، ئازادی و مافی مرۆڤ هەیە و یەکێک لە هۆکارەکانی گرینگیدانی ئەو ئەسڵە بە پرسی دێموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ لەوەدایە کە نەبوونی دێموکراسی لە هەر وڵاتێکدا پێشێلکردنی مافی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە، دۆخێک کە نەتەوە بندەستەکان لە ئێران لە سەت ساڵی ڕابردوودا هەموو جۆرێکی ئەو پێشێلکردنانە دەرحەق بەوان بەڕەوا زاندراوە. ئەو دۆخەش وای کردووە نەتەوەکان -کورد بەتایبەتی- بۆ دابینبوونی مافەکانیان خەباتێکی دوورودرێژ بکەن، بەڵام بێتوو دوو دەسەڵاتی ناوەندگەرای پاشایەتیی پەهلەوی و ڕێژیمی ئیسلامی ڕێژیمێکی دێموکراتیک بان و ڕێزیان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک بنەڕەتی مافەکانی مرۆڤ گرتبا و وەڵامیان بە ویست و داخوازیی بەحەقی گەلانی ئەو وڵاتە بۆ بەشداری و هاوبەشیی سیاسی و مافی وەکیەک بەبێ هیچ چەشنە فەرق و جیاوازای و هەڵاواردنێک دابایەوە؛ نە کەلێنی نێوان دەسەڵات و نەتەوەکان ئاوا

بەرفراوان دەبوو؛ نە ڕەوتی دێموکراتیزاسیۆنی وڵات هیندەی دەخایاند و نە ئەوەندەش تێچووی قورسی دەویست.

ڕێژیمە ناوەندگەراکانی تاران لە یەک سەدەی ڕابردوودا کە هەر لەجێدا لەسۆنگەی لاوازیی خۆیانەوە و لە چەند قۆناغێکی مێژووییدا بەشێکی زۆر لەو جوغرافیا سیاسییەی ئێستا بە ناوی ئێران دەیناسین لێ کراوەتەوە و بە وڵاتانی دیکەی دراوسێوە لکێندراوە، هەموو کاتێک "تەواوەتیی ئەرزی"یان وەک پیرۆزییەک پێش بنەماکانی مافی مرۆڤ خستووە و هەڕەشەی "تەجزییە"یان گۆپاڵێک لەسەر نەتەوە مافخوازەکانی ئەو وڵاتە ڕاگرتووە. لە چەند مانگی ڕابردووشدا کە شۆڕشی ژینا بە مانیفێستێکی تەواو مەدەنی و مافخوازانەوە جێی بە وەهمی پیلان، عەقڵییەتی شوینیستی، باوەڕە نادێموکراتیک و سیاسەتی دژە مافی مرۆییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لێژ کردووە، پرسی "تەواوەتیی ئەرزی" و "تەجزییە" نەک هەر لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ بیانووی سەرکوت، بەڵکوو لەلایەن کۆمەڵێک هێز و ڕەوتی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیشەوە بۆڵد دەکرێ و تەنانەت بە ناوبردنی وەک هێڵی سوور دەکرێتە گۆپاڵێک بۆ هێرش و هەڕەشە بۆ سەر نەتەوە مافخوازەکانی وەک کورد لەم وڵاتەدا. بەپیرۆزکردنی سنوورێک کە بە شایەتیی مێژوو و بە هۆکاری جۆراوجۆر کە هەروەک باس کرا زۆرجار بەهۆی نازێری و لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندییەوە چەندین جار گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بچووک کراوەتەوە، بەردەوام کراوەتە پاساو بۆ بەردەوامیی سەرکوت، کوشتوبڕ، سەرەڕۆیی، توندوتیژی و سەپاندنی هەڵاواردن و نابەرانبەری؛ بێئەوەی بزانن کە تەواوەتیی ئەرزی بە سڕینەوەی جیاوازییەکان و پێخوستکردنی مافەکانی نەتەوە بندەستەکان لەلایەن دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست و بەگشتی بە تەواوتیخوازی ڕاناگیرێ و ناپارێزرێت.

هاوکێشەکە ڕوونە. هەتا ئێستا هیچ کام لە نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران خواستی سەربەخۆییان نەبووە و حیزبە سەرەکییەکانی ئەم نەتەوانەش -کورد بۆ نموونە- دەیانەوێ پرسی نەتەوایەتی و مافە مرۆییەکانی خۆیان لە ئێراندا لە چێبوونی نیزامێکی فدڕاتیودا چارەسەر بکەن. بەڵام کاتێک کولتووری نەتەوەیەک لە وڵاتێکی ناوەندگەرادا مەترسیی فەوتانی لەسەر بێت و نیزامی سیاسیی وڵات ئیزنی هاوبەشی لە ئیدارەکردنی وڵات و بەخاوەنکردنی مافەکانی ئەو پێکهاتەیە و خۆدیتنەوەیان لە شانۆ سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتەدا پێ نەدا، مافەکانیان بە شێوەی سیستماتیک پێخوست بکات، هەوڵی سڕینەوەی شوناس و ژێنۆسایدی زمان و مێژوویان بدات و لە هەموو کەرتەکاندا پەراوێزیان بخات؛ ئیدی ئەوە دەسەڵاتە کە هەموو شەرعییەتەکانی لە خۆی داماڵیوە و ئەو نەتەوەیەش مافی خۆیەتی لەسەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدات. ئەو بڕیارەش هەرچی بێت دەبێ بەڕەسمی بناسرێ و ڕێزی لێ بگیردرێت و خۆ ئەگەر بێتوو ئەو مافنواندنە لە هەر فۆرمێکدا ڕەوشی جیاواز لە پێشوو لەو وڵاتەی لێ بکەوێتەوە، بەرپرسایەتیی ئەو دۆخە نوێیە لە ئەستۆی حکوومەت و دەسەڵاتی ناوەندگەرایە.



سەرچاوە
Serchawe

کە واتە هیچ خاک و جوغرافیایەک پیرۆزیی پتر لە ئازادی و مافی ژیان و کەرامەتی نەتەوەیەکی مافزەوتکراوی نییە و، شۆڕشی ژیناش بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" هەم خاڵگۆڕانێکە لە مێژووی ئێراندا و هەم دەرفەتێکی زێڕینە بۆوەی داهاتووی ئەم وڵاتە بە عەقڵییەتێکی جیاواز لەوەی هەتا ئێستا ناوەندگەراکان دەکاریان کردووە دابڕێژرێتەوە و باشتر وایە ئەو دەرفەتەش لەکیس نەچێت و لە بار نەبرێت.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢**

---

## لێ دەدا و هاواریش دەکات

پـڕۆژەی دەرمانـداوکردنی قوتابییـانی کـچ لە خوێنـدنگەکانی ئێـران وەک تـاوان و جینـایەتی دژی مرۆڤـایەتی قۆنـاغی حاشـاکردنی تێپەڕانـدووە و ئێسـتا دەبـێ چـاوەڕوان بـین بـزانین ناوەنـدە ئەمنییەتییەکـان لە تەنیشـت ڕاکـردن لە بەرپرسایەتیی جینایەتەکانیان دەستی چەوری خۆیـان بە کێ دەسڕن و بڕیـارە کێ ببێتە قوربـانیی سیناریۆی نویی ڕێـژیم بـۆ کپکردنی شۆڕش و لەباربردنی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵک.

دوای ئەوەی لە مـاوەی پتـر لە سێ مانگـدا زیـاتر لە ٥ هەزار قوتـابیی زیـاتر لە ٢٣٠ قوتابخـانەی ٢٥ پاریزگـای وڵاتـدا ژەهرخواردوو کـران، و پـاش ئەوەی بەردەوامیی هێرشـەکان و سیاسـەتی دیزەبەدەرخۆنەکردنی ئەو بـابەتە لەلایەن بەرپرسـانی حکوومەتییەوە قەیرانێکی ئەمنییەتیـی دیـکەی بـۆ خەڵـک دروست کـرد و، لەسـۆنگەی ئەوە کە بیـروڕای گشـتی بە زۆر هـۆ بەرپرسایەتیی ئەو جینایەتانەیـان خستە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی؛ دواجـار خـامنەییش وەدەنـگ هـات. ڕێـبەری ڕێـژیم ڕۆژی ١٥ی ڕەشـەممە وێـرای داننـان بەوە کە بـابەتی ژارخواردووکردنەکـان لە ئێستادا بـابەتێکی ڕۆژەڤـی هەستیاری کـۆمەڵگەیە، ئەو کـارەی بە "جینـایەت"ێکی گەورە نـاو بـرد و گـوتی کە نـابێ لە "بـکەران"ی خـۆش بـبن. بەڵام حەوتـوویەکیش دوای دژکـردەوەی خـامنەیی هێشـتا ناوەنـدە ئەمنییەتـی و پـۆلیس و دەزگـای دادی کۆمـاری ئیسلامی ڕوونیـان نەکـردۆتەوە کە کـێ لە پشـتی جینایەتی گۆرینە و بکەران و بڕیادەرانیشی کێن؟

لە تـازەترین کاردانەوەکانـدا ٣٢٦ کەس لە مامۆستایانی زانکۆکـانی وڵات هێرشـە شیمیاییەکانیان بە کارەسـات شـوبهاندووە و لە پەیامێکدا ڕوو بە کاربەدەستانی حکوومەت و بەرپرسانی ناوەنـدە ئەمنییەتییەکان گوتوویـانە جێی شـەرمە بـۆ حکوومەتێک کە ئیـدیعاکانی لەمەڕ پاراستنی ئەمنییەتـی خەڵـک لە نـاوەوە و دەرەوەی سـنوورەکانی وڵات گـوێی دنیـای کەڕ کـردووە، ئـاوا لەهەمبەر ئەو قەیرانەدا دەستەوەستان ماوەتەوە؛ هاوکات پووشبەسەرکردنی ئەو جینایەتـانەش هیچ مانـایەکی دیکە جگە لە هاودەستی و هاوڕایی لەگەڵ ئەو جینایەتانە بەدەستەوە نادات.

هەروەها کۆمەڵێک لە پزیشک و پیراپزشیک و چالاکـانی بەشی دەرمـانیی وڵاتـیش لە نامەیەکدا بـۆ سەرۆکایەتیی ڕێکخراوی نیـزام پزیشـکی لەگەڵ دانە بەر ڕەخـنەی پرسـی ئەمنییەتـی گیـانیی منـدالان بەتـایبەت قوتابییـانی کـچ، ئەو پرسـیارە بەرجەستە دەکا بۆ مەگەر ئەوە ئەرک و بەرپرسایەتیی نیزام پزیشکی، بێهداشت و دەرمان و پزیشکی دادی وڵات نییە هەتـا

هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو هێرشانە بدۆزنەوە؟ لە بەشێکی دیکە ئەو نامەیەدا ئەو پرسیارەش کراوە کە ئاخۆ ناوەندە بەرپرسیارە پزیشکی و دەرمانییەکانی وڵات پێیان وانییە ئەو هێرشە ژەهراوییانە بۆ سەر خوێندنگەکان، سبەی و لە دواڕۆژی نیزیک بە شێوازی نوێتر و ئاڵۆزتر بکرێتە سەر بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگەش؟

ئاکامگیریی چاودێرانی سیاسیش ئەوەیە ئەگەر سەرەتا وا وێدەچوو ئەو هێرشانە لەلایەن گرووپە توندئاژۆیە ئایینییەکانەوە کە دژی خوێندن و چالاکیی کچان و ژنان لە کۆمەڵگەدان ڕێک خراون، بەڵام دوای بێدەنگی و دەست لەسەر دەستدانانی مەجلیس و دەوڵەت و دەزگای قەزایی ئیدی ڕوون و ئاشکرایە کە ئاستێکی بەرفراوانتری دەسەڵات بە بڕیاری کەسانی هەرە سەرووی ڕێژیم و بە پشتیوانیی زۆربەی ئۆڕگانە حکوومەتییەکان لە پشتی ئەو ڕووداوگەلەن. ئەگینا چۆن دەکرێ کەسانێک بێ هیچ ڕێگرییەک دەستیان بە کەرەستە خاوەکانی ئەو جۆرە ژارانە کە دوورە لە دەستی کەس و لایەنە ئاساییەکان ڕابگا و لە زیاتر لە ٢٠ پارێزگادا بتوانن هێرش بکەنە سەر قوتابخانەکان و منداڵان ژارخواردوو بکەن و پاش سێ مانگیش هێشتا هیچ ناوەندێکی حکوومەتی کارێکی بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و دەسبەسەرکردنی بکەرانی ئەو جینایەتانە نەکردبێ؟ یان چۆنە لەسۆنگەی دروشمدان و لەچکفڕێدانی چەند کچە قوتابییەک ناوەندە ئەمنییەتی و سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم مەغول‌ئاسا دەڕژێنە نێو خوێندنگەکان، بەڵام لە کاتی ئاوادا هەموو قڕوقەپ لە دوورەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەن؟

لەو بارودۆخەدا بابەتێکی دی مێدیاکانی ئێران لەسەری دەڕۆن، دانانی کۆمیتەیەکی بەدواداچوونی ڕاستییەکانە. بەڵام کاتێک لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا دەبینین کە ناوەندە ڕەسمییەکان قەت لەگەڵ خەڵک ڕاست نەبوون و درۆ و چەواشەکاریی سیستماتیک تانوپۆی تەواوەتیی ڕێژیمی تەنیوە و کۆمەڵگەی مەدەنییش بۆ بەدواداچوونی ڕاستییەکانی لەو چەشنە کەمترین دەرەتانی بزواوتنیان نییە؛ هەمووان دەزانن نە نهێنیی ڕاستەقینەی لەو جۆرە ئاشکرا دەبن و نە خەڵک متمانە بە ڕاپۆرتی هەر کۆمیسیۆن و ناوەندێکی بەدواداچوون دەکەن کە لەلایەن حکوومەتەوە دەستنیشان کرابێت. مەگەر ئەوەی گرووپێک لە کارناسان و پزیشکان، ڕێکخراوە مەدەنییەکان، نوێنەرانی ئەنجوومەنی دایکان و باوکان بە بەشداریی نوێنەرانی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی وەک خاچی سوور و یونیسێف بیانەوێ کاری لەسەر بکەن کە بەپێی ناسینێک کە هەمووان لە کۆماری ئیسلامیمان هەیە؛ وەها قەرارێک شتێکی مەحاڵە.

هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش کە ئامانجی یەکەم و قوربانییانی سەرەکیی ئەو هێرشانە یەک لە کۆڵەکەکانی شۆڕشی سەرانسەری ئێستای ئێرانن، کەمتەرخەمی، بیانووهێنانەوە و قسە دژبەیەکەکانی کاربەدەستان هەر زۆر زوو بیروڕای گشتیی ئێرانی هێنایە سەر ئەو قەناعەتە کە ڕێژیم خۆی هۆکاری ئەو دۆخە و بکەری ئەو جینایەتانەیە کە لە ئێستای

ئێراندا ڕوو دەدەن. ئەوەش واتای پەلەیەکی دی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی بە تەوێڵی کۆماری ئیسلامییەوەیە. ئەوەش دەخوازێ کە کۆمەڵگەی جیهانی بەپێی "کۆنڤانسیۆنی پێشگرتن بە کوشتار" لەهەمبەر پاراستنی گیانی ئەو خەڵکەی لەلایەن حکوومەتێکەوە مەترسیی گیانییان لەسەرە؛ هەنگاوی بەکردەوە هەڵێنن. چونکی بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان سەروەریی دەوڵەتەکان تەنیا بۆ بەگژداچوونەوەی هێرشە دەرەکییەکان نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتدا بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەمنییەت و ژیانی خەڵکەکەی خۆیانە. بۆیە هەر دەوڵەتێکی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کاتێک نەیهەوێ یان نەتوانێ لەپێناو پاراستنی ژیان و ئەمنییەتی خەڵکەکەی خۆیدا تێبکۆشێ یان تەنانەت بۆخۆی دەرحەق بە خەڵکی وڵاتەکەی جینایەت دەکات، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە تەواوەتیی خۆیدا ئەرکی سەرشانیەتی کە خەڵکی ئەو وڵاتە بپارێزێت.

لەلایەکی دیکەشەوە بەپێی هەموو بەڵگەکان دەتوانین بڵێین ئەوەی کۆماری ئیسلامیی لەو پیلانەدا دەرحەق بە بەشێک لە خەڵکی وڵاتی دەکات جینایەت دژی مرۆڤایەتییە، کە بەپێی مادەی حەوتی ئەساسنامەی ڕۆم بریتییە لە هەر هێرشێک کە لە ئاستێکی بەربڵاو و سیستماتیکدا سێرەی لە کەسانی مەدەنییان گرتبێ و بکەرانی کوشتارەکە بزانن کە خەڵکی سڤیلیان بەئامانج گرتووە. ڕێک وەک ئەو هێرشانەی لەو ماوەیەدا لە تەنیشت کوێرکردنی خەڵکی ناڕازی و کوشتنی کەوکوژیی خۆپێشاندەران و لە ئێستادا دەرمانداوکردنی کچان لەلایەن ڕێژیمەوە دەکرێتە سەر خەڵکی وڵات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢

## هاوچارەنووسیی باوک و کوڕ و، زیندێتیی باوەڕی گەلێک

دوو ڕۆژ دوای ئەوەی "شێرزاد ئەحمەدنیژاد"، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی بۆکان لە ورمێ لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لێ ئەستێندرا، هەر لە ورمێ "محیەدین ئیبراهیمی"، خەڵکی شنۆ، خێزاندار و باوکی دوو منداڵانی کەمئەندام پاش ٥ ساڵ مانەوەی لەژێر حوکمی ئێعدامدا لەدار درا.

بنەماڵەی محیەدین چارەنووسێکی تراژیدیکیان هەیە: محەممەد باپیر، باوکی محیەدین کە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات بوو، بە دەستی سپای پاسداران شەهید کراوە و نورەدینی برایشی چەند مانگ پێش دەستبەسەرکرانی لەکاتی کۆڵبەری لە ناوچە سنوورییەکانی شنۆدا بە دەستڕێژی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم گیانی لێ ئەستێندرا.

بە ئێعدامکردنی محیەدین ژمارەی ئەو بەندییە کوردانەی لە ماوەی ئەمساڵدا لە زیندانەکانی ڕێژیمدا لەسێدارە دراون گەیشتە ٦٦ کەس کە چوار کەس لەوان زیندانیی سیاسی بوون. دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی سەرکوتی شۆڕشی ژیناشدا ١٢٦ لاوی کوردی کوشت کە ٩ کەس لەوان پاش دەسبەسەرکرانیان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا.

ئێعدامی محیەدین ئیبراهیمی لەگەڵ ٥ زیندانیی دیکە چوار ڕۆژ پێش نەورۆز و میلیتاریزەکردنی پتری کوردستان و ڕێگری لە بەڕێوەچوونی کۆبوونەوە ژینگەییەکانی دواهەینیی ساڵ لە زۆربەی شارەکانی کوردستان چاوسوورکردنی ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دژکردەوەی دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بە بانگەوازی ناوەندی هاوکارییە کە لەودا داوا لە خەڵکی کوردستان کرابوو: ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لە ئاستێکی بەرینتر لە ساڵانی ڕابردوو، یەکگرتووانە و بە ناو و دروشم و هێمای تایبەتەوە بەڕێوە ببەن و بیکەن بە دەرفەتێکی دی بۆ گەیاندنی کۆمەڵێک مانا و پەیامی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی دیکەی کورد و تابلۆیەکی جوانتر لە پێشوو لە ئیرادەگەریی نەتەوەیی خۆیان پێشان بدەن.

ئێعدامکردنی محیەدین ئیبراهیمی بێگومان دواتاوانی ڕێژیم لە کوردستان نابێت. ئێعدام لە تەنیشت تێرۆر هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە سیاسەتی بەکردەوەی ڕێژیم بۆ زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگە، ئاساییکردنی توندوتیژی و چەکێکی کارا بۆ نەهێشتنی دژبەرانی سیاسیی خۆی بووە. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی لێبوردنی



سەرچاوە
Serchawe

نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ڕا هەتا ساڵێ ١٣٩٥ی هەتاوی پتر لە ٦١ هەزار کەسی لەو وڵاتەدا لەدار داوە کە هەزاران کەس لەوان کوشتنی سیاسی بوون. هەر بە گەڕانەوە بۆ ئامارەکان دەردەکەوێ کە کورد و کوردستان لە بواری ئێعدامدا زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە، بەو تایبەتمەندییە کە سروشتی ئێعدامەکان لە کوردستان لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران جیاواز بوون.

ئێعدامی سیاسی لە کوردستان لە سەر بنەمای «هەوڵی تێکۆشەرانی سیاسی بۆ دژایەتیی کۆماری ئیسلامی» و « بە دژەخودا ناسینی چالاکانی سیاسی» و بەمجۆرە بە موستەحەق زانینی ئەو کەسانە بە مەرگ و سێدارە، ڕەوتێکی نەپساوەیە و بەردەوام ئامرازی بەر دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی نەیارانی سیاسیی کورد بووە و؛ هەروەک گوترا لەو سۆنگەیەوە کۆمەڵگەی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان تێچوویەکی زۆریان داوە. هەر بەپێی ئاماری ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە زیاتر لە ٢٣٠٠ ئەندام، پێشمەرگە و چالاکی سیاسیی کورد بە بڕیاری دەزگای قەزایی و تیمەکانی تێرۆری ئەم ڕێژیمە ئێعدام کراون.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ بەردەوامیی ئێعدامە سیاسییەکان و نەگۆڕبوونی ئەو سیاسەتەی ڕێژیم پاشەکشەیان بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد کردووە؟ مێژووی جووڵانەوەی سیاسیی کورد وەڵامی ئەو پرسیارەی بەباشی داوەتەوە کە نەخێر ئەوەی دوژمن هەتا ئێستا کردوویەتی ئاسنی ساردکوتان بووە. چونکی ئەگەر ئێعدام و لە سێدارەدان و زیندان و سەرکوت کاریگەریی لە سەر ڕاوەستانی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری هەبوایە، هەر لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە دەبوایە ڕەوڕەوی خەبات و تێکۆشان لە جووڵە کەوتبا و هیچ تاکێکی کورد باسی لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد نەکردبایە، کە دەبینین وانییە و شۆڕشی ژیناش باشترین نموونەیە بۆ ئەو ئاکامگیرییە.

لە ئێستاشدا کە شۆڕشی ژینا تەنگی بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیوە و ڕێژیم چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی سیاسی خەریکە بەتەواوی دادەڕمێ، ڕێبەرانی ڕێژیم بە لێبڕاویی زیاترەوە هەموو ئامرازەکانی سەرکوت و یەک لەوان ئێعدام لەدژی خەڵک ئەویش بەمەبەستی تۆقاندنی کۆمەڵگە دەکار دەکەن، بەشکم لەو سۆنگەیەوە چەند ڕۆژێکی دیکە بە تەمەنی دەسەڵاتەکەیان زیاد بکەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئێعدامکردنی محیەدین ئیبراهیمی تاوانێکی دیکەشی لە کارنامەی پڕ تاوان و شوورەیی خۆی زیاد کرد. بێگومان هیچ نووسینێکیش ناتوانێ بۆ منداڵەکانی شەهید محیەدین جێگای باوکیان و بۆ هاوژینەکەی جێگای مێردەکەی بگرێتەوە. بەڵام بێشک ڕۆڵەکانی گەل و نیشتمان شێلگیرانە بە بیرو باوەڕەوە لە پێناو ئامانجی شەهیداندا هەنگاو دەنێن.



سەرچاوە
Serchawe

خەبـات و تێکۆشـانی کـورد لە ئێسـتادا پتـر لە هەر کاتێـک لە پەرەسـەندندایە و لە سـەرکەوتن نیزیـک. بەدڵنیـاییەوە خەباتکارانی کوردیش تـۆڵەی شەهیدان و ڕۆڵە بەناحەقکوژراوەکانی نیشتمان بە سەرخستنی شۆڕشی ژینا و دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد دەکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢٦ی ڕەشەمەی ٢٧٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠٢٣

### ساڵی بەردەم، ساڵی چارەنووس

دەکرێ بەدڵنیاییەوە ساڵی ڕابردوو (١٤٠١) بە ساڵی وەرچەرخانی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێراندا دابندرێ. ساڵێک کە شۆڕشی ژینا کۆتایی بە ویژمانی ڕیفۆرمیستی بۆ چارەسەری قەیرانەکانی وڵات هێنا و بۆ یەکەمجار زۆرایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی ناڕازی و هێزە سیاسییەکان لە ئاستی سەرانسەریدا هاتنە پشتی ویژمانی شۆڕشگێڕیی "شۆڕشی ژینا، ژن، ژیان، ئازادی" و؛ هەروەها تێپەڕین لە تەواوەتیی کۆماری ئیسلامییان بە فازی یەکەمی ئەو شۆڕشە سیاسی-کۆمەڵایەتییە قووڵ و هەمەلایەنەیە دانا.

ساڵی ١٤٠١ لە هەلومەرجێکدا دەستی پێ کردبوو کە بناژۆخوازەکان جڵەوی ڕەهای هەر سێ دەسەڵاتی داد، دەوڵەت و قانووندانانیان گرتبووە دەست، هاوکات هەوساری هەموو ناوەندە دەسەڵاتە نافەرمییەکانیشیان وەک هەمیشە بەدەستەوە بوو؛ بەڵام گەندەڵیی سەرتاپاگیر، ناکارامەیی سیاسی و ئیداری لە چارەسەری قەیرانەکانی وڵات، پشتکردن لە وادە و بەڵێنەکانیان بە خەڵک و پەنابردنەوە بەر سەرکوت و زەبروزەنگ وەک سیاسەتی هەمیشەییان لە هەمبەر ویست و داخوازییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان؛ ئیدی هیچ شەرعییەتێکی بۆ تەواوەتیی ڕێژیم و هیچ هیوایەکیشی بۆ کۆمەڵانی خەڵک نەهێشتەوە. کارەساتی کوشتنی ژیناش شەمچەی بە عەمباری باڕووتی تووڕەیی و بێزاریی خەڵکەوە نا و جەمەی خستەوە شەقام و بڵێسەی شۆڕش لە هەموو کەرتەکانی کۆمەڵگەوە ئاسمانی وڵاتی داگرت.

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەلایەک بە کوشتنی سەدان کەس، بریندارکردن و نقوستانکردنی هەزاران کەس و دەسبەسەرکردنی دەیان هەزار کەس کە زۆریان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا و، لەلایەکی دیکە بە میلیتاریزەکردنی ڕەهای شەقام و جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵک، پەرەدان بە زەبروزەنگ و تۆقاندنی خەڵک تا ئاستی دەرماناداوکردنی منداڵانی قوتابی توانی بڵێسەکانی شۆڕش لە چەند مانگی کۆتایی ساڵدا دابمرکێنێت، بەڵام بۆخۆشیان دەزانن کە شۆڕشی خەڵک وەک ئاگری بن خۆڵەمێش، چاوەڕوانی دەرفەتێک بۆ گەشانەوەیە. بۆ سەلماندنی ئەو

ئیدیعایە با لە باسی کۆبوونەوە نهێنییەکانی ڕێبەرانی ڕێژیمەوە چەند فاکت بێنینەوە:

لە ئاکامی باسە دزەپێکراوەکانی کۆبوونەوە گرینگەکەی ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی پەنجاوچەند فەرماندەی پلەبەرزی سپای پاسداران لەگەڵ خامنەییدا دەردەکەوێ داماویی ڕێژیم تەنیا لە چۆنیەتیی بەرەورووبوونەوە لەگەڵ خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام و ڕاپەڕینی خەڵکدا نییە، بەڵکوو چارەسەرنەکرانی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و بارگرانیی لەڕادەبەدەری هەژاری و بێئەنوایی لەسەر شانی خەڵک، ناوەندە ئەمنییەتییەکان و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی لە کۆنترۆلکردنی نارەزایەتییەکاندا دەستەوەستان و ماندوو کردووە. ئیسماعیلی خەتیب، وەزیری ئیتلاعات لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای ئاماژە بەوەی کە بە سەرکوت و زەبروزەنگ توانیویانە بە سەر خۆپێشاندانەکان و ٢٨ مانگرتنی سەرانسەری لە پیشەسازیی نەوت و گازدا زاڵ ببن، ترسی لەڕادەبەدەری خۆی لە پەرەسەندنی مانگرتنەکان ئەویش لە بەشی پیشەسازیی وڵات بەتایبەت کەرتی نەوتدا کە دەتوانێ شادەماری هەناسەدانی ڕێژیم بوەستێنێ نەشاردۆتەوە. یان سەرهەنگەکانی سپا لە ناوچە و پارێزگا پەراوێزخراوەکان بەئاشکرا گوتویانە کە بەرحەقبوونی ویست و داواکانی خەڵک وایکردووە هێزەکانیان لە هەموو ئاستەکاندا پێملی بڕیارەکان بۆ سەرکوتی خەڵک نەبن و دانیان بەوە داناوە کە بەدەنەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم تووشی هەرەس و دارمان بووە.

ساڵی ڕابردوودا هاوکات تاقیکارییەکیش بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بوو. لە کاتێکدا لاوانی وڵات سینگیان بە گوللەوە نابوو، و یەکدەنگ و یەکریز بەدژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ڕاسابوون؛ بەڵام نەبوونی یەکریزی و هاودەنگی لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا دەرفەتی بە کۆماری ئیسلامی دا جارێکی دی پشووی بێتەوە بەر خۆی. بەڵام بابەتی بنەڕەتی هەر نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارامە بۆ ڕێبەریکردنی شۆڕش لە نێوخۆی وڵاتدا نەبوو، بەڵکوو پاوانخوازیی لایەنگەلێکە کە دەیانەوێ سواری شەپۆلی شۆڕشی ژینا و نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانیان بن و شووڕەییش تا ئەو ئاستەی ڕاپەڕینی خەڵک بە مەترسی بۆ سەر تەواوەتیی خاکی ئێران بزانن و؛ لە ڕێگەی میدیا پڕبینەرەکانەوە توێژی خۆڵەمێشیی کۆمەڵگە و لایەنگرانی ناوەندگەرایی لێ بپرینگێننەوە! بەڵام سەرەڕای ئەم واقعەتاڵە لە ڕەوشی ئۆپۆزیسیۆن و ئەزموونی سەرکەوتووانەی تائێستای کۆماری ئیسلامی لە قۆستنەوەی پێکدژیی بەرژەوەندیی وڵاتان لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بە قازانجی خۆی، دۆخی شۆڕش لە ئێران بەردەوامە؛ قەیرانەکانیش بۆ کۆماری ئیسلامی لەجێی خۆیانن و زۆرتریش بوون. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ مانەوەی لە دەسەڵاتدا پێویستیی بە شەرعییەتی خەڵکی هەیە کە نییەتی، پێویستیی بە یەکگرتیی نێوخۆیی بازنەی دەسەڵات هەیە کە درزیان تێکەوتووە، پێویستیی بە چارەسەری قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و پەروەردەییەکانی وڵات هەیە کە لە بەرانبەریداندا دۆشداماوە. بۆیە گوشارەکان لە نێوخۆی وڵات لەلایەن خەڵکەوە و پشتگیرییەکانیش لە شۆڕش لە دەرەوەی وڵات وا دەکەن دۆخەکە بۆ ڕێژیم لە ساڵی نوێدا دژوارتر و

ئەستەمتر ببێت.

"شۆڕشی ژینا" بە قۆناغەکانی هەوراز و نشێوی خۆیدا دەڕوات. ڕوون و ئاشکرایە کە زۆرینەی ڕەهای خەڵک لە ئێران خوازیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی سیاسیی دێموکرات و سێکۆلارن و ئامادەن تێچووی ئەو گۆڕانکارییە قووڵەش بدەن. بۆیە لە داهاتوویەکی نیزیکدا شەقامەکان بەخاوەن دەکرێنەوە و خەڵک بە ئەزموونوەرگرتن لە ڕاپەڕینی پاییزی ١٤٠١ باشتر و ڕێکوپێکتر خۆتان ڕێکدەخەنەوە، مانگرتنەکان لە هەموو کەرتەکان بەتایبەت لە پیشەسازیی نەوتدا پتر کاریگەریی دیاری خۆیان دادەنێن، ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵاتیش ناچارن ناکۆکییە ئیدئۆلۆژییەکانی خۆیان وەلا بنێن و لەسەر لانیکەمی ویستە ڕەواکانیان ڕێک بکەون. بێگومان لەوەها دۆخێکدا وڵاتانی ڕۆژئاوایی خاوەنبڕیاریش بە سەرنجدان بە ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی کە بە درێژایی مێژوو هۆکاری ناسەقامگیری لە ناوچە و جیهان بووە و ناشتوانێ ئەو سیاسەتانەی وەلا بنێت؛ ڕوو دەکەنە شۆڕشی خەڵک و ناچار دەبن پشتی ڕێژیم بەربدەن.

بێگومان ئەوەی دەبێ بڕوات کۆماری ئیسلامییە و، داهاتوو بۆ شۆڕشی ژینا و خەڵکی مافویست و ئازادیخوازی کوردستان و ئێرانە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٥ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

## گرینگتر لە قۆناغی بنیاتنانەوە

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا و لە چەند مانگی ڕابردوودا بەتایبەتی، پرسی هەرە گرینگی کۆڕوکۆبوونەوە سیاسی و میدیاییەکان، چۆنیەتیی دروستکردنەوەی هەیکەلی نیزامی سیاسیی ئێران و چەندیوچۆنیی مافی جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتەیە. لەو نێوەدا حیزب و لایەنە سیاسییەکان هەرکام بەپێی پاشخانی خەباتی سیاسی، وزەی خەباتگێڕی، توانای میدیایی و قسەڕۆیشتوویی و نفووزیان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا هەوڵی چەسپاندن و تەنانەت سەپاندنی بیروبۆچوونەکانی خۆیان دەدەن. بەڵام باسێک کە لەو نێوەدا کەمتر قسەی لەسەر کراوە ئەوەیە، ئەدی کۆماری ئیسلامی چۆن دەڕووخێ و کێ دەبێ بیڕووخێنێت؟ هەروەها لە حاڵێکدا لەنێو پێکدژی ئایدۆلۆژی و مەرامە سیاسییەکان ساغبوونەوە لەسەر هاوپەیمانی و دانانی نەخشەڕێیەکان بۆ دروستکردنەوەی ئێران سەخت و دژوار دەنوێنێ و هەنگاوەکان لەو پێوەندییەدا خاو و بەشێنەیین، کەم کەس و لایەن خۆ لە باسی چۆن هێنانەخوارێی کۆماری ئیسلامی لە تەختی خونکاری دەدا؛ وەک بڵێی ئەم کارە گەلێک سووک و ئاسان بێت!

ئەوە کە لە بەردەوامیی نارەزایەتی و ڕاپەڕینی خەڵکدا حکوومەت کە تا ئێستا چەند جار لەهەمبەر گوشاری دەرەکی و وڵاتانی بیانیدا جامی ژاری خواردۆتەوە و نەرمشی قارەمانانەی! نواندووە، ئاخۆ لەپێناو پاراستنی لانیکەمی بەرژەوندییەکانی خۆیشیدا بووبێ خۆی بە دەستەوە دەدا و هەوڵ دەدا لەگەڵ هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکەوێتە دانووستانەوە؟ یان لەبەرانبەر ویستی گۆڕانخوازانەی خەڵکدا ڕادەوەستێ و هەموو زەبروزەنگ و توندوتیژییەک دەنوێنێ و کوشتار دەکات؟ ئەمە فاکتەرێکی گرینگە لە گۆڕانکاری بنچینەیی لە دەسەڵاتدا، یان بە واتایەکی دی دیاریکردنی چۆنیەتیی قۆناغی گوزار و تێپەڕین لەو حکوومەتە. هەڵبەت وە نەبێت کە بابەتەکانی پێوەندیدار بە قۆناغی دوای تێپەڕین کەمبایەختر لە خودی چۆنیەتیی تێپەڕین بێت، چونکی هەر ئەو خەڵکەی ئێستا قۆڵیان لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی هەڵماڵیوە، ئەزموونی ڕووخاندنی نیزامی پاشایەتییان لەو وڵاتەدا هەیە و لە سەرەتای دەیەی پێنجەمی دەسەڵاتێکدا کە بەرهەمی ئەو گوزارەیە، لێبڕاون تۆماری ئەویش تێکەوە پێچن. هۆکاریش ئەوەیە ئامانجە سەرەکییەکانی شۆڕشی خەڵک وەدی نەهاتوون و پرۆسەی گوزار -لە نیزامی پاشایەتیی پەهلەوییەوە بۆ کۆماری ئیسلامی- پڕکەمایەسی و سەقەتی بووە.

بەو پێیە ئێستا هەنگاوە بنەڕەتییەکانی قۆناغی تێپەڕین چییە؟ بێگومان لەپێش هەموو شتێک کۆکردنەوەی هێزە دێموکراتیک و گۆڕانخوازەکانە لە نێوخۆ و دەرەوە وڵات بۆ گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لەنێوان کۆماری ئیسلامی و بەرەی خەڵک. بەرەی خەڵک پێویستە بەرفراوان بکرێت و هەموو هێزە خەباتکار، شۆڕشگێڕ و دێموکراتەکان و ئەوانەی پیلان بۆ



سەرچاوە
Serchawe

سەپاندنی هێژمۆنیی خۆیان ناگێڕن و بە خوێندنەوەی فاشیستی لە چەمکە دێموکراتیکەکان هەوڵ بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەری ڕەنج و خەباتی خەڵکانی دی نادەن، بگرێتەوە. شۆڕشی ژینا ئەو دەرفەتەی دروست کردووە کە هێز و لایەنە سیاسییەکان و خەڵکانی ناوەندنشین و نەتەوە بندەستەکانی پەراوێزخراو لە دۆخێکی تایبەتدا لەگەڵ یەکتری بکەونە وتووێژ و بە ڕەواندنەوەی نیگەرانییە بەحەقەکانی یەکتری، لەسەر لانیکەمی داخوازی بەڵام هاوبەشەکانیان ڕێککەوتن بکەن. مەرجی سەرەکییش بۆ پایەداری و سەقامگیریی ئەو ڕێککەوتنە قبووڵکردنی واقعییەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و تایبەتمەندییە فرەیی و جۆراوجۆرییەکانی نەتەوەیی و ئایینیی وڵاتە کە دەبێ وەک خۆیان و بە نیازپاکییەوە دانیان پێدا دابنرێ و مافەکانیان گەرەنتی بکرێن.

ئەوەندەی بۆ کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەگەڕێتەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە کورد لە ئێران لە یەک سەدەی ڕابردوودا پاشخانێکی دەوڵەمەند لە خەباتی بۆ مافە نەتەوایەتییەکانی و بەربەرەکانی دژی دەسەڵاتی ناوەندگەرا هەیە، بەڵام جووڵانەوەی کورد لە ئێستادا ئەرکەکانی خۆی هەر لە چوارچێوەی دەستەبەری مافە نەتەوایەتییەکانیدا قەتیس نەکردووە. بزووتنەوەی سیاسیی کورد لانیکەم لە چوار دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی بۆ بەدیهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لە ئێران لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی خۆجێی لە فۆڕمی خودموختاری و دوایەش لە شێوەی فیدرالیزم لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا؛ هەوڵی داوە دەنگ و تریبوونی مافخوازی هەموو کەمایەتییە نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزی و پەراوێزخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێران بێت. کوردستان هەروەها پاشخانێکی دەوڵەمەندی دیکەشی لە کاری ڕێکخراوەیی لە چوارچێوەی حیزبی سیاسی، خەباتی ژنان و ڕێکخراوی سینفی و مەدەنیدا هەیە. بۆیە قۆناغی دوای یەکخستنی ڕیزی هێز و وزەی شۆڕش و گۆڕانخوازەکان، گۆڕینەوە و ئاڵوگۆڕی ئەو جۆرە لە ئەزموونانە لەگەڵ یەکترییە کە بەرەی خەڵک لە تەواوەتیی خۆیدا بەهێزتر دەکات. بەڵام لە بەرەی ئەوبەریشدا ڕێژیم دەستەوەستان دانەنیشتووە و بە کایە سیاسییەکانی لەنێوان پێکدژیی بەرژەوەندیی وڵاتاندا کۆمەڵێک دەرفەتی بۆخۆی دروست کردووە.

بەردەوامیی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ و کەڵەکەبوونی قەیرانەکان لە تەنیشت درێژەی گوشارە نێودەوڵەتییەکان ئەوکی ڕێژیمی وەها گوشیوە کە ناچار بووە بە پاشەکشە لەبەرانبەر ڕکەبەرە ناوچەییەکانی و سازان لەگەڵیان بیهەوێ -ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بوویێت- دەروویەک بە ڕوویدا بکرێتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا کێشە و قەیرانەکانی وڵات کە هەرخۆی نیزامی سیاسیی وڵات یەک لەوان و خوڵقێنەری هەمووشیانە لەجێی خۆیانن. کۆماری ئیسلامی پتر لە چوار دەیە دەرفەتی هەبوو بە پشتبەستن بە شەرعییەتی سەرەتای شۆڕش کە هەیبوو - جگە لە کوردستان- و بە دەکارکردنی سەرچاوە زۆر و زەوەندە ئابوورییەکانی وڵات ماف و ئازادییەکان و ئەمنییەت بۆ خەڵک دابین بکات. بەڵام ڕێژیم هەموو سەرچاوەکانی لە هێزی ئینسانی و سەرچاوە سروشتییەکانی وڵاتی خستە خزمەتی سیاسەتی شەڕانخێوی و ئاژاوەنانەوە لە ناوچە لە پێناو مەرامە



سەرچاوە
Serchawe

ئیدۆلۆژییەکانیدا. سیاسەتێک کە ئەگەرچی نەیتوانیوە سەقامگیری بۆ ڕێژیم بەدیاری بێنێ، کەچی ئێستاش لەسەری بەردەوامە.

بۆیە ئەوەی لە ئێستادا گرینگ و بنەرەتی دەنوێنێ ئەوەیە: بە سەرنجدان بەوەی پێگەی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە هەموو کاتێک لاوازترە، حیزب و لایەنە سیاسییەکان پێویستە دەرفەتی زیاتر بە ڕێژیم نەدەن. ئەوان لەسەریانە کەلێن و کەلەبەری ناکۆکییەکانی خۆیان لە بەرژەوەندیی شۆڕشدا پڕ بکەنەوە و بەوەش بەرەی خەڵک لەهەمبەر دەسەڵاتی ڕێژیمدا بەهێزتر بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣

---

## داگیرساندنی قەیران بە قەیران

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوەڕاستەکانی پێنجەمین دەیەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا هەم کۆمەڵگە و وڵات، و هەم حاکمییەتی سیاسیی خۆیشی بەرەورووی زۆر قەیران و تەنگژە کردووەتەوە.

ناوەندی توێژینەوە ستراتیژییەکانی سەرۆککۆماری لە دەوری دووهەمی سەرۆککۆماریی حەسەن ڕوحانیدا ١٠٠ تەنگژەی بۆ داهاتووی ئێران دەستنیشان کردبوو کە قەیرانەکانی ئاو، بێکاری، ژینگە، هەڵاوسانی ئابووری، بێهداشت، وەبەرهێنان لە کەرتی وزە، گەندەڵیی گشتی و لاوازیی متمانەی خەڵک بە دەسەڵات لە ڕیزی پێشەوەیاندا بوون. بەڵام لێکدانەوەی کارناسانی سیاسیی سەربەخۆ و خوێندنەوەی ئەوان بۆ قەیرانەکانی وڵات شتێکی ترە. قەیرانگەلێک کە ئێستا ئیدی کەوتوونەتە بەردەم کاریگەرییەکانی شۆڕشی ژینا و لێکەوتەی جیاوازتریشیان هەیە.

شک لەوەدا نییە ئەو ١٠٠ قەیرانەی کارناسە حکوومەتییەکان دەستنیشیان کردووە و دەوڵەت و دەسەڵاتیان لە مەترسییەکانیان وریا کردۆتەوە، بەدەر لەوانەی لە خانەی بەرژەوەندەییە ئیدۆلۆژیکییەکانی ڕێژیمدا جێ دەگرن؛ ئەوانیدی ڕاست و لەجێی خۆیاندان. بەڵام چارەسەری ئەو قەیرانگەلە لە جێدا لەگرەوی داننان بە کۆمەڵە قەیرانێکی دیکەدایە کە لە باوەڕی ڕێژیمدا نەبووە بە قەیرانیان دابنێ و لایان لێ بکاتەوە. وەک: قەیرانی شوناس لە سڕینەوەی شوناسی ئێترەکاندا، قەیرانی دەسەڵاتی سیاسیی ڕێفۆرمهەڵنەگر، قەیرانی هاوبەشیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی کۆمەڵگە، قەیرانی فکری و ڕەواییەت و بڕیارسازیی چارەنووسساز لەسەر داهاتووی وڵات و کۆمەڵگە و هتد. بەڵام ئەوانە لەسۆنگەی چی؟ ئەندامەتی لە یانەی وڵاتانی خاوەن بۆمبی ئەتومیدا.

سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم بەتایبەت هەوڵدانی بەردەوام بۆ خاوەنێتیی بۆمبی ئەتومی کە نەک بووەتە هۆی ئەوەی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا دەرگەی زۆر بواری لێ دابخرێ و تەنگی پێ هەڵبچندرێ، بەڵکوو لەو سۆنگەیەوە گەمارۆی دەیان ساڵەی ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا بڕست لە ئابووریی وڵات ببڕێت و کۆمەڵگە تووشی گەورەترین قەیران بکات. کۆماری ئیسلامی مانەوەی خۆی لە تەختی دەسەڵاتدا لەگرەوی هەبوونی چەکی ناوکیدا دەبینێ، بۆ ئەوەش ئامادە بووە بەشی هەرەزۆری داهات و داراییەکانی وڵاتی بۆ تەرخان بکات، تا ئەو ڕادەیەی لە ماوەی چوار دەیەدا زیاتر لە نیوەی خەڵکی وڵات بکەونە ژێر هێڵی هەژاری، هەڵاوسانی ئابووری بگاتە سەرووی سەتا ٥٠، نرخی تمەن لە ئاست دۆلار ٧٠٠٠ هێندە

دابڕمێت، دەوڵەت ئەوەندەی کورتیی بودجە هەبێت ناچار بێت نەتوانێ مووچە و مزی مووچەخۆرەکانی خۆی پێ نەدرێت و نەک هەر موڵک و سامانەکانی، بەڵکوو وەزارەتەکانیشی بفرۆشێت، و هەر بەپێی هەڵسەنگاندنی کارناسانی حکوومەتی ڕاگرتنی ئابووریی وڵات لە دۆخی هەرە تەپیوی ئێستایشیدا پێویستیی بە تەرخانکردنی ٤٠٠ میلیارد دۆلار لە ساڵدا هەبێت کە دەستەبەرکردنەکەی بۆ ڕێژیم نەک هەر خەون، بەڵکوو مەحاڵی ئەندەر مەحاڵە.

لەوەها دۆخێکدا باهۆزی شۆڕشی ژینا کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەرەوڕووی گەورەترین قەیرانی ماوەی دەسەڵاتدارەتیی کردووەتەوە. ئەم باهۆزە کە تەواوەتیی ڕێژیمی بەئامانج گرتووە، هەموو هێڵەسوورەکانی ڕێژیم وەک پێگەی ڕێبەری و بنەڕەتە ئیدیۆلۆژییەکانی ڕێژیمی بەزاندووە و بووەتە هۆی ئەوە ڕێژیم داهاتوویەکی ئەوتۆ لە بەردەمدا خۆیدا نەبینێت. هەروەها لە نەبوونی بێباوەڕیدا و داڕووخانی یەکجاریی دیواری متمانەی خەڵک و دەسەڵات بە یەکتری لە شۆڕشی ژینادا، کۆمەڵگەی ئێران بە گەورەترین قەیرانی کۆمەڵایەتیی مێژووی خۆیدا تێپەڕ ببێت، چونکی هەرکام لەو دوو لایەنە مانەوەی خۆی لە نەمانی ئەویتردا دەبینێت و هەوڵیشی بۆ دەدات .

لە ئێستاشدا و لە حاڵێکدا قەیرانی ئابووری پتر لە هەندێ پرس و بابەتی وەک دەستێوەردانی دەرەکی و قەیرانی ژینگە ئەوکی کۆماری ئیسلامیی گووشیوە، سیاسەتی حکوومەت بە ئاراستەی قووڵبوونەوەی زیاتری ئەو قەیرانەدا دەڕوات؛ هۆکارەکەشی ڕوونە: بۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ستراتیژی، ئامانج و لەپێشترێتی شتێکی دیکەیە. هەموو لەبیرمانە لە بانگەشەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا کە قسەی سەر و بنی زاری هەموو کاندیداکان چارەسەری قەیرانی ئابووریی وڵات بوو، ئاکامگیرییەکە ئەوە بوو کە ئەو دۆخە سەتا ٨٠ی لە سۆنگەی بەڕێوەبەریی ناکارامە و تەنیا سەتا ٢٠ی بەهۆی گەمارۆکانەوە خوڵقاوە. یان ڕەئیسی، سەرکۆماری ئێستای ڕێژیم کە دروشمگەلی وەک: "بە هەموو کەلێن و کولێنی کێشە ئابوورییەکانی خەڵک و وڵات دەزانم"، "ئابووریزانەکانی وڵات یەک بە دوای یەکدا ڕیز دەکەم"، "قەیرانی ئابووری و کێشەی بژیوی خەڵک نابەستمەوە بە بابەتی سیاسەتی دەرەکی" و... بەرز کردبۆوە؛ و باسی لە بەرنامەی ٧ هەزار لاپەڕەیی تێپەڕین لە قەیرانەکانی وڵاتی دەکرد و تاق لاپەڕەیەکیشی لە هیچ کوێ بڵاو نەکردەوە. بەڵام هەموو ئەوانە جارێکی دیکەش بۆ بەفریوبردنی خەڵک بوو، چونکی ئەم دۆخە گرێدراوی سیاسەتی دەوڵەتێک، یان لە ئاکامی جۆری مودیرییەتی کابینەیەکدا نەبووە و لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات، ساڵ بە ساڵ و قۆناغ بە قۆناغ زیاتر لە زەلکاوی دارماندا ڕۆچووە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هاتە سەر کار، ئێران لە ڕیزی ٢٠ ئابووریی یەکەمی جیهاندا بوو، و زۆر گەشەسەندووتر لە کۆرەی باشوور و تورکیە! بەڵام کاتێک خومەینی وەک کەسی یەکەمی وڵات لەو سەردەمدا پێی وابێت کە ئابووری پرسێکی

مرۆیی نییە و "کەرێش دەتوانێ ئابووریی خۆی هەبێت؛ ڕوونە شوێنکەوتووانی ئەو لە دەسەڵاتدا لە ماوەیەکی کورتدا وا بکەن ئابووریی ئەو وڵاتە ئاداری لەسەر پاداری نەمێنێت. دوای چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی ئەم ڕێژیمە، هەژاری بڕستی لە کۆمەڵگە بڕیوە و نیوەی خەڵکی وڵات بۆ نانی شەویان ئاتاجن. ڕۆژ نییە نارەزایەتی و مانگرتنێک بەهۆی دواکەوتنی مز و مووچە، یان هەڵلووشینی سەرمایە و دارایی خەڵک لەلایەن ناوەندە حکوومەتییەکانەوە بەڕێوە نەچن. خەڵک پاشکەوتیان نەماوە و توانای کڕینیان گەیوەتە لانیکەنی خۆی. سندووقی بیمە و بۆنگاکان مایەپووچ هاتوونەتەوە. لەساڵدا دەیان میلیارد دۆلار سەرمایەی لە وڵات دەبردرێتە دەرەوە. بەرهەمهێنانی نێوخۆیی فەشەلی هێناوە و وەبەرهێنانی دەرەکی لەسۆنگەی سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم و گەمارۆکانەوە بۆ نزمترین ئاست دابەزیوە. لە ساڵی ٢٠٢٠دا ئابووریی ئێران لە بچووکبوونەوەدا گەیشتە ئاستی وڵاتی وەک "ئانگۆلا"، "سوودان"، "نیکاراگوئە" و "گینە" و ئابووریی وڵات لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئەوەندەی دیکەش دارماوە. کارناسانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن دۆخی ئابووریی وڵات هێندە شپرزە تەنانەت بێتوو یەکجێ تیغی گەمارۆکانیشی لەسەر لابچن، توانای پشتڕاستکردنەوەی نییە.

دۆخی ئابووریی ئیفلیجی ئێران ئاکامی دوو فاکتەری سەرەکییە: یەکەم، لە ئاستی نیونەتەوەییدا سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیمە کە لەبری ڕێزگرتن لە بەها و بایەخە جیهانداگرەکان، لەدژی ئەوان چووەتە بەرەی شەڕەوە و شمشێری لە ڕوو بەستووە. لەم دواییانەشدا بەشداریی لە شەڕی ئۆکراین لە بەرژەوەندیی ڕووسیەی داگیرکەردا هێندەی دیکەی دۆخەکەی لە خۆی ئاڵۆزتر کردووە. دووهەم، ناکارامەیی بەڕێوەبەری و گەندەڵیی سیستماتیک کە هەموو جومگەکانی وڵات و حکوومەتی داگرتووە و هەناسەی لە ئابووریی وڵات بڕیوە. تاکەڕێگای چوونەدەرەوەی وڵات لەو دۆخەش یەکەم، هاوبەشی و یارمەتیی کۆمەڵگەی جیهانییە و دووهەم، دێموکراسیی نێوخۆیی و دروستبوونی متمانەی نێوان خەڵک و دەسەڵات. بەڵام گۆڕانکارییەکانی وڵات کە لە ئامانجەکانی شۆڕشی ژینادا وێنا دەبن، پێمان دەڵێن: هەتا کۆماری ئیسلامی مابێت، هیوایەک بە باشتربوونی ئەو دۆخە بەدی ناکرێ و هەموو ساڵێک خەڵکی ئێران لە بەهاردا دەڵێن خۆزگەم بە پار!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢٦ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## حەماسەی نوێ جێژنەمان

کوردستان لە حەماسەخوڵقێنییەکانی بەردەوامە.

ڕۆژی هەینی کە جێژنی ڕەمەزان بوو، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ئامادەبوونیان لەسەر مەزاری شەهیدانی شۆڕشی ژینا تابلۆیەکی دیکەیان لە یەکیەتی و یەکریزی، هاودڵی و هاوەمەبەستی و؛ خۆڕاگری و بەردەوامی لە خەباتی مافخوازانەیاندا نەخشاند.

ڕۆژی پێش جێژن لە حەرەکەتێکی سیمبولیکدا بەشێک لە دایکان و بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شاری بۆکان لە دەوری یەک کۆ بوونەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ شکاندنی تازیەباریی لەدەستدانی ڕۆڵەکانیان، جارێکی دیکەش ڕقی پیرۆزی خۆیان پێشانی ڕێژیمی سەرکوتگەر و بکوژانی جگەرگۆشەکانیان بدەن. لە سبەینێی ئەو ڕۆژە و ڕۆژی جێژنی ڕەمەزاندا کە بە پێی نەریتی کوردەواری "نوێ جێژنەی" بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بوو، ئەوە خەڵکی بەئەمەگ و ڕێبوارانی ئامانجی شۆڕشی ژینا بوون، کە باوەڕبەخۆ و دڵنیا لە سەرکەوتن، هەوری لەبەر و جامانە لەمل، ئاڵای کوردستان بە دەستەوە و یەکدەنگ بە دروشمی نەتەوایەتی لەگەڵ بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی شۆڕشی ژینا چوونە سەر مەزارەکانیان و سروودی شەکانەوەی ئاڵا و شکۆی هەستانەوەیان بەگوێی نمروودەکانی زەمان دادا.

ئێرە گۆڕستانی ئایچیی سەقزە. مەزاری ژینا ئەمینی، فەرەیدونی فەرەجی، دانیال پابەندی و چەند ڕۆڵەیەکی دی لە شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمانی لەئامێز گرتووە. ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی پار، لێرەوە چەخماغەی شۆڕش لێ درا و ئەمڕۆش لە "نوێ جێژنە"ی شەهیداندا، جارێکی دیکەش تووڕەیی و ڕقی پیرۆزی ڕێبوارانی شۆڕشی ژینا و خەباتکارانی ڕێی ئازادیی خاک و نیشتمان شەپۆل دەدا. هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیم لە مەودای نیزیکی مەزارەکان مۆڵ دراون، ئەوان سەرشۆڕ و شەرمەزار لە ناسینەوەیان دەموچاویان داپۆشیوە و ڕوو لە خەڵک وەردەگێڕن، بەڵام ئەوە خەڵکن کە بە ئازایەتیی بێوێنەوە بە تەنیشتیاندا تێدەپەڕن و سروودی "ئەی شەهیدان" دەڵێن و جارێکی دیکەش پڕ بە گەروویان هاوار دەکەن: ڕێگای شەهیدانمان درێژەی هەیە.

ئێرە بۆکان، جوانڕۆ، مەهاباد، سنە، مەریوان، پیرانشار، ورمێ و بانەیە، ئێرە کوردستانە. لێرەش مەزاری شەهیدان هەموو



سەرچاوە
Serchawe

بە هێزە دژیگەلییەکان تەنراون، بەڵام ئەوە ئیرادەی کچان و کورانی بوێری نیشتمان و ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدانە کە بەسەر زەبروزەنگ و سەرکوتی ڕێژیمدا سەرکەوتووە. ئەوە دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"ی حەماسەخوڵقێنەکانی "نوێ جێژن"ەکەمانە ئاسمانی شوێنەکەی داگرتووە. لێرە تەنیا دەنگێک دەبیستڕێ کە زراوی هێزەکانی دوژمنی بردووە:

"لەسەر گۆڕی شەهیدەوە وڵامت بۆ دەنێرمەوە

دەچمەوە نێو شەقامی شار، لە گوللە ناپرینگێمەوە."

لێرە لە گۆڕستانی ئایچییەوە، لە ڕیزی کێلی شەهیدانەوە لەمێژە کاروانێک وەڕێ کەوتووە و، دایک و باوک و هاوژینی شەهید قافڵەسالاران.

گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێت و، کوڕ و کچی شەهیدە بە نەعرەتەی شێرانەیان دوژمنیان وڕ و کاس کردووە.

لاوانی بەجەرگ و میراتگرانی خوێن و خەباتی شەهیدان سینگیان قەڵغانی گوللەیە و هاتوون بڵێن بەچۆک دانایەن و هەدادان ناناسن. بەمجۆرە بە حەماسەی نوێ جێژنەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا، مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کورد بۆ ڕزگاری، لاپەڕەیەکی پڕشانازیی دیکەی لە دڵی خۆیدا تۆمار کرد.

بەڵێ! حەماسەی نوێ جێژنەکەمان پەیامێکی زۆر ڕوونی لە خۆی گرتبوو. لەو حەماسەیەدا بە دوژمن گوترایەوە ئەو کەسانەی سێرەتان لە مێشک و دڵیان گرتبوو، کوڕ و کچ و ڕۆڵەی ئەو خەڵکەن و، ئەو خەڵکەش یەکدەنگ و یەکرێز بۆ یەک مەبەست و ئامانج تێدەکۆشن. ئەو خوێنەی ئێوە ڕشتتان لە جەستەی نیشتمانێک ڕۆیشتووە کە یەک ڕوحی هەیە و، ئەو ڕوحەش سرەوتن ناناسێت هەتا سەربەستی.

لەو حەماسەیەدا گوترایەوە ئیرادەی ئێمە گەلێ لە هێزی مووشەک و فیشەکی ئێوە بەهێزترە. پێتان وانەبێ بە سەرکوت و زەبروزەنگی ئێوە لەسەر شەقام، گڕی تۆڵەی ئێمە دامرکاوە و هەنگاوەکانمان شل بوون. نەخێر، کوردستان قەڵای دێموکراتە و لەگیرانەنەهاتوو، ڕۆڵەکانی ئەو خەباتەش نەک هەر لە خوێنی شەهیدانی کۆن و نوێیان خۆش نابن، بەڵکوو لەسەر خەبات هەتا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە لە پێشوو شێلگیرترن.

نوێ جێژنەکەمان پێشانی دایەوە: ئێرە کوردستانە و هەمدیسان پێشەنگایەتیی خەبات بەدژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی دەکا. ئێرە کوردستانە و دڵی شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی لێرەوە لێ دەدات. ئێرە کوردستانە و خوێنی خەبات و خۆڕاگری لە دەمارەکانی ئەم نەتەوەیەدا دەگەڕێ و بۆ ئەو نەتەوەیە ئاسۆ ڕوونە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە
Serchawe

## چینی بنیاتنەر بەڵام پەراوێزخراو

ساڵی نوێ بۆ کۆمەڵگەی کرێکاریی ئێران لە بارودۆخێکی زۆر سەختدا دەستی پێ کردووە. گرانی، نەبوونی ئەمنییەتی کاری، نەبوونی بیمە و نەبوونی ئیمەنی و پاراستن لە شوێنی کار تەنیا چەند کێشەیەکی بەردەم کۆمەڵگەی کرێکاری لە وڵاتە.

بێبەشی و بێئەنوایی چینی کرێکار لە ئێران و خراپتربوونی ساڵ بە ساڵ دۆخی ئەوان لە حاڵێکدایە کە کرێکاران وەک چینێکی دیاری کۆمەڵگە ڕۆڵی زۆر بنەڕەتییان لە سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧دا هەبوو کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. بە جۆرێک کە خومەینی توانیبووی بە دروشمی بریقەداری وەک "نەهێشتنی کاخنسینی"، "بەخۆڕایی کردنی ئاو و برق و هاتوچۆ" و "خاوەنخانوو"کردنی هەموو کرێچی و بێلانەوماڵەکان سەرنجی زۆرینەی ڕەهای کرێکاران بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. بەم جۆرە کرێکارەکان بە مانگرتنە سەرانسەری و بەردەوامەکانیان، خومەینییان لە "نۆفیل لۆشاتۆ"ی پاریسەوە هێنایەوە جەماران و گەیاندیانە ترۆپکی دەسەڵات.

کۆمەڵگەی کرێکاریی ئەوکاتی ئێران کە بە هیوای چاکسازی لە قانوونی کار، نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی، جێبەجێبوونی کۆنڤانسیۆنەکانی پێوەندیدار بە مافی کرێکاران، مافی پێکهێنانی سەندیکای سەربەخۆی کرێکاری، کەمکردنەوەی سەعاتی کاری حەوتووانە، زیادکردنی مز و حەقدەست و پاداشتی ساڵانەیان بەشدارییان لە شۆڕش و سەرخستنیدا کردبوو، هەر زۆر زوو مزی ئەو پاڵپشتییەیان وەرگرت: لە یەکەم بەهاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی ١ی مەی، ڕۆژی جیهانیی کرێکاردا ڕێکخراوە کرێکارییەکان کەوتنە بەر شاڵاوی سەرکوت و "خانە کارگر" کە لەلایەن کۆمەڵێک سەندیکا و شوڕای کرێکارییەوە دروست کرابوو، کەوتە بەر پەلاماری "حیزبوڵڵایی"ەکان و دەستی بەسەردا گیرا! بەم جۆرە هەتا ئێستاش شەڕ و ملبەملەی کۆمەڵگەی کرێکاری کە داخوازی مافەکانیانن و کۆماری ئیسلامی کە حاشایان لێ دەکا و پەراوێزیان دەخات، درێژەی هەیە.

کرێکاران لە ئێران لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا لە ڕیزی پێشەوەی قوربانییانی سیاسەتی قەیرانخوڵقێنیی ڕێژیم لە ناوچەدان. بە واتایەکی دی حەشیمەتی کرێکاری بەر لە هەموو چین و توێژێکی دیکەی کۆمەڵگە تێچووی سیاسەتی چەوتی ئابووری و بانکداریی ڕێژیم، گەندەڵی و ناکارامەیی کارگێڕانی حکوومەت و لێکەوتەکانی گەمارۆ



سەرچاوە Serchawe

دەرەکییەکانی سەر ڕێژیم دەدەن. کێشەکانی ئەمسالّی کۆمەلّگەی کرێکاریش درێژکراوەی هەر هەمان ئارێشەکانی سالآنی رابردوویانن: کەمیی مووچە و دواکەوتن و نەدرانی ئەو کەمە مووچەیەش، قەیرانی ئابووری و مۆتەکەی بێکاریی چاوەڕوانکراو، گرێبەستی سپی و کاتی لە بەرژەوەندیی خاوەنکار، بیمەنەکران -چونکی یەک لە سێی کرێکاران لە ئێران بیمەن- و نەبوونی ستانداردەکانی پاراستنی ئەمنیەتی گیانی لە شوێنی کار.

چینی کرێکار لە ئێران سەرەڕای شوێندانەریی زۆریان لەسەر کەمی و زۆریی ئاستی بەرهەمهێنان لە ولآتدا، بەلآم کەمترین پشکیان لە بەری ڕەنج و ماندووبوونیان پێ نابڕێ. مووچە و حەقدەستی کرێکاران لەمسالّدا کە نرخی هەلآوسان لە سەتا پەنجا بەرەوژوور هەلّکشاوە و لە بارودۆخێکدا کە هێلّی هەژاری بۆ بنەمالّەیەکی چوار کەسی لانیکەم ١٤ میلیۆن تمەن دیاری کراوە، وەلآمدەری سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانی بنەمالّەیەکی کرێکار نییە. دەردی سەرباری دەردانیش کاتێک دەگاتێ کە ئەو کەمە مز و مووچەیەشیان بەوەخت نادرێتێ و بە چەند مانگ دوا دەخرێت.

کۆمەلّگەی کرێکاری لە ئێران مافی دامەزراندنی ڕێکخراوەی سەربەخو، ئازاد و سینفیی نییە و ڕێکخراوەکانی وەک "شوڕا ئیسلامییەکانی کار" هەموو کاتێک لە بەرژەوەندیی خاوەنکار و دەولّەتدا دەجوولّێنەوە، بۆیەشە هەموو ڕۆچنەیەکی یاسایی بۆ دادخوازی لە کرێکاران داخراوە و نارەزایەتیی مەیدانیی کرێکارانیش بە زەبروزەنگ و گرتن و بەندکردن وەلآم دەدرێتەوە. هاوکات دیاردەی کاری مندالآن، هەلآواردنی ژنان لە بازاڕی کار، بێبەشکردنیان لە پێدانی مووچەی وەک یەک بۆ کاری وەک یەک لەگەلّ پیاوان و دەیان حالّەتی دیکەی دژ بە ماف و بەرژەوەندیی کۆمەلّگەی کرێکاری؛ لایەنەکانی دیکەی ئەو باس و بارودۆخەن کە لەلایەن ناوەندەکانی دەسەلآتەوە پەرەیان پێ دەدرێ.

زۆرترین زەبر کە کۆمەلّگەی کرێکاری لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە سۆنگەی سیاسەتی ئابووریی ڕێژیمەوە خواردوویەتی، بۆ پڕۆژەی حکوومەت بۆ خسووسی یان "خسوولەتی"کردن لە سێ دەیەی ڕابردوودا دەگەڕێتەوە. پێچەوانەی ولآتانی دی کە "خسووسیکردن" دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و سەرچاوە و ئیمکاناتە گشتییەکان لە نێوان خەلّکی لێ دەکەوێتەوە، لە کۆماری ئیسلامیدا بوو بە هۆی پاوانکردنی کۆمپانیا و کارگە و کارخانەکان لەلایەن دەولّەت یان ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە. ئەو سیاسەتە سەقەتەش بووە هۆی بێئەنوایی زیاتری کرێکاران، هەرەسهێنانی ئابووریی ولآت، هەلّکشانی ڕۆژ لەگەلّ ڕۆژ زیاتری بێکاریی کرێکاران و فرۆشتن و تالآنکردنی سامان و دارایی یەکە ئابوورییەکان و زۆر زیان و خەساری دی کە قورسایی و بارگرانیی ئەو سیاسەتە هەر لەسەر شانی کۆمەلّگەی کرێکاری بووە.

بە پێی ئامارەکان کۆمەلّگەی کرێکاریی ئێران لە کەرتی گشتی و تایبەتیی ژێر چاودێریی ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەلآیەتی

زیاتر لە ١٤ میلیۆن کەسە و نیزیک چوار میلیۆن کرێکاری خانەنشینکراو هەن کە ساڵی ڕابردوویان لە دۆخێکدا بەڕێ کرد کە لانیکەمی مووچەی مانگانەی ئەو ساڵەیان لەچاو هێڵی هەژاری و سەبەتەی بژیوی بنەماڵەکان سەتا ٥٠ی کورتیی هێنابوو. کۆمەڵگەی کرێکاری ساڵی نوێشیان لە دۆخێکدا دەست پێ کردووە کە دیاریکردنی پێنج میلیون و سێسەد هەزار تمەن وەک لانیکەمی مووچە بۆ ساڵی ١٤٠٢، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی نرخی هەڵاوسانی سەروو سەتا ٥٠ و هەڵکشانی هێڵی هەژاری بۆ سەروو ١٤ میلیۆن تمەن، کاریگەریی قورس و نالەباری لەسەر ژیانیان داناوە.

جیا لە هاوبەشیی لە بەشمەینەتی و بێمافیی چینی کرێکار لە هەموو ئێران، بەڵام چوار دەیە سیاسەتی پەرەنەسەندنی ئابووری و بەئەمنیەتیکردنی کوردستان دۆخێکی جیاوازتری بۆ کرێکاران لە کوردستان خوڵقاندووە. لە حاڵێکدا کە هەر چوار پارێزگاکەی کوردستان لەسەر سنووری وڵاتانی عێراق و هەرێمی کوردستان، تورکیە و ئازەربایجان هەڵکەوتوون و ئەمە دەرفەتێکی زێڕین بە وەبەرهێنان و پەرەسەندنی ئابووری دەستەبەر دەکات؛ بەڵام بەهۆی ڕوانینی ئەمنیەتی و سیاسەتی خۆبەخاوەننەکردنی کوردستان پێچەوانە شوێنە هاوشێوەکان ئەو کوردستان نەکراوە بە ناوچە ئازادی ئابووری و لەو هەڵکەوتە و دەرفەتە گرینگە بێبەش کراوە. هەروەها لە کوردستان سەرەڕای بێکاریی زۆر سەرووتر لە نێونجیی بێکاریی وڵات، بە هۆی کەمیی کارگە و کارخانەکان حەشیمەتی کرێکارانی ڕەسمیی خاوەن گرێبەست زۆر کەمن. زۆرینەی حەشیمەتی کرێکار لە کوردستان لە یەکە بچووکەکانی دەرەوەی بازنەی قانوونەکانی کار و کەرتی بیناسازییدا سەرقاڵن، یان بە پیشە ساختە (کاذب)ـەکانی وەک دەستگێڕییەوە خەریکن، یان لە ناوچە سنوورییەکاندا بەناچار ڕوویان لە کۆڵبەری کردووە کە لە ساڵدا سەدان کەس لەوان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی یان تەقینەوەی مین لەبن پێیاندا دەکوژرێن و بریندار دەبن. کێشەیەکی سەرەکیی دیکەی کۆمەڵگەی کرێکاری لە کوردستان ئەوەیە کە ژمارەیەکی یەکجار کەم لەوان بیمەی دابینکردنی کۆمەڵایەتییان هەیە و لە ئەگەری بێکاربوون یان تووشبوون بە ڕووداوی کاردا لە هەموو مافێکیان بێبەشن.

لەگەڵ دەسپێکی شۆڕشی ژینا کرێکاران بەشێکی جیانەکراوە لە شەپۆلی نارەزایەتییەکان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخەن و هاواری مافخوازیی خۆیان تێکەڵ بە دەنگی گشتیی شەقام کردووە. هاواری مافخوازیی کرێکاران بۆ ئەوە بڵێن دابینبوونی بژیوی ژیان و لەگەڵ ئەویشدا پاراستنی حورمەت و کەرامەتیان لەلای سیستەم مافی بێئەملاوئەولای ئەوانە. ئەوان کە لەدەست هەژاری و برسێتی وەزاڵە هاتوون و لەدژی هەڵاواردن و نابەرابەری ڕاپەڕیون، دەیانەوێ چەوسانەوەی خەڵکی هەژار و تاڵانبڕی و دەستبەسەرداگرتنی سامانی وڵات لەلایەن دەسەڵاتەوە کۆتایی پێ بێت. ئەوان کە چ لە ڕابردوودا و چ ئێستا لە هەموو کۆبوونەوە و نارەزایەتییەکاندا داوای یەکسانیی مافی ژن و پیاویان لە هەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابوورییەکاندا کردووە، هاتوون "نا"یەکی دیکە بە هەڵاواردنی ڕەگەزی بڵێنەوە. ئەوان لە تەنیشت هەموو

بەشمەینەتییەکانی خۆیان خەمی توێژەکانی دیکەی کۆمەڵیان هەیە. دەڵێن منداڵان مافی خۆیانە ژیانێکی شادیان لە ئەمنییەت و ئاسوودەییدا هەبێت و داوا دەکەن خوێندن بۆ منداڵان بەخۆڕایی بێت و منداڵان نابێ وەبەر کار بنرێن. ئەوان ئازادیی ڕادەربڕین، مافی کۆبوونەوە و ناڕەزایەتیدەربڕین بەبێ ئەمنییەتیکردنی خواستەکانیان دەوێ و پێ لەسەر مافی هەبوونی ڕێکخراوی سەربەخۆی تایبەت بە خۆیان دادەگرن. ئەوان داوا دەکەن بێهداشت و دەرمان بۆ هەموو خەڵک بەخۆڕایی بێت و بانگکردن و گرتنی چالاکانی کرێکاری مەحکووم دەکەن.

کۆمەڵگەی کرێکاری ئەمڕۆکە باشتر لە هەر کاتێک دڵنیایە باشتربوونی دۆخی ماف و ژیانیان لەلایەن حکوومەتەوە دوور لە چاوەڕوانییە، چونکی ئەو حکوومەتە نەک ئامادە نییە ڕێز بۆ کەرامەت و پێگەی کرێکاران لە بنەماڵە و کۆمەڵگە دابنێ، بەڵکوو بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازیی کرێکاران پتر لە هەموو کاتێک تیر و شیریان لێ دەسوێ. ڕێژیمێک کە ژنان و منداڵان لە شەقامەکاندا دەداتە بەر ڕەهێڵەی ئاگر و ئاسن، سێرە لە چاوی خەڵک دەگرێ و هێرشی شیمیایی دەکاتە سەر قوتابییان؛ تەنیا یەک شتی بۆ گرینگە ئەویش مانەوەی خۆی و لە پێناو ئەو مانەوەیەشدا وەە هەمیشە ئامادەیە دەست بۆ هەموو جینایەتێک ببات. بۆیە بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە کە تەنیا ڕێگای چارەسەری بنەڕەتیی ئەو دۆخە، خەبات سەرخستنی شۆڕشی ژینایە و سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەش یەکیەتی و یەکرێزیی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە و پێکهاتەکانی وڵاتی گەرەکە.

بێگومان کرێکاران بەشێکی سەرەکیی ئەو شۆڕشەن کە دەتوانن بە ناڕەزایەتیی بەردەوام و بەربڵاو و بە مانگرتنی سەرانسەری لە هەموو کارخانە و ناوەندە پیشەسازییەکان ڕەوتی سەرکەوتنی شۆڕش خێراتر بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

## دنیای ئازاد دەبێ لەدژی سپای تێرۆریستیی پاسداران بوەستێ

ورووژاندنی بابەتی گرینگ و هەستیاری بەتێرۆریستناساندنی سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی کە تا ئێستا چەند قۆناغی باشی لە هاوکێشە سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا بڕیوە، لەجێدا یەکێک لە دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی ئێران بەدوای شۆڕشی ژینایە. لە تازەترینی ئەو هەوڵانەدا پارلمانی سوئێد بوو کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەفەرمی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناساند. بەفرانباری ساڵی ڕابردووش نوێنەرانی پارڵمانی ئورووپا سپای پاسدارانی ڕێژیمیان خستبووە نێو لیستی گرووپە تێرۆریستییەکانەوە، بەڵام لەگەڵ بەردەوامیی ئەو هەوڵانە، کەچی هەتا ئێستا شورای ئورووپا و وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا خۆیان لەوە بواردووە کە بەڕەسمی سپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناو ببەن و وەک باس دەکرێ کۆسپێکی سەرەکیی بەردەم پەسندکرانی کۆتایی ئەو گەلاڵەیە سەلماندنی چالاکییە تێرۆریستییەکانی سپا لە خاکی یەکیەتیی ئورووپادایە.

بەڵگەنەویستە سپای پاسداران کە تەنیا دوو مانگ دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دامەزرا، هێشتا شەش مانگ لە تەمەنی تێپەڕ نەکردبوو بە تێرۆرکردنی شەهریاری شەفیق لە پاریس یەکەم تێرۆری خۆی لە خاکی ئورووپادا دەست پێ کرد. سپای پاسداران لە ماوەی چلوچوار ساڵی ڕابردوودا نەک هەر سەدان چالاکی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی لە دڵی پێتەخت و گەورەشارەکانی ئورووپادا تێرۆر کردووە، بەڵکوو بە حزووری نیابەتیی خۆی لە شەڕەکانی ئیسرائیل و لوبنان، شەڕی نێوخۆیی لوبنان کە دواتر ڕێکخراوی تێرۆریستیی حیزبوڵڵای بۆ دامەزراند و تەنانەت حزووری نیابەتی لە شەڕەکانی باڵکانیش نەک هەر زەبری قورسی لە پرستیژی ئورووپا داوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ بەرژەوەندیی وڵاتانی ئورووپاییشی خستووەتە مەترسییەوە.

بەڵگەنەویستە، چونکی تێرۆر و دانانەوەی بۆمب تەنیا پلان و پڕۆژەکانی سپای پاسداران لە ئورووپا نەبووە. سپای تێرۆریستیی ڕێژیم لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا دەیان پیلانی بۆ ڕفاندنی دژبەرانی سیاسیی خۆی لە ئورووپا دارشتووە کە بەشێکی زۆر لەوان سەرکەوتوو بوون، وەک ڕفاندنی ڕوحوڵلا زەم، ئارەش شوعاعشەرق، جەمشید شارمەهد، فروود فولادوەند، شایان کاویانی، سەبری حەسەنپوور، حەبیب ئەسیوەد -کە حەوتووی ڕابردوو لەدار درا-، بەشێکی دیکە لە کردەوەکانی سپای پاسدارانن کە نفووز و دەسەڵاتی بەربڵاوی سپای پاسداران لە وڵاتانی ئورووپاییدا پێشان دەدەن و نابێ جێی هیچ شک و گومانێک بۆ شورا و یەکیەتیی ئورووپا بهێڵنەوە.

کردەوە تێرۆریستییەکانی سپای پاسداران لە دەرەوەی خاکی ئورووپاش بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکران. تەقاندنەوەی بنکەی نیزامیی ئەمریکی-فەڕانسەیی لە بەیرووت (لوبنان-ڕەزبەری ١٣٦٢)، تەقاندنەوەی تاوەرەکانی ئەلخوبەر (عەرەبستان - پووشپەڕی ١٣٧٥)، دانانەوەی بۆمب لە مەنامە (بەحرەین_گەلاوێژی ١٣٩٤)، تەقینەوەی ئامیا (ئارژانتین - هاوینی ١٣٧٣)، زنجیرە تەقینەوەکانی بانکۆک (تایلەند-١٣٩١)، تەقینەوەی دێهلی (هیند-١٣٩١)، تەقینەوەی نایروبی (کێنیا-هاوینی ١٣٧٧)، زنجیرە کردەوە تێرۆریستییەکانی سپا لە بەحرەین (هاوینی ١٣٨٤)، کردەوەی تێرۆریستیی بەردەم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات (سەرماوەزی ١٣٩٥)، پەلاماری مووشەکی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات (خەرمانانی ١٣٩٧)، زنجیرە هێرشی مووشەکی و دڕۆنی بۆ سەر بنکەی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەلات لە هەرێمی کوردستان (پاییزی ١٤٠١)، بەشداری لە شەڕی نێوخۆیی سووریە و عێراق و یەمەن، تێرۆری زیاتر لە 600 سەربازی ئەمریکا لە عێراق و هاوکاریی چرووپڕی ئەلقاعیدە، هێرش بۆ سەر پاپۆڕەکان لە دەریا ئازادەکاندا، ناردنی چەکوچۆڵ و تەقەمەنی بۆ میلیشیا و گرووپە تێرۆریستییەکان، دابینکردنی چەکوچۆڵ و مووشەک و دڕۆن و کەرەستەی دیکەی شەڕ بۆ ڕووسیە لەدژی ئۆکراین؛ تەنیا بەشێکی دیکە لە کارنامەی تێرۆریستیی سپای پاسدارانن کە لە بەشێکی زۆر لەواندا هەر بۆخۆیان بەرپرسایەتیی کردەوە تێرۆریستییەکانیان وەئەستۆ گرتووە. تەنانەت فەرماندەرانی پایەبەرزی سپای پاسداران بەئاشکرا هەڕەشەی کوشتنی دۆنالد ترامپ، سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا و کاربەدەستانی دیکەی ئەو وڵاتە دەکەن. هەر گەمارۆکانی یەکیەتیی ئورووپا (لە خەرمانانی ساڵی ١٣٩٠دا) بۆ سەر سپای قودس و گەمارۆیەکانی ئەمریکا، کانادا، ئۆستralia و وڵاتانی دیکەش لەسۆنگەی کردەوە تێرۆریستییەکانی سپای پاسدارانەوە جێگەی هیچ شک و گومانێک لەو پێوەندییەدا ناهێڵنەوە. هەروەها سیاسەتی دەستتێوەردەرانەی ئێران لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دی لە ڕێگەی سپای پاسدارانەوە، هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی و کوشت و کوشتار لەو وڵاتانەش بووە کە ئاکامەکەی بۆ هەمووان ڕوون و ئاشکرایە.

سپای پاسداران لە نێوخۆی ئێرانیش لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە سەرکوتی نارەزایەتیی خەڵک و مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هۆکاری سەرەکیی پێشێلکرانی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی خەڵکی ئێران بووە. سپای پاسداران نەک هەر وەک ڕێکخراوێکی سیاسی-ئەمنییەتی- نیزامی، بەڵکوو وەک دۆڵپا سواری ملی خەڵکی ئێران بووە و بە پاوانکردنی هەموو جومگە ئابوورییەکان و تالانکردنی کانزا و سەرچاوە سروشتییەکان، لە هۆکارە سەرەکییەکانی قەیرانی گرانی و ئابووری و ژینگەیی لە وڵاتە. ڕێکخراوێک کە پلاندارێژ و جێبەجێکاری پرۆژەکانی بەبارمتەگرتنی خەڵکی وڵاتانی ئورووپایی و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامییە و ڕۆڵی سەرەکیی ئەم ڕێکخراوەیە لە تێرۆری دژبەرانی ڕێژیم لە چوارقوژبنی دنیادا لە زۆر دادگای ئورووپایی و بەتایبەت دادگای مێکونووسدا بە بەڵگەوە سەلماوە.

بەڵگەنەویستە، چونکی لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کارەسات و جینایەتێک نەبووە سپای پاسداران ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستی تێدا نەبووبێت. لە هەموو پەروەندەکانی گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی چالاکانی سیاسیدا، لە تیرۆری چالاکانی سیاسیی نێوخۆ لە سەرەتای شۆڕشەوە کە لە قەتڵە زنجیرەییەکاندا ئیدی هەڵای لێ دروست بوو، لە گەندەڵی و تالانوبڕۆی سەرچاوە سروشتییەکان هەتا دەکەلدزی و هەتا سەرکوتی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک لەسەر شەقامدا و، بە گشتی لە هەر هەموو جینایەتەکان کە لە پێناو پاراستنی ڕێژیمدا کراون، سپای پاسداران ڕۆڵی هەرە سەرەکیی بووە.

بەڵگەنەویستە، چونکی لە ماوەی تەڕاتێنەکانی سپای پاسداران لە چلوچوار ساڵی ڕابردوودا کورد هەم بەربەرەکانێی خوێناویی لەگەڵ ئەم سپا تیرۆریستییە کردووە و هەم زەبری قورسیشی لەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە دەوڵەتی و کۆکوپۆشتەیە خواردووە. سپای پاسدارانی ڕێژیم لە ماوەی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، و لە سەدان کردەوەی تیرۆریستیدا گیانی لە لانیکەم ٤٥٠ کەس لە ئەندامان و تێکۆشەرانی سیاسیی ئۆپۆزیسیونی کورد ئەستاندووە.

سپای پاسداران بنیاتێکی تیرۆریستییە و وڵاتانی جیهان و بەتایبەت ئورووپا بە ناساندنی سپا وەک ڕێکخراوێکی نیزامی-تیرۆریستی نەک هەر لە پێناو سەقامگیریی ئەمنییەت و ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دنیا بڕیارێکی یەکلاکەرەوەیان داوە، بەڵکوو ئەمە دەبێتە یارمەتییەکی گرینگ و بنەڕەتی بۆ بزووتنەوەی مافخوازیی خەڵکی ئێران کە قۆڵی بۆ ڕووخاندن و تێپەڕین لەو ڕێژیمە هەڵماڵیوە. ئورووپا و دنیای ئازاد دەبێ لەگەڵ لایەنی دروستی مێژووی مرۆڤایەتیدا بن و نابێ لە پێناو بەرژەوەندیی کورتخایەندا، لەگەڵ ڕێژیمێکی دیکتاتۆردا سەودا بە بەرژەوەندیی درێژخایەنی نەتەوەکانی دیکە بکەن. ئەوان لەسەریانە لە پێناو دەستەبەری دنیایەکی ئەمنتر و بەدوور لە شەڕ و ئاژاوەدا بە هانای خەڵکی ئێرانەوە بێن و ناساندنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دەسپێکێکی باش بۆ ئەم بڕیارەیە، بڕیارێک کە بەتەواوی لە بەرژەوەندیی ئورووپا و وڵاتانی دیکەی دنیای ئازاددایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢٢ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## هاندانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران و خەیانەت بە مافەکانی مرۆڤ

لە ماوەی کەمتر لە ٢٠ ڕۆژدا دوو بڕیاری گرینگی کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتی بێلژیک پێوەندیدار بە چارەنووسی خەڵکی ئێران لەلایەک هەم پەرەی بە نیگەرانی و بێ‌متمانەیی کۆمەلانی خەڵکی ئەو وڵاتە بە دنیای ڕۆژئاوا دا و هەم ئایدیا بەناو دێموکراتیک و سیاسەتە مرۆییەکانی ڕۆژئاوای بەرەوڕووی ڕەخنە و پرسیاری زۆر جیدی کردەوە.

یەکەم ڕووداو، هەڵبژاردنی ئێران بۆ بەرپرسیارەتیی نۆرەیی "کۆڕبەندیی کۆمەلایەتیی شورای مافەکانی مرۆڤ" لە ٢١ی مانگی بانەمەڕ بوو. لەکاتێکدا ئامانج و پلانە پێناسەبۆکراوەکانی ئەم خولەی کۆڕبەندەکە "بەشداری زانستی، لێزانی و داهێنەری بۆ پێشکەوتنی مافەکانی مرۆڤ"ە، کەچی بۆ بەرپرسایەتیی ئەو کۆڕبەندە ڕێژیمێک هەڵدەبژێردرێ کە لەسۆنگەی سەرکوتی خوێناویی بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکان لە نێوخۆی وڵات و ئێعدامی نیزیک بە ٣٠٠ کەس لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵی زایینیدا پاککراوترین و بێ‌ڕووتووشترین ڕوخساری خۆی پێشانی کۆمەڵگەی جیهانی داوە.

دووهەم ڕووداو، بڕیاری دەوڵەتی بێلژیک بۆ ئازادکردنی ئەسەدوڵلا ئەسەدی، دیپلۆمات تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە بری ئازادکردنی هاووڵاتییەکی بەبارمتەگیراوی ئەو وڵاتە لەلایەن سپای پاسدارانی ڕێژیمەوە بوو. گۆڕینەوەی هاووڵاتییەکی بێ‌تاوانی مەدەنی لەگەڵ تێرۆریستێک کە بەڵگەی کردەوە تێرۆریستییەکانی لە دادگایەکی ڕەسمیی وڵاتێکی ئورووپاییدا سەلماوە، جیا لە گاڵتەکردن بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ کە ڕۆژئاوا بانگەشەی بۆ دەکا و، جیا لە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ ڕێژیم بۆ بەردەوامبوونی لە کردەوە تێرۆریستییەکانی ناکرێ هیچ مانایەکی دیکەی هەبێت.

مەسەلەکە ڕوونە: کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بناغەی دەسەلاتەکەی لەسەر بارمتەگیری دانا و، بارمتەگیری و باجئەستێنیی ڕێژیم لە وڵاتانی ڕۆژاوا بە درێژایی چل و چوار ساڵی ڕابردوودا نەک هەر سیاسەتی نەگۆڕ، بەڵکوو بەرۆژی ئەم ڕێژیمە بووە.

جێی داخە کە مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارمتەگیری وەک ئامرازێکی سیاسی چ بۆ وەرگرتنی دراوە بلۆکەکراوەکانی و ئیمتیازی سیاسی لە دانوستانەکاندا، چ بۆ بەردانی مۆرە سیخوڕ و تێرۆریستە بەندکراوەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، یان بۆ ترساندنی کۆمەڵگەی جیهانی و دابراندنی ئێران لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بوویێت؛ بەهۆی لاوازیی

وڵاتـانی ڕۆژئـاوا و ئاسـاییبوونی باجـدان بە ڕێـژیم وەدی هـاتوون. تەنـانەت ئەگەر ڕیسـوایی و ئـابرووچوونی وەک "ئێـران-کۆنترا" لە دەیەی ٦٠ ی هەتـاوی و دەیـان حەیـاچوونی دیکەی وەک ئەوەی ئێستای بێلژیکی بەدوودا هـاتبێ، یـان تەنـانەت لەو سۆنگەیەوە کۆماری ئیسلامی هێندەی شوو لێ هەڵکێشێ، کە بۆ لەداوخستنی بـارمتە سیاسییەکانی عەمەلیـاتی ڕفـاندن لە وڵاتانی دیکە و لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بەڕێوە ببات؛ چونکی پێیـان وایە بـارمتەگیریی سیاسی لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسی و دانوستان و مامەڵەکاندا بەباشی بەکار هاتوون و وەڵامیان داوەتەوە.

ئەوە کە ئێران هیچ ڕێزێک بـۆ بەهـا و بـایەخە جیهانـداگر و یاسا نێونەتەوەییەکـان دانـانێ هەمـووان دەیـزانن و ڕێژیمێکـی تێرۆریست، دیکتـاتۆری و دژیگەلـی هەر ئەوەی لـێ دەوەشێتەوە، بەڵام سـەیر ئەوەیە چەند مانگ لەوەپێش هەر لەو بێلـژیکە کە پرسی بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران بـۆ پەسـندکران هـاتە کۆبـوونەوەی یەکیەتیـی ئورووپـا، جۆزێـف بۆرێـل، بەرپرسـی سیاسـەتی دەرەوەی ئورووپـا بەو بیـانووە کە ئەمە چونکی حـوکمی هـیچ دادگـایەکی لەپشت نییە، نـاکرێ بخـرێتە دەستووری کـارەوە و بەوە بـابەتەکەی دیزەبەدەرخۆنە کرد. کەچی ئێستا وڵاتێکـی هەر ئەو یەکیەتییە ڕێک حوکمی دادگـایەکی ڕەسمیی خۆی کە ئەسەدوڵڵا ئەسـەدیی سـەبارەت بە دەستتێداهەبوون لە کردەوەی تێرۆریسـتیی بە ٢٠ سـاڵ زینـدان سـزا داوە، دەشکێنێ و وەک دیارییەک پێشکێش بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دەکات.

ڕوون و ئاشکراشە هەتـا ئەوکـاتەی سیاسـەتی بێدەنگی و هەڵکردن و باجدان بە کۆمـاری ئیسلامی لەلایەن ڕۆژئـاواوە درێـژەی هەبێـت، ڕێـژیمیش لە بارمتەگیرییەکـانی بـۆ وەرگرتنـی ئیمتیـازی ئـابووری و سیاسی لە کـۆمەڵگەی جیهـانی بەردەوام دەبێـت. بەتـایبەت کە یەکێکـی دیکە لە ئامانجەکـان و باشتر وایە بڵێین دەسکەوتەکانی کۆمـاری ئیسلامی لە سیاسـەتی بـارمتەگیری، خـۆی لە خۆیـدا بەهێزکردنـی قەیرانـی وەڵامـدەربوون (مصـونیت) و بۆڵـدکردنی پـارێزراوبوونی ڕێـژیمە لەهەر کردەوەیەکـی تێرۆریستی و تێکدەرانە و ڕاکردنیەتی لە بەرپرسایەتی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی شەش مـانگی ڕابـردوودا لانیکەم ٣٠٠ کەسی بە بەرچـاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدار داوە و دوای گەڕانەوەی ئەسـەدوڵڵا ئەسـەدییش هەر بە بەرچـاوی کـۆمەڵگەی جیهـانییەوە، کامێراکـان دیمەنەکـانی پێشـوازی لەو تێرۆریسـتە و لەئـامێزگرتنی لەلایەن جەهرومـی، وتەبێـژی دەوڵەتەوە و غەریبئابـادی، بریکـاری نێـونەتەوەیی و دەبیـری ستادی مافی مرۆڤـی دەزگـای قەزایی ڕێژیمیـان بـۆ چوارقـوژبنی دنیـا گواستەوە، ئـاخۆ ئەمە جیـا لە پشتیوانی لە تێرۆریزمـی دەوڵەتی و دەستەبەری پارێزراوی بۆ پرکێشی و تەڕاتێنەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی ماف و ئازادییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و خیانەت لە مافی مرۆڤ دەکرێ چ ناوێکی دیکەی لەسەر دابندرێت؟

بێگومـان هەتـا ئەوکـاتەش کە پرسـی مـافی مـرۆڤ و چاوپۆشـین لە تێرۆریزمـی دەوڵەتیـی کۆمـاری ئیسـلامی قوربـانیی ساتوسـەوداکانی ڕۆژئـاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکرێ، ئەم ڕێـژیمە بە دەسـتئاوەڵایی زیـاترەوە لە جینایەتەکـانی بەردەوام دەبێت و بەشێکی گرینگی بەرپرسایەتیی ئەو تاوان و جینایەتانەش دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی جیهانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

---

## ڕۆژئاوا و دیپلۆماسیی بارمتەگیریی کۆماری ئیسلامی

بڕیاری دەوڵەتی بێلژیک بۆ ئازادکردنی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆمات تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی لە بری ئازادکردنی هاووڵاتییەکی بەبارمتەگیراوی ئەو وڵاتە لەلایەن سپای پاسدارانی ڕژێمەوە کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای بەڕەورووی زۆر پرسیاری جدی لەهەمبەر شێوەی مامەڵەیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا کردەوە. هەروەها ئەو ئاکامگیرییە لە بیروڕای گشتیدا کە گۆڕینەوەی هاووڵاتییەکی بێتاوانی مەدەنی لەگەڵ تیرۆریستێک کە بەڵگەی کردەوە تیرۆریستییەکانی لە دادگایەکی ڕەسمیی وڵاتێکی ئورووپاییدا سەلماوە، جیا لە گاڵتەکردن بە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ کە ڕۆژئاوا بانگەشەی بۆ دەکا و، جیا لە هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بۆ ڕژێم بۆ بەردەوامبوونی لە کردەوە تیرۆریستییەکانی ناکرێ هیچ مانایەکی دیکەی هەبێت.

مەسەلەکە ڕوونە: کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە بە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر بارمتەگیری دانا و، بارمتەگیری و باجئەستێنیی ڕژێم لە وڵاتانی ڕۆژاوا بە درێژایی چل و چوار ساڵی ڕابردوودا نەک هەر سیاسەتی نەگۆڕ، بەڵکوو بەڕۆژی ئەم ڕژێمە بووە.

جێی داخە کە مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بارمتەگیری وەک ئامرازێکی سیاسی چ بۆ وەرگرتنی دراوە بلۆکەکراوەکانی و ئیمتیازی سیاسی لە دانوستانەکاندا، چ بۆ بەردانی مۆرە سیخوڕ و تیرۆریستە بەندکراوەکانی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی، یان بۆ ترساندنی کۆمەڵگەی جیهانی و دابڕاندنی ئێران لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بوویێت؛ بەهۆی لاوازیی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئاساییبوونی باجدان بە ڕژێم وەدی هاتوون. تەنانەت ئەگەر ڕیسوایی و ئابرووچوونی وەک "ئێران-کۆنترا" لە دەیەی ٦٠ ی هەتاوی و دەیان حەیاچوونی دیکەی وەک ئەوەی ئێستای بێلژیکی بەدوودا هاتبێ، یان تەنانەت لەو سۆنگەیەوە کۆماری ئیسلامی هێندەی شوو لێ هەڵکێشێ، کە بۆ لەداوخستنی بارمتە سیاسییەکانی عەمەلیاتی ڕفاندن لە وڵاتانی دیکە و لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بەڕێوە ببات؛ چونکی پێیان وایە بارمتەگیریی سیاسی لە ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسی و دانوستان و مامەڵەکاندا بەباشی بەکار هاتوون و وەڵامیان داوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ستراتیژیستەکانی کۆماری ئیسلامی پێداگری لەسەر ئەو سیاسەتە، واتە بارمتەگیری و باجئەستێنی وەک فاکتەرێک بۆ چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکانی وڵات دەبینن، وەک چۆن لەوەپێش موحسین ڕەزایی، جێگری سەرۆککۆماری ئێران بۆ کاروباری ئابووری، و دەبیری پێشووی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لە کاتی دانوستانە

ئەتومییەکاندا هەڕەشەی ئەوەی لە ئەمریکا کردبوو کە لانیکەم هەزار هاووڵاتییان لێ بە دیل دەگرن و لەبری بەردانیان بە هەزاران ملیارد دۆلار قەرەبوو لە ئەمریکا وەردەگرن و قەیرانی ئابووریی وڵاتەکەیانی پێ چارەسەر دەکەن! کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چەند ساڵی ڕابردووشدا دوای ئەوەی توانییان لەبری ئازادکردنی جەیسوون ڕەزاییان ٤٠٠ ملیۆن دۆلاری نەخت لە ئەمریکا بستێنن، بەردانی نازەنین زاغری، هاووڵاتیی ئێرانی-بریتانیاییشیان بە پێدانی ٤٨٨ ملیۆن دۆلار لەلایەن وڵاتی بریتانیاوە بەستبۆوە. بەڵام چۆنە کۆماری ئیسلامی ئاوای بۆ دەچێتە سەر؟ ڕوونە کە وەڵامەکەی بۆ سیاسەتی ڕۆژاوا و نەرمینواندنەکانیان بۆ کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. وەک چۆن کۆماری ئیسلامی پێشتر ئازادکردنی داراییە بلۆکەکراوەکانی کە زیاتر لە ١٥٠ ملیارد دۆلار بوو، وەک پێشمەرجی ئیمزاکردنی بەرجام بەسەر لایەنەکانی ڕۆژاوادا سەپاند و ئەمریکا خۆی چەند مانگ دوای ڕاگەیاندنی بەرجام یەک ملیارد و ٧٠٠ ملیۆن دۆلاری نەختی ڕادەستی کۆماری ئیسلامی کرد! جیا لەوەش لەگەڵ هەڵگیرانی گەمارۆکان و ئازادبوونی فرۆشی نەوت بە ملیارد دۆلاری دیکەش کەوتە سەر داهاتی ڕێژیم.

ئەوە کە ئێران هیچ ڕێزێک بۆ بەها و بایەخە جیهانداگر و یاسا نێونەتەوەییەکان دانانێ هەمووان دەیزانن و ڕێژیمێکی تێرۆریست، دیکتاتۆری و دژیگەلی هەر ئەوەی لێ دەوەشێتەوە، بەڵام سەیر ئەوەیە چەند مانگ لەوەپێش هەر لەو بێلژیکە کە پرسی بەتێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران بۆ پەسندکران هاتە کۆبوونەوەی یەکیەتیی ئورووپا، جۆزێف بۆرێل، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی ئورووپا بەو بیانووە کە ئەمە چونکی حوکمی هیچ دادگایەکی لەپشت نییە، ناکرێ بخرێتە دەستووری کارەوە و بەوە بابەتەکەی دیزەبەدەرخۆنە کرد. کەچی ئێستا وڵاتێکی هەر ئەو یەکیەتییە ڕێک حوکمی دادگایەکی ڕەسمیی خۆی کە ئەسەدوڵڵا ئەسەدیی سەبارەت بە دەستتێداهەبوون لە کردەوەی تێرۆریستیی بە ٢٠ ساڵ زیندان سزا داوە، دەشکێنێ و وەک دیارییەک پێشکێش بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دەکات.

بارمتەگیرییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر لە چوارچێوەی بەندکردنی هاووڵاتییەکی بیانیدا و کردنی بە کارتی گوشار لە سەر دانوستانەکان و بۆ ئیمتیازوەرگرتندا قەتیس نابنەوە، بەڵکوو وەک لەو ماوەیە چەند جارێک بینیومانە هێزی دەریایی سپای پاسداران لە ئاوە ئازادەکانی کەنداو و دەریای عوماندا بەردەوام دەستیان بە سەر نەوتهەڵگر و پاپۆڕەکانی بازرگانیی وڵاتاندا داگرتوە. واش نییە کە ئەمە تەنیا سەرەڕۆیی هێزێکی سەربازیی کۆماری ئیسلامی بێت، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا دیپلۆماسیی بارمتەگیری وەک سیاسەتێکی بەبڕشت بۆ ئازادکردنی داراییە دەستبەسەرداگیراوەکانی، وەرگرتنی ئیمتیاز لە وڵاتان و بەردانی ئەو مۆرە و کاراکتەرانەی لەسۆنگەی کاری تێکدەرانە، ئەرکی پێسپێردراوی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دوورلێدانی گەمارۆکان لە دەرەوەی سنوورەکانیان گیراون؛ ڕەچاو دەکا. لەو پرۆژەیەشدا وەزارەتی دەرەوە، دەزگای قەزایی، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنییەتییەکان وەک تیمێکی کاری بە

دابەشکردن و جیاکاریی ئەرکەکانیان هاوئاهەنگ لەگەڵ یەکتری دەجووڵێنەوە. دەزگای پڕوپاگەندەی ڕێژیمیش بەردەوام هەوڵی داوە دیپلۆماسیی بارمتەگیریی ڕێژیم بەوە پاساو بداتەوە کە مادام لە نەبوونی ڕێوشوێنە ستانداردە حقووقییەکاندا کۆماری ئیسلامی لە دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە ماڵییەکانی فرۆشی نەوت و هەناردەکانی دیکەی بێبەش کراوە، ڕێگایەکی دیکە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو مافە لە بەردەم ڕێژیمدا نامێنێتەوە. هەڵبەت لێرەشدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆچی ڕێوشوێنە قانوونییە نێودەوڵەتییەکان دەفریای ئێران نایەن؟ ئاخۆ جگە لەوەیە کە ئەم دۆخە بەرهەمی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمە لە چوار دەیەی ڕابردوودا؟

کۆماری ئیسلامی مەبەستێکی دیکەش لە سیاسەت بارمتەگیریی خۆی دەپێکێ، ئەویش بڵاوکردنەوەی سیاسەتی ترس و تۆقاندنە. ڕێژیم کە نایهەوێ کۆمەڵگەی ئێران کۆمەڵگەیەکی کراوە بێت و خەڵکی وڵات پێوەندیی زانستی، هونەری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و ئابوورییان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی دیکە هەبێ، لەلایەک کەشی ئێران بۆ مانەوەی خەڵکانی بیانی و هاووڵاتییانی دوو تابعییەتی نائەمن و پڕتێچوو دەکا؛ لەلایەکی دیکەش بەردەوام بەدووی ئەوەدایە ئامرازی گوشار بۆ سەر ڕۆژاوای پتر لە بەردەستدا بێت. ڕێژیم کە باش دەزانێ پێوەندیی کراوەی نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئاکادیمی، بازرگانی و هونەری و ... لە نێوان ئێلیتەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئێران و، کارتێکەریی ئەو پێوەندییانە لەسەر یەکتری درزی گەورە دەخاتە نێو ئەو دیوارەی بۆ دابڕاندنی کۆمەڵگەی ئێران لەکۆمەڵگەی جیهانیدا هەڵیان چنیوە؛ ئامادەیە بە هەموو شێوەیەک و بە هەموو تێچوویەک تەنانەت ئەگەر بە نرخی ناودەرکردنی بە ڕێژیمێکی بارمتەگیر و باجئەستێنیش بێت بەگژی ئەو مەترسییەدا! بچێتەوە.

ڕاستە بەتاوان ناسینی بارمتەگیری هەروەک لە پێڕەوی نێوخۆی دیوانی نیونەتەوەیی سزادان (١٩٩٨)دا کە بە یەکێک لە چەشنەکانی جینایەتی جەنگی دادەنرێ، تەعبیر لە هەستیاری و نیگەرانیی قووڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەنیسبەت ئەو تاوانە دەکەن. هەروەها کۆنڤانسیۆنی بەربەرەکانی لەگەڵ بارمتەگیری (١٩٧٩)ش یەکێک لە گرینگترین بەڵگەنامەکانی پێوەندیدار بەو باسەیە کە وڵاتانی ئەندام ئەرکدار بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست و گونجاو بۆ سزادانی بکەرانی ئەو تاوانە دەکا. بەڵام ئەوانە لە سۆنگەی نەرمینواندنەکانی وڵاتانی زلهێزەوە هیچ ڕێگر نەبوون لەوەی کۆماری ئیسلامی بەبارمتەگرتنی هاووڵاتیانی بیانی بوەستێنێ. هەروەها ئەگەرچی سەرەڕای بوونی چەند کۆنڤانسیۆنێکی نێونەتەوەیی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەدژی بارمتەگیری کۆمەڵە یاسایەکی دیکەشی پەسند کردوە کە تازەترینی ئەوانە "جاڕنامەی دژی گرتنی سەرەڕۆیانە لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا"یە؛ بەڵام ڕێژیمی ئێران بە درێژایی مێژووی خۆی دەرووەست بە هیچ ڕێککەوتن و کۆنڤانسیۆنێکی نێونەتەوەیی نەزانیوە. بۆیەشە کۆماری ئیسلامی کە بە چاوی کاڵا سەیری هاووڵاتیانی بیانی لە خاکی خۆیدا دەکا، هەتا ئەوکاتەی هەست بکا بایی ئەوە هەیە بە دەسبەسەرکردن و ڕاگرتنیان دراوی دەست



سەرچاوە Serchawe

کەوێ یان مامەڵەیان پێوە بکات، لەسەر ئەو سیاسەتەی بەردەوام دەبێت. وەک دەشبینین هەتا پرسی دانوستانەکان دێتە ئاراوە، یان لە شوێنێکی دی و لە هاوکێشەیەکی دیکەدا -کەیسی حەمید نووری بۆ نموونە- کە کۆماری ئیسلامی بەرگژەیەکی بۆ دروست دەبێ، دەمودەست ناوەندە ئەمنییەتییەکان و دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی کەیسێکی دەسبەسەرکراوە بیانییەکان دەجووڵێنن و بەوجۆرە خودی کەیسی هاوکێشە گۆڕینەکە بەبارمتە دەگرنەوە.

ڕوون و ئاشکراشە هەتا ئەوکاتەی سیاسەتی بێدەنگی و هەڵکردن و باجدان بە کۆماری ئیسلامی لەلایەن ڕۆژئاواوە درێژەی هەبێت، ڕێژیمیش لە بارمتەگیرییەکانی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی ئابووری و سیاسی لە کۆمەڵگەی جیهانی بەردەوام دەبێت. بەتایبەت کە یەکێکی دیکە لە ئامانجەکان و باشتر وایە بڵێین دەسکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی بارمتەگیری، خۆی لە خۆیدا بەهێزکردنی قەیرانی وەڵامدەربوون (مصونیت) و بۆڵدکردنی پارێزراوبوونی ڕێژیمە لەهەر کردەوەیەکی تێرۆریستی و تێکدەرانە و ڕاکردنیەتی لە بەرپرسایەتی.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا لانیکەم ٣٠٠ کەسی بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدار داوە و دوای گەڕانەوەی ئەسەدوڵڵا ئەسەدییش هەر بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە، کامێراکان دیمەنەکانی پێشوازی لەو تێرۆریستە و لەئامێزگرتنی لەلایەن جەهرومی، وتەبێژی دەوڵەتەوە و غەریبئابادی، بریکاری نێونەتەوەیی و دەبیری ستادی مافی مرۆڤی دەزگای قەزایی ڕێژیمیان بۆ چوارقوژبنی دنیا گواستەوە، ئاخۆ ئەمە جیا لە پشتیوانی لە تێرۆریزمی دەوڵەتی و دەستەبەری پارێزراوی بۆ پرکێشی و تەڕاتێنەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی ماف و ئازادییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و خیانەت لە مافی مرۆڤ دەکرێ چ ناوێکی دیکەی لەسەر دابندرێت؟

بێگومان هەتا ئەوکاتەش کە پرسی مافی مرۆڤ و چاوپۆشین لە تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی قوربانیی ساتوسەوداکانی ڕۆژئاوا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکرێ، ئەم ڕێژیمە بە دەستئاوەڵایی زیاترەوە لە جینایەتەکانی بەردەوام دەبێت و بەشێکی گرینگی بەرپرسایەتیی ئەو تاوان و جینایەتانەش دەکەوێتە ئەستۆی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی جیهانی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## کوشتن وەک تاکەچارەسەر!

لە نیوەی یەکەمی ئەمساڵی زاییینیدا کۆمای ئیسلامیی ئێران لانیکەم ٣٢٠ کەسی لە زیندانەکاندا ئێعدام کردووە.

شەپۆلی نوێی ئێعدامەکان سەرفی نەزەر لە ئامانجە بنگەییەکانی ڕێژیم دەکرێ چەند مەبەستی لە پشت بێت کە گرینگترینیان بریتییە لە: ترسی ڕێژیم لە سەرهەڵدان و دەست پێکردنەوەی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی خەڵک لەسەر شەقامەکان و پێشگرتن بەو دۆخە لە ڕێگەی پێشاندانی زۆرترین زەبروزەنگەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە فرچکی بە خوێن و کوشتن و کوشتوبڕ گرت. ئێعدام، بە تایبەت ئێعدامی سیاسی هەر لەگەڵ یەکەم ڕۆژەکانی دەسپێکی تەمەنی ئەم ڕێژیمە و حەوشەی قوتابخانەی «ڕیفاه» لە تاران و بە حەزفی فیزیکیی کاربەدەستانی ڕێژیمی پێشوو دەستی پێکرد. لەگەڵ لەشکرکێشیی ڕێژیم بۆ کوردستان، کورد زۆر زوو بووە قوربانیی سیاسەتی تەناف و سێدارەی ڕێژیم و لە چوار دەیەی ڕابردوودا پشکی شێری لە ئێعدامەکاندا بەرکەوتووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دوای سەقامگیرییش بە پاساوی ئایینی ئێعدامی کردە چەکێک بۆ ڕاگرتنی نەزمی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی لەو کۆمەڵگە ئیسلامییەدا! بە ڕەچاوکرانی ڕێوشوێنە ئایینییەکان ڕەگ و ڕیشەی تاوان و لادانەکان ویشک بکا. ڕەچاوکردنی ئەو سیاسەتە وای کردوە ئێران لە ڕووی ئاماری ئێعدامەکان دوای چین لە ڕیزی دووهەمدا جێ بگرێ و بەپێی ڕێژەی حەشیمەت و ژمارەی ئێعدامکراوەکانیش یەکەم وڵات بێ لە دنیادا.

بەپێی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ ڕا هەتا ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی پتر لە ٦١ هەزار کەسی لەو وڵاتەدا لەدار داوە و تەنیا لە کوردستان بەپێی ئاماری ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە زیاتر لە ٢٣٠٠ ئەندام، پێشمەرگە و چالاکی سیاسیی کورد بە بڕیاری دەزگای قەزایی و تیمەکانی تێرۆری ئەم ڕێژیمە ئێعدام کراون.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لای وابووە لە کوردستان بە تێرۆر و ئێعدام و کوشتن دەتوانێ جووڵانەوەی کورد لە پێ بخا، بەڵام هەرووەک دەبینین ئەم سیاسەتەی ڕێژیم نەک پێشی بە گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی و ئازادیخوازی و خەباتی مافخوازانەی



سەرچاوە Serchawe

کورد نەگرتووە، بەڵکوو ئەم بەرگری و شوناسخوازییە لە هەموو ڕەهەند و بوارەکاندا پەرەی سەندووە و لە ئێستادا ڕێژیمی بەرەوڕووی گەورەترین قەیران و تەنگ ئاستەنگ و چالنج کردووە.
لە ئێستاشدا کە ڕێژیم چ لە ڕووی ئابووری و چ لە ڕووی سیاسی خەریکە دادەڕمێ و مەترسیی هەڵچوون و ڕاپەڕینی خەڵک پتر لە هەموو کاتێک هەست پێ دەکا، بە لێبڕاویی زیاترەوە هەموو ئامرازەکانی سەرکوت و یەک لەوان ئێعدام لە دژی خەڵک ئەویش بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە دەکار دەکا.

بابەتی ئیعدامکردن وەک سزایەک لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا پتر لەوەی بنەمای حقووقی هەبێ، بڕیارێکی سیاسییە و دەسەڵات بۆ زاڵکردنی کەشی ترس و سەرکوت بەکاری دێنێ، بێ ئەوەی وڵامی پێویستی لێ وەرگرتبێتەوە. هەر لەبارەی ئێعدامی چالاکانی سیاسیی کورد کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا بەبەردەوامی درێژەی بووە، ئەو پرسیارە هەیە کە ئاخۆ ئێعدامە سیاسییەکان چۆکیان بە بزووتنەوەی سیاسیی کورد داداوە؟ بێ گومان نا. چونکی ئەگەر ئیعدام و لە سێدارەدان و زیندان و سەرکوت کاریگەریی لە سەر ڕاوەستانی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری هەبوایە، هەر لە دوای لە سێدارەدانی پێشەوا و ڕووخانی کۆماری کوردستان دەبوایە ڕەوڕەوی خەبات و تێکۆشان لە جووڵە کەوتبا و هیچ تاکێکی کورد باسی لە ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد نەکردبایە، کە دەبینین وانییە.

لەلایەکی ترەوە بەشی هەرە زۆری ئێعدامە ناسیاسییەکانیش لە ئێران لە چەند دەیەی ڕابردوودا سەبارەت بە تاوانەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و کوشتنی بەئانقەست بووە، بەڵام زۆر لە کاربەدەستانی ڕێژیم نایشارنەوە کە سەرەڕای ٤٤ ساڵ بەردەوامی لە جێبەجێکردنی سزای ئێعدام، بازرگانیی مادەی هۆشبەر لەو وڵاتە ساڵ بە ساڵ زیادی کردووە. هەروەها تاوانە کۆمەڵایەتییەکانیش لە سۆنگەی ئێعدامەوە نەک بنەبڕ نەبوون، بەڵکوو بە لەبەرچاوگرتنی ئامارەکان پتریش بوون. وەک چۆن ئەزموونی هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و ئەزموونی خودی ئێران و ئامار و داتاکان پێمان دەڵێن کە لە هیچ کۆمەڵگایەکدا سزای ئێعدام و قەتڵی سیستماتیکی دەوڵەتی، ناتوانێ ڕێژەی تاوان و جەنایەت کەم بکاتەوە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئێعدام، هەستی تۆڵەکردنەوە و توندوتیژیی بەهێزتر دەکات. کاتێک قەتڵ لە بەرامبەر قەتڵ، لە ڕێگەی دەوڵەتەوە، ڕێگە پێدراو بێ، ئاساییە ئەگەر کەسانێکیش هان بدرێن کە بەدەستی خۆیان ئەم بەناو عەدالەتە بەڕێوەبەرن.
ئەزموونی چوار دەیە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە ئەو ڕێژیمە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی زۆرەملێی خۆی بە سەر گەلانی ئێراندا دەستبەرداری سزای ئێعدام نابێ. بەڵکوو ئەوە خەڵکن کە دەبێ بە لێبڕاوی و شێلگیرییەوە کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە و لەو ڕێگەیەشەوە کۆتایی بە کوشتن و دەسەڵاتی ڕەشی سەرکوت بهێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

## دوژمنی ژین و ژیوارمان

سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵ تێپەڕی. ئەگەر شۆڕشی ژینا سەلماندی کە کوردستان دوای چوار دەیە سیاسەتی سەرکوت و تواندنەوە کۆڵی نەداوە و بەچۆکدا نەهاتووە؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش جێی هیچ شک و گومانێکی نەهێشتۆتەوە کە بۆ دوژمنایەتیی کورد شمشێری لە ڕوو بەستووە. بۆیە لەم سێ مانگەشدا هەم لە سەنگەری شەڕی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا، هەم لە بەرەی شەڕی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییدا و، هەم لە شەڕی نەرمی خۆی دژی شوناس و هەویتیی نەتەوایەتیی کورددا لە گورزوەشاندن و جینایەتخوڵقێنییەکانی بەردەوام بوو.

لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ٣٥ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم، یان لە ئاکامی ڕاوەدوونانیاندا کوژراون و بریندار بوون. لەو ماوەیەدا و لە نێوشار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانیشدا ١٧ کەسیان داوەتە بەر دەستڕێژ کە ٦ کەسیان کوژراون و ١١ کەسیش بریندار بوون. هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا لانیکەم ٢٠٠ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. لە زیندانەکانیشدا هەرنەبێ 21 بەندکراوی کورد لە چوار پارێزگای کرماشان، سنە، ئیلام و ورمێ بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵک و زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندنی خەڵک ئێعدام کراون کە یەک لەو بەندکراوانە زیندانییەکی سیاسی بوو.

لە دەرەوەی سیاسەتی گرتن و سزادانی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، جیا لە هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان لە گەشەی ئابووری و مرۆیی، و سەرەڕای بەردەوامیی تالانی سەرچاوە سروشتی و ژێرزەوینییەکانی کوردستان؛ سروشت و سامانە سروشتییەکانی کوردستانیش کەمی لە سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی نەچێشتووە کە تالان و بردنی ئەو سامانە تەنیا بەشێکی پلانەکانی ڕێژیمە. هەر بۆ نموونە ساڵانە ڕیژیمی ئیسلامیی ئێران بەپێی ئامارە نافەرمییەکان زیاتر لە ١٠ تۆن زێڕی نایاب تەنیا لە کانزای زێڕی ناوچەی تیکاب دەپاڵێوێت و بەتالانی دەبات. بەتالانبردنی زێڕی کانزای ناوچەی تیکاب تەنیا وەکوو نموونەیەکی بچووکە و لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان بە شێوەی سیستماتیک زۆر لەوە زیاتر لە بەتالانبردنی سامانە سروشتییەکانی کوردستان بەردەوامن.

ئاگردانی دارستان و پووشوپەڵاشی لەوەڕگەکان و بەتایبەت تۆپبارانی ناوچەکانی شاهۆ و کۆساڵان کە زیان و زەرەرێکی

زۆری بە ژینگەی کوردستان گەیاندووە، بەشیکی دیکە لە جینایەتەکانی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵکی کوردستان بوو. ئەوەندەی بۆ پرسی ئاگرکەوتنەوەکان و سووتانی دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان دەگەڕێتەوە، قسە لە کەمیی ئیمکانات بۆ کۆنترۆڵی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان و تەرخانکردنی کەمترین ئیمکانات لەو کەمە ئیمکاناتەش بۆ کوردستان نییە، قسە ئەوەیە کە، ئەوەی دەسووتێ و دەبێتە خەڵووز و دووکەڵ گرانترین و بەبایەخترینی سامانە سروشتییەکانی ئەو نیشتمانەیە کە ڕێک بەپێی سیاسەتی پلانبۆدانراو دەچێتە پێشێ. بۆ نموونە لە وەرزی ئیشکی و گەرمای ساڵدا کە سووتمانەکان لە دارستانەکان زۆر دەبن، ئەگەر هێزە چەکدارەکان لە بەشەکانی دیکەی ئێراندا بەشێک لە بەرەی بەگژداچوونەوە و کوژاندنەوەی سوتمانەکانن، لە کوردستان هێزە چەکدارەکان بۆ خۆیان هۆکاری ئاگرکەوتنەوە و سووتاندنی بەشی هەرەزۆری دارستان و لێرەوارەکانن. ئەوەش تۆمەت یان قسەیەکی بێ بەڵگە نییە، تۆپبارانکردنی ناوچە شاخاوییەکان بە بیانووی بەربەرەکانی لەگەڵ حیزبە کوردییەکان، بەڕێوەبردنی دەیان مانۆڕی نیزامی لە وەرزی گەرما و هاوین، نابەرپرسیاریی دامودەزگا حکومییەکان لە هەمبەر ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکان و زۆرجار ڕێگری لە کەسانی خۆبەخش بە بیانووی ئەمنیەتی هەموو بەڵگەن بۆ ئەوەی بەشی هەرە زۆری سووتمان لە دارستانەکانی کوردستان دەستی ناوەندە ئەمنییەتییەکان و هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی لە پشتە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دوژمنی ژین و ژیواری کورد هەر لە سەرەتاوە و هەر کە کوردستان "نا"ی بۆ ڕێژیم گوت و ملی بۆ نەوی نەکرد، شەڕێکی تەواوعەیاری لە هەموو بەرەکاندا بەسەر کورددا سەپاند. لە شەڕی فیزیکیدا لەشکەرکێشی و داگیرکاری، کوشتوبڕی هێزە سیاسی و بەرهەڵستکارەکان، تێرۆر و ئێعدامی نەیارانی سیاسی بۆ ئەوە بوو سەنگەری خۆڕاگریی کوردستان تێک بشکێنن. لە شەڕی نەرمیشدا هەوڵدانی بەردەوام بۆ گۆڕینی دێموگرافیی کوردستان، هەوڵی سیستماتیک و بەپلان بۆ تواندنەوەی زمان و هەوێتیی کوردی، شێوادنن و چەواشەی مێژوو، و دەیان بەرنامەو پلانی دیکە بۆ ئەوە بوو فاکتەرە نەتەوەییەکان و بەدەوڵەتبوونی کورد لە زەینی تاکی کورددا بزر بکەن و کورد لەنێو نەتەوەی سەردەستدا بتوێننەوە. لە بەرەکانی دیکەی ئەو شەڕەشدا برسیکردنی خەڵک و ڕێگریکردن لە پەرەسەندنی ئابووریی کوردستان، پەرەدان بە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان بۆ هەڵتەکاندنی کۆمەڵگەی کوردستان سیاسەتی نەگۆڕ و هەمیشەیی ڕێژیم بوو. لە تەنیشت ئەوەشدا دەستبەسەرداگرتن و تاڵانی شوێنەوارە مێژووییەکان، مۆنۆپۆڵکردنی کانگاکانی بەرد و سەرچاوە سروشتییەکانی وەک ئاو و نەوتی کوردستان و؛ پاشان کەوتنە گیانی سروشت و کوێستان و دارستانەکانی کوردستان هەموو بۆ ئەوە بووە سیاسەتیی "زەویی سووتاو"ی خۆیان لە کوردستان جێبەجی بکەن. بەڵام بەوەش نەوەستان و هەوڵیان دا بە ژێنۆسایدی بیۆلۆژیک لە بەرەیەکی دیکەشدا شەڕی نەتەوەی کورد بکەن. وەک چۆن لە پاییزی ساڵی ڕابردووەوە هەزاران کچەکوردیان لە قوتابخانەکاندا دەرمانداو کرد.



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی لە کوردستان دەبینـدرێ دۆخی شەڕە. شەڕێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ٤٤ ساڵە لە هەموو بەرە و ڕەهەندەکانەوە بەسەر نەتەوەی کورددا سەپاندوویەتی و هەرا ئێستاش لە فۆڕم و شێوازی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە. ئەوەی کوردییش تا ئێستا کردوویەتی بەرگرییەکی ڕەوایە. بەرگری لە خاک و نیشتمان، کەرامەت و ژیان و شوناس و پێناسەکەی وەک نەتەوەیەکی بندەستە بەڵام مافخواز و خەباتکار.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

## بردنەوە هەر بۆ بەرەی خەڵکە

پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی پێی وایە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک دژی کۆماری ئیسلامی لە کزیی داوە و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی توانیویانە بە کەلکوەرگرتن لە دەزگای سەرکوت و داپڵۆسین، پاشەکشە بە خەڵک و جەماوەری گۆڕانخواز لە ئاستی ئێراندا بکەن؛ هەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و هەم ناوەندە پلاندارێژەکانی دەسەڵات خۆیان بۆ وەرزی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەکانیان ئامادە دەکەن.

شۆڕشی نوێی خەڵکی ئێران کە کۆتایی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو، و دوای کوژرانی ژینا ئەمینی دەستی پێ کرد، خاڵوەرچەرخانێک لە مێژووی ڕووبەڕووبوونەوەکانی خەڵک و دەسەڵات لە ئێرانە. نوختەگۆڕانێک کە هەمووان دەزانن هیچ کام لە لایەنە دژەکانی ئەم ململانێیە بۆ دواوە ناگەڕێنەوە. ڕاستە ناوەندەکانی سەرکوت بە کوشتوبڕی سەدان کەس لە خەڵکی ناڕازیی سەر شەقام، بریندار کردنی هەزاران کەس و پاشان بە قۆڵبەستکردنی دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ڕاپەڕیو و؛ پاشان بەهۆی دەیان پیلانی ئەمنییەتیی دیکەی وەک ژارخواردووکردنی قوتابییان لە خوێندنگەکان توانی کۆنترۆڵی شەقامەکان بگرێتەوە دەست؛ بەڵام بۆخۆیان باشتر لە هەمووان دەزانن کە ئەمە کاتییە و قینی پەنگخواردووی خەڵکی ئێران ئاگری بن خۆڵەمێشە؛ بەتایبەت کە سووڕەتی مەسەلەکە هیچ نەگۆڕاوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کێشە و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵات نەک هەر لە جێی خۆیانن و، بگرە لەسۆنگەی کەڵەکەبوونیان لەسەر یەکتری و هەروەها درێژەی سیاسەتە دژیگەلییەکانی ڕێژیم لە یەکساڵی ڕابردووشدا پتر بارگرانییان لەسەر شان و ژیانی خەڵک دروست کردووە و ئەوانی بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسیان لەگەڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی شێلگیر کردووە. مەسەلە ڕوونە و پێوەندیی بەو کەلێنە گەورە هەیە کە لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا هەیە. خەڵک هەم کێشەی ئابووری و بژیوی ژیانی هەیە و هەم ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکانی دەوێ و پاش هەموو ئەزموونەکان و دەرفەتدان بە ڕێژیم بۆ چاکسازی و بەخۆداهاتنەوە ئیدی لە پێکهاتنی هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لەو ڕێژیمەدا بێهیوا و تەمابڕاو بوون و چاریان تەنیا لە تێپەڕین لە تەواوەتیی ئەم نیزامە سیاسییەدا دۆزیوەتەوە .

پلاندارێژانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دوای تەنینەوەی شۆڕشی ژینا لە ئاستی وڵاتدا و کاتێک "نا"ی هەرە گەورەی خەڵکی ئێران بە ڕێژیمەکەیان بیست، لەبری ئەوەی لە بەرانبەر ئیرادەی خەڵکی ڕاپەڕیودا پاشەکشە بکەن و لێگەڕێن بەبێ

خوێنڕشتنی پتر پرۆسەی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتدا بەئاکام بگات، کەوتنە خۆ تا بە هەر جۆرێک بێت سەرەتا بە کەمکردنەوەی گوشارە دەرەکییەکان دەستئاوەڵایی زیاتر بۆ سەرکوت لە نێوخۆی وڵاتدا بخوڵقێنن. ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ عەرەبستانی سعوودی، پێملی بۆ ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومی، نەویکێشان بۆ رۆژئاوا و پەلەقاژە بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا، هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گرژییەکانیان لەگەڵ ئازەربایجان بەشێک لەو دیپلۆماسییەن کە کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ ئاسوودەکردنی خەیاڵی خۆی لە بەرەی دژبەرانی ئەوبەرسنووری خۆی کردوونی. بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا:

پێش هەموو شتێک هەوڵدان بۆ یەکگری و هاوپێوەندیی هێزەکانی سەرکوت. خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم کە هەستی بە ناکۆکی و ڕکەبەریی ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە نیزامییە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمەکەی کردبوو، لە ماوەی ڕابردوودا هەوڵی داوە پێوەندیی نێوان ئەو هێز و لایەنانە بە مەبەستی بردنەسەرێی تواناکانیان لە سەرکوتی ڕاپەڕینەکانی خەڵکدا بەهێزتر بکات. تازەترینی ئەو هەوڵانە کۆبوونەوەی هاوبەشی دوو حەوتوو لەوەپێشی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لەگەڵ وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە شاری مەشهەد بوو کە لەسەر داوای خامنەیی پێکهاتبوو. ئیسماعیلی خەتیب، وەزیری ئیتلاعاتی ڕێژیم نەیشاردەوە ئاکامی کۆبوونەوەکە بۆ هاوکاری و هاریکاری، هاوپلانی و یەکیەتیی عەمەلیاتی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ نەیارانی کۆماری ئیسلامی بووە. ناوبراو لەوەش پتر پێی ڕاکێشا و گوتی لەسەر ئەمری خامنەیی بە یەکڕیزیی هێزەکانیانەوە بەرەوڕووی هەموو ئەو لایەنانە دەبنەوە کە کێشەیان لەگەڵ "ئینقلاب" و "ویلایەت" هەیە و قسە لە گۆڕانکاری، چاکسازی و شۆڕش دەکەن!

پەرەدان بە ئێعدام بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک و بەردەوامیی گوشارەکان بۆ سەر خەڵک بە بیانووی جۆراوجۆر و یەک لەوان "بەدحیجابی" بەشێکی دیکەی ئەو پلان و پیلانەیە. هەروەها لە کاتێکدا هەژاری و بێئەنوایی خەڵک ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر دەبێت و مز و مووچەی مانگانەی کرێکارێک بەشی دە ڕۆژی ناکات و، لەو سۆنگەیەوە پتر لە نیوەی ڕەهای خەڵکی وڵات لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین؛ لە بودجەی گشتیی وڵاتدا سێ میلیارد دۆلاری بە داهاتی ١٧ میلیارد دۆلاریی سپای پاسداران زیاد کرد. ئەو زیادکردنەی بودجە هێزە نیزامییەکانی دیکەی وەک ئەرتەش، هێزە ئینتیزامییەکان، وەزارەتی ئیتلاعات و ڕێکخراوی زیندانەکانیشی گرتووتەوە. بۆ نموونە لە بودجەی گشتیی ئەمساڵدا میلیاردێک و دووسەدوبیست میلیۆن دۆلار بە بودجەی ئەرتەش، پێنجسەد میلیۆن دۆلار بە بودجەی وەزارەتی ئیتلاعات و دووسەدوسی میلیۆن دۆلار بە بودجەی ڕێکخراوی زیندانەکانی وڵات زیاد کراوە.

بەڵگەنامە هەککراوەکان لەلایەن گرووپی سایبێریی "شۆڕش هەتا ڕووخاندن"یش سەلماندوویانە کە سەرباقی ئەوە

فەرماندەکانی سپای پاسداران و هێزە ئینتیزامییەکان بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکانی داهاتوو داوای دەیان هەزار میلیاردتمەنی دیکەیان لە دەوڵەت کردووە. دوو هێندە زیادکردنی بودجەی دەزگای قەزایی ڕێژیمیش پێمان دەڵێ ناوەندەکانی سەرکوت بۆ گرتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی و دژبەرانی ڕێژیم شمشێریان لە ڕوو بەستووە و ئامادەکاریی بۆ دەکەن.

لە بەرەی خەڵکیشدا سەرەڕای کێشە جدییەکانی وەک ناکۆکییە نێوخۆییەکان، پەرشوبڵاویی ئۆپۆزیسیۆن، و دواکەوتنی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی؛ بەڵام خەبات و بەرهەڵستکارییەکانی خەڵک لە شێوازی جۆراوجۆری وەک مانگرتن و نارەزایەتییە پیشەییەکاندا و ڕێکخستن و ئامادەکارییەکان بەتایبەت لە سۆسیالمێدیادا دەردەکەون.

بێگومان ئەوەی لەو نێوەدا و بۆ سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵک یەکلاکەرەوەیە، لەلایەک ئەزموونوەرگرتن لە ڕاپەڕینەکانی ساڵی پێشوو، بەتایبەت پرسی یەکگرتوویی بەکردەوەی نێوان خەڵک لە هەموو شار و ناوچەکانی وڵات و هاوبەشیی هاوکاتیان لە شۆڕشدایە و؛ لەلایەکی دیکە زاڵبوونی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی ڕێژیمە لە دەرەوەی وڵات بەسەر ناکۆکییەکانیان و پێکهێنانی بەرەیەکە بۆ هاوخەباتی و چێبوونی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی. ئەرکێک و ڕەسالەتێک کە لەسەر شانی هەمووان قورسایی دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

---



سەرچاوە Serchawe

## هەم دەرد و هەم دەرمان

دوکتور قاسملوو لەبارەی ڕەخنەگرتن لە خۆ، یان ڕەخنە لە ڕابردووی تێکۆشان و هەڵوێستەکان لە هەر حیزبێکی سیاسیدا ڕاشکاوانە دەڵێ: "ڕادەی شۆڕشگێربوونی هەموو حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری ڕابردووی خۆی و بەتایبەت هەڵەکانی خۆی دەکات. حیزبی شۆڕشگێڕ نابێ لەوە بترسێ کە گوایا بە باسی هەڵەی ڕابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یان لە ئێعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بەپێچەوانە، پێلێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵەو چەوتییەکانی ڕابردوو، ناوبانگی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیددیبوون و بەرپرسبوونی حیزبەکە نیشان دەدا." بەو پێشەکییە دەچینە نێو باسی "ئۆپۆزیسیۆن" و پێگەوجێگەی لە خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و ئەو ڕەخنە بەجێیانەی پێویستە لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەریی وڵات بگیردرێت و لەژێر تیشکی ئەو بۆچوونەدا ئەو خوێندنەوە نوێیەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان پێویستە لە کردەوە و هەڵوێست و ڕابردووی خۆیان و تواناکانی ئێستایان بیکەن.

لەوەدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی چلوپێنج ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا نەیتوانیوە مۆدێلێکی سەرکەوتوو لە نیزامی سیاسی و بەڕێوەبەری پێشکێش بکات، لەوەدا کە ئەم ڕێژیمە نوقمی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، لەوەدا کە کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بە نیزامێکی سیاسیی قەیرانخوڵقێن و دژ بە بەها و بایەخە جیهانگیرەکان دەناسرێ و، لە هەموو گرینگتر لەوەدا کە کەمترین شەرعییەتی خەڵکیی لە نێوخۆی وڵاتدا هەیە؛ هیچ کەس و لایەنێک هیچ شک و گومانێکی نییە. ئەدی بۆچی سەرەڕای ئەو دۆخە ڕێژیم هێشتا لەسەر پێیە و نەڕووخاوە؟ باوترین وەڵامەکان هەمیشە ئەوە بووە: ڕێژیم بە هۆی ئەوەی هەموو ئابووری و سامانی گشتیی وڵاتی پاوان کردووە، دەزگا ئەمنییەتی و نیزامییەکانی خۆی بە پێشکەوتووترین تێکنۆلۆژیی سەرکوت تەیار کردووە و، هەروەها دەزگای سەرکوتی ڕێژیم بێ هیچ سڵکردنێک لە کوشتار و جینایەتدا هەیمەنەی دەسەڵاتیان پاراستووە. لە تەنیشت ئەوەشدا لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن بووەتە هۆی ئەوەی قۆناغەکانی تێپەڕین لە ڕێژیم هەتا ئێستا دواکەوتبێ. ئەوەی لێرەدا جێی باسی ئێمەیە، ئەوەیە ئۆپۆزیسیۆن بۆچی لەو دۆخەدایە و چارەسەر و ڕێگاکانی دەربازبوون لێی کامانەن؟

ئەزموونی نیزیک بە ساڵێک شۆڕشی ژینا و ناکارامەیی ئۆپۆزیسیۆن لە خاوەنداریەتیی لە شۆڕش و وێژمانەکەی و بوونی بە ئاڵێترناتیڤی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە خاڵی بەهێزی کۆماری ئیسلامی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن نییە، بەڵکوو ڕاست بوونی ئەو ئۆپۆزیسیۆنەی ئێستایەتی کە لە قەیراناویترین دۆخی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمدا نەیتوانیوە نوێنەرایەتیی ویست



سەرچاوە Serchawe

و ئیرادەی گۆڕانخوازانەی خەڵکی ئێران بکات. کارنامەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ١٠ مانگی ڕابردوودا دەریخست کە سەرەڕای خۆڕاگری و خوێندانی بەردەوامی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن بەهۆی لاوازیی خۆی نەک هەر نەیتوانی ڕێوشوێنی پێویست و کاریگەر بۆ داکۆکی لە نارەزایەتییەکان بگرێتە بەر؛ بەڵکوو بەهۆی دەرکەوتنی ناکۆکییە بنەڕەتییەکانی لایەنەکانی دژبەری ڕێژیم و بێتوانایی لە چارەسەرکردنیان و کۆبوونەوەیان لەسەر پلاتفۆڕمێکی گشتگیر، بزووتنەوەی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتیشیان تووشی ڕاوەستانی کاتی کرد.

خاڵی لاواز لەنێو دڵی ئەو ناکۆکییانەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ڕێژیم ئەوەیە، بەشە سەرەکی و شوێندانەرەکانی ئەم ئۆپۆزیسیۆنە لەبری ئەوەی بیر لە ڕێکخستنی خەباتی خەڵک و کۆکردنەوەی هێزەکان لەسەر تەوەرگەلی وەک ئازادی و دیموکراسی و مافی بەرابەر و وەکیەک بۆ هەمووان بکەنەوە؛ بیریان لەسەر چەندوچۆنیی پاوانی دەسەڵاتی خۆیان لە دوای کۆماری ئیسلامی بووە. ئەو تەسکبینی، چەقبەستوویی و بەرژەوەندخوازییەش هەتا ئێستا نسکۆی شۆڕش لە نێوخۆ و هەڵکشانی تێچووی خەبات بۆ خەڵکی لێ کەوتووەتەوە.

هەروەها یەک لە هۆکارە سەرەکییەکانی زەبروزەنگی ڕێژیم و سەرکوتی خوێناویی خەڵکی بۆ دڵنیایی ڕێژیم لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و شوێندانەر دەگەڕێتەوە کە بتوانێ سەنگەرەکانی بەرگریی مەدەنی و کۆڵایەتیی خەڵک و وزەی خەباتگێڕیی ئەوان ڕێکبخات. هەر لە نەبوونی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە بەهێزە وەک فاکتەرێکی دیاریکەریشدا، ڕێژیم لە ئاستی نێودەوڵەتییشدا نەک هیچ پاشەکشەیەک لە بەرژەوەندیی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا ناکات؛ بەڵکوو بە سازان لەسەر بەرژەوەندیی وڵاتان و ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵیان بوار بۆ سەقامگیریی زیاتری خۆی و سەرکوتی هەراوتری نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ خۆش دەکات. بەمجۆرە هەم تێچووی دژایەتی و نارەزایەتیدەربڕین بۆ خەڵک دەباتە سەرێ و هەم ئەو پەیامەش بە کۆمەڵگەی جیهانی دەدات کە ئاڵترناتیڤێک بۆ ئەو بوونی نییە و وڵاتان لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆشیان بوویێت باشتر وایە لەگەڵی بڕۆن بە ڕێدا.

لە کاتێکدا نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی گشتیگیر، سێکۆلار و دیموکرات لە تەنیشت سەرکوتی بێبەزییانەی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، بووەتە هۆی خاوبوونەوەی ڕەوتی خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان لە سەرشەقام و کۆمەڵگەی مەدەنییشی تا ڕادەیەک تووشی پەسیڤی کردووە، ئەوە تەنیا یەکیەتیی هێزە سیاسییەکان و دەرکەوتنی ئاڵترناتیڤی ڕێژیمە کە هیوا و هۆمێد و هێز و وزە دەداتەوە بە خەڵک. چونکی مەحاڵە نیزامێکی سەرکوتگەر و ڕێژیمێکی توتالیتێری وەک کۆماری ئیسلامی لە پرۆسەیەکی دیموکراتیکدا بەچۆک دابێت و دیموکراسی و ئازادی بۆ هەموو پێکهاتەکان لەجێی ئەو چێ ببێت، مەگەر ئەوەی سەرەتا یەکگری و هاوپێوەندییەک لە نێوان لایەنە سیاسییە جۆراوجۆر و شوێندارەکانی وڵات دروست بوویێت و لە ئاکامی

ئەو یەکیەتییەدا خەبات و خوێنی خەڵک ئاراستەی ڕاستەقینە و یەکلاکەرەوەی خۆی وەرگرتبێت.

بە سەرنجدان بە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەم دواییانە بەشێک لە ڕێکارەکانی بەهێزبوونی ئۆپۆزیسیۆن بۆ تێپەڕین لەو قۆناغە، بریتین لە:

- ئەزموونی مەنشووری جۆرجتاون دەریخست پلاتفۆرمێک کە ڕەنگدانەوەی ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و خویابوونی ویست و داخوازە سەرەکییەکانی هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی وڵات نەبێت، جێکەوتن و سەرکەوتنی مەحاڵە. هەروەها ناکرێ هیچ گرووپ و لایەنێک بەتەنیا خۆی بە ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی دابنێت و هیچ لایەن و هێزێکیش بەتەنیا ئەم ڕێژیمەی پێ نارووخێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان پێویستە بە خۆیاندا بچنەوە و بە ڕەخنەگرتن لە خۆیان لە چەقبەستوویی ئیدئۆلۆژیک و مەزنیخوازیی لەخۆڕا دوور کەونەوە. ئەوانە وانەیەکی گرینگن بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە دەبێ ڕەچاویان بکات.

- یەکێکی دیکە لە خەسارەکانی ئەم دۆخە یەکترنەناسین، متمانەنەکردن و نەبوونی هاوکاری لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیی دەرەوەی وڵات لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆی وڵاتە. هەر ئەو پێکەوەکارنەکردن و بێمتمانەیە وای کردووە تێگەیشتنێکی دروست و واقعبینانە لەسەر چەندیوچۆنیی چەمکەکان، فەلسەفەی سیاسی و مافی جۆراوجۆرییەکان و بەرنامە و شێوەکانی خەبات و بەرەنگاریی لە نێوخۆی وڵاتدا پێک نەهاتبێت. هەڵبەستنی پردی پێوەندی و پڕکردنەوەی کەلێن و مەوداکان یەکێکی دیکە لە ئەرکەکانی ئۆپۆزیسیۆنە.

- مەرج نییە هەموو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکدا یەک بگرن کە بە سەرنجدان بە مەودای فکریی زۆری نێوانیان سەخت و ئەستەمە، بەڵام دەکرێ لەبری دژایەتی و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی یەکدی، هاوکاری و هاوبەشیی یەکتری لە پڕۆژەکانی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمدا بکەن و وزەی خەباتگێڕیی خۆیان بنێنە سەر یەک. کەواتە ئەگەر نەکرێ لە ژێر یەک ساباتدا هەموو بتوانن کۆ ببنەوە، بەڵام دەکرێ هەمووان لە سەنگەرێکدا دژی دوژمنی هاوبەش بچنە بەرەیەکەوە.

- پاش ئەو قۆناغە ئۆپۆزیسیۆن دەبێ لە دۆخی چاوەڕوانی بێتە دەرێ و ئیبتکاری بەکردەوەی بۆ ڕێبەریکردنی جووڵانەوەی ناڕەزایەتی و ئاراستەبەخشین بە ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێت. بۆ نموونە لە کاتێکدا هەمووان دەزانن مانەوەی ڕێژیم گرێدراوی داهاتی نەوتییە، ئۆپۆزیسیۆنی کارا و خاوەنبەرنامە نایەت وەک ئۆپۆزیسیۆنی چاوەڕوان چاوی تەنیا لە

گەمارۆخستنە سەر ڕێژیم، یان هەڵتەکانی بەهۆی گەندەڵی بێت، بەڵکوو پلان بۆ وەڕێخستنی مانگرتنە بەرفراوان و بەردەوامەکان لە پیشەسازیی نەوتی وڵاتدا دەدات کە شاڕەگی ئابووریی ڕێژیمە.

- ئۆپۆزیسیۆن دەبێ پتر لەوەی چاوی لە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی نێو دەسەڵات بێت، هەوڵی بەهێزکردنی خۆی و گرێدانی تواناکانی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی نارەزایەتیی نێوخۆ بدات. بە پلەی یەکەم ئەوە ناکۆییە نێوخۆییەکان لە ڕێژیمێکی دیکتاتۆری و توتالیتێردا نییە کە دەبێتە هۆی ڕووخانی، بەڵکوو یەکیەتیی هێز و یەکگریی دژبەرانیەتی کە لە دەسەڵات ڕایدەماڵێت.

داهاتووی ئۆپۆزیسیۆن بەندە بەو ڕەخنەگرتن لە خۆ و پێداچوونەوە بە هەڵوێست و خوێندنەوە بۆ کاری هاوبەش لە داهاتوو، ئەگینا شۆڕشی نێوخۆی وڵات لە ئەوانیش تێدەپەڕێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دژی حیزبی دێموکرات

ئەمڕۆ شەممە، ١٤ی گەلاوێژ، دوو ساڵ بە سەر تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات تێپەڕی. تێرۆرکرانی شەهید مووسا باباخانی لە شاری هەولێر لە درێژەی شەپۆلی نوێی کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم ڕووی دا کە بە تەقینەوەی شەوی یەلدای بەردم بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە شەوزستانی ١٣٩٥ دەستی پێ کرد و، دواتر تێرۆری کاک قادر قادری، فەرماندەی نیزامی و سەباح ڕەحمانی، ئەندامی حیزبی دێموکرات لە زستانی ساڵی ١٣٩٦ و پاشان هێرشی مووشەکیی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکراتی بەدوودا هات. ئەم شەپۆلە نوێیەی تاوانخوڵقێنیی ڕێژیم لە بەردەوامیی خۆیدا مووشەکبارانی ڕەزبەر و خەزەڵوەری پاییزی ساڵی ڕابردووی لێ کەوتەوە کە بووە هۆی شەهیدبوونی ١٣ کادر و پێشمەرگە و تەنانەت منداڵی تەمەن یەک ڕۆژە و؛ بە تێرۆری "لوقمان ئاجی"، "عادڵ موهاجیر" و "سیامەند شابۆیی" لە پووشپەڕی مانگی ڕابردوو درێژەی پێ دراوە.

مووسا باباخانی، خەڵکی کرماشان کە ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی لە هۆتێل سلێمانیی شاری هەولێر تێرۆر کرا، وەک تازەلاوێکی کرماشانیی بەهەست و شۆڕشگێڕی گەلەکەی هەر لە تەمەنی ١٨ ساڵییەوە بۆ خەبات لە پێناو ئازادی و سەربەستیی نەتەوەکەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژارد. شەهید مووسا وەک پێشمەرگە و کادرێکی بەووەج لە ماوەی ٢٣ ساڵ تێکۆشانی پێشمەرگانەیدا زۆربەی قۆناغەکانی وێستگەکانی ژیانی حیزبیی بڕی و لە کۆنگرەکانی ١٥، ١٦ و ١٧ی حیزبی دێموکراتدا بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵبژێردرا. مووسا باباخانی لە ئۆرگانەکانی پارێزگاری، تەشکیلات و ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتدا ماندوویی‌نەناسانە لە پێناو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و، کۆکردنەوەی خەڵک و ڕێکخستنیان لە دەوری ئامانجەکانی حیزب بەتایبەت لە ناوچەی کرماشان تێکۆشا. هەر ئەو چالاکییە بەرچاو و هەڵسووڕانە دیار و شوێندانەرەشی بوو کە ئەوی بۆ دەزگای ئەمنیەتی و تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردبووە ئامانج کە دواجار توانییان بە تێرۆر کردنی، مەبەستە گڵاوەکەی خۆیان بەدی بێنن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بەبەردەوامیی تێرۆری تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی لە بەرنامەی کاری خۆیدا بووە و تەنانەت لە سەرووترین ئاستی ڕێبەریی ڕێژیمدا بڕیار لەسەر تێرۆری ئاستبەرزترین ڕێبەرانی ئەم حیزبە، واتە د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی دراوە. بەڵام بەدەر لەوەی کۆماری ئیسلامی خۆی بە دوژمنی قەستەسەری

بزووتنەوەی کورد لە ئێران دەزانێ، و هیچ کات و دەرفەتێکی بۆ زەبروەشاندن لە جووڵانەوەی کورد بەفیرۆ نەداوە؛ لە ئاستی سەرانسەریشدا هەمیشە چەکی تیرۆری لەدژی نەیارانی بەکار هێناوە. بۆ نموونە تەنیا لە دەیەی ٦٠ ڕا هەتا نیوەی یەکەمی دەیەی ٧٠ و هەتا هەراکانی قەتڵە زنجیرەییەکان، لانیکەم ١٨٠ چالاکی سیاسیی دژبەر لە نێوخۆی وڵاتی تیرۆر کردووە.

لە دەرەوەی وڵاتیش بە درێژایی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، باڵوێزخانە کۆنسوولگەری و نووسینگەکانی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتان شوێنی داڕشتن و جێبەجێکردنی پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم بوون. وەک چۆن وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتی مانگی جولای خۆیدا ئاشکرای کرد کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا ٣٦٠ کردەوەی تێرۆریستیی لە زیاتر لە ٤٠ وڵاتدا کردووە. ئەم ڕاپۆرتە کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستانی لەخۆی نەگرتووە کە هەر بەپێی ئامارەکان و لەسۆنگەی بۆشایی ئەمنییەتی و دەستئاوەڵایی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٧٠ی هەتاویدا زیاتر لە ٤٠٠ تێکۆشەری سیاسیی کوردی دژبەری ڕێژیم لە هەرێمی کوردستانی عیراق لە ڕێگەی تۆڕ و تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە شەهید کران و سەدان کەسیش بە برینداری گیانیان دەرباز کرد.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی ئایدۆلۆژیی خۆی هەموو کاتێک تێرۆری بە چەکێکی پێویست و کاریگەر بۆ نەهێشتن و تێدابردنی نەیارانی خۆی زانیوە. هەروەها بۆ لێدانی مخالفانی خۆی بەتایبەت لە نێو هێزە پێشکەوتنخواز و مافویستەکاندا تێرۆری لە چەشن و شێوازی جۆراوجۆری خۆیدا بەکار هێناوە. هەوڵدان و پیلانداڕشتن بەمەبەستی زەبروەشاندنی فیزیکی لە حیزب و لایەنەکان و کەسایەتییە مخالف و جیابیرەکان کە بە ناوی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ هەموو لایەک ناسراوە، هیچ سنوور و جوغرافیاییەکی نەناسیوە. بەشێک لە کارنامەی تێرۆریستیی ئەم ڕێژیمە بریتییە لە تێرۆری دەیان کەسایەتیی سیاسیی دژبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە وڵاتانی ئورووپایی و؛ بەشداری و تێوەگلانی لە کردەوە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی وەک ئارژانتین، تایلەند، هیند، کێنیا، بەحرەین و عێراق. بەڵام تێرۆریزمیی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی پتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی ڕەشی خۆیدا دژ بە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم ڕێژیمە، بەشی شێری بەر بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و حیزبی دێموکرات کەوتووە.

ئامانجی سەرەکی و گشتیی ڕێژیم لەم تێرۆرانە لاوازکردنی بزووتنەوەی مافخوازانە و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە و هەیە و بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی دێموکرات وەک لایەنی سەرەکی و شوێندار لەم بزووتنەوەیەدا کراوەتە ئامانج و تا ئێستاش ئەم حیزبە بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران وەک هەمیشە ئامانجە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی

باوەڕیان وایە تەنیا بە توندوتیژی و سەرکوتی خوێناوی دەتوانن تەمەنی دەسەڵاتەکەیان درێژتر بکەنەوە و ئەزموونی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتیش سەلماندوویەتی کە "تێرۆر" و "باجئەستێنی" و کردنیانی بە چەکێک لەبەرانبەر وڵاتانی ڕۆژاوادا هەتا ئێستاش بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی زۆری بووە. هەر ئەو ئەزموونەش دەریدەخا کە هەڕەشە، شەڕانخێوی و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا کاتێک لە کەمی دەدەن کە تێچووەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قازانجی بن، بەڵام هەتا ئەو کاتەی کاربەدەستانی ڕێژیم و نێردراوە تێرۆریستەکانیان بە ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانی هەس نەدرێنەوە، لەسەر ئەو خەت و شوێنەیان بەردەوام دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

---

## حیزبی دێموکرات، پرسە جەوهەری و ژێرخانە فکرییەکانی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە بەردی بناغەوە، سیاسەتەکانی خۆی لەسەر بنەمای چەند پرسێکی جەوهەری دانا، وەک خەبات و تێکۆشان لەپێناو مافی نەتەوایەتی، داکۆکی لە دێموکراسی، پێکەوەژیانی هێمنانە و لەسەرووی بوونی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵک لە هەر حاڵەت و بارودۆخێکدا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٨ ساڵ تەمەنی خۆیدا ئێستاش پێوانەی سەرەکیی قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بەتایبەتیی. لە هەموو ئەو ماوەیەدا حیزبی دێموکرات هەر دەرفەتێکی قۆستۆتەوە کە بە قازانجی نەتەوەی کورد بووە و لە هەموو هاوکێشە و پێوەندییەکانی لەگەڵ هێزە کوردستانی، ئێرانی، ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی دەوری بنەڕەتیی گێڕاوە.

باوەڕ بە وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێران و پرەنسیپ و بایەخە مرۆییە جیهانییەکان لە ڕەوتی خەبات لەدژی دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامییدا تێچووی زۆر قورسی بۆ حیزب بووە. لە ئێعدامکرانی پێشەوای دامەزرێنەری، لە تیرۆری ڕێبەرانی شوێندانەری، لە کۆمەڵکوژیی خەڵکەکەی و شەهیدبوونی هەزاران پێشمەرگەی جەنگاوەری؛ بەڵام ئەم حیزبە لە هیچ بڕگەیەکی مێژووی بریندار و خوێناویی خۆیدا قەت نەیویست تیرۆڕ بە تیرۆڕ وەڵام بداتەوە، زیندانییەک بخاتە ژێر ئەشکەنجەوە و، دیلێکی شەڕ ئێعدام بکا.

حیزبی دێموکرات ئەگەر لەسەر بنەمای جەوهەری باوەڕەکانی -بەرژەوەندیی گشتیی خەڵک و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد- هەر کاتێک هەلی وتووێژ ڕەخساوە، بە دانوستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەوڵی داوە مافەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بن و شەڕ و نائارامی و ماڵوێرانی لە خەڵک دوور خاتەوە. بەڵام هەرکات دەسەڵات ویستوویەتی بە زەبری هێز کوردستان داگیر و خەڵک سەرکوت بکا، بە خەباتی پێشمەرگانە و بەرگریی چەکدارانە داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان کردووە.

شانازییەکانی ئەم حیزبە لە ڕەوتی بەرگریی ڕەوای و قۆناغەکانی مێژووی خوێناوییدا گەلێک زۆرن. حیزبی دێموکرات پێشتر و لە ساڵەکانی ٤٦ و٤٧دا بە فیداکاری و لەخۆبوردوویی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی، گۆمی مەندی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتیی ئێران شڵەقاندبوو. ئەم حیزبە لە سەر یەک ٣٣ ساڵ خەباتی بێوچان بەدژی ڕێژیمی پاشایەتی

تۆمار کردبوو کە بە نرخی ئێعدامی ڕێبەرانی و زیندان و ئەشکنجە و ئاوارەیی و دوورەوڵاتیی کادر و پێشمەرگە و ئەندامەکانی وەسەر یەکی نابوو. حیزبی دێموکرات دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و لە کاتێکدا بە سیاسەتی واقعبینانە و هەڵوێستە ڕوون و بوێرەکانی بەشداریی چالاکانەی لە ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا کردبوو، بە نیازپاکییەوە لەگەڵ دەسەڵاتی نوێ لە ناوەند کەوتە مامەڵەوە. بەڵام کاتێک ڕێژیم پەلاماری کوردستانی دا، ئەمە حیزبی دێموکرات بوو باری هەرەقورسی بەرگریی چەکداری لە پێناو پاراستنی مان و شوناسی کورد لە ئێرانی گرتە ئەستۆ. تەنانەت لەو کاتەشدا کە بست بە بست و شوێن‌شوێنی کوردستان مەیدانی بەرگری و خۆڕاگریی ئازایانەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بوو، دیسان ڕێبەریی حیزب وازی لە پرەنسیپی وتووێژ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکانی نێوان کورد و ناوەند نەهێنا. بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی چواری حیزبی دێموکرات پرەنسیپ و بایەخەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ئێران و سیاسەت و هەڵوێست و شێوەی ڕەفتاری حیزب بەنیسبەت دەسەڵاتی ناوەند دەردەخەن. وەک لە بەڵگەنامەکانی دیکەی حیزب لە کۆنگرەکانی دواتریشدا دەردەکەوێ، حیزبی دێموکرات سەرەڕای تێگەیشتن و باوەڕی قووڵی بەوەی کەمترین مافەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئەم ڕێژیمەدا وەدی نایەن؛ بەڵام چونکی وتووێژ وەک ڕەهەندێک لە خەباتی سیاسیی کورددا دەبینێ، ئەو مافە بە خۆی دەدا لە کاتی گونجاو و لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورددا لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندەوە بکەوێتە دانوستانەوە.

لە گشتییەتی خۆیدا ئەمەی حیزبی دێموکراتی کردووەتە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک هەر بەتەنیا باوەڕی ئەم حیزبە بە چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد هاوکات لەگەڵ مانەوە لە سەنگەری خەباتی بەرگری و چەکداری بۆ بەخاوەن‌کردنی پرسی کورد و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەڵکی کوردستان نییە؛ بەڵکوو بۆ کۆمەڵێک دەسکەوت و پرەنسیپی بەنرخی دیکەی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە. وەک ئەوەی گرینگترین ڕووداوی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد، واتە دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی ئەم حیزبە پێک‌هاتوە و پێشەواکەی لەو پێناوەدا سەری چۆتە سەر دار. وەک خەڵکی‌بوون و لە پێناو خەڵکدا تێکۆشان لە هەموو ماوەی تەمەنیدا. وەک سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە هەڵوێست و بڕیاردان لە هەرە کاتە ناسکەکاندا. وەک باوەڕمەندبوون و جێگیرکردنی ئەخلاقی سیاسی لە سیاسەتکردن و بڕیاردان و کاری بەکردەوەدا. وەک پشتیوانیی بەکردەوەی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. وەک باوەڕ و ئیمانی قووڵی بە دێموکراسی و پلۆرالیزم و بایەخە مرۆیی و جیهانگیرەکانی دی. وەک لە سەرووددانانی بەرژەوەندیی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاستی کوردستانی گەورەشدا، وەک ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی، و وەک خۆ بەخاوەن‌کردنی پرسی مێژوو، زمان، شوناس، کولتوور و جوغرافیای کوردستان لە ئێران و ... هتد.

پرسی جەوهەری لە حیزبی دێموکرات هەموو کاتێک مەسەلەی نەتەوایەتی و پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. هەربۆیە جۆری مامەڵەی حیزب لەگەڵ پرۆسە سیاسییەکانی دەرەوەی کوردستان و داهاتووی ئێرانیش پێش هەموو شتێک لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی کوردستان و پرسی کوردە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## کوردستان، چقڵێک لە چاوی ڕێژیمی خومەینیدا

٤٤ ساڵ لەوە پێش، لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی و لە کاتێکدا هێشتا شەش مانگ بە سەر ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئازادیی گەلانی ئێران تێنەپەڕیبوو، خومەینی، ڕێبەری ئایینی و سیاسیی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو لە ئێران فتوای جیهاد دژی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردی دەرکرد. ئەم فتوایە و بەکافرزانینی کورد بەپێی بڕیاری بەرزترین مەرجەعی ئایینیی دەسەڵات بووە هۆی لەشکرکێشیی ئەرتەش و سپای پاسدارانی تازەدامەزراو بۆ سەرکوردستان و داسەپاندنی شەڕێکی خوێناوی بە سەر نەتەوەی کورددا، شەڕێک کە لە مێتۆدی جیاواز و بە ئامانج و پلانی جۆراوجۆر هەتا ئێستاش درێژەی هەیە. بەو مانایە کە چل و چوار ساڵ پاش فتوای ٢٨ی گەلاوێژی خومەینی دژی کورد، کوردستان هەروەک ئەوکات چقڵە لە چاوی کۆماری ئیسلامیدا و، چل و چوار ساڵیشە خۆڕاگری و بەرگریی کورد لەهەمبەر دەسەڵاتی ڕەشی دیکتاتۆریی ڕێژیمدا بەردەوامە.

هەڵبەت مێژووی دوژمنکاریی دەسەڵاتی ناوەندگەرا لەگەڵ کورد و پرسە ڕەواکەی لە ئێران و هەروەها پێشینەی خۆڕاگری و مافخوازیی نەتەوەی کورد لەو چوارچێوە جوغرافیا سیاسییەدا بۆ دەیان ساڵ پێش ئەو ڕووداوەش دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم ڕێکەوتە و ئەم فتوایەی خومەینی، بوو بە خاڵگۆڕانێک لە مێژووی دژایەتی و دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کورد و داوا ڕەواکانی. بەڵام بۆ؟ مەسەلە ئەوە بوو کوردستان دوای شۆڕشی ١٣٥٧ پاشخانی زیاتر لە ٥ دەیە خەباتی سیستماتیک بۆ ماف و ئازادییەکانی، ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی دێموکراتیک لە کۆماری کوردستان، و بەردەوامیی خەبات و خۆتەیارکردن بۆ ئیدارەدانی وڵاتی هەبوو. هەر لە ماوەی چەند مانگی دوای سەرکەوتنی شۆڕشیشدا بە دامەزرانی شوراکانی گوند و شارەکان بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانەی خەڵک، چالاکیی ئازادانە و بێبەربەستی حیزبەکان لە تەنیشت یەکتری، ئازادیی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان، ئازادیی گرووپ و ڕێکخراوە سینفی و مەدەنییەکان و کرانەوەی سیاسیی کەموێنە مزگێنیی قۆناغێکی نوێی لە ئازادژیان و پێکەوەبوونی دێموکراتیک بە بەشەکانی دیکەی ئێران دەدا.

بابەتی بنەڕەتی لەو هاوکێشەیەدا جیاوازی و بەریەککەوتنی دوو دنیابینی بوو: لە کوردستان خەڵک مافی نەتەوەیی و خودموختاریی خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەیدا دەویست، مافێک کە دەیان ساڵ بوو خەباتی بۆ دەکرد و خوێنی بۆ دابوو. بەڵام ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ناوەندگەرێتیی و سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هەموو پێکهاتەکانی وڵاتی دەویست، ئەویش لەژێر دروشمی یەکڕیزیی ئیسلامیدا. وێژمانی سیاسیی کوردستان ڕوون بوو: دێموکراسی، ئازادژیان، هاوپێوەندیی

نیشتمانی، سێکۆلاریزم، پلۆرالیزم، دابینبوونی ئازادییە مەدەنی و دێموکراتیکەکان، یەکسانیی ماف، نەمان و نەهێشتنی هیچ چەشنە هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان، لاشەڕی و بڕەودان بە فەرهەنگ و هونەر. بەڵام ئەو بەها و بایەخانە لە قامووسی خومەینی و ڕێژیمەکەیدا مانایان نەبوو. ئەوان لەبیری ئیسلامی سیاسیی فەندەمینتاڵ و چێکردنی دەسەڵاتی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی خۆیاندا بوون.

بەمجۆرە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بە پاشخانی دواکەوتووانەی ئایینی و دژەمرۆییەکانی و بە مەبەستی لەنێوبردنی بیری پێشکەوتنخوازانە لە کوردستان و، ڕێگری لە تەشەنەسەندنی ئایدیای ئازادڕیان و مافخوازی لە کوردستانەوە بۆ بەشەکانی دیکەی ئێران؛ سەرەتا کەوتە نانەوەی ناکۆکی و ئاژاوە لە نێوان کورد و تورکەکان و پاشان هەڵایساندنی شەڕ و لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان. بۆیە پاش خوڵقاندنی جینایەتی نەورۆزی خوێناویی سنە لە بەهاری ١٣٥٨ شەڕەکەی هێنایە نەغەدە و پاشان پاوە و دواتریش بە فیتوای جیهادی خومەینی دژی بزووتنەوەی کورد هەموو کوردستانی پەلکێشی شەڕێک کرد کە دوای چل و چوار ساڵ، جگە لە بەردەوامیی کوشتار و وێرانی و قووڵبوونەوەی قەیرانەکان هیچ دەسکەوتێکی بۆیان نەبووە.

پێش و دوای ئەم شەڕە نیزامییەی کۆماری ئیسلامی لە چل و چوار ساڵی ڕابردوودا، ڕێژیم بەدرێژایی ئەو مێژووە شەڕێکی نەرم و چەواشەکارانەی بەردەوامیشی لەدژی بزووتنەوەی کورد لە ئێران کردووە. شەڕی بەراوەژووپێشاندانی ڕاستییەکانی بزووتنەوەی کورد بەهۆی سانسۆر و مۆنۆپۆلکردنی مێدیا و ڕاگەیەنە گشتییەکان هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە هەتا ئێستا؛ هەروەها لە چەشنی ناسیۆنالیست و فاشیستە ئێرانییەکان بە بەشینەوەی تۆمەتی جیاییخوازی و بەستراوەبوونی جووڵانەوەی کورد بە وڵاتانی دەرەکی. بەڵام چوار دەیە گێڕانەوە و پێشاندانی ڕیوایەتی ناڕاست لە بزووتنەوەی کورد و وێژمانەکەی سەرەڕای دەیان ساڵ کاری سیستماتیک، دامەزراندنی دەیان ناوەند و خەرجکردنی هەزاران میلیارد تمەن بۆ ئەو پرۆژانە، بە شۆڕشی ژینا و دەرکەوتنی ڕاستییەکانی پرسی کورد بۆ گەلان و پێکهاتەکانی دیکەی ئێران، لەو بەرەیەشدا جگە لە ڕیسوایی و مایەپووچی هیچی دیکەی بۆ نەمایەوە.

چل و چوار ساڵ دوای فتوای جیهادی خومەینی دژی خەڵکی موسوڵمانی کورد، وەفاداریی ڕێژیم بەو بڕیارەی ئایەتوڵڵاکەیان هەر لەجێی خۆیەتی و، خوێندنەوە و سیاسەتی دەسەڵات لەهەمبەر بزووتنەوەی کورد هەر هەمانە و هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتووە. لەو سۆنگەیەشەوە چل و چوار ساڵە کوردستان بە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە سەیر دەکرێ، پەراوێز دەخرێ، دژی بەها و بایەخەکانی دەوەستنەوە، بۆ گۆڕینی ناسنامە و شوناسی نەتەوەییەکەی پیلان دادەڕێژن، سامان و سەرچاوە سروشتییەکانی بەتاڵان دەبرێن، ڕۆڵە تێکۆشەر و مافخوازەکانی دەگیرێن و لەدار دەدرێن، ڕێبەرانی سیاسیی

بزووتنەوەکەی تێرۆر دەکرێن و حیزبە سیاسییەکانی بە مووشەک و درۆن بەئامانج دەگیرێن؛ بەڵام سەرباقی ئەوەش ئەوی سەرکەوتووە هەر بزووتنەوە ڕەواکەی کورد بووە.

ئەگەر لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاویدا کوردستان بە بایکۆتی ڕێفراندۆمەکەی کۆماری ئیسلامی دەنگی بەو ڕێژیمە نەدا و لەو سۆنگەیەوە چل و چوار ساڵە باجی هەڵوێستە بوێرانە و دروستەکەی دەدات؛ ئێستاکە لە تەواوەتیی ئێراندا "نا"یەکی گەورە بەو ڕێژیمە دەگوترێ و ڕەت دەکرێتەوە. بۆیە ٢٨ی گەلاوێژ وەک بەڵگەیەک بۆ قەڵاچۆی ئێمەی کورد و وەک بنەمایەک بۆ ڕەوایی و سروشتی ڕزگاریخوازانەی خەبات و مافەکانمان بەشێکە لە گوتار و بەرنامەی سیاسییمان کە قەت لەبیری ناکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## هەرەس لە دوندی قەیرانەکانەوە

دوو ساڵ لە سەرۆککۆماریی برایم ڕەئیسی تێپەڕی. خامنەیی، ڕێبەری ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەو بۆنەیە و لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ رئیسی و ئەندامانی کابینەکەیدا پێی لەسەر پشتیوانیی قورس و قایمی خۆی لە دەوڵەتی سێزدەهەم داگرتەوە. خامنەیی پێچەوانەی عادەتی باوی خۆی کە قەتی خۆ لە کاروکردەوەکانی دەوڵەتەکانی پێشوو بەخاوەن نەکردووە، لەم کۆبوونەوەیەدا زۆری بە بەژن‌وباڵای ڕەئیسی و کابینەکەی هەڵاگوت، کابینەیەک کە لە مێژووی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا بە قۆناغی هەرە یەکدەستی دەسەڵات لە ئێران دادەنرێت.

لە مێژووی دەوڵەتەکان لە ئێراندا هەرکام لە سەرۆککۆمارەکان دروشمێکی بنەڕەتییان هەڵگرتبوو کە پێی دەناسرێنەوە. بۆیە ئەگەر دروشمی ڕەفسەنجانی "سازندگی" و بنیاتنانەوەی ئێرانی دوای شەڕ بوو، ئەگەر خاتەمی باسی لە کرانەوەی سیاسی دەکرد، ئەگەر ئەحمەدی‌نژاد سواری شەپۆلەکانی دروشمی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ببوو، ئەگەر روحانی هەموو وزەی خۆی لەسەر ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان لەگەڵ دنیای دەرەوە دانابوو هەتا خۆی گوتەنی هەم چەرخی سانترفیوژەکانیان بگەڕێ و هەم سزاکان لەسەر ئێران لاببا؛ بەڵام ڕەئیسی بەبێ ئەوەی تەکز لەسەر تەوەرێکی تایبەت بکا، دەیان وادەی هەمەجۆری دا و ئیدیعای کرد کە لە ماوەی ساڵێکدا خەڵک و وڵات لە هەژاری و مەینەتی ڕزگار دەکات! بەمجۆرە ڕەئیسی کە بە ئیدیعای دارشتنی بەرنامەیەکی ٧ هەزار لاپەڕەیی بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر بنەمای چاکسازیی ئابووری و لە مەهەندیسی‌کراوترین و ساردوسڕترین شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریدا ناوی لە سندووقەکان هێنرایە دەر، ئێستا دوو ساڵ دوای گرتنەدەستی جڵەوی کاروباری دەسەڵات ئێستا دەوڵەتەکەی بە درۆزنترین، گەندەڵترین و کاولترین دەوڵەت لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا دەناسرێ.

لەسەردەمی سەرۆککۆماریی ڕەئیسی‌دا ئابووریی وڵات نەک هیچ گەشە و نەشەیەکی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەڵکوو خەڵکی هێندەی دیکەش هەژار و بێ‌ئەنوا کردووە. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا دراوی بێ‌پشتیوانە دوو هێندە جاران پتر چاپ کراوە و لەسۆنگەی زیادبوونی نەغدینەییەوە هەڵاوسانی ئابووری پتر و هێندەی دیکە ئابووریی وڵاتی تووشی قەیران کردووە. لەو دوو ساڵەدا نرخی دۆلار دوو هێندەی کاتی هاتنەسەرکاری ڕەئیسی زیادی کردووە و ئەو کە دەیگوت لە ساڵدا یەک میلیۆن هەلی کاری نوێ بۆ بێکارەکان دەڕەخسێنێ و چوار میلیون خانوو بۆ نیشتەجێکردنی کرێ‌نشینەکان دروست دەکا، نەک هەر یەکێ دەی وادەکانی بۆ نەچووەتە سەر؛ بەڵکوو هەم ئاماری بێکاری ئەوەندی دی هەڵکشا، هەم کرێ‌خانووش دووقاتی

ئەوکات زیادی کرد؛ بەوەش خەڵکی هەژار و کرێنشین هیندەی دیکەش تووشی بێدەرەتانی و تەنگانە هاتوون. ئەو کە هاتبوو نرخی دراوی نیشتمانی بۆ بایەخی خۆی بگێڕێتەوە، ئەوەندەی دیکەش تمەنی وێران کرد، بە جۆرێک دۆلار لە ٢٥ هەزار تمەنەوە بۆ ٥٠ هەزار تمەن هەڵکشاوە و سکە لە ١٠ میلیون تمەنەوە بۆ ٢٥ میلیۆن تمەن بەرز بۆتەوە و، نرخی کاڵا بنەڕەتییەکانی دیکەی وەک قەند و ڕۆن و برینج و گۆشت و ئەوانی دیکەش هیچ، کە بەشێکیان نەک دوو بەرابەر، بەڵکوو چوار هێندە زیادی کردووە و خەڵک ئەوەندە هەژار کەوتوون کە توانای کڕینی لانیکەمی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانیان نەبێت.

لاوازکردنی پتری کەرتی تایبەت، گەندەڵیی هەوسارپچڕاو لە کەرتی دەوڵەتی و سیستمی بانکی، ڕاوەستانی وەبەرهێنانی نێوخۆیی و دەرەکی، کۆچی بەلێشاوی هێزی کاری پسپۆڕ بۆ دەرەوەی وڵات و قەیرانی ئاو و سووتەمەنی تەنیا بەشێک لە دەرەنجامی ئابووریی دەستووریی برایم ڕەئیسییە کە بە ئامارسازی و شانتاژ دەیەوێ پێچەوانەکەی بنوێنێ. شانتاژ و سانسۆڕ تا ئەو جێیەی کە خامنەیی لە قسەکانی لەو کۆبوونەوەیەدا نەیتوانی بۆی داپۆشێ و گوتی " ئامار و ڕاپۆرتی کاربەدەستان دەبێ تۆکمە بێت و وا نەبێ لایەنە حکوومەتییەکان ئامار و ڕاپۆرتی یەکتر ڕەت کەنەوە و زانیارییەکان لەگەڵ یەکتری نەیخوێننەوە".

جیا لە بواری ئابووری کە دەوڵەتی ڕەئیسی نەیتوانیوە نەک دۆخی ژیان و بژیوی خەڵک باشتر بکا، یان نەک هەر نەیتوانیوە وا بکات دۆخەکە لانیکەم سەقامگیرییەکی پێوە دیار بێت و ڕۆژ بە ڕۆژ پتر هەناسەی لە خەڵک بڕیوە؛ لە بەشەکانی دیکەی وەک ژینگە و کولتووری و کۆمەڵایەتیشدا وڵاتی هیندەی دیکەش بەرەوڕووی قەیرانی نوێ کردووە. کۆی ئەو ناکارامەییانە لە تەنیشت سیاسەتی دژەژنی دەوڵەتی ڕەئیسی بووە هۆی ئەوەی گەورەترین بزووتنەوەی نارەزایەتیی مێژووی کۆماری ئیسلامی لە پاییزی ساڵی ڕابردووەوە وەڕێ بکەوێ.

بەگشتی بێتوانایی لە سەقامگیرکردنی بایەخی دراوی نیشتمانی، لەکەمیدانی داهاتی سەرانەی بنەماڵەکان، دارمانی بازاڕی نیشتەجێبوون و لەو سۆنگەیەوە چوونەسەریی کرێ ماڵ و کرێدووکان، دابەزینی پتری فرۆشی نەوت و گاز بەهۆی کاریگەریی گەمارۆکان و پەککەوتنی پیشەسازیی هەڵێنجان و وەبەرهێنان، بێتوانایی لە ڕاگرتنی نرخی سکە و پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، زۆرکردنی باج و ماڵیات لەسەر خەڵک بە مەبەستی پڕکردنەوەی بەشێک لە کورتیهێنانی بودجە، زۆربوونی نەغدینەیی و هەڵاوسان و هەژاری تا ئەو ڕادەیەی بڕستی لە خەڵکی ببڕێ، هەرەسهێنانی دامەزران و پرۆژەکانی خوڵقاندنی هەلی کار، دارمانی بازاڕی بورس و قەیران لە پیشەسازیی ئوتومبیل لە تەنیشت گەیشتنی گەندەڵیی سیستماتیک هەتا تەشقی ئاسمان تەنیا بەشێک لە کار و کارنامەی دەوڵەتی ڕوحانی لە دوو ساڵی ڕابردوون.

بەڵام تەنیا بوارێک کە ڕەئیسی لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بۆی گرینگ و بەخەمیەوە بووە، زیادکردنی بودجەی شەڕانخیوبی هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ بەگژداهاتنەوەی خەڵک و سەرکوتی خوێناوی و بێبەزییانەی ڕەوتی مافخوازیی گەلانی ئێران بووە. لەو ماوەیەشدا کە بەرەوپیلی ساڵیادی شۆڕشی ژینا دەچین، دەوڵەتی ڕەئیسی بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی توندتر بۆ سەرکوتی خەڵک دەیەوێ بە سەپاندنی کەشی ترس و تۆقاندن ڕێ لە هەر جموجۆڵێکی ناڕەزایەتی بگرێت. پەرەسەندنی بانگکردنی چالاکانی سیاسی و ئەمنییەتی بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان، گرتن و پەروەندەسازی و سەپاندنی سزای قورس بەسەر دەسبەسەرکراوان، خستنەژێر گوشاری پتر خوێندکاران و یەکدەستکردنی پتری زانکۆکان لەڕێگەی دەرکردنی ئەو مامۆستایانەی ساڵی ڕابردوو پشتیوانییان لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک کردبوو، بانگکردن و دەسبەسەرکردنی چالاکانی کرێکاری و تەنانەت بنەماڵەی کوژراوەکانی شۆڕشی ژینا بەشێکی بچووک لە کار و کردەوەکانی دەوڵەتی ڕەئیسی لە ماوەی ڕابردووبە کە هەمووی نیشانەی ترس و زەبوونیی ڕێژیم لە ئیرادە و خەباتخوازیی خەڵکن.

لە کۆتاییدا: ئەگەرچی دەوڵەتی ڕەئیسی لاوازترین، گەندەڵترین و ناکارامەترین دەوڵەتی مێژووی کۆماری ئیسلامییە و لەو سۆنگەیەوە خەڵکی وڵات تووشی ڕۆژرەشی و زۆرترین قەیرانەکان هاتوون، بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی ئەم دۆخە ڕەئیسی خۆی نییە، بەڵکوو هەرهەموو پێکهاتەی دەسەڵات و لەسەرروو هەموویانەوە خامنەیییە خەڵک و وڵاتی ئێرانیان تووشی ئەو کارەساتە کردووە و تاکەڕێگاش بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە بەردەوامیی خەبات و ناڕەزایەتییەکان هەتا ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەیە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١١ی خەرمانانی ٢٧٢٣**

# "ژینا"ی کوردان

لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینیدا "توماس کارلایل" نەزەریـیەی کەسایەتییە مێژووسازەکانی داهێنا. بەپێی بیردۆزییەکەی "کارلایل" مێژوو بە سەرنجدان بە شوێنەواری کەڵەپیاوان دەنووسرێتەوە و شی دەکرێتەوە. ئەو کەڵەپیاوانەش کەسانێکن بەهۆی هیندێک تایبەتمەندیی وەک دەسەڵات، بیروئاوەز، سەرنجڕاکێشی، دەستڕۆیشتوویی و ڕچەشکێنی کە هیندێک لە تاکەکان وەک ڕێبەران هەیانە، توانیویانە کاریگەری لەسەر ڕەوتی مێژوو دابنێن و تەنانەت بیگۆڕن. بیردۆزییەکەی توماس کارلایل دواتر لە ساڵی ١٨٦٠ی زایینیدا لەلایەن "هێربێرت ئێسپەنسێر"ەوە پوختە کرا. بە بۆچوونی "ئێسپەنسێر" ئەو کەڵەپیاوانە بەرهەمی کۆمەڵگەکەی خۆیانن و شوێندانەریشیان قەرزباری هەلومەرجێکە پێشوەختە بۆیان ڕەخساوە. ١٦٢ ساڵ دواتر لە وڵاتی ئێران نەک کەڵەپیاوێک، بەڵکوو ئەوە کچە کوردێکە بە مەرگی دڵتەزێنی خۆی دەبێتە خاڵوەرچەرخانێک لە مێژووی خەڵک و وڵاتەکەی.

***

لە کۆتاییەکانی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاویدا ژینا ئەمینیی خەڵکی سەقز کە هێشتا خەرمانی تەمەنی نەگەیشتبووە ٢٣ ساڵ، لە تاران کەوتە بەر ڕەشەبای بێدادی. گوڵی تەمەنی ژینا لە قاقڕستانێکدا هەڵوەری، کە چاوی بەرایی نادا کچانی شۆخ و شەنگ ببینێ. شەختە لە شوێنێک لە بەژنی ژینای دا، کە تێیدا فرچکیان بە ژاکاندنی بەهار و خەونە ئەرخەوانییەکانی ژن گرتووە.

ژینا، خۆی، ناوەکەی، بەسەرهاتی ژیان و مردنیشی هەموو تەعبیر لە چارەنووسی گەلەکەی دەکەن. ئەو لە کوردستان و لە شارە دڵڕفێنەکەی سەقز لەدایک بوو. هێشتا چاوی نەپشکوتبوو کەوتە بەر تیغی سڕینەوەی شوناس و هەبوونی خۆی. "ژینا"ی ژیان و بووژانەوە لە وڵاتی حاشا و چەواشەدا کرا بە "مەهسا"، بەڵام مەحوی گوتەنی:

"وەکوو ڕۆژ ئەو مەهە لەو دوورە دەرکەوت
لەمێوە ئەشک و ئاهی ئێمە سەر کەوت."

ژینای ئەمجەد و موژگان و خێزانە گەورەترەکەی ئەمینی و ئیفتیخاری پاش ئەوەی دیپلۆمی تەجروبیی وەرگرت، کەوتە قۆناغێکی دی لە کایەکانی ژیان. ئەو وەک هەموو تاکێکی ئەم دنیایە شاییبەخۆ بۆ داهاتووی دەڕوانی. حەز و ئارەزووەکانی ژینا، هێمن گوتەنی بچووک بەڵام تا بفەرمووی شیرین بوون کە خوێندن و پەروەردەی پتر یەک لەوان بوو. ژینا خوێندنی زانکۆ لە بەشی "میکرۆبیۆلۆژی"ی زانکۆی ورمێی لە پاییزی ئەمساڵدا کردبووە یەکێک لە ئامانجەکانی، بەڵام خەزانی مەرگ زووتر گەیشتە سەر خەرمانانی تەمەنی و پێنج ڕۆژ پێش ئەوەی مۆمی ٢٣ ساڵەی تەمەنی دابگیرسێنی، زریانی دەسەڵاتی ئەهریمەنیی کۆماری ئیسلامی چرۆی ژینی هەڵوەراند.

ژینا ئاشقی ژیان و جوانییەکانی سروشت و کولتووری گەلەکەی بوو. ئەو ئەویندای بزە و سەما و چۆپیکێشان و ڕەشبەڵەک بوو، بەڵام لە وڵاتێکدا، کە دەسەڵاتبەدەستانی شیر لە گەردەنی خۆشی و زەردەخەنە و جوانی دەسوون. ئەو ئاشقی گۆرانی و نۆتەکانی ناخبزوێنی مۆسیقا بوو، بەڵام چیی کردبا لە هەرێمێکدا کە تاریکپەرەستان ژن و جوانی و حەزی پیرۆزی ئەوانیان لە بەندیخانەی عەقڵی تەسکی کۆنەپەرستی و بیرکردنەوەی پیاوسالاریدا بەند کردووە؛ لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتە ئەهریمەنییەکەی نەک هەر جگە لە ژن و جوانی، بەڵکوو دوژمنی قەستەسەری خۆشی و زەردەخەنەشە و؛ لای ئەوان هەر شتێک کە ببێتە هۆی خۆشی و گەشی حەرامە و سزای لەسەرە.

ژینا وەک هەموو کوڕوکاڵانی هاوتەمەنی لەگەڵ ئازار و ژان گەورە ببوو، بەڵام هەروەک باووباپیرانیشی جەنگاوەری خۆڕەتاو بوو، کەوی و دەستەمۆ نەببوو. نەیدەویست ڕەش لەبەر کات و ماتەم بگێڕێت، نەیدەهێشت ئەهریمەن مەودا بخاتە نێوان خۆی و خەونەکانی، نەیدەتوانی ڕێگە بدات پێکەنین و زەردەخەنەکانی هەڵبوەرێن؛ بۆیە بۆ گەیشتن بە خولیاکانی ئامادە بوو گیان دابنێ. هەمووان لە بەرچاومانە: ژینا بە جلی کوردیی سوور، بێگەرد و ڕازاوە، گەش و ئاڵ بە گولبزەی شیرینەوە و، بە قژێکی پەرێشانەوە چۆپی دەکێشێ و فەرمووی ئەوانیدی بۆ گەڕی ڕەشبەڵەک دەکات. ئەم تابلۆیە دڕدانی هەموو بەهاکانی دەسەڵاتە کە خۆشی و پێکەنینی تێدا قاتە.

ژینا و ئەشکانی برای ڕۆژی ٢٢ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی سەردانی تارانیان کرد. هەمان ڕۆژ ژینا بە بەرچاوی براکەی بە بیانووی ئەوەی چەند تاڵ قژی بەدیارەوەیە و جلی نەشیاوی لەبەرە، دەسبەسەر کرا. لە بەردەم ئۆتۆمبیلی پۆلیسدا بێبەزییانە کەوتە بەر مست و پێلەقە و بە باتووم لە سەری درا. لە بنکەی پۆلیس لەسۆنگەی ئازار و ئەشکەنجەکانەوە و ئەو زەبرانەی بەر مێشکی کەوتبوو، لە هۆش چوو و پاش سێ ڕۆژ هەوڵی پزیشکەکان و کادری دەرمانیی نەخۆشخانەی کەسرای تاران، دوانیوەڕۆی ٢٥ی خەرمانان ئەستێرەی ژیانی ئاوابوو. تەرمی ژینای جوانەمەرگ لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز لەنێو ئاپۆرای خەڵکی کوردستاندا بەخاک سپێردرا. لەسەر بەردەکێلەکەی نووسرا: "ژینا گیان تۆ نامری، ناوت دەبێتە ڕەمز"



سەرچاوە
Serchawe

و ئەو بوو بە سەرەتای وەرچەرخانی مێژوو لەم وڵاتەدا.

لە ساتەوەختی ناشتن و دواماڵئاوایی لە ژینای کوردستان دەنگێکی بەگوڕ و هاوارێکی چڕ لەنێو خەڵکدا بەرز بۆوە: "ژن، ژیان، ئازادی". ئاپۆرای خەڵک بە یەکدەنگ و بەرز بەرز ئەو دروشمەیان گەیاندە شار، گەیاندیانە گوێی پێتەخت و لە سنووری وڵات ئاودیویان کرد. ئەو بەڵێنەی بە ژینا درا کە ناوی ببێتە ڕەمز، ئاوێتەی مانیسفێستی شۆڕشی نوێ کرا بۆ لەگۆڕنانی ڕێژیمی تاریکی، بۆ بنیاتنانی دوارۆژی ڕوون، بۆ چێکردنی هەرێمێکی دی لە خەڵک و دەسەڵات بە پێناسەی ماف و جوانییەکانی ژیان.

حەماسەی ڕزگاری لەسەر مەزاری "ژینا"وە دەستی کرد. کۆڵان بە کۆڵان، شەقام بە شەقام، شار بە شار، وڵات بە وڵات هەموو هاتنە شەڕی خێوی شەڕ و تاریکی. کوردستان مانی گرت و شەقام جمەی تێ کەوتەوە.

"دەرگای شێران کرایەوە
دار و بەرد دەنگی دایەوە
گوێ لە زڕەی زنجیر بگرن
پاڵەوان ناترسن بمرن
بۆ مەرگ دێن بەئازایی
دەڵێی دەڕۆنە سەرشایی"

نەعرەتەی لاوانی دلێر نایەڵێ دەنگی فیشەک و پۆستاڵی داگیرکەر بە سەر شەقامدا زاڵ ببێت. هەموو شوێنێکی وڵاتی خۆر دەبێتە بڵێسەی ئاگر و کانگای خۆڕاگری و نەسرەوەتن. ڕۆژهەڵات دیسانەکەش سەری بەرزترە... دەنگی دلێرترە... ڕووسوورتر لە هەموو کاتێک، لە هەموو جارێک. دەستەخوشکەکانی ژینا پێشەنگ و ڕچەشکێنن. دەنگیان لەو ئۆرکێسترایەدا زاڵە و زراوی دوژمنی بردووە، قرمژنی چەکی دوژمن هەدادانی نییە:

"وا ڕۆژ هەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵخانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا"



سەرچاوە Serchawe

زەماوەندی سەربەستییە و چۆپیکێشەکەی ژینایە. دەسرۆکەی سەرچۆپی لە نێوان محەممەد و شەهریار لە بۆکان، فوئاد و موحسین لە دیواندەرە، برایم و ڕەزا لە دێولان، فەرجاد و دانش لە ورمێ، زەکەریا و کۆمار لە پیرانشار، فەرەیدوون و سمایل لە سەقز، ئەفشین و مینوو لە قەسری شیرین، ئەمین و میلان لە شنۆ، ئارمین و سینا لە کرماشان، عەزیز و پەیمان لە سنە، هێمن و شەهریار لە سەردەشت، بورهان و فوئاد لە کامیاران، عیرفان و بەهائەدین لە جوانڕۆ، زارا و ئیمان لە شائاباد، محەممەد و عەلیڕەزا لە سونقوڕ، شۆڕش و ئازاد لە مەهاباد، موختار و نەسرین لە مەریوان، نیما و ئارین لە سەلاس، موحسین لە ئیلام و ئەردەڵان لە گەیلان، ئاسۆ لە بانە و سامان لە تیکاب و؛ کوبرا و فریشتە و دەیانی تریش دەست بە دەست دەگەڕێ و گەڕی شایی ڕزگاری هەر بەردەوامە. چاوی ژینا لە بان بانی کوردستانەوە دەڕوانێتە بنەماڵەی شەهیدان کە چۆن ڕێوڕەسمی ناشتنی ڕۆڵەکانیان کردووە بە مەیدانێکی دیکەی خەبات و بەرەنگاربوونەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی و ئەو کاروانە هەر وا بەڕێوەیە.

لە نووسینەوەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ ڕامالینی کۆماری ئیسلامیدا "ژینا ئەمینی" پاڵەوانی چیرۆکەکە و هۆی سەرکەوتنی شۆڕشەکەیە. وردەکارییەکانی ژیانی کەسیی ژینا، ئەوەی لە کوێ خوێندوویەتی و لە بنەماڵەدا چۆن پێ گەیشتووە و پێوەندییەکانی خۆی و دەوروبەری چۆن بووە ڕەنگبێ لە پلەی دووهەم و چەندەمدا بن، بەڵام ئەوەی لەو مێژووەدا لە لوتکەدا دەمێنێتەوە ناوی ژینایە و کوردستان. ژینا وەک قافڵەسالار و کوردستان وەک داینەمۆی ئەو شۆڕشە. کوردستان وەک ڕێکخەری شۆڕشی ژینا و وەک ناوەندی هەناردەکردنی بەها و بایەخە مرۆیی و شۆڕشگێڕییەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیش.

حەماسەکە بە ژینا دەستی پێ کرد و بوو بە ئەفسانە، بەڵام کۆتاییەکەی بۆ کاروانێک جێ هێشتووە کە بەڕێوەیە. ئەو لە پێناو سەربەستی و ئازادیی خەڵکەکەیدا کوژرا و ئەرکی گەیشتن بەو ئازادی و سەربەستییەشی بە ئێمە سپاردووە. ئێمەش هەمووان بەپێوەین و پێکەوە بەرەو لوتکە بەڕێوەین.

گیانە ژینا تۆ نامری، ناوت بووە بە ڕەمز....

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٣ی ڕەزبەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# خەتی خوار و گای پیر

حەوتوویەک دوای هێرشی ئاسمانی و دەریایی و لەسەر عەرزی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، تازەترین ئامارەکان باس لە کوژرانی ۱۵۰۰ کەس و برینداربوونی پتر لە ٦ هەزار کەس لە غەززە دەکەن. ئاماری کوژراوەکانی هەتا ئێستای ئیسرائیلییش ۱۳۰۰ کەس ڕاگەیەندراوە. هەروەها وێرانی و کاولکارییەکانی هەتا ئێستاش بەتایبەت لە بەشی ژێرخانی ئابووریی کەرتی غەززە بە سەدان میلیۆن دۆلار قەبڵێنداراوە و هەموو ئەوانەش بۆ ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نایهەوێ هیچ ئاشتی و ئارامی و سەقامگیرییەک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چێ ببێت و جێ بگرێت !

لەگەڵ ئەوەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ترسی پەلهاویشتنی شەڕەکە بۆ بەرەورووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل حاشا لە ڕۆڵ و دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی خۆی لە هێرشەکانی حەماسدا دەکا، بەڵام بۆ کەس جێگای هیچ شک و گومانێک نییە حەماس بەبێ هاوکاریی ڕاستەوخۆی زانیاری و لۆجستیکیی کۆماری ئیسلامی توانای هێرشێکی لەو چەشنەی بۆ سەر ئیسرائیل نەبووە. خۆ قازی حەمد، وتەبێژی حەماس هەر ڕۆژی یەکەم لە وتووێژێکدا لەگەل بی بی سی ڕایگەیاند کە ئەمن شانازی دەکەم بەوەی زۆر لە وڵاتان یارمەتیمان دەدەن، بەتایبەت ئێران کە نەک‌هەر پشتگیریی سیاسیمان دەکا؛ بەڵکوو پووڵ و چەکوچۆڵ و کەرەستەی شەڕمان دەداتێ. پێشتریش کاربەدەستانی حەماس دانیان بەوە دانابوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران مانگانە ۳۰ میلیۆن دۆلار یارمەتیی نەختییان دەداتێ، جیا لە پێدان و بەرهەمهێنانی مووشەک و چەکوچۆڵ و ڕاهێنانی هێزەکانیان. هەروەها نێوەڕاست مانگی هاوین بوو حوسێن ئەمیرعەبدوڵڵاهیان، وەزیری دەرەوەی ئێران لە کۆبوونەوەی لەگەڵ ڕێبەرانی حەماس، جەهادی ئیسلامی و لایەنە دژبەرەکانی دیکەی ئیسرائیلدا پێی لەسەر پشتیوانیی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی بۆ "میحوەری مقاومەت" داگرتەوە. دنیاش لەبیریەتی کە حەسەن نەسروڵڵا، ڕێبەری حیزبوڵڵای لوبنان لە هاوینی ۲۰۱٦دا ڕاگەیاند "هەتا ئەوکاتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران پارەی هەبێ، ئێمەش هەمانە و هێز هێز و لایەنێک ناتوانێ ڕێ لە گەیشتنی ئەو هاوکارییانە بە ئێمە بگرێ.

لەگەڵ ئەوەدا کە کەس شک و گومانی لە پێوەندیی سیستماتیک، ئیدئۆلۆژیک و مەیدانیی کۆماری ئیسلامی و گرووپە نیابەتییەکانی بۆ هەر جووڵە و کردەوەیەکی سیاسی و سەربازی لە ناوچەدا نییە، چەند پرسیاری سەرەکی ئەوەیە هێرشەکەی حەماس بۆ ئێستا و لەو بارودخەدا کران؟ زۆرترین دەسکەوت و قازانجی ئەو شەڕە دەچێتە باخەڵی کێ؟ دوورەدیمەن و ئاسۆی ئەو ڕەوشە تراژیکە ئاماژە بە چی دەکەن؟



سەرچاوە
Serchawe

هێرشە سامناک و بەربڵاوکەی حەماس بێ سێودوو پەیمان یان ڕێککەوتنی ئیبراهیمی بەئامانج گرتووە و بە مەبەستی پەکخستنی ڕەوتی وتووێژەکانی ئاساییکردنەوەی پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماتیکییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەبستان پلانی بۆ داندراوە؛ ئەویش ڕاستەوخۆ بە بڕیاری خامنەیی، وەک دژبەری سەرەکیی ئەو وتووێژ و پەیمانەی نێوان ئیسڕائیل و دنیای عەرەب کە بێگومان زەبری کاری و گورچووبڕە لە ستراتیژی و ئیدئۆلۆژیی سیاسی و هەیمەنەی کۆماری ئیسلامی. دیسانەکە هەموو لەبیرمانە کە ڕۆژی ١١ی ڕەزبەر خامنەیی لە وتارێکدا گرێدانی پێوەندی لەگەڵ ئیسڕائیلی بە "هەوڵێکی نەزۆک و چرووک" ناو برد و هەڕەشەی لە وڵاتە ئیسلامییەکان کرد و گوتی "هەر وڵاتێکی بیەوێ خۆی بە قوماری ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسڕائیلەوە خەریک بکا، دەدۆڕێ." بۆیە لە ڕوانگەی خامنەییەوە شەڕێکی خوێناویی بەوەکالەت بۆ هەڵخڕاندنی سۆزی ئایینیی دنیای عەرەب و ورووژاندنی هەستی دژبەرایەتیی ئیسڕائیل دەتوانێ وڵاتانی عەڕەبی لە چوونە نێو پەیمانی ئیبڕاهیم هەس بداتەوە و لانیکەم لە ئێستادا کۆسپێکی گەورە لە بەردەم ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی عەڕەبستان و ئیسرائیلدا دروست بکا. خۆ دیسانەکەش لەبیرمانە کە تەنیا ٥ ڕۆژ پێش هێرشەکەی حەماس، ئۆسامە حەمدان، ئەندامی دیاری ئەم ڕێکخراوەیە لە کۆبوونەوەی گشتیی "کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی وەحدەتی ئیسلامی" لە تاران ڕایگەیاند کە گەورەترین هەڕەشەی ئێستای سەر خەڵکی فەلەستین هەوڵەکانی ئیسڕائیل بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەیە و دەبێ پێشی پێ بگیردرێ و نەهێڵین ئەوەیان بۆ بچێتە سەر.

ئامانجێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی لەو شەڕە نیابەتییەی بە حەماس کردی، تۆڵەیەکی قورس بۆ قەرەبووکردنەوەی شکستە ئەمنیەتییەکانی چەند ساڵی ڕابردووی لە ئیسڕائیل بوو. تەڕاتێنی مووساد لە بۆشاییە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، کوژرانی چەند فەرماندەی سپای پاسداران، هێرشی درۆنی و تێکدەرانە بۆ سەر چەند بنکەیەکی مووشەکی و ئەتومی، کوژرانی کۆمەڵێک زانای ئەتومی و مووشەکیی ڕێژیم، دزەکردنە نێو ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دزینی چەند تۆن بەڵگەنامەی نهێنیی مووشەکی و ئەتومی و گواستنەوەیانی بۆ ئیسڕائیل لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئۆتۆریتە و هەیمەنەی ڕێژیمی بەتەواوی دارماندبوو. بۆیە کۆماری ئیسلامی پێویستییەکی زۆری هەم بۆ تۆڵەئەستێنی لە ئیسڕائیل و هەم لێدان لە شان و شکۆ و هەیمەنەی سەربازی و ئەمنیەتیی ئەو وڵاتەی هەبوو کە توانیویەتی لانیکەم لە کورتخایەندا ئەو ئامانجەی بپێکێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوکات بە هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە جارێکی دیکەش توانای ناوچەیی و هێزی شوێندانەری تێکدەرانەی خستەوە بەرچاوی ڕکەبەرەکانی بۆوەی پێیان بڵێ بێتوو هەڕەشەی مان و نەمانی بکرێتە سەر دەتوانێ گڕ لە هەموو ناوچەکە بەر بدات. هەروەها سیلەچاوێکیشی لە دژبەران و خەڵکی نێوخۆی وڵات بوو بۆوەی بەوانیش بڵێ دوای شۆڕشی ژینا و سەرەڕای گشتگیربوون و پەرەسەندنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان ئێستاکەش لە نێوخۆ دەسەڵاتەکەی سەقامگیر و لە دەرەوەش زلهێزی ناوچەکە کە بێگومان لەوەدا سەری لە بەرد داوە؛ چونکی ڕەوتی نارەزایەتییەکان دژی کۆماری ئیسلامی و خەبات و مافخوازیی گەلانی ئێران بەو سیناریۆ و پێشهاتانە ناوەستن. هەڵبەت جگە لە کۆماری

ئیسلامیی ئێران، وڵاتانی ڕووسیە، تورکیە، سووریە و عێراقیش چەند لایەنێکی دیکەن کە بە هۆکاری جۆراوجۆر قازانج لە ناسەقامگیریی ناوچە دەکەن و لە دۆخی ئیستادا هەوڵ دەدەن دەسکەوتەکانیان هەڵگرنەوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا پێناچێ هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ وەستاندنی ئاساییکردنەوەی پێوەندیی نێوان عەرەبستان و ئیسرائیل و بەرینبوونەوەی پەیمانی ئیبراهیم سەر بگرن. ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمان باوەڕیان وایە بەرینبوونەوەی پەیمانی ئیبراهیم و گرێدانی پێوەندی لەنێوان عەرەبستان و ئیسرائیل باشترین نەخشەرێ بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ بەرزەفری، قەیرانخوڵقێنی و تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی و وەستانی ئەم ڕێژیمەیە. بەتایبەت کە لاوازکردنی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ لێدانە لە کاریگەریی حەماس لە فەلەستین، حوسییەکان لە یەمەن، حیزبوڵڵا لە لوبنان و لایەن و میلیشیاکانی دیکەی ڕێژیم لە ناوچەدا.

لەڕاستیدا ئەوەی لەو نێوەدا جارێکی دیکەش بۆوە قوربانیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی خەڵکی مەدەنی و بزووتنەوەی ڕەوا و ڕزگاریخوازیی فەلەستینە کە لەلایەک بووەتە دەستەچیلەی ساتوسەوداکانی کۆماری ئیسلامی و لەلایەکی دیکەوە لەسۆنگەی هێرشە هۆڤانەکەی حەماسەوە خەوشی هەڵگرت و زەبرێکی گەورە لە جێگەوپێگەی کەوت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---



سەرچاوە Serchawe

## وێنەیەک و چەند سەرنجێک

### جاناتان ڕەندالّ:

"قاسملوو تەنیا ڕێبەری سیاسی بوو کە دەیتوانی لەگەڵ هەر دەوڵەت و لایەنێکی سیاسی دابنیشێ، قسەی خۆی بکا و ئازادیی سیاسیی خۆشی نەدۆڕێنێ ."

### ئاماژە:

لەو ڕۆژانەدا بڵاوبوونەوەی وێنەیەکی شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری پێشووتری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ سەدام حوسێن، سەرکۆماری پێشووتری عێراق لە بەرنامەیەکی تۆڕی مێدیایی "ڕووداو"دا دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. باسی نە هێندە تازە بەڵام گرینگی دوای بڵاوبوونەوەی ئەو وێنەیە پرسی چەندی و چۆنیی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی بەعس بوو. ئەم نووسینە بەکورتی ئاوڕ لەو بابەتە دەداتەوە.

### مێژووی ئەو وێنەیە:

ئەو وێنەیەی لەو ماوەیەدا بڵاو کرایەوە خۆی بەرهەمی ڕووداوێکی مێژوویی پرسی کوردە. لە ماوەی زستانی ١٩٨٢ هەتا هاوینی ١٩٨٤دا چەند گەڕ وتووێژ لەنێوان حکوومەتی بەعسی عێراق و یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستاندا بەڕێوە چوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەخسی د. قاسملوو وەک نێوبژیوان دەوری گرینگ و بنەڕەتییان لەو نێوەدا گێڕا. ئەم وتووێژانە بە هێندێ هۆکاری نێوخۆیی و لە سۆنگەی دەست¬تێوەردانی دەرەکییشەوە بەئاکام نەگەیشتن، بەڵام هەرلەوحاڵەدا بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەبات و تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانەی باشووری کوردستان دەسکەوتێک بوون.

ئەم وێنەیە لە یەکێک لەو کۆبوونەوانەی وتووێژی یەکیەتیی نیشتمانی و حکوومەتی عێراقدا گیراوە کە شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو وەک شاهید و لایەنێکی سێیەم تێیاندا ئامادە بوو. شاندی یەکیەتیی نیشتمانیی بۆ ئەم وتووێژانە لە نەمر مام جەلال تاڵەبانی و چەند ئەندامی ڕێبەریی یەکیەتی بۆ وێنە کاک نەوشیروان مستەفا پێکهاتبوو. لە



سەرچاوە Serchawe

قۆناغەکانی پێشتر و دواتریشدا شەهید دوکتور قاسملوو و بەگشتی حیزبی دێموکرات لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیاندا ئەوەندەی لە توانایاندا بووە تێکۆشاون سەرنجی حیزب و دەوڵەت و کەسایەتییە بیانییەکانیان بۆ لای پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕابکێشن و بەشێک لە پرۆژەی چارەسەر بن. بنەمای پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لەسەر ئەو بنەڕەتە بووە کە ئەو پێوەندییانە نەک هەر لەسەر حسێبی خەڵک و بزووتنەوەی ئەو بەشەی کوردستان نەبن، بەڵکوو ئەوەندەی بکرێ کۆمەگ بە پاراستنی بەرژەوەندی و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی کورد لە باشوور و هەموو بەشەکانی کوردستان بکەن.

## پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی عێراق

دابەشبوونی مێژوویی کوردستان بە سەر چوار وڵات لە یەک سەدەی ڕابردوودا و سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی لەو وڵاتانە کە ئامادە نەبوون دان بە مافە نەتەوایەتییەکانی کورددا بنێن، بزووتنەوەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستانی ناچار کردوە کە بۆ کۆمەگ بە بەردەوامبوونی خۆی و دەستڕاگەیشتن بە دنیای دەرەوە پێوەندیی لەگەڵ وڵاتانی حاکم بەسەر بەشەکانی دیکەی کوردستاندا هەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش دوای نسکۆی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و پەرێوەبوونی بەشێک لە کادری ڕێبەری و تێکۆشەرەکانی بۆ باشووری کوردستان پێویستیی بە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی عێراق هەبووە.

لە نیوسەدەی ئەم دواییەدا یەکەم گەراکانی پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و حکوومەتی ناوەندیی عێراق دوای بەیانی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە ئاگاداری و هاوکاریی پارتی دێموکراتی کوردستان دانران. تەنانەت شەخسی مەرحووم مەلامستەفا بارزانی و خوالێخۆشبوو سامی عەبدولڕەحمان کە ئەوکات وەزیری کاروباری باکوور لە کابینەی ئەحمەد حەسەن بەکر بوو، لە گرێدانی ئەو پێوەندییەدا ڕۆڵی بنیاتنەریان هەبوو. دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزب کە دواتر زۆرترین نەخشی لە پەرەسەندنی ئەو پێوەندییانەدا هەبوو، بە پێداگری لە سەر خاڵە هاوبەشەکان کۆمەڵێک بنەمای ئوسوولیی بۆ ئەو پێوەندییە پێناسە کردبوو، واتە پێوەندییەکە بەڕەسمی و بەڕاشکاوی لەسەر چەند بنەما دامەزرا. وەک : هەردوو لا باوەڕیان بە پرەنسیپەکانی سۆسیالیزم هەیە، هەردوو لا لە بەرەی دژی ئیستیعماریدان و هەردوو لا باوەڕیان بە چارەسەری کێشەی کورد بە شێوەی خودموختاری هەیە. هەر لەو پێوەندییەدا و لەو کاتدا کە بەهۆی ڕێککەوتنی ئادارەوە شەڕ ڕاگیرابوو، و پێوەندییەکانی نێوان ڕێبەرایەتیی شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی عێراق بەباشی دەچوونە پێش؛ د. قاسملوو بەسەراحەت ڕایگەیاند: "ئێمە هەم دۆستی ئێوەین، هەم دۆستی پارتی دێموکراتی کوردستانین. بۆ ئێمە زۆر جێگای خۆشحاڵییە کە هەردوو دۆستەکەشمان پێکەوە دۆستن. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک خودا نەخواستە ئەو دۆستایەتییە تێک بچێ،

ئێمە نە دۆستایەتیی ئێوە بۆ پارتی وەلا دەنێین، نە دۆستایەتیی پارتی بۆ ئێوە وەلا دەنێین."(١) واتە هەر لەسەرەتاوە بە حکوومەتی عێراقی ڕاگەیاند کە ئەگەر ڕۆژێک لەنێوان دۆستەکانیدا شەڕ ڕوو بداتەوە، حکوومەتی عێراق نابێ ئەو چاوەڕوانییەی هەبێ حیزبی دێموکرات لایەنی ئەو بگرێ و لە دژی کوردی عێراق هەڵوێستی هەبێ و بەم جۆرە بناخەی سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لە لای دەوڵەتی عێراق جێگیر کرد.

ئەمە هەر لەجێدا دەرکەوتنی "سەربەخۆیی سیاسی" وەک پرەنسیپی نەگۆڕی حیزب بوو کە لە هەموو مێژووی حیزبی دێموکراتدا بەشێک لە وێژمانی ڕەسمیی حیزب بووە کە ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لەبەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو، واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو پێوانە بۆ حیزبی ئێمە سەربەخۆیی بڕیاردان و قازانجی میللەتەکەمانە. نەمر دوکتور قاسملوو هەروەها لە زۆر بەڵگە و دیکیۆمێنتی حیزبیدا پێداگریی لەسەر ئەوە کردووە کە حیزبی دێموکرات، حیزبێکی سەربەخۆیە و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو شتێکی دیکە بەلاوە گرنگترە. ئەوەی بە قازانجی خەڵکی کوردستانی بزانێ جێبەجێی دەکات و هیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێ نەزەری خۆی بەسەردا بسەپێنێ.

تەنانەت دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و پاش سەپێندرانی شەڕ بەسەر کوردستان لەلایەن حکوومەتی تارانەوە و هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان عێراق و ئێراندا و لە کاتێکدا حیزبی دێموکرات و حکوومەتی عێراق ئێستا ئیدی یەک دوژمنی هاوبەشیان هەبوو و بەڕواڵەت دەبوو لە بەرەیەکدا بووایەن، حیزبی دێموکرات نەک هەر ئامادە نەبوو بچێتە بەرەی دەوڵەتی عێراقەوە بەڵکوو بە دەرکردنی بەیاننامەیەک ڕایگەیاند ئەگەر کۆماری ئیسلامی وەک پرەنسیپ وەڵامی ئەرێنی بە داخوازییەکانی کورد بداتەوە و مافی خودموختاری بۆ کوردستان بەڕەسمی بناسێ؛ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان شانبەشانی سوپای ئێران دەچنە بەرەی شەڕەوە. هەڵوێست لەسەر بۆمبارانی زیندانی دۆڵەتوو کە حیزبی دێموکرات بە عەمەلیاتی فاشیستیی ناو برد، بۆمبارانی شیمیایی هەڵەبجە، هاوکاری‌نەکردنی نیزامی و هەواڵگریی حکوومەتی عێراق لە شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا و، نێوەندگیری و یارمەتیدانی خەباتی سیاسیی کورد لە باشووریش تەنیا چەند بەڵگەیەکی بچووکی دیکە بۆ دەرخستنی بایەخەکان و چەندوچۆنیی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حکوومەتی عێراقن. بۆیە مێژووی چەند دەیە پێوەندیی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی ناوەندیی عێراق و وردەکاری و چەندوچۆنیی ئەو پێوەندییانە بەڵگەی ڕووسووری بۆ حیزبی دێموکراتە کە لە هەموو قۆناغ و پێچوگەوەکانی ئەو پێوەندییانە بە سەربڵندی هاتە دەر. "حاشای لێناکرێ کە دەوڵەتی عێراق ئەو دەوڵەتە بووە کە حیزبی دێموکڕات پێوەندییەکی بەردرێژی لەگەڵیدا هەبووە. لەگەڵ ئەوە کە هاوکاریی ماددی و کارئاسانیی لۆجیستیکیی بەغدا بۆ حیزبی دێموکڕات شتێکی حاشاهەڵنەگرە، یەکێک لە خاڵە هەرە درەوشاوەکانی کارنامەی حیزبی دێموکڕات ئەوەیە کە هەرگیز حازر نەبووە بەهۆی پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی



سەرچاوە
Serchawe

عیراق کەمترین زیان (تەنانەت بە هەست بریندارکردنیش) بە بزووتنەوە و خەڵکی باشووری کوردستان و سەرانسەری عێراق بگەیەنێ. تەنانەت لەسەر ئاستی نیزامییش، لەحاڵێکدا کە شەڕی ئێران و عیراق و خۆڕاگریی چەکدارانەی کوردی ڕۆژهەڵات هاوکات بوون، حیزبی دێموکڕات نەک هەر قەت حازر نەبوو هێز و بەرەی شەڕی خۆی دژی ڕێژیم لەگەڵ سوپای عیراق یەک بخا. (٢)

پاش ڕووخانی حکوومەتی بەعس (٢٠٠٣) تەواوی بەڵگە نهێنییەکانی عێراق کەوتنە دەست ئەمریکایی، عێراقی و کوردەکان. زۆر کەس لە نەیارانی کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبەکانی بەتایبەت کۆماری ئیسلامی، بەدوای بەڵگەیەکدا دەگەڕان کە بتوانن لەدژی حیزبی دێموکرات بەکاری بێنن، بەڵگە لەسەر هێندێ کەس و لایەن دەرکەوتن، بەڵام لەسەر کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات هیچیان دەست نەکەوت. یانی نەک هەر یەک بەڵگەش نەدیتراوە کە حیزبی ئێمە بڕیارێکی لەدژی بزووتنەوەی کوردی باشوور یان هیچ شوێنێکی دیکە دابێ، یان لەسەر حسێبی بەرژەوەندیی ئەوان کارێکی کردبێ. د. مەحموود عوسمان، پارلمانتاری پێشووی عێراق و کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی باشووری کوردستان لەو سەروبەندەدا لە کۆڕێکی سیاسیدا بە گێرانەوەی مێژووی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و حکوومەتی ناوەندیی عێراق ڕایگەیاند حیزبی دێموکرات ڕووسوورە لە مێژووی کورددا و بۆ ئەم ڕووسوورییەش تێچووی زۆری داوە: "کوردی عێراق وەکوو نەتەوە هەمیشە دۆست و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات بوون و خەڵکی کوردستانی ئێرانیش هەمیشە لەکاتی پێویستدا بە هاواری کوردی عێراقەوە هاتوون و لەو پێوەندییەشدا حیزبی دێموکرات نەخشی سەرەکیی هەبووە. هەروەها حیزبی دێموکرات لە پێوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەتی عێراقیشدا هیچکات زەرەری لە کوردی عێراق نەداوە، بۆخۆی زەرەری کردووە و ئامادە بووە قازانج و بەرژەوەندیی خۆی وەلا بنێ، بەڵام هیچ زیانێک لە کوردەکانی عێراق نەکەوێ. ئەو هەمووە فایلەی کە دوای ڕووخانی حکوومەتی عێراق لە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و (موخابرات)ی عێراق دەستی حکوومەتی نوێ، خەڵک و هێزە سیاسییەکان کەوتوون، نەک هەر هیچ شتێکی نەرێنییان لەسەر حیزبی دێموکرات تێدا نەبوو، بەڵکوو زۆر شتی ئەرێنیشیان بۆ حیزبی دێموکرات تێدابوو کە جێی شانازیین." (٣)

**ئاکامگیری:**

پێوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق لە هەموو قۆناغ و بڕگە مێژووییەکاندا پێوەندییەکی سەربەرزانە بوو. ئەم ڕابردووە ئەوەندە خاوێنە کە نە بۆ حاشالێکردن، بەڵکوو بۆ لێفێربوون دەبێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەردەوامیی خەباتی سیاسیی خۆیدا و بەپێی سروشتی خەبات و تێکۆشانەکەی



سەرچاوە Serchawe

هەمیشە فاکتەری پێوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی بۆ گرینگ بووە، بەڵام لە هەموو کاتوساتێکدا ئەگە بە زیانیشی شکابێتەوە پرەنسیپەکانی خۆی ڕەچاو کردوون و پرسی کورد و بەرژەوەندییەکانی و پێویستیی پاراستنی لە تەواوەتیی خۆیدا یەکێک لەو پرەنسیپە نەگۆڕانەی حیزبی دێموکراتن. پرەنسیپێکی نەگۆڕی دیکەی ئەم حیزبە ڕاگرتنی سنووری نێوان دۆستایەتی و بەستراویی سیاسی لە پێوەندییە هەرێمی و نێونەتەوەییەکاندایە کە لەم نووسینەدا بە پوختی باسی کرا. دوو دەیە پاش ڕووخانی حکوومەتی بەعس، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای شانازیکردن بە مێژووی هەڵوێست و بایەخە ئوسوولییەکانی لە پێوەندییە دوولایەنەکانیدا، بۆ بەردەوامیی پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵک و حکوومەتی عێراق پشت بە ئەزموونی دەوڵەمەند و پاشخانی بەهێزی لە بنەما دروستەکانی پێوەندییەکانی لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتوودا دەبەستێ.

١- ئەزموونی خەبات"، ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەنزادە، لاپەڕەی ٧٣

٢- د. ئاسۆ حەسەنزادە، پارا-دیپلۆماسیی کورد: ئاوڕێک لە سێ چارەگە سەدە پێوەندیی نێونەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کتێبی حیزبی دێموکراتی کوردستان، قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی، کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزب، گەلاوێژی ١٣٩٩

٣- کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژمارە ٣٦٩، ٢٢٧ ژووئیەی ٢٠٠٣ (٣١ی پووشپەڕی ١٣٨٢)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## جینایەت و مرۆڤکوژی وەک شوناس و هەوێتیی کۆماری ئیسلامی

دەزگای تەبلیغیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی سێ حەوتووی ڕابردوودا بە پێشاندانی بەردەوامی وێنەی کوژراوانی غەززە جۆرێک توندوتیژییەکانی شەڕی حەماس و ئیسرائیل لەلایەن ئیسرائیلەوە بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی ناو دەبا، وەک بڵێی پەرێزی خۆی زۆر خاوێنە و هەتا ئێستا دەستی بە خوێنی هیچ بێتاوانێک سوور نەبووە! خۆ ئەگەرچی ئێستا هەمووان کۆماری ئیسلامی و بیرکردنەوە و سیاسەتەکانی زۆرباش دەناسن، بەڵام بیرهێنانەوە و ڕیزکردنی بەشێک لە تاوان و جینایەتەکانی ئەم ڕێژیمە لەجێی خۆیدایە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش بڵێین کە مناڵکوژی، تاوان و جینایەت دژی مرۆڤایەتی کاڵایەکی پڕ بە باڵای ڕێژیم و ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییە کە هەر لە سەرەتاوە دەستنوێژیان بە خوێنی لاوان و خەڵکی بێتاوانی وڵات هەڵگرتوە.

هەر لەجێدا تاوان و جیناتەکانی کۆماری ئیسلامی پێش هاتنەسەر دەسەڵات دەستیان پێ کردبوو. لە تێرۆری کاربەدەستە سیاسییەکانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە هەتا ئاگردانی سینەما ڕەکسی ئابادان کە لە نێوان ٤٠٠ هەتا ٦٠٠ کەسی تێدا کوژرا، تەنیا بۆوەی دواتر تاوانەکە بە سەر ڕێژیمی پەهلەوی دابێنن کە دواتر دەرکەوت کاری مەلاکان خۆیان بووە. تەنانەت ئایەتوڵڵا لاهوتی ساڵی ١٣٥٨ لە وتووێژێکک لەگەڵ ڕۆژنامەی کەیهاندا نەیشاردەوە کە ئاگردانی سینەمای "قوم"یش بە بڕیاری خودی ئەحمەد خومەینی بووە، داننانێک کە بووە هۆی گیران و دواتر کوژرانی لە زینداندا! کوشتارەکانی کوردستان، ئازەربایجان، تورکەمەنسەحرا و خوزستان دەسپێکی زنجیرە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بوون دوای هاتنەسەر کورسیی دەسەڵات بوون. بۆیە جینایەت و کوشتاری دژبەرانی سیاسی و ئەوانیدی نەک هەر گرینگترین بەش لە سیاسەتەکانی ڕێژیم، بەڵکوو بەشی سەرەکی و دانەبڕاو لە شوناس و هەوێتیی دەسەڵاتێک بووە کە ٤٥ ساڵە بە کوشتوبڕ و بە زەبری چەک و پەتی سێدارە تەختی خونکاریی خۆی پاراستوە.

لە ئاستی ئێراندا جینایەتەکانی ڕێژیم لە یەکەم ڕۆژەکانی سەرکەوتنی شۆڕش و هەر لە سەربانی قوتابخانەی ڕیفاە کە شوێنی کاتی مانەوەی خومەینی بوو، بە ئێعدامە سەحراییەکان دەستی پێ کرد، پاشان لە ماوەی دوو ساڵدا لەژێر ناوی شۆڕشی فەرهەنگیدا زیاتر لە ٣٠٠ خوێندکار و مامۆستای زانکۆی جیابیریان ئێعدام کرد.

دوای پێداگریی ڕێژیم لەسەر بەردەوامیی شەڕ لەگەڵ عێراق تەنیا لە ساڵی ١٣٦٠ دا زیاتر لە دە هزار چالاکی سیاسی



سەرچاوە
Serchawe

ئێعدام کران کە ڕێکخراوی "ڕاستیاد" لەو ماوەیەدا توانیویەتی ناو و شوناسی ۳۵۰۰ کەس لەوان ئاشکرا بکا کە لە ۸۵ شاری ئێران گیانیان لێ ئەستێندراوە. هەڵبەت کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا هاوتەریب لەگەڵ سەرکوت و کوشتاری دژبەرانی سیاسیی خۆی هەوڵی داوە پێش بە کۆکردنەوەی زانیاری و بەڵگەکان و بەدیکیۆمێنتکرانی جینایەتەکانی بگرێ و سیستماتیک بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی بەڵگەی تاوان و جینایەتەکانی و دیزەبەدەرخۆنەکردنیان پلان و پیلانی زۆر و جۆراوجۆری جێبەجێ کردوە .

ئەگەر هەر لە دەیەی ٦٠ دا بمێنینەوە، تاوانی هەموو کوشتارەکانی شەڕی ۸ ساڵە کە بەهۆی پێداگریی ڕێژیم بۆ ماوەی ۷ ساڵ درێژ کرایەوە، لە ئەستۆی دەسەڵاتبەدەستانی تارانە زیاتر لە یەک میلیۆن کوژراو و بریندراری لێ کەوتەوە . بەپێی بەڵگەنامەکانی "ایران تریبونال" لە ساڵەکانی دوای ۱۳٦۰ هەتا ۱۳٦٤دا نیزیک بە ۱۱ هەزار کەس لە زیندانەکان یان ئێعدام کران یان لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا. تەنیا لە هاوینی ساڵی ۱۳٦۷دا و بۆ چاوترسێنکردنی کۆمەڵگە و ڕاکردن لە بەرپرسایەتیی شکان لە شەڕی عێراق زیاتر لە ۲۰ هەزار زیندانیی سیاسییان لە ماوەی سێ مانگدا لە زیندانەکاندا ئێعدام کرد کە ٤ هەزار کەس لەوان تەنیا لە زیندانی ئێڤینی تاران گیانیان لێ ئەستێندرا. قەتڵە زنجیرەییەکان، جینایەتەکانی پووشپەڕی ۱۳۷۸، تاوانەکانی سەرشەقام و زیندانی کەهریزەک دوای خۆپێشاندانەکانی ۱۳۸۸، دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر زیندانیان، کۆمەڵکوژییەکان لە خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ۱۳۹٦ و خەزەڵوەری ۱۳۹۸ کە نیزیک بە ۲۰۰۰ کەس تەنیا بە تاوانی! نارەزایەتیدەربڕین بە گرانبوونی نان و بێنزین گیانیان لێ ئەستێندرا؛ بەردانەوەی بەئانقەستی فرۆکە ئۆکراینییەکە لە ساڵی ۱۳۹۸، کوشتنی بیرمەندە ئەتومییەکان لە ساڵانی ۱۳۸۸ هەتا ۱۳۹۰ بۆ شاردنەوە و ڕێگەگرتن لە دزەکردنی زانیارییە ئەمنیەتییەکان لەسەر پیشەسازیی مووشەکی و ئەتومیی ڕێژیم، جینایەتی ڕێگریکردن لە هاوردەی واکسەنی ئەمریکایی و ئینگلیسی لە سەردەمی پەتای کۆرۆنا بە بڕیاری خودی خامنەیی و هتد تەنیا بەشێکی زۆر کەم لە تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە خەڵکی ئێرانن. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ساڵی ۱۳۵۷ی هەتاوییەوە هەتا ۱۳۹۹ی هەتاوی زیاتر لە ٤٦ هەزار و ٦۰۰ چالاکی سیاسیی دژبەری ڕێژیم لە ئێران بەهۆی تێرۆر، ئێعدام، کوژران لە زیندان لەژێر ئەشکەنجە و کوژران لە خۆپێشاندانەکانی سەرشەقامدا بە دەستی کۆماری ئیسلامی گیانیان لێ ئەستێندراوە. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷ ڕا هەتا ساڵێ ۱۳۹۵ی هەتاوی پتر لە ٦۱ هەزار کەسی لەو وڵاتەدا لەدار داوە .

لە کوردستان، هێشتا شەش مانگ بە سەر ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئازادیی گەلانی ئێران تێنەپەڕیبوو، خومەینی فتوای جیهاد دژی خەڵکی کوردستانی دەرکرد و لەشکرکێشیی ئەرتەش و سپای پاسداران بۆ سەرکوردستان بووە داسەپاندنی

شەڕێکی خوێناوی بە سەر نەتەوەی کورددا. لە سۆنگەی ئەو شەڕە داسەپاوە هەتا ئێستا دەیان هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان بوونەتە قوربانی و گیانیان لێ ئەستێندراوە. هەروەها کۆمەڵکوژییەکان لە ئاواییەکانی "قارنێ". "قەڵاتان"، "چەقەڵمستەفا"، "دیلان چەرخ"، "حەڵبی"، "کوێکان"،" کەرێزەی شکاکان"، :خەلیفەلیان"، "گۆڕخانە" لە نەغەدە؛ کۆمەڵکوژی لە ئاواییەکانی "ئیندرقاش"، "قەرەگۆل"، "وسووکەند"، "سەوزی"، "دێمەسوور"، "جافرئاوا"، "مەرجانئاوا" و "تەپەڕەش" لەنێوان میاندواو و مەهاباد"؛ کۆمەڵکوژییەکان لە ئاواییەکانی "بایزاوێ"، "جبریلئاوێ"، "گوندەوێڵە"، "دووئاو" لە شنۆ؛ "هەڵەقووش" و "گێچە" لە ورمێ و "سۆفییان" لە پیرانشار کە سەرجەم سەدان کەس ژن، منداڵ، پیر و تەنانەت مامۆستای ئایینیی قورئانلەسەر دەستی تێدا بوونە قوربانی و گیانیان لێ ئەستێندرا، و ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی بۆ نموونە ٥٩ لاوی مەهابادی، تەنیا بەشێکی بچوون کە تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە کورد و دژ بە مرۆڤایەتین.

ڕێژیم جیا لەوانە لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ٢٢٨٠ زیندانیی سیاسیی کوردی بەهۆی خەباتی نەتەوایەتییان و لەژێر ناوی هەوڵدان دژی ئەمنییەتی ئەو ڕێژیمەدا ئێعدام کردوە. هەروەها دەزگای سەرکوت و تێرۆری ئەم ڕێژیمە هەروەها لانیکەم ٤٧٠ ئەندامی حیزبە کوردییەکانی لە نێوخۆ وڵات و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران تیرۆر کردوە، بە مووشەک و درۆن شوێنی ژیانی بنەماڵە و ژن و منداڵی ئەندامانی حیزب لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانی بەئامانج گرتوە و ئەو جینایەتانە هەروا درێژەیان هەیە. لە دەسپێکی شۆڕشی "ژینا"شەوە ڕێژیم بە کوشتنی خۆپێشاندەران لە سەرشەقام و، گرتنگەکان لەژێر ئەشکەنجەدا و، بە دەرماندداوکردنی منداڵان قوتابییان سەدان تاوانی نوێی دیکەی لەسەر تاوانەکانی پێشووی کەڵەکە کردوە.

هاوکات هاوکاریکردنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە بەهاری عەرەبیدا و کوشتاری دەیان هەزار کەس لە خەڵکی وڵاتی سووریە، دروستکردنی میلیشیا و ناردنیان بۆ شەڕی نیابەتی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی لوبنان، عێراق، بەحرەین و یەمەن کە شەڕی نێوخۆیی و کوشتاری هەزاران مرۆڤی بێتاوانی لێ کەوتۆتەوە، و هەڵگیرساندنی شەڕی نوێی حەماس و ئیسرائیل بە بڕیاری کاربەدەستانی ڕێژیم کە تا ئێستا زیاتر لە ١٠ هەزار کوژراوی لێ کەوتۆتەوە؛ دەبێ بە لیستی ئەو تاوان و جینایەتە لەئەژمارنەهاتووانەی ڕێژیم زیاد بکرێن.

بۆیە، کۆماری ئیسلامی کە سەدان هەزار بەڵگەی تاوانی مرۆڤکوژی، منداڵکوژی و جینایەت دژی مرۆڤایەتیی لەسەر سەلمێندراوە، ڕێی ناکەوێ فرمیسکی تیمساح بۆ کوشتنی مرۆڤە بێتاوانەکانی غەززە هەڵوەرێنێ، بەتایبەت کە هەر لەجێدا بەرپرسایەتیی هەموو تاوانەکانی حەماس لە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل و کردەوە تۆڵەستێنەکانی ئیسرائیل لە



سەرچاوە
Serchawe

خەڵکی غەززە لە ئەستۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## خێروبێری شەڕی غەززە بۆ کۆماری ئیسلامی

قسەیەکی بەناوبانگی خومەینی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەیگوت شەڕ نێعمەتە و خێروبێرەکەی بۆ نیزام زۆرە، لە هەموو ماوەی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا یەک لە ستراتێژییەکانیان بووە.

شەڕ لەگەڵ عێراق لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کە بە بڕیاری خومەینی بۆ ماوەی ٨ ساڵ درێژ کرایەوە، دەرفەتی بۆ ڕێژیم ڕخساند ئیدئۆلۆژیی ویلایەتی فەقیهـ و جۆری نیزامیی سیاسیی خۆیان سەقامگیر بکەن، لە سۆنگەی ئەم شەڕەوە پاساو بۆ قەڵتوبڕ و کوشتاری ڕخنەگران و نەیارانی سیاسیی خۆیان دابتاشن، ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران سنووردار و پێشێل بکەن و دەیان هەزار بەندیی سیاسی لە زیندانەکاندا لەسێدارە بدەن. ئێران لەو شەڕەدا شکستی خوارد، بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیم کە دەسەڵاتەکەیان سەقامگرتوو کردبوو، خۆیان بە براوە دەزانی و هیچ بۆیان گرینگ نەبوو ٢٢٦ هەزار کەس لە خەڵکی ئێرانیان بە کوشت داوە، ٥٧٥ هەزار کەس بریندار و نقوستان بوون، ٦٢٧ میلیارد دۆلار لەو شەڕەدا لە سامانی گشتیی وڵات خەج کراوە و ٦٤٥ میلیارد دۆلاریش زیان و خەسار لە کەرتە گشتییەکانی وڵات دراوە.

دوای خواردنەوەی جامی ژارەکە و شکست لە هەموو بەرەکانی شەڕ، چ لە بەرەی شەڕی مەیدانی و چ لە بەرەی شەڕی وێژمانی کە دەیانگوت "ڕێگای قودس بە کەربەلادا تێدەپەڕێ"؛ مافیای شەڕ، واتە بەیتی ڕێبەری و هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لەژێر ناوی "سازەندەگی"دا بوونە مافیایەکی ئابوورییش و دەستیان بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی ئابووری و سامانی گشتیی وڵاتدا داگرت. مافیای شەڕ لە کۆماری ئیسلامی لەو قۆناغەشدا پاوانکردنی ئابووریی وڵاتی خستە خزمەتی سیاسەتی میلیشیاسازی لە عێراق، یەمەن، سووریە، لوبنان و فەلەستین؛ بۆوەی هەم شەڕی نیابەتیی ڕێژیم لەگەڵ وڵاتانی ناوچەیان پێ بکا، هەم لە شەڕی ساردی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا کە دەیان و سەدان جۆر سزا و گەمارۆی لەدژیم ڕێژیم بەدوودا هات، قازانجی ئابووریی تایبەت بە خۆیانیان هەبێ.

شەڕی غەززەش کە لە ڕۆژی ١٥ی ڕەزبەرەوە بە هاندان و بارهێنانی هێزەکانی حەماس لە ئێران و فەلەستین و، بە هێرشی ئەم میلیشیا نیابەتییەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل دەستی پێ کردوە، قازانجی بۆ ڕێژیم زۆر بووە کە گرینگترینیان ڕاگرتنی ڕەوتی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی وڵاتانی ناوچە بەتایبەت عەرەبستان لەگەڵ ئیسرائیلە. هەروەها

کاردانەوەی توندی ئیسرائیل و ئەگەری تەشەنەکردنی شەڕ لە کەرتی غەززەوە بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەری فەلەستین و بەوپێیە دروستبوونی کۆدەنگییەکی دی لەدژی ئیسرائیل لەنێو وڵاتانی ناوچە و جیهان دەسکەوتێکی دیکە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێ. جیا لەو دەسکەوتە سیاسی، ئیدئۆلۆژیک و لەدواجاردا ئابوورییە مەزنە بۆ کۆماری ئیسلامی، قەیرانی دروستبوو لە دڵی ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونانە کە کەلێن و کەلەبەری ژێئوپۆلۆتیکیی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ چین و ڕوسیەی ئەوەندەی دیکەش گەورە کردەوە؛ قازانج و خێروبێرەکەی هەر کۆماری ئیسلامی هەڵیدەگرێتەوە. خۆ لێرەشدا گرینگ نییە کە چەند دە هەزار کەسی بێتاوان لە هەردوو بەرەی فەلەستینی و ئیسرائیلی دەکوژرێن و چەند دە میلیارد دۆلاری دیکە زیانی ئابووری بەر کەرتی غەززە دەکەوێ کە ڕیژیم سینگی خۆی بەدرۆ بۆ دادەڕێ؛ گرینگ ئەوەیە ئیدئۆلۆژی و هەژمۆنیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەیان باڵادەست و بەهێز هێشتۆتەوە!

**شەڕ لە غەززە هەتا ئێستاش دوو قازانجی دیکەی بۆ کۆماری ئیسلامی بووە:**

یەکەم، ئەو شەڕە لە سۆنگەی کارەساتە مرۆییەکانی کە هەردوو لایەنی شەڕ تێیدا تاوانبارن سەرنجی مێدیاکان و کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانی لەسەر خۆی کۆ کردۆتەوە و ئەمەش ئەو دەرفەتەی بە کۆماری ئیسلامی داوە سووکباڵ و ئارخەیانتر لە جینایەتەکانی لە نێوخۆی وڵاتدا بەردەوام بێت. وەک چۆن لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ئێعدامەکان لە سەرانسەری وڵات، کۆڵبەرکوژییەکان لە کوردستان و بەلوچستان، گرتن و بەندکردن و گوشارە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر خەڵک چەند قات زیادیان کردوە، بێئەوەی بارگرانییەکی ئەوتۆی تووشی ڕێژیم کردبێ.

دووهەم، لایەنێکی دیکەی خێروبێری ئەو شەڕە بۆ ڕێژیم پووشبەسەرکردنی قەیرانە ئابوورییەکانی وڵات لە دۆخی ئێستادایە. ئامارە ڕەسمییەکانی ڕێژیم خۆیان دەڵێن کورتیهێنانی بودجە هەتا ئیستا خۆی لە ٥٠٠ هەزار میلیارد تمەن داوە، هەڵێنجان و هەناردەی نەوت وەک سەرەکیترین داهاتی ریژیم هەر هاتوە و لە کەمیی داوە، توانای کڕینی خەڵک ئەمساڵ بەنیسبەت ساڵانی ڕابردوو سەتا ٤٠ دابەزیوە، لە هەر سێ کەس لە ئێران یەکیان لەژێر هێڵی هەژاریدان، سەروو سەتا ٣٠ی خەڵک لە کاولەکۆن و پەراوێزی شارەکاندا دەژین، وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن -سەرەڕای ئەوەی بە گەورەترین بۆنگای بانگەشەی تەبلیغاتی-ئیدۆلۆژییەکانی ڕێژیم دادەنرێ- دەیان هەزار پۆلی خوێندنی بەبێ مامۆستای وانەبێژ ماوەتەوە، قەیرانەکانی ڕووداوەکانی کار و هاتوچۆ و خۆکوژی کە لە ٧ مانگی ڕابردوودا گیانی لە زیاتر لە ٥ هەزار کەس ئەستاندوە. ئەمانە و دەیان قەیرانی دیکەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران کە ڕێژیم لەژێر سێبەری شەڕی غەززەدا شاردوونیەوە.

شەڕ و نائارامی چ لە نێوان ڕووسیە و ئۆکراین، چ لە غەززە و چ لە ناوچەدا هەتا ئێستا بۆ کۆماری ئیسلامی ئاکامی دڵخوازی بووە، چونکی هەم قەیرانە نێوخۆییەکانی خۆی پێ داپۆشیوە، هەم لە نێو پێکدژیی بەرژەوەندیی وڵاتان و زلهێزەکانی جیهاندا دەرفەتی بژیو و بەردەوامیی بۆ خۆی ڕەخساندوە. ڕوون و ئاشکراشە کە هەتا ئەو ڕێژیمەش مابێ، شەڕ و قەیران لە وڵاتانی ناوچەدا تەواو و بنەبڕ نابن و ڕەوتی ئەمنییەت، سەقامگیری و بەرەو دێموکراسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا جێگیر نابێ. وەک چۆن هەتا ئێستا لە سۆنگەی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە قەیرانی سیاسی لە وڵاتانی یەمەن، سووریە، لوبنان، فەلەستین، عیراق و ئەفغانستان بەوپەڕی خۆی گەیشتووە و خەڵکی ئەو وڵاتانە بەهۆی دەستێوەردانەکانی ئێرانەوە تووشی کوشتار، خوێنڕشتن و ماڵوێرانیی بەردەوام هاتوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

## بەردەوامیی تیرۆرەکانی ڕێژیم لەسایەی بێهەڵویستیی کۆمەڵگەی جیهانیدا

ئێوارەی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٥ی خەزەڵوەر سۆراب ڕەحمەتی، ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکرات لەلایەن تیمێکی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە بەردەم ماڵەکەی لە شاری هەولێر کەوتە بەر دەستڕێژی فیشەک و بەتوندی بریندار بوو. تاوانی سۆراب ڕەحمەتی بۆ ئەوەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ڕاستەوخۆ بڕیاری کوشتن و جێبەجێکردنەکەی بدەن هەم ئەندامەتیی چالاکی لە حیزبی دێموکرات و هەم چالاکیی خۆبەخشانەی لە کردنەوە و بەدواداچوونی چەندین پەروەندەی تیرۆری چالاکانی سیاسیی کورد لە هەرێمی کوردستان لە دەزگای دادی هەرێمە. بەتایبەت کە لە چەند پەروەندەی بەئاکامگەیاندوودا تیرۆریستەکان دانیان بەوە داناوە بەکرێگیراوی ناوەندە سیخوڕییەکانی ئێران بوون و بە بڕیاری بەرپرسانی ئێرانی و لەبری وەرگرتنی پارە پیلانە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمیان لە خاکی هەرێمی کوردستاندا جێبەجێ کردوە و ئەم ڕیسواییە پتر هاندەری ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ کوشتن و لەمەیدانوەدەرنانی ناوبراو بووە.

دەزگای تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە پووشپەڕی ئەمساڵیشدا و لە دوو کردەوەی تیرۆریستی لە دوو شوێنی دیکەی هەرێمی کوردستاندا گیانی لە سێ تێکۆشەری حیزبی دێموکرات -عادڵ موهاجیر، لوقمان ئاجی و سیامەند شابۆیی- ستاندبوو. حیزبی دێموکرات بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی وەک ئامانجی یەکەم و سەرەکیی دەزگای تیرۆری ڕێژیم و لە ئەساسدا بە مەبەستی لە زەبروەشاندن لە جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەردەوام کەوتۆتە بەر پەلامارە تیرۆریستییەکانی ئەم ڕێژیمە. لەم ساڵانەشدا تەقینەوەی شەوی یەڵدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب (لە شەوزستانی ١٣٩٥دا)، تیرۆری چەند کادر و پێشمەرگەی حیزب (قادر قادری، سەباح ڕەحمانی و مووسا باباخانی) لە ماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا، مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب (لە هاوینی ١٣٩٧ و پاییزی ١٤٠١) و تیرۆر و ئێعدامی کۆمەڵێک تێکۆشەری دیکەی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵات چەند نموونەیەک بۆ بەردەوامیی سیاسەتی نەگۆڕی کۆماری ئیسلامی و کردەوەی تیرۆریستیی ئەم ڕێژیمە دەرحەق بە حیزبی دێموکراتن. هەروەک گوترا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بۆ زەبروەشاندن لە حیزبی دێموکرات و لاوازکردنی جووڵانەوەی سیاسیی کورد بەبەردەوامیی تیرۆری تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی چ لە نێوخۆی کوردستان، چ لە کوردستانی عێراق و چ لە وڵاتانی ئورووپاییش لە بەرنامەی کاری خۆیدا بووە و تەنانەت لە سەرووترین ئاستی ڕێبەریی ڕێژیمدا بڕیاری لەسەر تیرۆری ئاستبەرزترین ڕێبەرانی ئەم حیزبە، واتە د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی داوە. بۆیە تیرۆری نیزیک بە ٤٠٠ ئەندامی ئەم حیزبە لە نێوخۆی ئێران و کوردستانی عێراق

تەنیا بەشێکی بچووک لە کارنامەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دژ بە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتن.

ڕاستە مێژووی تێرۆر لە سیاسەتدا بۆ سەردەمی کوژرانی ژولیوس سێزار بە دەستی بروتوس و هاودەستەکانی دەگەڕێتەوە و کەم حکوومەتی دیکتاتۆر و نادێموکراتیک هەبووە لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتەکەیدا بڕیاری کوشتن و تۆقاندنی دژبەرانی خۆی نەدابێت، بەڵام حەز و تامەزرۆیی کوشتن و خوێنڕشتن یەک لە تایبەتمەندییە سادیستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. تەنانەت ئەگەر لە زۆر حکوومەتی دیکتاتۆری و پاشاکێنی دنیای ئەمڕۆشدا تێرۆر دوایەمین هەڵبژاردەی دەسەڵاتە، بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا بەردەستترین بڕیارە کە دەمودەست دەدرێ و پیلانی جێبەجێکردنەوەی بە دەزگای تێرۆر دەسپێردرێ. هەر ئەوەش وایکردوە کە شەقامی هیچ شارێک و پەرێزی هیچ وڵاتێک لەم دنیایە بۆ دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئەمن نەبێت.

مەسەلە ئەوەیە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواوەتیی خۆیدا و بەپێی ئایدۆلۆژیی سیاسی و ئایینیی خۆی تێرۆر بە چەکێکی پێویست و کاریگەر پاکتاوکردنی دژبەرانی خۆی دەزانێ، هەروەها باوەڕیان وایە کە تەنیا بە توندوتیژی و سەرکوتی خوێناوی دەتوانن دەسەڵاتەکەیان ڕابگرن. بەڵام جێی داخ ئەوەیە لەکاتێکدا تێرۆر لەلایەن کۆمەڵگەی جیهانییەوە بە دژەبایەخ و کردەوەیەکی قێزەوەن دادەنرێ، کەچی ساتوسەودا و سیاسەتی سازان و هەڵکردنی کۆمەڵگەی جیهانی لەگەڵ ئێران بەبەردەوامی پارەتیدەری پێداگری و بەردەوامیی ڕێژیم لە کردەوە تێرۆریستییەکانی بووە؛ لەو سۆنگەیەشەوە "تێرۆر" و "باجئەستێنی" و بەکارهێنانی ئەو دووانەیە وەک چەکێک لە هاوکێشەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتاندا هەتا ئێستاش بۆ کۆماری ئیسلامی پردەسکەوت بووە. ئەوجۆرە مامەڵە و هەڵسوکەوتە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئەو ئاستە چۆتە پێشێ کە ڕێژیم لە چەند ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ بەردەوامیی لە کردەوە تێرۆریستییەکانی لەدژی حیزبی دێموکرات و هەڕەشە و هێرشە مووشەکییەکانی بۆ سەر ئەم حیزبە، تەنانەت بیهەوێ بەئاشکرا بەرپرسایەتیی کردەوەکانیشی وەئەستۆ بگرێ.

تێرۆی سۆهراب ڕەحمەتی جارێکی دیکەش پێداگری لەسەر دوو ئاکامگیریی سەلمێندراو دەکەن:

یەکەم: ڕێژیم لە دەستەوەستانی لاوازیی شەرعییەت و گوتاری سیاسی و حوکمڕانیی خۆیەوەیەتی پەنا بۆ تێرۆر دەبا. ئەم ڕێژیمە ئامادە نییە دەسەڵات بۆ نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک جێ بێڵێ و لەپێناو مانەوەی زیاتردا وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی لە سەرکوتی نارەزایەتییەکان، گرتن و کوشتنی ڕێبەران و چالاکانی سیاسی و ڕێکخەرانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و مافویستیی کۆمەڵانی خەڵک بەردەوام دەبێت.

دووهەم: هەتا ئەو ڕێژیمە لە دەسەڵاتدا بمێنێ؛ تێرۆر، کوشتن، دەستێوەردان و سنووربەزاندن و بێڕێزی بە یاسا و ڕێسای نێوخۆیی وڵاتان لەلایەن ڕێژیمەوە بەردەوام دەبێ. هەروەها هەڕەشە و هێرش و جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە تەنیا کاتێک لە کەمی دەدەن کە تێچووەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی زیاتر لە قازانجەکانی بن، ئەوەش تەنیا بە گۆڕینی بڕیار و ئیرادەی کۆمەڵگەی جیهانی و بە کۆتایی‌هێنان بە سیاسەتی سازان و موماشاتیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی توند و بەرپرسیار و وەڵامدەرکردنی ڕێژیم لەهەمبەر جینایەتەکانی وەدی دێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٢٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# سوارچاکەکەی کۆسە و کەرێزە

**(پێشکێش بە یاد و بیرەوەریی میلاد مەعرووفی)**

هەڕەتی پێگەیشتن و بەهاری دڵدارییەتی، بەڵام لە پاییزی نیشتماندا وڵات غەرقی ئاگر و خوێنە. نازدارحەیران و شۆڕەڵاوەکانی خاک و وڵات ڕاساون، دەست لەنێو دەستی یەکتری سروودی ئازادی دەڵێنەوە و بەگژ جەلادەکاندا دەچنەوە. ئامانج ڕوونە، داگرتنی خۆری ئازادی. ڕێگە و ڕێبازیش ڕوونە، خەبات لەپێناو نەتەوە و یەکسانی. ڕێبوارەکان هەموو دیارن، کچ و کوڕانی ئەویندری خاک و وڵات.

لە پاییزی ئاگر و خوێندا هەموو شتێک حەماسەیە. کوڕانی ئەویندار لە ژوانەکانی سەرشەقامدا بە شێعری ئاورینەوە مستەکانیان دەبنە پۆڵا و کچانی خاکی پۆش، جامانەلەسەر و هەوری لەبەر لەولاوە بەستەی شۆڕشگێڕییان بۆ دەستێننەوە ...

لە پاییزی ئاگر و خوێندا سوارچاکێک لە ڕیزەکانی پێشەوەیە. حەجمین و هەدادانی نییە و شەکەتی ناناسێت. ئەو "میلاد"ی لەدایکبووی خۆشەویستییە و لەنێو شەنگەسوارەکانی دیکەدا دێت و دەچێ. میلاد لە هەگبەکەی، توێشووی ئازایەتی و مەزنایەتی دەردێنێ و بە سەر هەڤاڵان و کوڕوکاڵانی دیکەدا دەیبەشتێەوە.

پشووی لەیلا و جەعفەر سوارە، دڵ سەری خۆی هەڵگرتووە و بە بانی شەقامەوە چاو لە میلاد هەڵناگرێ. "مارتیا" چاوی لە دەرگایە و دەزانێ ئەگەر کاکی بێتەوە، لە دەستێکیدا خۆری ئازادیی پێیە و، لە دەستەکەی تردا مانگ و ئەستێرەکانی کۆ کردوونەوە. دەزانێت کاکەسواری، باوەشێک گوڵی سەربەستیی پێیە و حەیرانێکی پڕ خۆشەویستی لە گەروودا، بۆ شار و شەقام.

میلاد مەعرووفی، نۆبەرەی لەیلا و جەعفەر لە ڕەشەممەی ١٣٧٨ی هەتاویدا کاتێک لەدایک بوو، دنیا بەرەو نەورۆز و بەهار بوو. لەگەڵ لەدایکبوونی، باوکی بانگی کوردایەتیی بەگوێ دادا و دایکی ژەکی نیشتمانپەروەریی لە دەم نا. لەگەڵ پێگرتنیشی ڕێگە هەڵەمووتەکانی ئازادژیانی فێر کرا و لە فێرگەی سەربەستیدا خرایە بەر خوێندنی سوارچاکی لە مەیدانی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەیدا. میلاد حەزی لە ئەسپسواری بوو، پێی خۆش بوو بە سواری باڵ بگرێ. کاکۆڵی لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe

یاڵوبژی ئەسپەکەی بە دەم بای شەماڵەوە بشنێنەوە و بفڕێ بۆ لای حەزەکانی و بە دەستی خۆی ئەستێرەی خوزگەکانی لە ئاسمانی خەیاڵ دابگرێ.

"ئەز کوردم"، ئەم دوو وشەیە ڕووگەی ڕووەو ئاسۆی میلاد بوو. ئەو کوڕی خەبات و خوێنی خاک و نەتەوەکەی بوو. لە هاتی و سەرکەوتنەکانی گەلدا سەرچۆپیکێشی گەڕی شایی و، لە نەهاتی و تاڵیادەکاندا، سترانبێژی نەکەوتن، کۆڵنەدان و هەستانەوە. هەگبەی دڵی پڕ بوو لە خۆشەویستیی تەیرەکانی گەرمێن، تەژی لە خەمی ژین و ژینگەی نیشتمان، پڕاوپڕ لە ئازاری داربەڕووە سووتاوەکانی زاگرۆس، هاوڕێی هانکەهانکی کۆڵبەرانی دۆشداماو، یاخی لە برینی فیشەک و پۆستاڵ و تێلدڕووی داگیرکەر، هەڵچوو لە گەرمەژانی ڕۆڵەکانی بەناحەقکوژراو.

میلاد کاتێک گوڵی تەمەنی بە دەستی غەدر و تاوان هەڵوەری، لە زانکۆی ئازادی بۆکان خوێندکار بوو، بەڵام ئەو لە مەکتەبی خەباتگێڕی و شۆڕشدا مامۆستا، پێشەنگ و ڕچەشکێن بوو.

لە کۆڕی یاراندا ڕووی دەکردنێ:

"ئەمن ڕۆڵەی کوردستانم

بەڵێنم داوە بجەنگم

بە دڵ، بە ڕوح

بۆ ئازادیی نیشتمانم"

کاتێکیش سەری دەنایە سەر سینگی دایکی، بە تاسەوە دەیدواند و دەیگوت:

"کاتێک هەواڵیان بۆ هێنای

گوتیان کوڕت شەهید بووە

هەرگیز مەگری

مەڵێ هاوار، کوڕی جوانم

لە دوا منیش دڵشاد دەبی

بە دیداری هاوڕێکانم"



سەرچاوە Serchawe

لەخۆڕا نەبوو "لەیلا"ی کوردان لە کاتێکدا گلکۆی تازەلاوی جوانەمەرگی لەئامێز گرتبوو، و، "کۆستە" نا، "بۆکان" بەتەنێ نا، "مەهاباد و جوانرۆ و سەقز و سنە"ی دەستەخوشکیش هەر نا؛ لە کاتێکدا هەموو کوردستانی گەرمەبڕین هەستابوونە سەر پێ و، زایەڵەی "شەهید نامرێ" و "دایە مەگرە بۆ رۆڵە، شەرت بستێنین تۆڵە" ئاسمانی وڵاتی داگرتبوو؛ لەیلا پڕ بە گەرووی هاواری کرد: "میلاد گیان! کچی نیشتمان نەبم، ئەگەر تۆڵەت نەستێنم". ئەمە رقی پیرۆزی دایکی نیشتمانە، ئەوە هەوێنی خۆڕاگری و بەرخۆدانە، ئەمە رێگای هەرمانی ئازادژیانە. ...

شۆڕشی ژینا لە کوردستان لاپەڕە زێرینەکانی خەباتی نەوەی نوێی نیشتمان دەنووسێتەوە. ڕاسان لەدژی زوڵم و بێدادییە. ڕاپەڕین بۆ هێنانەدیی خەونی ئازادییە. شەقامەکانی بۆکان و کوردستان پڕاوپڕ لە قوتابییانی پێشەوان. وانەکانی قاسملوو بە کۆرس و تێکرا دەگوترێنەوە. شەهیدانی یەک سەدە خەبات و قوربانی کفنیان دڕیوە و بە ئاسمانی شاردا دەخولێنەوە. دوژمنی هار زەندەقی چووە و بە هەموو چەکێکی سووک و قورس بەربووەتە گیانی خەڵک. ئاخر پیرە کەمتیاری جەماران خوێنی دەوێ و حەزی لە منارەی کاسەسەرە.

خەزەڵوەری بۆکانە. لە ماوەی دوو رۆژدا چوار شۆرەسوار بە تیری چلکنانی دژی ئازادی گلاون. خەمی لەدەستدانی محەممەد حەسەنزادە، سامان قادربەیگی، ئەسعەد رەحیمی و سالار موجاویر، وەک تازەترین شەهیدانی سەربەستیی گەل ئۆقرەیان لە میلاد و شۆرەلاوانی دیکەی بۆکان بڕیوە.

کازیوەی بەیانیی ٢٦ی خەزەڵوەر ئەنگووتووە، بەڵام هێشتا خەو نەچووەتە چاوی "میلاد"ەوە. کۆڕی یاران بڕیاریان ئەوەیە: سەرەتا لە گوندی "ئەختەتەر" تەرمی شەهید سالار ئەسپەردەی خاکی نیشتمان دەکەین، دوایە دەبینەوە بە برووسکە و بڵێسە و گڕ بۆ گیانی ناحەزان و دوژمنانی گەل.

" سالار"ی دڵ، "سالار"ی گەل و سالارەکەی قافڵەی شەهیدانی خەزەڵوەر بە سروودی دوژمن بەزێنی "ئەی رەقیب" بەخاک سپێردرا و پاش بەڕێوەچوونی پرسە و سەرەخۆشییەکەی لە مزگەوتی ئاوایی ئەختەتەر؛ شەپۆلی تووڕەی لاوانی تۆڵەئەستێنی نیشتمان و شەهیدان لە میراوای بۆکانەوە وەڕێ کەوت. دیسانەکە نوێکردنەوەی پەیمان و بەڵێن، دیسان چڕینەوەی ئاوازی سەربەستی، هەروەک جاران دەربڕینی رق و نەفرەت و بێزاری لە داگیرکەران و کوردکوژان.

لەولاش "لەیلا" حەجمینی نییە. خورپەیەکە و کەوتۆتە دڵی و ئارا و ئۆقرەی لێ هەڵگرتووە. بە جیکەی موبایلەکەی وەخۆ دێتەوە. "میلاد"ە و پەیامێکی کورتی بە دەنگ بۆ داناوە: "دایەگیان لە بەری میراواین. نیگەران مەبە، سڵامەتم. بەڵام جاش

و پاسدار ڕێگایان لێ گرتووین و تەقەمان لێ دەکەن."

کات دەڕوا و لەگەڵ خۆی ڕوحی لەیلاشی بردووە. نازانێ سەعاتێک دواترە یان دوو یا چەند. دیسان دەنگی تەلەفوون دێت. ئەمجارەیان "جەعفەر"ی مێردیتی کە بە هەنیسک و دڵپڕییەوە پێی دەڵێ: کۆستمان کەوت... میلاد لە نەخۆشخانەیە، فیشەکی بەرکەوتووە...

لە گۆڕستانەکەی کۆستە هەرایە. ئەسپە شێیەکەی میلاد لە دوورەوە دەحیلێنێ و هەتا نێوقەد هەستاوەتە سەر پێ و شۆەسوارەکەی گاز دەکا. ڕێبوارانی شۆڕش قەتار قەتار دەگەنێ. تەرمی "میلاد" لەئامێز دەگیرێ و درووشم و سروود دەبنە کۆتر، دەبنە پەڕەسیلکە و ئاسمانی وڵات دادەگرن.

لەیلا، لەیلای دڵسووتاو و هەڵقرچاو، سەر لە وێنەی لێوبەبزەی میلادی هەڵناگرێ، کە هێدی و ئارام پێی دەڵێ:

"دایەگیان مەگری لە سەر خاکم شەقام پڕ ئاگرە
چاوەکانت ڕوون دایەگیان نیشتمان خۆڕاگرە
وا بلێسەی ئاگرم گەیشتۆتە کۆشکی ناحەزان
دایەگیان چەن شیرینە شۆڕشی وەرزی خەزان"
ئیدی ئەوساتە بوو کە مێژوو ڕاوەستا و هەستی ڕاگرت.

بەڵێ. دایکی شەهید سەری لە هەش نەگرتووە و قوڕ ناپێوێ. ئەو کە تەرمی شۆڕەسوارەکەی بە دەستی خۆی شۆردووە، وەک چیا قورس و قایم ڕاوەستاوە و بە سەری بەرزەوە لە ئاپۆرای خەڵک دەڕوانێ. ئەو دەبێتە سروود، دەبێتە حەماسە و وەک سیمبولی شۆڕش و، خەبات و خوێنی خەڵکەکەی پڕ بە گەرووی هاوار دەکا: "کچی نیشتمان نەبم، ئەگەر تۆڵەت نەستێنم." میلاد هەموو گیانی بۆتە کوڵمەی گوڵووک و پێ دەکەنێ... تەزووی خۆشی هەموو لەشی داگرتووە... ئەو دەزانێ شەهید بووە و شەهید نامرێ... دەزانێ ئەویش بۆتە بەشێک لە خەون و ئەفسانەی گەلەگەی... بۆتە بەشێک لە پیرۆزیی نیشتمانەکەی....

لە خەزەڵوەری شۆڕشی ژیناوە "میلاد" تەقڵەکوت لە یاد و بیرەوەریی خەڵکی کوردستاندا دێت و دەچێ و زرمکوت خەوی لە چاوی نەیاری بەدکار زڕاندووە، لەو ڕۆژەوە کە لە "کۆستە" ئۆقرە و ئارامی گرتووە، لە بانیژەی بەردەزەرەوە چاوی موقبیلی

## بەشێک لە وتووێژو بابەتەکانی هاوڕێ عەلی بداغی: بەشی سێهەم

لەسەرە و لە داوێنەکەی ناڵەشکێنەوە "مامەقالە" ئێواران لەسەر میلی ڕادیۆکەی دەنگی کوردستان، شەپۆلی کورتی ٧٥ میتر هەوای "ئەی ڕقیب"ی بە گوێدا دەچرپێنێ و عەلی کەردار بە دەنگە بەسۆزەکەی "سوارۆ"ی بۆ دەڵێ.

سوارێک گلا، بەڵام کاروانێک بەڕێوەیە.... داری چاکێک کەوتە عەرزی، بەڵام دارستانێک بەپێوەیە...

ئەم کاروانە نە وەستان دەناسێ و نە ڕێگەی لێ هەتڵە دەبێ. ئەم کاروانە ڕووەو خۆر هەنگاو دەنێ و بە سەربەستی دەگات، چونکی "میلاد"ەکانی نابڕێنەوە، پێ دەگەن و جێگەی یەکتر دەگرنەوە. چونکی ئەوان بەڵێنیان داوە هەتا گەیشتن بە لوتکەی ئاوات کۆڵ نەدەن. ئازادی و سەربەخۆیی و، ڕزگاری و بەختەوەری شایانی گەلێکە "میلاد"ەکانی بۆ فیدا کردووە. ئەو ڕۆژە نیزیکە هەموومان لە زیارەتی زامدا، بچینە سەر گڵکۆی شەهیدانمان و مزگێنیی سەربەستیی نیشتمانیان پێ بدەین... ئەو ڕۆژە گەلیک نیزیکە. ...

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٧٢٣



کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرماوەزی ٢٧٢٣ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٣ی زایینی